# لێك ترازان

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# لێك ترازان

کۆ بەرهەم

**سەلاح عومەر**

ناوی کتێب: لێك ترازان – کۆ بەرهەمی چیرۆك
نووسینی: سەلاح عومەر
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٧٤٢
پیت لێدان: دارا ئەحمەد + لەنجە میرزا
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: سەهەند سەرتیپ + بەسۆز هیمداد
دەرهێنانی بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١١٧٨ی
ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

# ليّك ترازان

# ئەم و ئەو

پێویست ناکا، هەموو ڕۆژێ بانگی نەوزاد بکەم و لێی بپرسم، ئاخۆ «ئەم» سەگ باوکە هاتووە یا نەء. وەکو مانگی چواردە شەوی دیارە، هەموو ڕۆژێ چەند جارێ سەر بێرە دا دەکا. کاتی دوێنێ و پێرێ و ڕۆژانی ترە، ئێستا نا کەمێکی دی دەگاتە جێ. دەرگاکەشی بۆ خراوەتە سەر گازەرەی پشت، پێی ناوێ ئەزیەتی لە دەرگادان بکێشێ. خاوەن ماڵ خۆیەتی. یەکێ جێیەك بە ماڵی خۆی بزانێ، یەکسەر وەکو «ئەم» بە ژوور دەکەوێ و شاش بە سەپانی خۆی نازانێ. نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو دەبێتە خاوەنی زۆر شتی تریش. من کێم هەتا بە شتم بزانێ؟ کێ پیسایی بە کڵاوی من دەپیوێ؟ سەقەتێکی من ئاسا چی پێ دەکری؟ چیم ماوە، بە چی بیکەم؟ دەم و زار.. قاچ و قول.. هێز و بازوو.. هەڵمەت و هێرش بردن. ئەوانە هی پیاوی ئازا و بە جەرگن. هەر ئەوانن دەتوانن تاوان و پیسی وا کوشندە بە چاو قوچانێك بسڕنەوە. من پێم ناکرێ، تازە ڕۆێی. وەختی خۆی بووایە

دەمزانی چۆن هێرشێکم دەبردە سەر ئەوانەی خراپیم لەگەڵ دەکەن. چ جای خراپییەکی لەو جۆرەش، کە خەریکە تا گەرووم دێ، هێندەی نەماوە بمخنکێنێ. ئەوەتا لە ئێسقانیشم چۆتە خوارێ، کەچی ناتوانم لە جێی خۆم بجوولێمەوە. تازە مەحاڵە! لێ گەڕێ با توندتر پێڵاوە گڵاو بووەکانیان بخەنە سەر کاسە سەری گەورەیی و بوونم. با باشتر هەست و نەست و دڵ و دەروونم پان کەنەوە. کە هیچم پێ نەکرێ، بۆ ئەو حاڵە نەبێ، بۆ هیچی دی، بە کەڵك نایێم.

کە دەگاتە جێ، بێ ئەوەی خۆی تێك بدا، بە شێنەیی دێتە ژوورێ و بەرەو و ناندینەکە هەڵدەکشێ. تەنیا لە ئاستی ئەو شوێنەی منی لێوە دیارە، تیژ هەنگا و دەنێ. گوایە بە مەزەندەی خۆی نایبینم.

کەڕیش نەبوویمە، بێ خەبەر بم. هیچیشم نەمابێ، چاو و گوێم ماون. هەتا گەر کوێر و نیمچە کەڕیش بم. بەهەستەکانی ترم دەبینم! دەزانم کەی دێ و چۆن دێ و بۆ دەچێ و چی دەکا؟ بڕۆ ئاو و ئاو چی، نامەوێ بتبینم، هەی بێ ئابڕوو. بریا وا بووایە! بەڵام ئەو ڕۆژە کوانێ؟ گونیشم لە خەنە نێم خەتای خۆی نییە «ئەو» وای تێگەیاندووە کە گێل و بێ مێشك و کۆر فافم. کە خرەفاوم، تێك چوویمە و ئاگام نە لە خۆم نە لە دەوروبەر ماوە، پێی گوتووە. چاویشی کەم بینا بووە. هیچ نابینێ. نیمچە کەڕیش بووە، گوێی لە دەنگە دەنگ و ترپە ترپی هەنگاونان نابێ. گوایە تەختەی مێشکیشم وەکو خۆی نەماوە. هەموو شتێ بەتارمایی و واهیمە دەزانم. «ئەو» پێی گوتووە: کە من کەر و ئێسترم، وڕێنانیش دەکەم.

ها ئەوە هات. یا خوا بەخێر بێی، کەر و باریشت بەخێر بێ. ڕاوەستە، پەلەی چیتە، بۆ وا تەنگە تاوی؟ هەڵنایێ، هەر دەیگەیێ. جارێ وەرە بزانم ئاخۆ ئیمڕۆ بۆ دواکەوتی، لە کوێ بووی، ئیشی چیت هەبوو. ئاخر چۆن وا دەبێ؟ وا نابێ. پێویستە لە کات و ساتی دیارکراودا تەشریف بێنی. بۆ

خـەم و خـەفـەت دەدەیـە ئـەوەی چـاوەڕێ و بـەتـەمـاتـە؟ بـۆ بـیـرت لـەو نەکردۆتەوە، بۆ ئەزیەتی دەدەی، مخابنە؟ منیش دڵم هەر لە لات بوو. دەمگوت قەت «ئەم» نییە سەر لێرە ببڕێ. دەی دەی، ئەمجارەش عاف، بەڵام جارێکی دی وا نابێ. گوێ مەدەرێ! پێی ناوێ، زووکە، بە خاو و خلیسکی مەڕۆ. خێرابە، خۆت بگەینە باوەشی، با ئاگر دای نەگرێ. زووکە جێ ڕاخراوە، ژووریش ڕازاوەتەوە. (ئەو)یش خۆی تاس و لووس داوە.

ئـەوەتـا نـیـمـچـە تـارمـاییـیـەکم لـێ دیـارە، بـەهـەڵـەدا نـەچـوویمە، چۆن بەهەڵەدا دەچم، یەکێ کار و پیشەی شەو و ڕۆژ چاودێری کردن بێ، چۆن بەهەڵەدا دەچێ. لەشی هەموو دەبێتە هەستی ئاگاداری. ئەوە بوونە دوو تارمایی. یەکەم مەیلەو خڕە و شتێکی وەکو دەسکی پێوەیە، لە زەمبیل دەچێ، بەدەست یەکێکەوە بێ. ئا زەمبیلە، شتی بۆمان هێناوە. ئەوی دی درێژ و باریکە، لە زەلام دەچێ. کەواتە «ئەم»یش خۆیەتی. ناوی ناهێنم، لەمەودوا، هەموو شتێ بەتارمایی ناو دەنێم. واهیمە بۆ خۆم دروست دەکەم. با وابێ، «ئەم و ئەو» تارمایین. ناویان نییە، ناویان لە فەرهەنگی زمانی دڵ و دەروونی مندا سڕاوەتەوە. بزانە بزانە، ملهوڕی هەتیمچە، چۆن تێ دەپەڕێ. هەی بێ ئەمەك، بەم جۆرە وەڵامی چاکەم دەدەیەوە. بە خوا جوانە! گێل و پیسۆ و نەفام و گەلحۆ ببنە شت. ئاخۆ چییان لێ بێ؟! هـەتـا دوێنـێ مێشی لـە دەمـی خۆی نـەدەکردەوە. ئیمڕۆش، لێمان بـۆتـە هەمزاغا. کێ بێ نەیناسێ و نەزانێ کێیە؟ کەریش دەزانی. خۆیەتی، لەو پتر کەسی دی ناتوانێ پێ باوێتە ناو ئەم حەوشە. ئا، خۆیەتی، هەتیوە ناکەس بەچەکەیە، هاتووە دزیم لێ بکا. ئەو گەلحۆ و پیسۆیە دەزانم بۆ چی دێ؟ ئەو وای لێ هاتووە، دزە، دزێکی نەقۆڵاش. دزی ئاسایی ناتوانێ بە ڕۆژی ڕووناك بێ و دزی بکا. کەچی «ئەم» هەموو ڕۆژێ، بەیانی بێ و نیوەڕۆ، بێ ترس دێ و دزیم لێ دەکا و بێ ترسیش دەچێتە دەرێ. ناتوانم ڕێی لێ بگرم. کەس ناتوانێ. هەتا....ش ناتوانێ!

«ئەم» کە دێ تەنیایە، بەڵام کە دەگاتە ناندینەکە، دەبنە دوو، دەبنە دوو دزی ئازا و بەجەرگ، لە بەر چاوم ئەوەی هەمە و نیمە دەیبەن. کەچی ناتوانم ڕێیان لێ بگرم. جا کێ دەتوانێ؟ باوەڕ ناکەم ...ش بتوانێ. هەر هەنووکە دەگەنە یەك. دەبنە دوو تارمایی، هەوەڵ جار نەختێ دوور، پاشان نزیك، بەرامبەر. هێندەی پێ ناچێ یەك دەگرن. گرینگ نییە «ئەم» چۆن خۆی داوێتە ئاژەڵ ئاسا. گرنگ ئەوەیە پێکوە دەبن و، یەکتر دەگەوزێنن. هەر جارەی یەکێ دەکەوێتە ژێرەوە. جارێ «ئەم» و جارێ «ئەو». خۆ ئەوان زەرەریان نەکردووە، هەر من زەرەر دەکەم. وا لە پێش چاومە چۆن یەکتر دەگەوزێنن، چۆن ڕووت دەبنەوە. چۆن درێژ دەبن، چۆن لەم سەرەوە، بۆ ئەو سەر، غلۆر دەبنەوە؟! گوێیان لە ماندووبوون نییە. ماندوو نابن. ئاشکرایە سەگی برسی و گلاو چۆن تاو دەداتە دێڵە سەگ. لە چی بترسێ؟ گۆڕەپان ئەوەتا، لەبەر چاوانە، برۆ تراتێنی تێدا بکە. خۆت بگەوزێنە، سەما بکە و درێژبە، هەموو شتێ ڕاخراوە، نەرم و گەرمە. هەستە لە سەرەوە خۆت هەڵدە خوارێ، نینۆکێکیشت بەخوێن نابێ. جاران بوایە، دەمزانی چۆن پڵنگ ئاسا، پرم دەدانێ. لە پشتی ملەوە ڕامدەکێشان و کەڵبم لێ گیر دەکردن. تا دوا هەناسەش بەرمنەدەدان. بەڵام پێم نالێی ئێستا، بەم بارودۆخە ناهەموارەی لەشم چۆن بیانگەمێ؟ تا هەتا هەتاییش لە بەر چاوم، لەبەر دەمم، پێکوەبن و لێك نەبنەوە، دوو قۆڵی درێژ بن، هیچم پێ ناکرێ. هاواریش کەم، خۆیان لە گوورە نابەن و منەتیشم نازانن. خەتای خۆمە، ئەرێ وەڵڵا، خەتای خۆمە و بڕایەوە. هەر چییەکی بە سەرم بێ، خۆم بە سەر خۆمم هێناوە. ئەگەر من پێم لەسەر ئەوە دانەگرتبایە «ئەم» هاتوچۆمان بکا، ڕۆژم نە دەگەیشتە ئیمڕۆ. لە گوێی گادا نووستبووم. وام زانی لەم دنیایە بگەڕێی، یەکێکی وەکو «ئەم» گێل و دەبەنگ نادۆزییەوە. دە بیخۆ دەی. دوو سێ حەفتە، پێش ئیمڕۆ، ئەم هەتیوە وا نەبوو. سەعاتێك لەبەر دەمت بوەستابایە، یەك دوو جار پتر

سەری بڵند نە دەکرد. کە دەهاتە ژووریٚ لەبەر حزووری «ئەو» ڕووی لەو لا دەکرد، زەمبیلەکەشی زوو دادەناو بەپەلە ڕادەپەڕی. نازانم چی وای لیٚ کرد؟ چۆن وا زوو گۆڕا؟ هەر دەڵێی «ئەم»یش نییە. ئاخر نان و نمەك کردن، شتێکی کەم نییە. خوو ڕەوشت نەماوە. ئاخر یەکیٚ نان و نمەکی ناسیاویٚ بکا، چۆن ڕیٚ بەئارەزووی خۆی دەدا، وەکو داشی دامە هەڵیسوڕێنیٚ، بەکەیفی خۆی یاری پیٚ بکا. تیٚ ناگەم، بۆ تیٚ ناگەی. ئاشکرایە «ئەو» مخناتیس ئاسا ڕایکێشاوە، لە خشتەی بردووە. «ئەو» چاو بازە، بەتیری نیگاکانی بەرد و ئاسن نەرم دەکا، کیٚ دەتوانیٚ خۆی لە بەر ڕاگریٚ. «ئەو» سۆزانییە، بیٚ ئابڕووە، تازە بەتازە دەتەویٚ چارەسەری بکەی، تۆ ڕاوەستە و کەمێکی دی سەبر بگرە، بزانە چۆن ڕۆژیٚ دادیٚ، خەڵکی شاریش هەموو لێرە کۆ دەبنەوە، دێن و کڵاوت بۆ دەدروون. با لە »ئەم« بێزار بیٚ، خۆت دەبینیەوە. «ئەوانیش» دێن. خۆ بەئامان و زەمان ئێرە جیٚ ناهێڵیٚ، هەر وا دەکا خۆ لە ژووریٚ دەپەستیٚ. جا بۆ نایی؟ لێرە خۆشتر و نەرمتری لە کویٚ بەدەست دەکەویٚ. پێی ناویٚ بپرسی هێندە پێکەوە لەو خلوەتخانە تاریك و چۆڵە چی دەکەن؟

«ئاخۆ دەنگی مرچە مرچ تا کویٚ دەڕوا؟ گەوزاندن گەلیٚ خۆشە، وا لە دوورەوە تامی دەگاتە دەم و زاران.»

پیشەی خۆمە، نازانم چ شەیتانیٚ پێی گوتم، هەموو شتێکی خۆمی بۆ بگێڕمەوە.

– ئافرەتێکی ڕێکوپێك و نازدار بوو، پەنجەت لیٚ دابا ئاوی لیٚ دەهات.

– لە منیش ڕێکوپێکتر و تەڕتر بوو؟

– نەء، کیٚ هەیە بڵیٚ من تۆم، جا کیٚ دەگاتە تۆ؟ بەڵام قسەی خۆمان بیٚ ئەویش زۆر جوان بوو. هەر کە لە دوورەوە دەمدیت، ئاگام لە خۆم دەبڕا. بەتەماشاکردن تێنوویەتیم نە دەشکا، بۆیە ئەوەندە بەدەوری سووڕامەوە

تا دەستەمۆم کرد.

– یانیٚ خۆت گەیاندیٚ؟!

– ئەدی چۆن خۆی ناگەینمیٚ... پاشان وای لیٚ هات شەوانیش لە باوەشم نەبوایە خەویٚ لیٚ نە دەکەوت.

دەزانم هەنووکە ناندین چی لیٚ هاتووە. وا نەڕازاوەتەوە کەس بزانیٚ. ئەوە بۆییٚ نویٚنی سەر سندووقەکە وا کەم بۆتەوە. وا دیارە، چەند قەدیٚکی لیٚ هاتۆتە خواریٚ و بۆ ئەویٚ ڕاکیٚشراوە. چ پەکی بە منە. ئەو هەبیٚ، بەسیەتی. نیوە مردوویٚکی من ئاسا، توانای خۆ وەرگیٚڕانی نەبیٚ، چۆن پیٚی دەکریٚ بچیٚ، ئەوی ببینیٚ؟ لە چاکی خۆشیانە نایێنە ئەو بەرانبەرە و لە بەرچاویشم یەکتر... بە خوا بیٚتە بن هەیوانەکەش من هیچم پیٚ ناکریٚ، دەبیٚ کوسکە کوسکی چاوم بیٚ و خەم باویٚمە هەناوان. دەنگم.. ڕەنگم.. هیٚزم.. گووم لەم ژیانە کرد، بریا زوو دەمردم!

ئەوەتا هیٚشتا نە مردووم جیٚ و بالینگانم فریٚ دراوەتە پەناو پەسیوان. ئەگەر بمرم، ئاخۆ چی دەکریٚ. مرۆڤم دەویٚ لەو قوژبنە تاریکە بتوانیٚ بژی. سەگ لەو پەنایە ناحەویٚتەوە. جیٚی پیٚشووم سەد قات لیٚرە باشتر بوو. لەویٚ بام ئاگام لە هەموو سەین و بەینیٚ دەبوو. لەویٚوە بەچاکی دەمبینی، چی دەکەن. گلۆپەکانیشیان پیٚ نەکردبا، ناوەوەی ناندینەکەم لیٚ دیاربوو. دەزانم بۆ لەویٚیان دوور خستمەوە. زۆر چاکم بۆ ڕوون بۆتەوە.

– ئیٚرە ساردە، لیٚرە سەرمات دەبیٚ، تۆ بۆ خۆت نەخۆشی لیٚرەش بمیٚنییەوە، هەر بەجاریٚ نەخۆشی کارت لیٚ دەکا. ئەو قوژبنە بۆ تۆ باشە، گەرمە و با و سەرماشی ناگاتیٚ.

بەڵام لەو پەنایە بیٚ گڵۆپ هیچ شتیٚ نابینم. ئەو ئازادە هەتیوە بیٚ پیٚی دەڵیٚم گڵۆپەکانم بۆ داگیرسیٚنیٚ، تا بەچاکی ئاگام لە ناو ژووریٚ و جوولانەوە و شتی تر بیٚ. چی تیٚدایە؟ با بەڕۆژیش گڵۆپ پیٚ بیٚ. ئەو

هەتیوە نازانم بۆ بەگوێم ناکا؟!

لەو قوژبنە تاریك و پیس و پۆخڵە، خەریکە گڕووش دەبم. وا لەشم دەخورێ. وا بزانم دەرپێ و فانیلەکەم ئەسپێی تێ کەوتووە، بۆیە خورشتم گرتووە. پیاو لەم جۆرە جێیەو بەم ناهەموارییە بۆگەنیش دەبێ. ئەوا من خۆم بۆنی ئارەقە و پیساییم بۆ دێ. جا چۆن ئەوانی تر بۆنی ناکەن؟ خەتای خۆم نییە، ناتوانم خۆم بشۆم، کە نە توانم بجوولێمەوە و هەستمەوە، چۆن دەتوانم خۆم بشۆم. ئێ مرۆڤیکیش یەك دوو مانگ جارێ، جامە ئاوێکی پێدا نەکرێ، ئێوە بڵێن چی لێ دێ، بەتایبەتی دنیاش گەرم بێ. بابە هەر دوو حەفتە جارێ وەرە هەندێ ئاوم پێ دابکە، خۆ نامری. گرانی من چییە، خۆ هەزار تەن نیم، بڵێم ناتوانێ هەڵمگرێ؟ پەنجا کیلۆش نابم، بڵێ زۆر کەمتر. ئەوەتا هێندەی چنگێکم لێ ماوەتەوە. مرۆڤی هەر ئێسقانی لێ بمێنێتەوە، گرانی لە کوێدایە؟ هەتا دەگەمە ناو سەرشۆرەکە زەحمەتە. پاشان پێی ناوێ هەڵم گرێ. تەنیا ڕاستم کاتەوە و دەستم بگرێ. منیش بۆ خۆم بن دیوار و بن دیوار خۆم دەگەینمە ناو سەر شۆرەکە. لەوێش پاڵ بەلا دیوارێکی دەدەم و تەواو. تەنیا ماندووبوونی هەڵگرتنی جامە ئاوەکە بۆ «ئەو» دەمێنێ. سابوون و لیفکە و شتی دیم ناوێ. بەس هەندێ ئاو بە سەر و گوێلاك و لەشم دا بکرێ. ئەو بۆن و ئارەقە پیسەم لە کۆڵ دەبێتەوە. (هەر ئازایە خۆی باوێتە باوەشی «ئەم» لای تۆ چی دەست دەکەوێ. تۆ ئێستا ئەوەی جاران نیت. حەز و ئارەزووت مردووە. کەڵکی هیچت نەماوە، هیچت پێ ناکرێ «ئەو» گڵاوەش بەتۆ تێر ناکرێ.) چی لێ دێ ئەگەر بێ بمشوا، ئەدی بۆ چی باشە؟ خۆ خەڵك لە جیاتی ئەو نایێن خزمەتم بکەن. «ئەو» وا بێزم لێ بکاتەوە و نەوێرێ لێم نزیك بێتەوە، ئەوان چۆن بێزم لێ ناکەنەوە، ها؟ لەوانەیە ئێستا بۆنی بۆگەنی لەشم، لە دەرەوەش ئەو دەر و دراوسێیانەی هێڕ کردبێ. چاك نییە نایێنە سەر و گوێلاکم. وای دەنا هاتبان! چەند حەز دەکەم بێن! با بێن بەم

شێوەیە بمبینن. خۆ هەر هیچ نەبێ کەمێك لۆمە و سەرزەنشتی «ئەو» سۆزانـیـیـە دەکـەن. دەی دە وەرن، هـەنـدێـکیشی تـێهـەڵدەن و بـەڕاکێشان ڕایکێشنە ژووریّ. وازی لێ مەهێنن تا دەمباتە ناو سەر شۆڕەکە، تا پاك و خاوێنیش نەمشوا بەری مەدەن. دە توخوا ئەگەر نێن ئەم دەرگایەم بۆ نەکەنەوە! وا تەنگە نەفەس بوویمە و خەریکە بتەقم، بەڵکو ئێ هەندێ هەوای پاك هەڵدەمژم، هەندێ ڕووناکیشم لێ دەدا. یا وەرن بمبەنە دەرێ. بەڵکو تیشکی ڕۆژ ئەو ئەسپێ و میکرۆبانەی لەشم لە کۆڵ دەکاتەوە. ئەگەر ئەو قوژبنە تاریك و بێ ڕووناکییە ببینن، ناحەقم ناگرن، چاوتان بەم پیسی و ئەو بارە ناهەموارەی گەمارووی داوم بکەوێ، ناڵێن بۆ خۆی دەپارێتەوە و بەخۆڕایی ملی لەبەر «ئەو» ناوە. بەڵام هەیهوو، ئەوە چی دەڵێم، خەیاڵم خاوە؟ دەزانم ئێوەش نایێن، کەس نایێ. ئێوە نایێن، ئەو نایێ! ئەدی کێ بێ؟ کە بانگی دەکەم، خۆی گێل دەکا، گوایە گوێی لە دەنگم نییە. ئەوە نزیکی مانگێکە، تەنیا جارێکیش، نەهاتۆتە ژووریّ. هەتا نـایـێتـە بـەر دەرگـاش. جـار جـارە نـەبـێ، لـە دوورەوە، لـەودی و دەرگـای داخراوەوە دەمدوێنێ. لە جیاتی خۆشی نەوزاد دەنێرتە ژووریّ. لە خۆی دەترسی، بەڵام لە نەوزاد ناترسێ. لەخۆی دەترسێ نە وەك گڕوو ببێ. وە دەزانی دەیخۆم. وای دەنا دەستم بیگەیشتبایێ! بەڵام ناوێرێ لێم نزیك بێتەوە، دەزانێ ئەگەر بەم حاڵەش دەستم بیگاتێ، قرقرتۆکی دەگرم و نینۆکەکانم تا ناو هەناوی دەبەمە خوارێ. دەزانێ ئەگەر دەستم بیگاتێ نـاهـێڵـم چـیدی خـاك و خـۆڵـی ئـەو مـاڵـە بکـاتـە خـڵـوەتـخـانـەی ئـارەزووە گڵاوەکانی.

کە تازە وام لێ هاتبوو، وا نەبوو، خزمەتێکی چاکی دەکردم. پیاو بۆ خوا بڵێ! زۆر جاران بە دەستیش خواردنی لە دەم دەپەستام. حەفتەی دوو جاریش، بە زۆر ڕایدەکێشامە ناو سەر شۆڕەکە. بەڵام لەوەتەی دکتۆرەکە پێی گوتووە چاك نابمەوە، لێم بێزار بووە. ئەدی چۆن لێم بێزار نابێ؟ دار

و بەردیش پێم ڕازی نییە، ئەو قوژبنەش پێم ڕازی نییە و پێی خۆش نییە ئەو لاشە نیوە مردووەم گرانی بخاتە سەری.

«ئارەزووی مرۆڤ سنووری بۆ نییە. کە شتێکی لە دەست چوو، بەدوای ئی تردا دەگەڕێ».

– گران بووی. چیدی تاقەتم نەماوە ڕاستت کەمەوە، چیدی پێم ناکرێ خزمەتت بکەم، دەنێرمە دوای براکەت. دوا جار یەك دوو کەڕەت ئەمەی بۆ دووبارە کردمەوە.

ئێ کوانێ، ئەو بۆ نەهات؟ چێ لێ هات، خۆ نەهەنگ قووتی نەداوە و سەفەری هات و نەهاتیشی نەکردووە. نەء، درۆ دەکا، ئاگاداری نەکردۆتەوە. ئەوەشی پێ ئەزیەت بووە. خۆ هێندە دوور نییە، یەکێ هەر دەبوو، بنێرێتە دوای. ئەو بهاتبا چۆن دەیهێشت وا لە پەنایان بکەوم؟ تۆ بڵێی ڕاست بکا و ناردبێتیە دوای. کێ ناڵێ ئەویش لێم بێزار نەبووە و خۆی لێم بێ خاوەن نەکردووە. ئەوە دنیایە و هەموو شتێ دەبێ. نەء، باوەڕ ناکەم. لەوانەیە لێرە نەبێ. «ئەو» سۆزانییە، لە هەموو شتێ درۆ بکا، لەوە درۆ ناکا. «ئەو» دۆڵچەیە پێی خۆشە. چونکە گۆڕەپانی بۆ چۆڵ دەبێ. بۆ «ئەم»یش گرفتە. ئەگەر براکەم لێرە بێ، چۆن دەتوانێ هاتوچۆی ئێرە بکا؟ نەء، ناتوانێ، قاچی دەبڕێ. وای بهاتبایە! خەنی دەبووم. بەس ئەمجارەش پێ بنێتە ناو ئەو حەوشە و سەرێ بەم کەلاوەیەدا بکا، خۆم دەزانم چۆنی بۆ تێدەکوشم، دەزانم چی بۆ دەگێڕمەوە. جارێ با وا بێ. ڕۆژی خۆیدا دێ، ئەوسا تکای لێ دەکەم، هەر هیچ نەبێ، ڕۆژێ جارێ، ئا تەنیا جارێ، بۆ هەر کوێ بێ، بمبا. بۆ گۆڕستانیش بێ. بەس لێرە دوورکەومەوە. گۆڕستان، گۆڕستان. چی تێدایە، بۆ خۆم لەگەڵ مردووەکان دەدوێم. لەگەڵ کێلەکان پێ دەکەنم. لە باوەشیان دەکەم، ماچیان دەکەم. لە تەنشتیان درێژ دەبم. خۆ لەژێر ئاسمانێکی کراوە دام.

خۆ هەواییکی پاکم لیّ دەدا. کیّ دەتوانیّ بیست و چوار سعات، حەفتەییّك، مانگیّ، دوو مانگ؛ بیّ ئەوەی هەستیّتەوە، بیّ ئەوەی خۆی وەربگیّریّ، لە سەر جیّ ڕابکشیّ. ئەوها بڕوا، ئەو لایەی دیشم ئیفلیج دەبیّ. هەر بە جاریّ شەپڕیّو دەبم، هەر بە جاریّ تیّکوپیّك دەچم، لچ و لیّوم پتر شۆڕ دەبیّتەوە، دەبمە جانەوەر، براکەم لیّرە بیّ، دوورم دەخاتەوە. ڕۆژیّ نیو سعاتیش بمباتە دەریّ، خەنی دەبم و خۆم بە پاشا دەزانم، دڵم دەکریّتەوە. چەند حەزم لیّیە دەرەوە ببینم! وای دەنا جاریّکی دی، پیّش ئەوەی بمرم، چاوم بە جادە و کۆڵان و داروبەردی دەرەوە بکەوتبایەوە، بەپیادەیش پیاسەیان تیّدا نەکەم، قەیدی نییە، بەس بە چاو سەرنجیان بدەم، ڕازیم. چەند خۆشە هەنووکە، ئا هەر لەو ئان و ساتەدا، لە ناو فڕۆکە ییّکدا بی و بەدووربین، کامە جیّ دوور و لاپەڕە ببینی، کامەشت بە چاوی ئاسایی نابینریّ، تەماشای بکەی و تیّنوویەتی ناخت بشکیّنی، وەکو شیّت بڕوانییە داروبەردی ئەم دنیایە! دەڵیّی هەزار ساڵە ئاوەدانیم نەدیوە، هیّندە تامەزرۆم نەبیّتەوە. چەند خۆش بوو، ئەمجارەش سەریّکم بەکەلیّن و قوژبنی چاخانە و باغ و باخانی ئەم شارە بگیّڕابا! بابە قەیدی نییە، ئەو جیّیانەش نەبیّ ڕازیم. کامە جیّ بۆنی لیّ دیّ؟ کامە جیّ زۆر پیسە؟ گووفەك؟ کەلاك خانە، ڕازیم. ئەو شویّنەی مرۆڤ لە کات و بارودۆخی ئاساییدا ناتوانیّ تەماشای بکا و بەتەنیشتیدا تیّ بپەڕیّ، ئەو جیّیەی ناویّری تیّیدا بژی. با بمباتە ئەویّ. خۆ ئاسمانی لیّوە دیارە. خۆ ترووسکی ڕووناکی لیّوە دەبینم. با پڕی مشك و جورج ببیّ، با بۆنی بۆگەنی هیّرم کا، بەس لیّرە دوورکەمەوە. بەس با ئەم شانۆگەرییە پڕ زام و ئازارەش، هەموو ساتیّ، لەبەر چاوم دووبارە بیّتەوە. ئەو ژوورە تەسك و تاك و تەرا و بیّ ڕووناکییە چۆڵوهۆڵە لیّم بووەتە بەرداش، دەمهاڕیّ، لەبەر چاوم دەڵیّی دارستانیّکی چڕ و پڕ و پڕ جانەوەرە. یەکیّ قەپم لیّ دەگریّ، ئەوەی دی چڕنووك، ئەوی دی نینۆك لە بینە قاقام وەردەدا. هەر ڕۆژیّکە دڵم لە

ڕووبەری سنگم دەردەپەڕێتە دەرێ. ئێرە خۆ ژوور نییە، کۆلیتە، شارە مێرووڵەیە، شانەی زەنگەسوورەیە؛ کونە گورگە. مرۆڤی تێدا نییە تەماشای کەم، تەماشام بکا، قسەم لەگەڵ بکا، قسەی لەگەڵ بکەم، گوێی لە دەنگم بێ، گوێم لە دەنگی بێ. ئەو حەوشە شوومەی کە لێشم دیارە، لێم بووەتە دەشتێکی کاکی بەکاکی، لێم بووەتە ترۆپکی کێوێکی هەزار بە هەزار، لێم بووەتە بیابانێکی بێ ئاوی وشك و تینوو، یاری بە هەست و هیوا و بینایی چاوم دەکا. هەندێ لەولاتریش، دوو تارمایی شەق لە مەلۆتکەی دڵم دەدەن، لە سەرڕا، لە ژێرڕا، بەدرێژایی، بەپانایی، لە دوای خۆیان ڕامدەکێشن. دوو تارمایی، دوو دز، خەریکن گێل و بێ عەقڵ و شێتم دەکەن. خەریکن گاڵتە بەگرینگترین شت لە ژیانمدا دەکەن. ئەو دێمکە ئاوەی چەند ساڵێکە لە پێناوی پڕبوونی شەونخوونیم دیوە، دەیبەن و پاشان لەو گۆڕەی بەرانبەرم، تا ناو نانەدینەکە دەیڕژێنن. لە جیاتی گەورەیی و بوونیشم پڕی پیسایی دەکەنەوە. ئەو ناوەیان ئاوەگڵ کرد، داروبەرد، خاك و خۆڵ، دیوار؛ دەرگا؛ پەنجەرەکان، هەیوان ، شتومەکی دی، هەموو ئاوەگڵ دەکەن. ئەوەتا لەبەر بۆنی پیسی و ئاوەگڵی گێژ بوویمە، دەرەوەش، دار و درەختە پاکەکانی دەرەوەش، خانوو بەرەی کۆڵان و گەڕەك و جادەو شۆستە، خەریکن ڕەش هەڵدەگەڕێن. دوو تارمایی، دوو دز پێکەوە، یەکێ لە دەرەوە دێ، ئەوی دی لە ژوورەوە، لای دەرگای ناندین، یەکتر دەگرنەوە. دەمدزن. کە یەکتر دەگەوزێنن، لێرەوە جل و بەرگم بەئاگری پیسی دەسووتێ، ئێسك و پرووسکم وردوخاش دەبێ. بەخۆم وردوخاش بوویمە.

وردترم دەکەن. دەمهاڕدن. کێ دێ پەلم بگرێ و فرێم داتە دەرێ. تا بچم خنخنۆکەیان بگرم. کێ دێ. وا دیارە کەس نایێ.. ش نایێ. ئەوەی بێ وێنەی (ئەم و ئەو)م لە بەرچاو بەرزکاتەوە و بیدڕێنێ، خێری دنیا و قیامەتی دەگاتێ.

«ئەو»سۆزانییە، «ئەم» چیزە، بیژییە، گورگە. «ئەو» دۆڵچەیە، شابەندەرە، وەرن «ئەم» گورگە هار و بێ ئەمەك و بیژییەم لە كۆڵ كەنەوە. «ئەو» دۆڵچەیەش هەڵزڕێنن. تەورداسێ بۆ سەری «ئەم». دوو ئەسپی بەهێزیش بۆ «ئەو» ئەگەر نا، دیوارێ لە نێوان دڵ و دەروون و ڕوحم و ناندینەكە هەڵدەنەوە. باچیدی هەستیان پێ نەكەم. وا نەبێ ئەم دڵ و ڕوحەم لە ناندینەكە جیا نابنەوە. كێ دەتوانێ ئەمانەم بۆ بكا؟ بابێ، ئەوە بۆ نایێ. وا دیارە كەس پێی ناكرێ،...ش پێی ناكرێ. بەمن بێ ئەو خۆڵ و خاكەش كە پێڵاو و پێی لە سەر دادەنێن، زریانێكی هار و سەرشێت ڕاپێچی كا. دوایێ سۆمایی چاوم دادێ!

ئەو ژوورە لاپەڕ و بچووك و تەنیا و چۆڵ و تاریكە و ئەم ناندینە ڕێكوپێك و پڕ ڕایەخ و بۆیاخ كراوەیان نەگوتووە. جاران ئەم ژوورە. ناوی ناوەوەی بەهەشتاوی بوو، ناندنیش پڕ جورج و سیسركە و قاڵونچە بوو. كەچی ئیمڕۆ گۆڕاونەتەوە. ناندین بووەتە كۆشك و تەلاری كەیف و هەوەس بازی. ئێرەش بووەتەكەلاوەیێكی لاپەڕی كەس بەسەر نەهاتووی پڕ جورج و مشك و مارمیلۆق. كەس ناوێرێ لێی بێتە پێش. ئەوەی ئاوڕیشی لێ بداتەوە، بۆنی بۆ دەچی و گێژ دەبێ.

ئۆخەش! ئەوە دەنگە دەنگی منداڵانە. دەنگیان دەناسمەوە. باریك و تیژە. هەر باشە، وا بە ئاستەم گوێم لێیە. دوورن بۆیە بەنزمی دەنگیان دەگاتە لام. دەنگیان چەند خۆشە. چەند خەم ڕەوێنە. كە گوێم لێیان دەبێ نیوە زیندوو دەبمەوە. ئەگەر بەردەوام وابن، بەتەواوی زیندوو دەبمەوە. لە مێژ بوو دیار نەبوون، نازانم ئەو ماوە دووورودرێژە لەكوێ بوون؟ بۆ نەدەهاتن لەم پشت دیوارە هەڵپەڕن و یاری بكەن؟ ئەگەر ئەو منداڵانە نەبن، قسە و بیركردنەوەشم لە بیر دەچنەوە. بریا زووش دەستتان لە یاری هەڵنەگرتبا! بۆ دەڕۆن؟ دە توخوا ئەگەر ئەو پشت دیوارە جێ بێڵن! چی دەبوو ئەگەر شەوانیش لە دەوری ئەم كەلاوەیەدا بسووڕێنەوە. دە توخوا ئەگەر تا

وەختێکی درەنگ یاری نەکەن! بەرە بەری هاوینە، یاری کردنی شەوان زۆر خۆشە. دنیا فێنك و مانگە شەویشە. خۆ وەکو ژوورەوەی ئێرە نییە، لە گەرما بسووتێ. ئەو ماوەیەی لێرە نزیك نەدەبوونەوە، خەریك بوو لە داخا بتەقم، نەمدەزانی چی بکەم، بۆیە ئەوە چەند ڕۆژێکە چاوەڕێتانم. کەچی نە دەنگتان هەبوو نە ڕەنگ. دوو ڕۆژ بوو هەناسەم نەدەهات، گریان لە گەروومدا قەتیس مابوو. نەمدەتوانی بگریێم. کێ ناهێڵێ لەو پشت خانۆچکەیە کۆبنەوە؟ ها. گووی خواردووە. بەگوێی مەکەن. بەرد بارانی کەن، تەنەکەی بۆ لێدەن، دەست تێك بگرن و بازنەیەك لە دەوریدا پێك بێنن، لەناو بازنەکەش زیندانی کەن. مەترسێن. ئەوە چییە، بۆ دەنگتان نایێ؟... دەی پتر دەنگ هەڵبڕن. ئەدی کوا، بۆ گوێم لە ترپەی پێتان نییە؟ بسووڕێنەوە، خێراکەن، بەخێرایی، بەدەوری ئەم دیوارەدا بخولێنەوە. چونکە بەتەنێ، لەم ژوورە بێ دەنگە،...تەنیایە، چۆڵ و کپ و خامۆشە. هەر ئەوە پێویستی پێتان هەیە. مەچنە هیچ لایێکی دی. ئەوانی دی حەزتان لێ ناکەن، بەقرە قڕ و هەرا و هۆریا و قیژە قیژ گێژ دەبن. پێیان ناخۆشە. گوایە مێشکیان کاس دەبێ. ئەوان زۆرن و تەنیانین. من تەنیام. هەرا و هۆریا بۆ من باشە. من چارە ڕەشم، نیوە مردووم. خەریکە دوو تارماییش، بەتەواوی دەمکوژن. ئا، ئەوها باشە. با سەدای دەنگتان لە ناو گوێ نیو ساغەکەمدا بزرنگێتەوە. بەگوێی ڕاستم نابیسم. ئەگەر ئێوە نەبن، ئەوی تریشم کەردەبێ. وەرن نەختێکی تر نزیك بنەوە و گوێ بخەنە سەر دیوارەکە. با پێتان بڵێم: دەزانم حەز لە چی دەکەن. هەم من پێم خۆشە و هەم ئێوەش پێی خەنی دەبن. شتێکی تریش، بڕۆن هەر یەکێ شیشەیێکی نووك تیژیش بێنێ، یا خاکەنازێ، یا تەنەکەیێکی مەیلەوتیژ. ئەوسا بێ دواکەوتن بەربنە دیوارەکان. لەهەر سێ لاوە دیوارەکانم بۆ هەڵکۆڵن. دەی لەمامتان، ئاسانە، زۆر ماندوو نابن. زۆریشی پێ ناچێ، دیوارەکان کون بەدەر دەبن. وای دەنا واتان بکردبا! لە خۆشیان دەبوورامەوە،

دەتریقامەوە، پڕ بەم تاریکستانە پێ دەکەنیم: دەزانن چیتریش؟ ڕووناکی دێتە ژووری. ئێرە پڕی ڕووناکی دەبێ، پڕی هەوای پاك دەبێ، پڕ دەنگی خەڵك و خوای دەرەوەش دەبێ. جارێ دەنگی ئێوە هەر هیچ، ڕەنگی ئێوە هەر هیچ، ئەوە لەگەڵ هیچ دانییە. ئەوسا لە کونەکانیشەوە دار و بەرد و دار و دیواری خانووبەرەی گەڕەك و دارتەل و ئاسمان و هەزارەها شتی دی، کە دوو مانگە لە بینینیان بوویمە دەبینم. خەمتان نەبێ، بە خشەخش و قوونە خشکێ، خۆم دەگەینمە کونەکان. یا ئێوە وەرن دەستم بگرن. لەوێشەوە سەر دەخەمە سەر کونەکان. پاشان تەواوە، دڵنیام لەوەی بەگوێ نیوە کەڕ بووەکەم و چاوە کەم بینا بووەکەشم شت دەبینم و شت دەبیسم. چاك دەبنەوە. ئەدی چۆن؟ ڕووناکی لەچاوم بداوشتی پێ ببینم، فەرقێ هەر دەکا. چونکە ئەم تاریکییە نیوە کوێریشی کردووم. لەم بارودۆخەشدا بمێنمەوە پاش ماوەیێکی دی، خزم و ناسیاو، هەتا ئامۆزا و برا و کوڕەکەشم نا ناسمەوە؟ هەموو شتێ تارمایی ئاسا دێتە بەر چاوم. ئەو دوو تارماییەی دەرەوە، ئەو دوو دزەی دەرەوە، هەموو شتێکیان لێ کردوومەتە تارمایی. تارمایی بەسەر تارمایی، دنیام هەموو لێ بووەتە تارمایی. دوێنێ پێرێ، ئامۆزاکەم هاتبوو نەمناسییەوە. ئەگەر خۆی پێ نەناساندبام، دوو سێ سعات لە بەردەمم وەستابا، نەمدەزانی کێیە؟ گوتی: نزیکەی چارەگە سعاتێکە لە دەرگا وەستاوم، ئاگات لێ نەبوو، ویستم بزانم تاکەی هەستم پێ ناکەی.

ئەگەر پێشتان خۆشە وەرنە ژووری، من پێم خۆشە، نازانم ئێوەش، ئەوەی دەشیەوێ بێتە ژووری ڕێی، دەدەم، سەگێ، یا پشیلەیێ، لەگەڵ خۆی بێنێتە ژووری. بابچێ سەگ و پشیلە و هەرچی هەیە، کۆی بکاتەوە و لەگەڵ خۆی بیهێنێ. چونکە پێم خۆشە شەو و ڕۆژ بەدەورمدا بسووڕێنەوە، یاری لە ژووری باشتر دەکرێ، کەس ڕێتان لێ ناگرێ. لە دەورم هەڵپەڕن و سەما بکەن و گۆرانی بڵێن. لە بیریش نەکەن، تەپڵ و تەنەکەش بێنن. ئا

لەم ساتەدا حەزم لێیە لە ناو ئاژەڵ و جانەوەریشدا بژیم. دەزانم ئێوەش حەزتان لەم جۆرە یارییانەیە. با شتێکی تریشتان پێ بڵێم، بەڵام بە مەرجێ ئێوە پێتان خۆش بێ. وەرن ڕاستم کەنەوە و وەرم گێڕنە سەر زگ، ئەم دەستانەشم لەژێر سەرم دانێن، قاچەکانیشم بنوشتێننەوە. با وەکو ئەسپم لێ بێ، ئەوسا ئێوەش یەك یەك، بەنۆبەت، وەرنە سەر پشتم. مەترسن، هیچم لێ نایێ، خۆ هێندە گران نین. تا کوێتان ببەم، ها؟ خەمتان نەبێ، هەر کوێی دەڵێن، ئامادەم. بۆ ئەم سەرەوە، زۆر باشە. بۆ ئەولا و ئەم لاشتان دەبەم. قەیناکا. گوێ مەدەنێ، حەپە حەپیشتان بۆ دەکەم. با سەگ و پشیلەکانی ئێوەش بکەنە حەپە حەپ و میاوە میاو. بە تەپڵ و تەنەکە لێدان، بە میاوە میاو و حەپە حەپ، دەکەینە بەزمی خۆمان. خۆشە! لەوە خۆشتر هەیە! بەڵام توخوا لە بیر مەکەن، ئەو هەتیوەی کوڕیشم لەگەڵ خۆتان بێنن. ئەگەر لەگەڵتان نییە، بایەکێ بچێتە دوای. با ئەویش بێ، بەڵکو هەندێ دڵی دەکرێتەوە. لەبەر خاتری من بڕۆن بیدۆزنەوە. ئاخر ئەویش حەزی لە یاریکردنە. ئەوە بۆ دواکەوتن؟ چییە ئەدی دەنگتان بۆ برا؟ پێم بکرابا ڕاست بمەوە، خۆم دەهاتمە لاتان لەناوتان دەسووڕامەوە، بەدوای خۆم دەدان و من لە پێشەوە، ئێوەش لە دواوە، بەغار غارێن و هەڵپەڕکێ و گۆرانی، ناو کۆڵان و گەڕەك و بازار و قەیسەریمان هەموو بەسەر دەکردنەوە. کوێی دوور بوو دەچووینە، (وێ) هەیاران و مەیاران خۆشە، ها، پێتان خۆشە! جا چییە، با هاوینیش بێ، ئێمە دەیکەین. منداڵ و شێت وەرز و مەرز نازانن، هەر چ وەختێ، هەر چییان بوێ، دەیکەن. بۆ ڕاوەستاون، ئەوە بۆ ناجولێنەوە، لە چی دەترسێن؟ بابە وەڵڵا ئێرە هیچی تێدا نییە، جانەوەر و دڕندەی چی؟ بۆ خۆم وام دەگوت. ئێ خۆ منیش جانەوەر نیم، پڕتان دەمێ، وەرن لە دوورەوە سەیرم کەن، بزانن ئاخۆ هەیکەلی من ئاسا جانەوەر و دڕندایەتی لێ دەوەشێتەوە. بە چی ببمە جانەوەر و دڕندە؟

خۆ ئێوەش نەبوونەتە نەوزاد دایکتان نەهێڵێ لێم نزیك بنەوە. ژوورەکەش گەورەیە، بەشی هەموومان دەکا، تاریکییەکەشی بە سێ کونەکەوە لە ناو دەچێ، رووناك دەبێتەوە. ئەو نەوزادە بە زۆریش نایێتە لام، ئەو کاتەی بانگی دەکەم، ئەو ئەو کات پتر لێم دوور دەکەوێتەوە. ئەگەر لەگەڵ ئێوە بێتە ژووری، دەنا هەرگیز لە دەرگا پتر هەڵناکشێ. بابە با بەتەنێ، لەگەڵ ئێوە بێ، نەوەك بترسێ. دەشزانم کێ ترساندوویەتی؟ فێرکراوە. »ئەو« زراوی بردووە، پێی گوتووە: باوکت پیسە، گڕوو بوو؛ بۆنی لێ دێ. ئەوانە ڕاستن، بەڵام خۆ نایخۆم، گورگ نیم. هێشتا نەبوومەتە گورگ، کە وام لێ هات، با نێ ئەوسا ئێوەش لێم نزیك مەبنەوە. وەرنە ژووری، لە چی دەترسن. بۆ نایێن؟ وەرن مەترسێن. ڕووت و ڕەجاڵ... ئێسقان... گۆشتی خاوبووەوەی مردوو، کابرایێکی ئیفلیج بوو، چۆن دەبێتە شتێکی دی؟ یەکێ نەتوانێ دوو مانگ لەسەر جێگا خۆی وەرگێڕێ، چۆن  دەتوانێ منداڵ بخوا. هەی زاڵم باب. قەیناکا، کە مردم پرسەم بۆ دامەنێ، مێ سەر گۆڕم، بزگوڕم فڕێ دە دەرێ، ئاگریان تێ بەردە؛ ئەوەی بۆنی منی لێ دێ، لەژێر پێی دانێ. بەڵام ئێستا ڕازی نیم. جارێ نەمردووم، هەر شتێ خاوەنی من بم، توخنی کەوی، پێم ناخۆشە، هەر شتێ ناوی منی بە سەرەوە بێ، کڵاوی کەی. ئەوەی هی من بێ، لام شیرینە، خۆشم دەوێ! هەتا خۆڵ و خاك و کەلوپەل و داروبەردی ئەو ماڵەشم لا خۆشەویستە. تۆش. نەء تۆ، نەء. ڕقم لە تۆیە، تۆ نیت، تۆ بێ ناوی تۆ «ئەوی». تارمایی، دزی، دێڵە سەگی. هەموو شتێکم خۆش بوێ، ڕقم لە تۆ دەبێتەوە. بەڵام کە مردم، یاخوا خۆت دەخەیە ژێر ئاژەڵیش. هەی شابەندەر، کە من نەمام، گرینگ نییە، دنیا هەموو بەسەر خۆتدا بکە. با دنیا هەموو لەسەر لەشتا درێژ بێ. تێر دەبێ، تێر نابێ بە دۆزەخ.

– کێیە؟

نەوزاد، ئەوە تۆی، وەرە پێش کوڕم وەرە پێش.کوای لە کوێی. باش بوو

هـاتی، وەرە مـاچێکم بدێ. مەترسە نـاتـخۆم. بـاشە بـاش، نزیك مەبەوە، لەوێوە، لەپشت دەرگاوە، گوێم لێ بگرە. وەرە بزانم ئەو گڵۆپەی دەرەوە بۆ کوژاوەتەوە؟ ئەدی پێم نەگوتی گڵۆپی ناندینەکەش داگیرسێنە. خۆ هـەموو ڕۆژێ بۆتی دووبـارە نـاکەمەوە. چی ! کێ نـاهێڵێ؟ دایکت، ئەو دەیکوژێنێتەوە. ئێ، ئێ، درۆ مەکە. ئەدی ئەوە کێ پێی گوتووی وا وەڵامم بدەوە. ئەویش ئەویش هـەر دایکتە. دەزانم نـاهێڵێ نزیکی ناندینەکە بی. وەرە بزانم ئـاخۆ ئەو ناندینە چـی تـێدایـە. یـانـێ ژوورەوەی نـانـدیـنـەکـەت نـەدیـوە، چـۆن نـەتـدیـوە. لـە پەنچەرەوە تەمـاشای بکەی ناوەوەیت هـەموو لێ دیارە، هـەموو شتێ دەبینی. لەوانەیە خواردنی چاکی تێدا بێ؟ بزانە چی تریشی تێدایە؟ دۆشەگ، ڕایەخ، تۆ چەند دەبێ سەرت پێدا نەکردووە؟ هـا. سێ حەفتەیە، چوارە، چەندە! ئەو جـارە بەدزی برۆ ژوورێ. خۆ کلیل نـەدراوە. چی؟ کلیلیش دراوە؟! ئەوە خۆشە! ئەی کەی دەیکاتەوە. وەختی «ئەم» دێ، هـا. نەوزاد «ئەم» هـەتیوە ڕۆژێ چەند جار تەشریف دێنێ. دە، بیست. چۆن نـازانی. ئەدی بە درێژایی ڕۆژ لـە کوێی؟ دەتنێرێتە کوێ؟ ماڵی هـەورۆ. جا ئەوەندە لەوێ چی دەکەی؟ یـاری کردن، سعاتێ دوو. کوڕم نـەوزاد ئەگەر شتێکت بدەمێ، یـارمەتیم دەدەی. هـا، یـارمەتیم نـادەی. وەرە پێش. وەرە ژوورەوە. هـیچ نییە، تەنیا جێگاکەم دەگوازینەوە ئەو سووچی نزیك دەرگا. حەزم لێیە لەوێ بم ئەو بنەبـانە زۆر تـاریکە، دڵم لێی دەکوشرێ. لێرە هـیچ شتێکم لێ دیـار نییە. حەزم لێیە تەمـاشای دەرەوە بکەم. خۆ گران نیم، سووکم. تۆ بەس دەستم بگرەو ڕاستم کەوە، منیش بۆ خۆم بن دیوار و بن دیوار خۆم دەگەینمە ئەوێ. لـە عـاردی پـاڵ دەدەمەوە، دۆشەگم نـاوێ، بـا لـەوێ بێ. لـە سەر خۆڵەکە درێژ دەبم. پـاك و خـاوێنترە. نوێنم وا کەڕەکیفەی هـەڵێنـاوە بۆنێکی زۆر پیسی لێ دێ. هـەندێ ئـاگـات لـە خۆت بێ، پیس نـابی دوور بوەستە، تەنەکەکەش لێت دوورە، وا لـەو سەرەوەیە. کوڕم هـا وەرە تەمـاشام کە، هێشتا زۆر پیس نەبوویمە، بۆنیشم کەم لێ دێ. بۆن بۆنی تەنەکەیە و

پـیسیـیـەکـەش هـی دۆشەگـەکـەیـە. ئـەدی بـۆ مـن بـۆن نـاکـەم؟ جـاران زۆر نـاڕەحـەت بووم، بـەڵام هـەنووکـە ڕاهـاتووم. بـۆنـی چـی؟ خـۆ پـیسـاییم لـەبـن خـۆم نـەکـردووە، ئـەوە پـیسـایـی نـاو تـەنـەکـەکـەیـە. دەتـوانـی بـچـی فـڕێی دەیـە دەرێ، بۆنـەکـەی دەبـڕێ. ئـەوەش قـاپـی خـواردنـە، دوایـێ بیبـەوە. فـڕێی دەم، هـا بیگرەوە. وەرە هـا ئـەو پـارچـە پـەڕۆیـە بـاوێ سـەر تـەنـەکـەکـە، بـاشـترە. ئـەی دایکت کوا؟ بۆ دیار نییە، بۆ نایێتە ژووری؟ کوڕم دایکت نازانم بۆ ڕقی لێم دەبێتـەوە. بـەو بـێ چـاوی پـێم نـەکـەوێ. وا دەزانـی دوژمـنـی بـابـە کـوشـتـەی ئـەوم نـەوزاد گیـان، بـەخێـرا خـۆت هـاوەرە سـەیـرێکـی نـاو قـاپـەکـەم بکـە! بزانـە ئـەوە خـواردنـە بـۆ مـنـی دادەنـێ. بـۆ مـن سـەگم؟ دێڵـە سـەگ «ئـەوە». «ئـەم و ئـەو» هـەردووکـیـان. پـێی نـاوێ. ئـەو خـواردنـەم چـۆن پـێ دەخـورێ. تـامـی قـوزەڵقـورتـی لـێ دێ. دایـکـت بـەئـانـقـەسـت هـێـنـدە سـوێـری دەکـا تـا دەمـی لـێ نـەدەم. تـەنـیـا نـانـەکـە دەخـۆم، خـواردنـەکـەم پـێ نـاخـورێ. ئـەدی ئـێـوە چـی دەخۆن؟ یـانـێ هـی ئـێوە ئـەوە نییـە؟ گـۆشـت و پـلاو... کـێ بـۆتـان دێنـێ؟ «ئـەم». ئـەدی مـادام شـت ئـەوەنـدە زۆر بـێ. کـوانـێ، ئـەو هـەمـووە چـی لـێ دێ؟ بـۆ کێی دەبـا؟ فـڕێی دەدەن. «ئـەم»یـش نـانـی نیـوەڕۆیـانـتـان لـەگـەڵ دەخـوا، هـا. جـوانـە. لـە کـوێ نـان دەخـۆن؟ لـەو پـەنـایـەی ئـەودیـو، جێیـەکـی لاپـەڕە. تـا لـە مـن دیـار نـەبـن. چۆن دیـار بـن؟ یـەك دوو ژوور بـەینمـانـە. («ئـەم و ئـەو» دوو تـارمـایـی بـێ نمـەکـن، دوو دزی نـەقـۆڵان. لـە هـەمـوو شـتـێ دزیم لـێ دەکـەن. لـەو پـەنـایـە پێکـوە بـووینـە، لێك نـابـنـەوە. بـە مـن لێك نـابـنـەوە. مـەگـەر سـاچـمـەی ڕاوچـییـەکـی کـارامـە بیـانـتـۆپـێـنـێ.) ئـێ بـاشـە ئـەدی.

ئـەم هـەتیوە هـەمـوو جـارێ لـە کـوێی دایکـت دادەنیشـێ. دوور، نـزیـك بـەرانـبـەر. یـانـێ چـۆن؟ بـەئـاقـڵـت چـەنـد لـەیـەك دوور دادەنـیـشـن. بـسـتـێ، پـەنـجـەیـەك. بـەیـەکـەوە دەنـووسێن. یـا دەچـنـە بـاوەشـی یـەك. پـاشـان چـی دەکـەن، بـۆ کـوێ دەچن؟. (بـەرەو نـاندینـەکـە هـەڵدەکـشێن. ئـاشکرایـە) ئـەدی ئـەتـۆ چـی دەکـەی، تـەمـاشـایـان نـاکـەی؟ قـەد سـەرنجت نـەداون، ڕوویـان لـەگـەڵ یـەك چـۆنـە. خـۆشـە،

یانێ دەڵێم پێ دەکەنن یا... جا تۆ بۆ قبوڵ دەکەی. «ئەم» هەتیوە چی ئێوەیە؟ خزمی چی تەڕەماشی چی. کێ دەڵێ: کوڕی خاڵی دایکت! وەڵڵا تەڕەسازیش نییە. بە بیرم هاتەوە. ئەدی دایکت ئەو ڕۆژانە جلی چۆن لەبەر دەکا، ڕێکوپێکە، یان وەکو پێشان شڕ و وڕە، دەزانم کام جل جوانە لە بەری دەکا، پەمبەکە لەبەر دەکا، مکیاجیش دەکا، سۆراو و سپیاویش لە دەموچاوی هەڵدەسوێ، بۆنێ عەتر و قۆڵۆنیا و مۆڵۆنیاش بەسەر خۆیدا دەپڕژێنێ. ئەدی شەوبۆ لە کوێ دادەنێ. لەو گۆڕە، کە دەگرییێ لێی دەدا. ئەدی چۆن لێی نادا، دەزانێ، فام دەکا، ئەوی دی بچووکە تێ ناگا. (با بۆی بمێنێ. بەس جارێ، بەهاتبایە ژووری. خۆم دەمزانی چۆن نینۆکم لە هەناوی دەبردە خوارێ، هەموو شتێکم لەگەڵ ساغ دەکردەوە.) «ئەو» فێڵبازە. بەناز و چاوبازی و قسەی لووس «ئەم»ی لە خشتە بردووە. هەی خوا بیگرێ. (ئاخر چۆنت توانی «ئەم» گێل ووێلە پاکە گیرۆدەی داوی خۆت بکەی؟)

تەمموزی ١٩٨٤

## تەرم

ئێمشەو ژوورێکی چۆڵ و چوار دیواری سارد و سڕ، چوار دیواری ڕەق و تەق و بێ گیان، تەرمی سارد و سڕ و لاشەی ڕەق و تەق و بێ گیانی باوکم دەگرنە باوەش. بۆ ئەوەی تا بەیانی بەیەکەوە چاو شارکێ بکەن و بکەونە دەست لەملانێ. بۆ یەکتر باشن، بێ گیان ئاشنای بێ گیانە، سێبووریان بە یەکتر دێ!

ژوورەکە دەکەوێتە شوێنێکی لاپەڕ و تەنیا، لا دەستە ڕاستی دەرگای حەوشەکەمان. دە پانزدە مەترێ لە ژوورەکانی ترەوە دوورە. ڕووی پێشەوەشی لاو نیو هەڵکەوتووە و ناڕوانێتە ژوورەکانی دی. بەڵکو تاك و تەرا، دەڕوانێتە دیوارێکی نیمچە ڕووخاو. پیاو بەلایدا تێ بپەڕێ، سامی لە سەر دڵ دەنیشێ. مردووێکیشی تێ بئاخنێر، خوا دەزانێ چی لێ دێ؟

تەرمەکەی باوکم لە سعات چواری ئێوارەوە ئامادە کراوە، شۆردراوە، کفن کراوە. هەر ئەوەی ماوە چەند کەسێ دارەبازەکە هەڵگرن و بە ژوورەکە، یا بە گۆڕی بسپێرن. ئامادەشە هەر لەم ژوورەش، چەند کەسێ، تا ئەو حەلەی مامم دەگاتە جێ ئێشکی بە سەرەوە بگرن. گوایە تەلەفۆنیان بۆ کردووە، بە قسەی خۆیان ئێستا نا دەمێکی دی دەگاتە جێ. بەڵام خوا دەزانی کەی دەگاتە جێ و کەی لەو بێ ئۆقرەییە ڕزگارمان دەکا. کاشکا زوو دەهات و لە بەزمورەزمی ئێشك گرتنی ڕزگار دەکردین! جا ئەو ماندووبوونەی بۆ چی بوو؟ بە دەست من بووایە نەمدەهێشت لە ژوورێکی وا چۆڵ و تاریك بپەسترێ. بۆ چاوەڕوانی و سام و ترسی تەرمی مردوو ببێتە مێردەزمەی سەر سنگی من و دایکم و ئەوانەی دەبنە پاسەوانی؟

نـەمـدەهـێشت تـا بـەیـانـی بمێنێتـەوە و بـەخـاکم دەسپـارد. بـاش نـییـە. ئـێ گۆڕەکەشی بۆ ئـامـادە کراوە. دەمـانبردە گۆڕستانی سەید محەمەد و بە جوانترین شێوەش دەمـانـنـاشت. بـەڵام چی دەکەی لەگەڵ بڕیـاری گەمژە و گێل و کـەر و ئـێستـر و خـۆڕەپـێش کـەرەکـانـی ئـیـمـڕۆ خـۆیـان کـردۆتـە خـاوەنمـان. نـازانم ئەو هەموو خزم و ئامۆزا و نـازانم چی و چییە، تـا هــەنــووکــە لــە کــوێ بــوون، بــۆ نــەدەهــاتــن بــارودۆخــی ژیــانــە پــڕ کارەساتەکانمـان بەسەر بکەنەوە؟ بڕیـارێکە و دراوە، دەسەڵاتی منی تێدا نییە، بە قسەی لووس و بێ مـانـاش دایکمیـان ڕازی کرد. گوایە دەبێ چاوەڕێی براکەی بین، دابونەرێت وا دەخوازێ، پێویستە مـامیشم ئـامـادەی کوڕەوی نـاشتن و بە خاك سپـاردنی بێ. چی بکەم؟ ئێ خۆ نـابێ لەم بـارودۆخەی تێی کەوتووین بەگژیـاندا بچمەوە. نـاشیرینە، عەیبە. وەختێکی تر بووایە خۆم دەمزانی چیم دەکرد.

کــاشکــا بــەو کــەسانــەی لــە ڕۆژی وا دا، ئــازایــەتــی وێنــەی کــار و کردەوەکانیـانە! بۆ ئەوانەی بۆ ئەم جۆرە کارانە لە دایك بووینە. بەوانەی بیر لە چاوەڕوانی و ترسی ئێشك گرتن ناکەنەوە، کە بیریشی لێ بکەنەوە، هەناسەی بـاوەڕ بەخۆ بوون و پێکەنین ڕووخساریـان دەنەخشێنێ. من وەکـو ئـەوان نـیـم، تـرسنـۆکـم، حـەقـم بـەسەر گواستـنـەوەی تـەرم و ئـێشك گـرتـنـەوە نـیـیـە. بـا بـاوکـیشم بـێ. بـا ئـەوان بـیـگـوازنـەوە ژوورەکە، بـا بـەخـۆکـەون، ئـەدی بـۆ بـەخـۆ نـەکـەون؟ بڕیـاری خـۆیـانـە. ئـەوان وایـان دانـەنـاوە؟ دەبـا چەند کەسێکیش هـەر لـە خۆیـان، تـا بەیانی بەسەر سەریەوە بن. یەکێ بـاوەڕی بەخۆی نەبێ و بترسێ، بڕیـاری ئەم جۆرە کـارانە نـادا. کەواتە نـاترسێ و ئـامـادەیە بڕیـارەکەی بگەینێتە جێ. من نـاوێرم توخنی دارەبـاز و مردوو کەوم و چەند سعـاتێ بەسەریەوە دانیشم. لەشی ڕەق و ڕەپ وەستـاو و چـاوی زەق و نەقوچـاو ئـارامم لـەبـەر دەبڕێ، تێك دەچم، زراوم دەڕژێ. لـەوەتـەی گـوێم لـێ بـووە، کـە دەبـێ ئـێشك بـەسەر تـەرمـی

باوکمەوە بگرین. ترس و گومان و بێ ئۆقرەیی هەناو و لەشم دەکۆڵن. حەسانەوەم لێ براوە و کێچ کەوتووەتە لەشم. نازانم بە چ بیانوویەك، خۆم ڕزگارکەم؟ چۆن خۆم بدزمەوە. چونکە دڵنیام لەوەی یەکێکم لەوانەی هەڵبژێردراون، یەکێکم لەوانەی تەنیا بە ژوورەکەم دەسپێرن و دەمکەنە میوانی تەرمەکە. ئەوی تریش براکەمە. ئەویشیان من ئاسا هەڵبژاردووە. جا لە من و لە براکەم کێی تر هەیە؟ هێندەی بیری لێ دەکەمەوە، نازانم چۆن دەتوانم شەوێکی وا ترسناك، بە تەنێ، بێ دەنگ، بەرامبەر دارەبازێکی مردوو هەڵگر، لە ناو ژوورێکی چۆڵ و هۆڵ ببەمە سەر؟ هەر خۆم دەزانم چۆن شەوێك دەبێ؟ ئاخر مردوو بەسامە، لەوانەیە شێت بم، ئەرێ وەڵڵا دەترسم شێت بم. کێ نالێ هەر ئەو دەمیش ڕوحم لە لەشم نایێتە دەر؟ بیستوومە هەزاران کەس تەنیا بەوە عەقڵیان لە دەست داوە کە بەکاتێکی ناوەخت بەناو گۆڕستانێ ڕەت بووینە. جا چۆن من تێك ناچم؟ خۆ ئەوەی بەمنی دەسپێرن ملیۆنەها کەڕەت لە هی ئەوان ترسناکترە. هەر خوا خۆی دەزانێ چیم بەسەر دێ؟ ئاخۆ چی ببینم و چی ببیسم؟! کوڕە چی دەبینم! مۆزەخانەی چاخەکانی پێش زایین. ژوورەکەم هەموو لێ دەبێتە مردوو و سەمام بۆ دەکەن. لە بن گوێم هاوار دەکەن. گەشکەم پێ دەگرن. کەللەی بۆش و بەتاڵ، ئێسقانی ڕووتاوە، دەموچاوی هەڵکۆڵدراو، لە بەر دەمم هەڵدەپەڕن. ئەرێ وەڵڵا، لاشەی مردووەکانی چاخەکانی بەردین، بەم چاوانە دەبینم. جا بۆ ببمە پاسەوانی مردوویێك کە سبەینێ دەنێژرێ؟ بۆ ناوم نانێن زانایێکی شوێنەوار ناس؟! بۆ مرۆڤی چاخەکانی سەردەمی ڕابووردووم پێ نادۆزنەوە؟ ئێ وایە، ئاخر ئەو ئیشەی بەمنی دەکەن، لە کاری زانایێکی لەو جۆرە دەکا. بابە وەڵڵا من نە زانام و نە شوێنەوار ناسیشم، نە پاسەوانی بەر دەرگای گۆڕەستانەکانیشم، ژوورێکی تایبەتیم لەبەر دەرگا و نزیك شوورەکان هەبێ. تا ژیانێکی دوور و درێژ، بێ ترس لەگەڵ گۆڕ و تەرم و مردوو ببەمە سەر، مرۆڤێکی ترسنۆکی دەکو

من چ حەقی لەم کێشەکێش و بەزموورەزمە دایە. وا بە خەیاڵ دێتە بەر چاوم و دەزانم گەر قاچەکانم لە دەرگا بچنە ژووریّ، چ دەبینم. یانیّ لە دۆزەخ و لەوانەی باسم کرد پتر چی تر هەیە؟ هەر ئەوەیە. مردووی ئەم شارەم هەموو لیّ کۆ دەبنەوە، ئەوانەی تازە مردوون و ئەوانەی پێشووش. کە لێشم نزیك بوونەوە، هەر یەکیّ بە جۆریّ دەمترسێنیّ. ئەو چاوم لیّ زەق دەکاتەوە. ئەوی دی قەپم لیّ دەگریّ. یەکێکی دی چاوم هەڵدەکۆڵیّ. هێندەشی پیّ ناچیّ دەست تێك دەگرن و بازنەیێك بە دەورمدا پێك دێنن. ئەوسا وردە وردە، دارە بازەکە تەسك دەکەنەوە، دێنە پێش، لە هەموو لایەك پاڵم پێوە دەنێن، دەمکوشن، بە پاڵە پەستۆ دەمخنکێنن. هەر وایە، مردوو نایەویّ زیندوو ببینیّ. کە دیتیشی وای لیّ دەکا. بۆیە ئەوانیش وا لەمنی نە مردوو دەکەن. دەیانەویّ گۆڕیّ، گۆڕستانێکم پیّ پڕکەنەوە. ئەگەر نەشیان توانی بمکوژن، ئەوا بەشایی و هەڵپەڕکێی نا ئاسایی، دوا سەمای شێت بوونم بۆ دادەمەزرێنن. ئاخۆ جیهانی شێت بوون چۆن بیّ و هەست بەچی بکەم؟ تۆ بڵێی جیهانێکی خۆش بیّ! یا تۆ بڵێی ئەو هەموو ترس و گومان و بیّ ئارامییەی گەمارۆی داوم لە کۆڵم ببنەوە؟ لەوانەیە ئەوانیش لێم بترسێن. باوەڕ ناکەم کەس بتوانیّ خۆم تیّ بگەیێنیّ. دەست دەوەشێنم، هەر کیّ بگاتە دەستم دەیکوتمەوە، تێر و پڕی لیّ دەدەم، دەیکوژم. جا کیّ دەوێریّ نزیکم بێتەوە؟ بریا وا بووایە! ئەوسا دەمزانی چیم بەسەر ئەوانە دەهێنا کە بڕیارەکەیان داوە. مامیشم وا لیّ دەکەم. زراوبردی دەکەم.

بەڵام نەء. بۆ شێت بم؟ بۆ خەڵك گاڵتەم پیّ بکا؟ شێت بم منداڵە وردکە بە گاشە بەرد سەر و گوێلاکم ناهێڵن. نەء، نامەویّ، حەز ناکەم وەکو ئەو لات و هەژار و کەساسانەم لیّ بیّ کە لەبەر دەرگای دوکان و چاخانەکانیش جێیان نابێتەوە. کەس نامحەوێنتەوە. با وەکو حەمە گردەی شێتم لیّ نیّ. ئەو کابرایە زستان و هاوین، بە سەرما و گەرما، بیّ دەرەتان و ڕووت و قووت، لە قوون دەرگا و چاخانەکەی باوکم نەختیّ

ئیسراحەتی نەدەکرد. باوکم نەیدەهێشت کەس خۆی تێ بگەینێ. بەڵام لەوێ دوور کەوتبایەوە، قەیسەرییان لێ دەکردە کونە مشك. سات ناساتێ منداڵێ... زەلامێکی دڵ ڕەق، نوقرچەیێکی لێ دەدا، یا پەلکە شووتییەکی تێ دەسرەواند. زۆر جاران دەبووە شەڕە بەرد. جارێ وا دەبوو خوێن لە دەموچاوی خۆی و چەندانێکی دی فڕکەی دەکرد. ئەویش دەیدایە پرمەی گریان و خۆی لە ناو ئەو هەمووە بەردە تیژانە دەگەوزاند و بەغلۆڵ بوونەوەیش، تا بەردەمی چاخانەکەی باوکم دەهات. تا بە هەزار حاڵ هێمنی دەکردەوە و هەتا دەیهێنایە ژوورێ بەرد شەقی دەبرد. زۆریش حەزی لە کۆکا بوو، بۆیە بە کۆکایەك هەموو شتێکی لە بیر دەچووەوە. دەهاتەوە سەر بارودۆخی جارانی. وەرە پیاو تۆ ئەوەندە حەزت لە ساردی بێ؟ ڕۆژێ سەدی بخواردبایەوە، لای وابوو هەر تامیشی نەکردووە. کوڕە هەر بە فڕێکیش شووشەی بەتاڵ و حەتاڵ دەکرد و لەجێی خۆی دادەنایەوە.

چیتان دەوێ، بۆ لێم ناگەڕێن؟ بابە خۆ بە زۆر نییە، نامەوێ ببمە ئێشکچی مردوو، با مردووەکە باوەکیشم بێ. لێم نەگەڕێن هەڵدێم، لێرە دوور دەکەومەوە. هەزار کەسیش بێتە دوام ناگەڕێمەوە. دەچمە شوێنێ کەس نەزانێ لە کوێم. دەڕۆم و کەس ناتوانێ ڕێم لێ بگرێ. نەکەن بێنە دوام. دەنا ئەو جارە ئەوەی بێتە سەر زمانم نایگێڕمەوە. بەسە، ئیتر ناتوانم بێ دەنگ بم. پاشان بەرد بارانتان دەکەم. بەڵام ئەدی ئەگەر پێم نەکرا، جا چی دەکەم؟ وەڵڵا بابە تێروپڕیشم لێدەدەن و بە زۆریش ڕامدەکێشن. هەتا مردنیش هاوارکەم، تێم ناگەن. باوەڕ ناکەن مرۆڤێکی وەك من هەبێ. باوەڕ ناکەن، هەر کەسێ سروشتێکی تایبەتی هەیە. بە خوا بە زۆریش بێ، وا بزانم لە ژوورێم دەپەستن. بە شێتبوونم دەدەن و بڕایەوە. وای دەنا ئێستا یەکێ هەبووایە بمکوژێ! خۆم ناوێرم خۆم بکوژم. جا ئەو کەسە کوانێ، بە کێ بڵێم، ڕووی خۆم لەکێ کەم. بە مردن نەبێ لە کۆڵم

نابنەوە. ئەوسا کە مردم هەست بە ترس ناکەم، تەرم و چاودێری لەبەر دەمم نابنە کەرتە شاخێکی زەبەلاح. لەوانەیە ئەوان لێم بترسێن و بەرانبەرم ببوورێنەوە. لێم دەسڵەمنەوە و ناوێرن ئاوڕیشم لێ بدەنەوە. منیش لە ناو دارەبازێك بۆ خۆم لە ژوورێکی چۆڵ و هۆڵ و نوتەك لێ پاڵ دەدەمەوە. با چەند کەسێکیش بەسەر سەرمەوە بن. مام و ئامۆزاکانم دەکەمە پاسەوان. وەکو ئێستای خۆمیان لێ دەکەم. منیش ئەوان بە شێتبوون دەدەم. بە خوا بابە عەنتیکەیە مامم بە شێتی ببینم. دەزانم کە شێت بێ، بە کێ دەچێ؟ لە مەجیدە شێتی گوندی قیرژە دەکا. مامم کەللەی زلە، پرچی بە مووس لووس دەتاشێ. سەری بە رووتاوەیی دەڵێی گندۆرەیە، کەچەڵی چاو کوندە پەپوو. چاوچنۆك. برسیشە. ورگنی زك هەمبانە. وەکو مەجیدە شێتیش حەز لە کەباب دەکا. زۆر جارم دیوە خۆی لە دوکانی کەبابچییەکان دانووساندووە. چاوی زیکە زیکی هاتووە دڵی نەهاتووە بچێ نەفەرێ کەباب بخوا. کەواتە من کەبابخانە دادەنێم. ئا، دەبمە کەبابچی. بابێتە لام، دەبێ هەتا ئێوارێ، لەبەر مەقەڵە ڕایگرم. داواش بکا کەبابێکی لە سەر دڵ دانانێم. بەڵام کە لیکاوی هاتە خوار و پاشان پڕی دایە پەنگرە ئاگرەکان، ئەوسا بیرێکی لێ دەکەمەوە. دەبێ دەستی بسووتێ. ئەدی بۆ لێم ناگەڕێن؟ با ئەوان حەقیان بەسەر منەوە نەبێ. ئەوسا منیش وازیان لێ دێنم، حەقم بە سەریانەوە نییە. بابە نامەوێ کەسیان شێت بێ. با مامیشم بچێتە ڕێ و شوێنێ خۆی. ڕێ و جێی دیارە. ئەگەر مردنی باوکم نەبووایە. کەس لێی نەدەپرسی و نەیدەگوت: وەرە سەریان لێ بدە. گووم لەو دنیا و خزمایەتییە کرد.

(دابونەریت وایە، پێویستە و دەبێ مامیشت دوا سەرنج لە باوکت بدا. ئەدی چۆن؟ ئەدی برای نییە.)

نیوەڕۆ بە یەکێکیانم گوت.

(جا کێ دەزانێ مامم کەی دەگاتە جێ؟ پاشان بمێنێتەوە، کێ شەوێ دەبێتە پاسەوانی. جارێ من نابمە ئێشکگر، من حەقم نییە، پێم ناکرێ.)

گوتی:

(ئەدی جەنابت دەتەوێ کێ ئێشکی بە سەرەوە بگرێ، بە تەما نی حەیا و ناموسمان ببەی. خۆ خەڵك کرێگرتەی تۆ نییە ببنە پاسەوانی باوکت. دەبێ تۆو ئەکرەمی برات بە نۆبەت، هەر چەند سعاتێ یەکێکیان پاسەوانی بکەن.) منیات خۆش ناوێ، ڕقیان لێم دەبێتەوە، لە بیریان ماوە. ئەو هەموو جارەی بە سەرمدا قیژاندوون و پێیان هەڵشاخاوم. بۆ ئێوە نابنە ئێشکگر؟ ئێوە بیکەن، ئەدی ئێوە چۆن خۆتان بە گەورە و میراتگری هەیە و نییە دەزانن؟ ئەدی ئێوە خاوەن ئەزموونی تایبەتی نین؟ ئەو جۆرە ئیشانە بە یەکێکی وەکو ئێوە نەبێ، جێبەجێ ناکرێ. بە من ناکرێ، ئایەتم لەبەر نییە، تا ئایەتی لەسەر بخوێنم، تەنیا ئەلحەمد و قولووەڵڵا نەبێ. ئێوە ئایەت و قورئانتان باش لەبەرە. چونکە مردوو بمێنێتەوە، دەبێ ئایەتی لەسەر بخوێندرێ. ئەگەر خۆشتان ناوێرن، مەلاییێك بانگ کەن، تا بەیانیش لە سەری دەخوێنێ. بە پارە نییە شتێ بە پارە بوو ئیتر دەبڕێتەوە. بەڵام هی ئەوەنین. پارە پەرستن ڕەزیل و قرچۆکن. چۆن ئەوەمان بۆ دەکەن. ڕاستە ئێمە هەژارین و پارەمان نییە. جا چی تێدایە؟ خۆ پارە هەموو شتێ نییە. بە مرۆڤتان دانانێم. بەردودار لە ئێوە باشترە. لە قسەی قەڵەو و ئەمر کردن، هیچی دیتان پێ ناکرێ. بۆ ئەوە باشن. ئەدی کەوا بەتەنگ خزمایەتییەوەن، بۆ تا ئێستا تەنیا بۆ جارێ، ئا، تەنیا بۆ جارێ نەدەهاتن بەسەرمان کەنەوە؟ بۆ ڕۆژێ لە ڕۆژان، یەکێکیانم نەدی بێ سەرێکمان لێ بدا و بپرسێ، ئاخۆ ماوین یا مردووین؟ وا دیارە پێشتر جۆرە مرۆڤێکی تر بووینە و ئێستاش بووینەتە جۆرێکی دی، گۆڕاوین. ئەدی ئێمە هەر کوڕی هەمان ئەو باوکە کلۆڵە نین

کە دوو مانگی ڕەبەق لە نەخۆشخانە کەوت، کەسێ ئەزیەتی ئەوەی نەکێشا سەرێکی لێ بدا؟

بەڵام دەزانم هەنووکە بۆ وا دەکەن، شارەزاتانم، دەزانم بۆچی و لەبەرچی وا دەکەن؟ هەر ئەوەیە، تا خەڵك بتانناسێ و باستان بکا.

ماشەڵڵا بابە پیاوی باشن.

تەڕەماشن. وانییە، وەڵڵا وانییە. دە بڵێن قسەی من نییە، هەتا بە درۆی بخەمەوە. مامیشم باش دەناسم، لە هەمووتان باشتر. جا کێ هەیە وەکو من بیناسێ؟ بە خوا بابە مامێکی بە دڵ و خزم دۆست و چاکەخوازم هەیە، ئەهـ ئەدی ئەوەنییە وا دنیا هەمووی لەژێر خێر و بێری ئەودا دەژی! بڕێژ، بڕێژە. بەو خوایەی وا لەسەر سەرمانە، ئەگەر تا ئێستا، لەبەر چاوی سەد کەس لە برسا بمرن تەقەی سەری دێ و عانەیێکیان لەسەر دڵ دانانێ بە نانێکی بدەن. وەرن لە من بپرسن. بە خوا بابە کابراییێکی بەر چاو تەسکە، ئەهـ جا چۆن کەیفم پێی بێ. بە من بێ چارەی نەبینم. بگاتە جێ دەزانم چۆن لەگەڵی دەجووڵێمەوە. ناهێڵم بێتە ژوورێ. ناشهێڵم دوا سەرنج لە تەرمی باوکم بدا.

تا توانیم بچمە ژوورێ خەریك بوو لە ترسا شەق ببەم. لەرز و تام هاتبوێ. نە توانیم هەڵبێم و نە توانیشم بەسەر کەسیشدا بقیژێنم. مامیشم هێشتا نەگەیشتبووە جێ. ئەگەر بهاتبایە، نیوە شەویش بووایە ڕازیم دەکردن باوکم ببەین بینێژین. بەڵام کە نێ چی بکەم؟ زۆرم لە خۆم کرد تا قاچەکانم بە دوای خۆمدا ڕاکێشا، بەترس و لەرزەوە خۆم بە ژوورەکەدا کرد. بێ ئەوەی بوێرم سەیری تەرم و دارەبازەکە بکەم، بە پەلە خۆم گەیاندە کورسییە ئاسنە نیمچە شکاوەکە و شرپ خۆم بەردایەوە سەری. دانیشتم. ماوەییێکی زۆری پێ چوو، تا توانیم درزە نیگاییێك لە تارماییییە کپ کەوتووەکەی بن دیوارەکە بگرم.



لێك ترازان (٣)

دارەبازەکە لە سووچێکی دەستە ڕاستی ژوورەکە هەڵترووشکابوو. بێ دەنگییەکی بەسامیش باڵی بە سەر تەرمەکەدا کێشابوو. گوێم لە هیچ نەبوو، نازانم بێ دەنگی و سامی ژوورەکە بوو گریان و قیژو هۆڕ و سنگ کوتانی دایکم و ئەوانی دی دەقۆزتەوە یا دەنگەکان خۆیان نە دەگەیشتە ژوورێ. یانیش گوێکانی من تەپ و کاس ببوون. وامدەزانی خراومەتە دۆزەخ. یا چاڵێکی دوور لە ئاوەدانی، کە نە کەس دەیگاتێ و نە دەنگیشم دەگاتە کەس. چەندم حەز دەکرد دەنگی ترپە ترپێ... خشە خشی، خشانی خشۆکێ... هاوارێ، ژوورەکەم بۆبن ژاوەژا و. تا ئەم سامە نەگبەتییەی سەر دڵم، نەختێ بڕەوێتەوە. ترس ببووە مارێکی زل و هێدی هێدی دەورەی لەشی دەدام. ئەوەندم بیرم دەکردەوە نەمدەزانی چۆن دەتوانم بەم لەش داهێزاوییە، بەم دڵە کوتێیە، بەتاقی تەنیا، لەگەڵ تەرمێکی بێ هەست و جوولانەوە، شەوێکی وا بەسەر بەرم؟ چەندم حەز دەکرد تەرمەکە زیندوو بێتەوە و ئاوڕێکم لێ بداتەوە. ڕزگار دەبووم. لەوانەبوو هەر ئەو کاتیش ترس و سامەکەم بشکێ. دەمویست هاوار بکەم و بڵێم:

– ئەی باوکە گیان، من دەترسم سەیرت کەم، دە تۆ ئاوڕێکم لێ بدەوە. تەنیا بۆ جارێ تەماشام بکە. من ناوێرم. ترسنۆکم. بۆ نا، با مردووش ئاوڕ بداتەوە؟ خۆ هەست و گیانی تێدا نییە، تا ترس و ئاوزینگدان، جارێکی تریش یەخەی بگرنەوە. تەرم بێ هەستە، بێ گیانە، ناترسێ، کۆتایی هاتووە. لە چی بترسێ؟ خۆ دیسا ئازار و لەشەکە ناکەونەوە زۆرانبازی. تاقی کردنەوەیێکە و تەواو بووە. عیزرائیلە یا هەر شتێکی دیکەیە جارێکی دی بەلایدا ناچێتەوە. کارەکەی ئەو تەواو بووە. بە خوا بابە، لەوانەیە تاقیکردنەوەیێکی ترسناك بێ، وەی لەوەی هێشتا ئەم بەزمە ئاوێتەی لەش و دڵ و هەناوی نەبووە؟ من کە باوکم دوا هەناسەی تێکەڵ دوا ساتی مەرگ بوو، بەسەر سەریەوە بووم. بەڵام ئاگام لەوە نەبوو، چۆن ئازارێ بەخۆیەوە دەبینێ. ئازاری دیوی ناوەوە بەکێ دەبینرێ.

خاوەنی خۆی نەبێ، کێی تر هەستی پێ دەکا. تەنیا خۆی دەیزانێ، چ ئاخ و هەژانەوە و سووتانێ بەخۆیەوە دەبینێ. پێ دەچی ئێش و ئازاری کارەساتەکە گەلێ کاریگەر بێ. باوکم ئەو ساتەی ئاوزینگی دەدا چاوی زەق ببۆوە، دەمیشی تۆپەڵێ تفی لەسەر کۆ ببووە. دەیویست قسە بکا، نەیدەتوانی. چەند جارێ منیش لێم پرسی، نەیتوانی وەڵام بداتەوە. پێش نیوەڕۆش، هەموو شتێ کۆتایی هات و تەواو بوو. ڕۆیی، گریان و قیژوهۆڕ و ئاخ و واوەیلاش دادی نەدام. لەبەر شپرزەییش نەمزانی چۆنم هێنایەوە. پاشان برین پێچەکەی دراوسێمان بۆی گێڕامەوە کە ئەو یارمەتی داوم. با ئەوەش بڵێم، بۆ بیشارمەوە؟ نەء، دەیڵێم: ئەو ماوەیەی لە نەخۆشخانە ببوومە چاودێری باوکم، زۆرم پێ ناخۆش بوو، بێزار ببووم. چونکە شەو و نیوەشەو خەوم نەبوو، وام لێ هاتبوو، هیوای هەموو شتێ بخوازم. کوڕە مردن و زوو تەواوبوونی باوکیشم دەخواست، دەپاڕامەوە:

– ئەی خوایە بۆچی تەنیا منت تووشی ئەم چاوەڕوانی و ترس و نەخۆش و نەخۆشخانەیە کرد! کەی کۆتایی بەم بارودۆخەم دێنی و لێرە ڕزگارم دەکەی؟ دە زوو باوکم بمرێنە و کۆتایی بە ژیانی بێنە، بێزار بووم، ماندوو بووم. خۆ هەر تەنیا من کوڕی نیم، دوو کوڕی تریشی هەیە.

بەڵام زوو پەشیمان دەبوومەوە. چونکە دەترسام مردوو ببینم. کاشکا دەزانن چەند لە مردن و مردوو دەترسێم! دوێنێ مردووم بینی، چەند جارێکی دیش بینیبووم. بەڵام مردن نەء. نەمدیوە. تەنیا بەخەیاڵ.. خۆزگە هەتا هەتایە لێم نزیك نەبووایەوە! حەز ناکەم بمرم! جا ئەوە بۆ کێ مەیسەر دەبێ. بەبیرم دێ، کە منداڵ بووم، چۆن دایکم بەباسی مردوو گۆڕ و گۆڕستان و زیندووبوونەوە و دوا ڕۆژ و دۆزەخ و ئاگر و سووتان و خەتا و ئەم جۆرە شتانە گوێی کاس دەکردم. نەیدەزانی بەم قسە و باسانە کارم تێ دەکا و کەسیەتیم دەگۆڕێ. نەیدەزانی دوا ڕۆژ، کە گەورە بووم ژیانم لێ

دەبێتە دۆزەخ و لەشم هەموو دەقیقە و ساتێ سامی مردنی لێ دەتکێتەوە. نازانم بۆ هێندە بەم شتانە ئاشنا کراوم و هەر لە منداڵییەوە بە باسی ڕزینی لەش و چاو هەڵکۆڵین و مار و دووپشك تێ وەرهاتن، بیر و مێشکم ژەهراوی کراوە؟ تۆ بڵێی بەئەنقەست وایان لێ کردبم. یا لە نەزانینەوەیە؟ ئاشکرایە لە نەزانینەوەیە. لەو ساوەش بەهەزارەها جار خۆم بە مردوویەتی دیوە. دوێنێ و پێرێ و ئەوا ئێستاش خۆم دەبینم، لە ناو گۆڕێکی تەسك و تاریك پەستراوم. خەریکە دەخنکێم. گۆڕەکە وا وێك دێتەوە، تەسکتر دەبێتەوە. دەور و پشتیشم، لە هەر چوار لاوە بە مار و عەزیا و دووپشك گیراوە.

چەند مارێك لە ملم ئالاون، هەندێکی تر لەسەر سنگمن و سەریان شۆڕ کردۆتەوە و خەریکن خوێنی دڵم ژەهراوی دەکەن. قالۆچە و سیسرکەش بەسەر نیوچەوانم هەڵگەڕاون، دەیانەوێ چاوم هەڵکۆڵن. وا هێدی هێدی پەردەی چاوم دەدڕێنن، زۆری نەماوە ئاوی چاوەکانم بڕژێ. کوێر دەبم. ئای لە دنیای کوێری. چەند ناخۆشە، شەوە زەنگە، ئەنگوستە چاوە.

بریا مرۆڤێکی ئاسن یا پۆڵا بوومایە، ئەو حەلە مردن پێم نە دەوێرا! شەڕی مان و نەمانم لەگەڵ دەکرد. پیاو نەمر بێ، ئەوە هەموو شتێ دێنێ؟ بەخیلیم بەو شتە دێتەوە کە نەمرە. مرۆڤ نەمر نییە. کێ هەیە بۆ هەمیشە نەمر بێ؟! کێ هەیە لەم دنیایە لە دێر زەمانەوە تا ئێستاش توانیبێتی هەتا سەر بژی؟ ئەوە زانا و گەورە پیاوانی دنیاو گەورە و بچووك پیر و گەنج و منداڵ کێ و کێ. ئەوەیش گلگامش. ئەو گلگامشەی لەگەڵ دارو بەرد و مرۆڤ و سروشت و ئەژدیها و زەریاش جەنگا، لە پێناوی مانەوە هەرای نایەوە، کەچی نەیتوانی هیچ بکا.

دەڵێن مردن گۆڕانێکە لە بارێکەوە بۆ بارێکی دی، گەڕانەوەیە بەرەو توخمە سەرەتاییەکان. ئەو توخمانەی شتی لێوە پێکهاتوون، واتە لە بێ

گیانەوە بۆ گیاندار. ئەوسا گەڕانەوە بەرەو بێ گیانی. هەر چییەك بێ، من کە بیر لە مردن دەکەمەوە، باوەڕم بە هیچیان نامێنێ و هەر ئەو دەمیش تەزووێکی کتوپڕ بەلەشمدا دەگەڕێ. کەم کەس هەیە بتوانێ بە تەنێ لە ژوورێکی چۆڵ و تاریك چەند سعاتێ لەگەڵ لاشەیێکی مردووی سارد و سڕ بباتە سەر. ئا، هەموو کەسێ ناتوانێ. تەنیا ئەوانەی زۆر ئازان. بەڵام من نەء. من لە مرۆڤە ترسنۆکەکانم. جار وابوو هەتا لە دەنگی تەقەی لە ناکاوی دەرگا و دەنگی سەگوەڕیش ترساوم، هەستم بەبێ ئارامی و نەحەوانەوە کردووە. ئارەقەی ڕەش و شینم کردووە. لە زۆر شتی تریش، ئەم و ئەو و ئەم. گەلێ جار کە دەڵە سەگەکانی نزیك قەسابخانەکەی بەرانبەر ماڵمان دێنەوە خەیاڵم و بیریان لێ دەکەمەوە هێندەی نامێنێ ببوورێمەوە. بە خوا بابە جارێ عەنتیکە پەلاماریان دام! لە ترسا بەهیچ ڕانەگەیشتم و هیچم پێ نەکرا. تەنیا بەردێکی بچووکم پێ هەڵگیرایەوە و تێم گرتن ئەویش پێیان نەکەوت. بەپەلە دوازدە شەقاویش، پتر نەمتوانی ڕا بکەم. ساتمەیێك مۆڵەتی نەدام، دەماودەم کەوتمە خوارێ، خوێن لە نیو چاوەکانم فرکەی کرد. خۆزگە هەر ئەوەندە بووایە. یەك و دووش دێڵە سەگەکان گەیشتنە سەرم. لەبەر دەمی قاچەکانم کردیانە مرە مڕ، کەوتنە پچڕاندنی شەڵوارەکەم و ونجڕ ونجڕیان کرد. چەند قەپاڵێ و قاچیان پێکام. ئەوسا لەبەر ئێشی قاچم، بێ هۆش کەوتم و ئاگام لە خۆم بڕا. ئەگەر کابرای قەساب نەبووایە، ئەنجن بە ئەنجنیشیان دەکردم. ئەها ئەوەتە شوێنی ددان و قەپاڵەکانی سەر قاچم دیارن. وەرن تەماشای کەن. نازانم چەندیشی پێ چوو، تا چاك بوومەوە. بۆیە پاش ئەو بەزمەی دێڵە سەگەکانیش پێیان کردم، ئیتر نەمویرا جارێکی دی، بە نزیك قەسابخانەکەدا تێ پەڕمەوە. وە نەبێ هەر لەگەڵ سەگ دوژمنایەتیم هەبێ. نەء، نەخێر بەڵکو لە پشیلەش دەترسێم، لە سمێڵ و چاوەکانی زەندەقم دەچێ. بە تایبەتی شەوان. زۆر جاران کە بۆ میزکردن دەچمە

دەرێ، بە گومان و ترسەوە، بە دەوروبەری خۆمدا دەڕوانم. خۆ ئەگەر تووشم بە تووشی پشیلەیێ ببێ، ئەوە یەکسەر دڵم دادەخورپێ. لەبەر عەیبەش نەبێ، دەکەمە هاوار هاوار و خێرا ڕادەکەمە ژوورێ. چی بکەم، شەرم دەکەم؟ دەڵێم نە وەك یەکێ لە براکانم بمبینێ و بڵێ بەو گەورە و گرانییە، لە پشیلە دەترسێ. دەزانن بۆ لە پشیلە دەترسم و ناوێرم تەماشای بکەم. با مەسەلەی ئەویشتان بۆ بگێڕمەوە. جارێکیان ئازادی کوڕی خاڵم پشیلەیێکی قەڵەوی لە ژوورێ بەند کرد دەرگا و پەنجەرەکانیشی هەموو داخست، بۆ ئەوەی بە دار بکەوێتە گیانی. ئەوەندی پێم گوت، بێ سوود بوو، پشیلەکەی تەنگاو کرد و بێ بەزەییيانەش چەند دارێکی بە هێز و قەوەتی خۆی تێ سرەواند. ئەویش لەبەر ژان و گیانی خۆی، خۆی هەڵدایە سەر من.

دەتگوت پڵنگ بوو، کتوپڕ شالاوی بۆ هێنام. بە چڕنووك ڕوومەتی نەهێشتم. ماڵ وێرانەی بەزۆریش لە دەموچاوم نە دەبۆوە. زەندەقی بردم. نەمزانی چۆن خۆم بە دەرگا دادا. سەرم تەقەی لێوە هات. وەرە پشیلە، تۆ هێندە دڕ و دڕندە بی. جا چۆن لێی نەترسم و زەندەقم لێی نەچێ. قسەوباسی دایکیشم دەربارەی سەگ و پشیلە و گیاندارە دڕندەکانی تر، ئەوانیشی بێتە سەرێ، ئەوا هەر بە جارێ بۆم گیراوەتەوە. دایکیشم کاتی خۆی، کە نە دەخەوتم، ئەوها کڕی دەکردمەوە.

– کوڕە بنوو، دەنا سەگ و گورگ بانگ دەکەم بێن بتخۆن. ئەها، ئەوە دەنگیان دێ، وا دێنە پێش.

منیش لە ترسا کڕ دەبوومەوە و و نقەم لە خۆم دەبڕی. دەمگوت نووستم. خەوی چی؟ چاوم دەنووقاند و ئەوسا هەزارەها شتی سەیر و سەمەرەم لا دروست دەبوو. زۆر جاران لە خەوێ ڕادەپەڕیم و دەمکردە قیژە قیژ. دەهاتنە خەونم. جاری وا هەبوو نەخۆش دەکەوتم، تا و لەرزم دەگرت. یا

لە ناکاو خۆم دەهاویشتە کۆشی دایکم و توند خۆم بە ملیدا شۆڕ دەکردەوە. بڵێ بە چیش چارەیان دەکردم. بە«مز» تواندنەوە. جاران وابوو، منداڵی ترساویان بەو جۆرە چارە دەکرد. جامە ئاوێکی کۆڵاویان لەسەر تەوقی سەری ڕادەگرت و کۆمەڵە مزێکیان دەم نا دەم فڕێ دەدایە ناو ئاوەکە. بە بیرم دێ دایکیشم بەم جۆرە منی چارە دەکرد. جامە ئاوێکی بە پرێمزە کۆنەکەمان دەکوڵاند و خوشکیشم لەسەر سەرمی ڕادەگرت. پاشان یەکێکیان دەم نا دەم، پارچە مزێکی فڕێ دەدایە ناو جامەکە. هەموو جارێکیش ئەمەیان دووبارە دەکردەوە:

– ئەوە چ دەکەی؟

– ترسی قادر دەردەکەم.

– ئەوە چ دەکەی؟

– ترسی قادر دەردەکەم.

مەخلوقاتی سەیریش لە ناو ئاوەکە دروست دەبوون. مزەکە دەتواوە و دەبووە زۆر شت. من نەمدەزانی بەچی دەچن. تەنیا چەند شێوەیێکی سەیر. لە زۆر شت دەچوون و لە هیچیش نە دەچوون. ناوی هەر چیت لێ نابان، ئەوە بوون. فڕۆکە، گورگ، سەگ، پشیلە، مار، پاشان زۆر جوانیش لێی ورد دەبوونەوە.

– ئەوەتا لە مار ترساوە، نەء مار نییە، سەگە سەیری کە، ئەوە دەموچاوی سەگ. ئەوەش کلکیتی. نا بابە نا، مارە مار. ئەدی ئەوە سەری مار نییە؟ نابینی درێژ بۆتەوە.

کە ئێوارێش باوکم دەهاتەوە، نیشانیان دەدا و دەیانگوت.

– ئەدی نەمانگوت قادر لە مار ترساوە. ئەوەتە، مزەکە بۆتە مار. توخوا

ئەوە مار نییە. ئەدی ئەوە چییە؟

– سەگە، سەگ. خۆ کۆرە نی، باشە کەوایە، ئەدی ئەو درێژەیە چییە لە پشتەوەی شۆڕ بۆتەوە.

نازانم ئیمشەو چۆن کۆتایی دێ؟ ئاخر ئەم تاقیکردنەوەیە لەوانی مندالْیم گەلێ سامناکترە. کورە خۆ وەختیشم لێ ناڕوا وەخت. دەڵێی سەعات ڕاوەستاوە. ئەی هاوار بمگەنێ، خەریکە دەبووریمەوە، خەریکە شێت دەبم. بەڵام بەچی دەچێ، هەتا سبەینێش هاوار کەم، کەس ناڵێ ماڵت لە کۆییە؟ بێ سوودە. بە دوای دەنگمەوە نایێن. ڕزگارم نابێ. گووم لەو پێشنیازە کرد. پێشنیازی کام گەلحۆ بوو؟ سەری بخوا. بەڵێ گەلحۆیە. هەر کێی بێ، کەرە، وشترە، گامێشە. ئاخۆ دەموچاوم لەناو لەپی دەستم بشارمەوە، بزانم چۆن دەبێ. بەڵکو ئێ. بە خوا بابە خەیاڵم خاوە، بیرم کردەوە، بە چ ئەدی ئەو هەموو هەراوهۆریا و بیرکردنەوە و گومان و ترس و سەین و بەینەی ناو مێشکم چی لێ بکەم؟ چ شتێ جوولانەوە و هەژانەوەی تەلەکانی هۆشم ڕادەگرێ؟ با بزانم بە کتێب خوێندنەوە چۆن دەبم، لەوانەیە کتێبێ بخوێنمەوە ئاگام لە دارەبازە و تەرمەکە ببڕێ. دەچمە ئەو سووچە ڕووناکەش و پشتم لە دارەبازەکە دەکەم، بەڵکو لەوێ بابەتێ بەرەو جیهانی ئاسوودەیی ڕامبکێشێ. با کورسییەکە بگوازمەوە. ئا ئەهـ، ئێرە باشە. بەڵام ئەوە چییە؟! ئێرە بۆ تاریکە! دەڵێی چاوم ڕەشکە و پێشکەی دەکرد. کورە خۆ ڕووناکی بە پارەش ئێرە ناگرێتەوە. چۆن وا دەبێ؟ من جێیەکی ڕووناکترم ویست، کەچی بە پێچەوانە دەرچوو. پاشان ئەوە ڕووناکیشم بوو، ئەدی کتێب لە کوێ بێنم، ها. وەڵڵاهی بشمکوژن، ناوێرم بچمە دەرێ و پاشان بێمەوە ژوورێ، بە خوا بابە منیش شێت و شوور و بێ عەقلم. توخوا ئێرە جێی ئەوەیە پیاو کتێبی تێدا بخوێنێتەوە! ناچارم کورسییەکە ببەمەوە شوێنی جاران، بەڵام ئەو جارە

بەرووەکەی تردا دایدەنێم. هەتا کە دانیشتم، پشتم لە دارەبازەکە بێ. دەبووایە یەکەم جار وا بکەم. بەڵام! جا چیم لە بیرماوە هەتا بیر لەمە بکەمەوە. ئەوها باشترە. پشتم لە تەرمەکە بێ. دەڕوانمە دیوارەکەی بەرانبەرم. جا وەرە، تێکەوفڕکە. ئەدی چی بکەم؟ ئەو دیوارە نەگبەتەش، هەر هەمان شتم بۆ دووبارە دەکاتەوە. لێم بۆتە ئاوێنە و ئەوەتا دارەبازە و مەیتەکەی باوکمی تێدا دەبینم. بە شاردنەوەی دەم و چاویشم بزر نابن. وا وەکو تیشکێ، وەکو شتێکی کون، بە ناو گۆشت و پێستی دەستم دەچنە ژووریێ. لە مێشکم بە ژوور دەکەون. سەرم سوڕماوە! پشتاوپشت کەلەواژی سەر دارەبازە و تەرمەکەی باوکم دەبمەوە. هێندەی دەشکەم، ناتوانم ڕاست بمەوە.

ئا هەر لەم ژوورەدا، من لە شوێنی باوکم خۆم لەناو دارەبازەکە دەبینم، ڕاکشاوم. جێگامان گۆڕاوەتەوە. من مردووم و باوکیشم لە شوێنی من لەسەر کورسییەکەی بەرانبەرم دانیشتووە دەمەوێ تەماشای باوکم بکەم، هەمدیسان بە مردووییش ناوێرم بڕوانمە باوکم. کپ و بێ دەنگ درێژ بوویمە و لە ترسا چاوم نووقاوە. تەنیا بە هەستی ناوەوەم ئاگام لە باوکمە و دەزانم چی دەکا. ئەو بێ ترس سەیرم دەکا و بەئاسوودەیی لە کرم و قالۆچە و مار و دووپشك و سیسرکەکانی دەوریان داوم ورد دەبێتەوە. هاوار دەکەم، دەنگم خنکاوە، نایێتە دەرێ، باوکم گوێی لێم نییە. چەندی پتر هێز دەدەمە خۆم، دەنگم بیگاتێ، بێ سوودە، ئەویش هێدی هێدی وردە نیگام ئاراستە دەکا. نازانم بۆ وام لێ هاتووە؟ ئەدی بۆ ئەو دەوێری تەماشای منی مردوو بکا، کەچی من نەدەوێرام! وا مردووشم هەر ناوێرم تەماشای باوکی زیندوو بووەوەم بکەم! هێندەی پێ ناچێ باوکم هەڵدەستێ و بێ ترس بەرەولام دێ، دێتە سەر سەرم ڕادەوەستێ. پاشان سەری خوار دەکاتەوە و دەست درێژ دەکا. پەنجەکانیشی بە هێمنی لەسەر ڕوومەتە ڕەق و سارد و سڕ بووەکەم دێنێ و دەبا. دەمیشی دەخاتە سەر

نێوچەوانم. پێ دادێ، لەوێوە بەرەو سنگم و جێیەکانی دی. بە سۆزەوە ماچم دەکا. ئاگای لە خۆی دەبڕێ. پەنجەیێکم دەکەوێتە نێوان ددانەکانی. منیش لەبەر ئازار، ڕادەپەڕم و دەمەوێ ڕاست بمەوە. باوکم دەشێوێ. بۆیە بە پەلە ڕا دەکاتە دەرێ. پاشان زۆری پێ ناچێ، دایکم و کۆمەڵێ زەلام، بە ژوور دەکەون. باوکم کە دەمبینێ هەر لە ناودارەبازەکەدامە و نەهاتوومەتە دەرەوە. سەری سوڕدەمێنێ! پتر دەشێوێ، نازانێ چۆن لە دایکم و ئەوان بگەیێنێ، کە من ویستوومە ڕاست بمەوە. دەبێتە مشتومڕیان، لەو قسەیێ، لەم قسەیێ، بڕیار دەدەن دارەبازەکە هەڵگرن و بەرەو گۆڕستانم ببەن. ژاوە ژاو دەست پێ دەکا. چەندانێ لە دارەبازەکە وەردێن و بە سەڵەوات بەرزم دەکەنەوە. بەرەو گۆڕستان کۆڕەوێ بەرێ دەکەوێ. لە جادە و کۆڵانەکانیش خەڵك بە گەڵم دەکەون. دەوروبەرم پڕ دەبێ. ڕێ و بان و جادەکان، لەبەر زۆری خەڵك، جمەی لێوە دێت و ڕێ نامێنێ. دەگەینە گۆڕستانی سەید محەمەد. ئەو کۆمەڵە زەلامەی لەسەر گۆڕەکەم چاوەڕێ بوون، ئەوانیش بە پیرمەوە دێن. گۆڕ ئامادەیە. یەکسەر دامدەنێن. هەموو شتێ تەواوە. زۆری پێ ناچێ لە دارەبازەکە دەرم دێنن و لە گۆڕەکەم دەپەستن. پاشان چەند زەلامێ بەخاکەناس خۆڵم بەسەردا دەکەن. تا ئەو کاتەی خۆڵ دەگاتە سەر ئەوەی دەموچاوم بزر کا. ئا ئەم کاتە زیندوو دەبمەوە، دەقیژێنم، دەنگی قیژانیشم پەردەی گوێی خەڵکەکە دەدڕێنێ و لە ترسا هەر یەکێ بەلاییێدا بڵاو دەبێتەوە. کەس نابێتە خاوەنی کەس. ئەوسا منیش ڕاست دەبمەوە و دێمە دەرێ.

هەولێر

١٩٨٣/٣/١٨-١٧

# کلۆڵ

شەو ڕابشکێ، تاریك و ڕوون، ئەو دۆزەخە جێ دێڵم. باروبارگە دەدەمە کۆڵ و بەڕێ دەکەوم. لە بوخچەیێك پتر چی دیم هەیە؟ چی لێرە بە جێ دێڵم تا چاوم لە دوای بێ. چیم لێرە ماوە؟ چارم ناچارە، ئەگەر ڕێی هات و نەهاتیش بێ، خۆمی لێ دەدەم و لێرە دوور دەکەومەوە. لەمە ودوا ئێرە بۆ من دەست نادا. تازە نە ئەم ژوورە و نە ئەم خانووبەرەیە و نە ئەم شارە پڕ کارەساتە جێی منی تێدا نەماوە. پیسی و گڵاوی من بە چی دەسڕێتەوە. ئەی کلۆڵی و تەنگیم چۆن دەشاردرێتەوە؟ ئەو بستە خاکە کوانێ غەریبی و کەساسیم بگرێتە باوەش. مەگەر مردن! بەڵام ئەگەر بمویستایە، لە مێژ بوو لەژێر گڵ بووم. نەء نامەوێ، بمرم. هەتاکونێ، قوژبنێ. لەو دنیایە بیمنێ، خۆم بە ژیان شۆڕ دەکەمەوە. کە چارم نەما، ئەوسا بیر لە مردن دەکەمەوە.

چیم لێ هات، تووشی چ ڕۆژێکی ڕەش هاتم؟

مرۆڤ وەکو منی لێ بێ، باشترە بن دیوارێ، کەلاوەیێکی ڕووخاو، کەچە ڕەشماڵێ، گوندێکی لاپەڕی دوور لە ئاوەدانی، دارستانێکی چڕ و دوور و پڕ مەترسی، چۆڵەوانی و چیا و لێڕەوار، کۆخێکی ناو بەفر و شەختە، داڵدەی ئەو لاشە خاو و داهێزراوەی بدەن. تا نەبۆتە کەلەشێکی مردارکراوی بەر دەستی چەند قەسابێ و پارچە پارچە نەکراوە. تا فڕێ نەدراوەتە بەر دەمی سەگ و پشیلەی ناو قوژبن و سەر گوفەکە بۆگەنیبووەکان. باشترە دوور بڕوا و هەتا هەتایێ لە دوور وڵاتان، بە دنیایێ کەسەرەوە سەر بنێتەوە، با هەتا تاقەتی لە قاچ و خوێنی لە لەشان ماوە، هەنگاوبنێ، با خۆی لەبەر چاوان بزرکا و ناو و ناتۆرەی لە سەر

زمان و دڵان بسڕێتەوە. با دوور لە ئاوەدانی و پۆخڵەواتی ئەم شار و ئەم ڕۆژگارە، ئەو چەند ساڵ و تەمەنەی ماویەتی بژی. با خەفەتیش دەم بنێتە بینە قاقای دڵ و دەروونی. بۆ خۆی بداتە بەر دمکی چەقۆی دەستی ئەم و ئەو. ئێرەم لێ بۆتە کونە مشك و چ جێم پێ جێ نییە، هێندەی نەماوە ئەوەشم لێ قەبات بکرێ. دوا بکەوم، هەزارەها پشیلەی دوو پێ، بەردەبنە گیانم. تاقەتی گێچەڵ و بەزمێکی خراپترم نییە. ئەوسا هەر خوا دەزانێ چیم بەسەر دێ. کەواتە دەڕۆم باشترە ملی خۆم بشکێنم. ئەوێ بۆ من باشە. خوا یار بێ چەند ڕۆژێکی دی دەگەمە ئەوێ. باوکی محۆ لای خۆی گلم دەداتەوە. باوەڕ ناکەم ڕەقم بکاتەوە. ئا، کە ڕاسپاردەی پیاوێکی چاکی وەکو مام سۆفی بم و بشیناسن، ئەوا بێ شك، داڵدەم دەدەن. باوکی محۆو مام سۆفی هاوڕێی گیانی بە گیانین. لە مێژە یەکتر دەناسن. مام سۆفی خۆی بۆی گێڕامەوە. گوایە ئەویش، ساڵانێ بەر لە ئێستا، نازانم چ ساڵێکە، من ئاسا، بە هەمان شێوە کەساسێکی ئەوانی داڵدە داوە و حەواندیتیەوە. بۆیە بە متمانەوە دەیگوت:

– خەمت نەبێ، تۆ بڕۆ، من باشی دەناسم. خەڵکی ئەم سەرەوە هەموو پیاوی چاکن، بۆ حەواندنەوەی لێقەوماوان سەریان پێوە نییە. باوکی محۆش، ئەوا ئی خۆمانە. هەر کە گەیشتییە ئەوێ، کاغەزەکەی بدە دەست و ئیتر خەمت نەبێ. هەموو شتێکم، بە دوور و درێژی لە کاغەزەکەدا بۆ نووسیوە. دڵ لە دڵ مەدە، بەسە بڕۆ تا ئەو ڕۆژەی، بەڕێ دەکەون، ئاسوودە بە و داکەوە، چیتریش ئەولا و ئەم لا مەکە، با لێت ئاشکرا نەبێ. ئەم سەگ باوکەش، وا دیارە دڵی نەرم نابێ. حەواڵەی خوای کە. دوو سێ جار، خۆم چوومەتە لای. هەموو شتێکم بۆ ڕوون کردۆتەوە. جوێنم داوەتێ. یەك دوو جاریش ویستم تێی هەڵدەم. کە نێتە ڕایێ، چی لێ بکەین. بە خوا بابە، کابرایێکی خوێڕی و سەرسەری و بێ حورمەتە. چی دەکەی. بە پارە و دەسەڵات و شتی تر دەخوڕێ. چۆن دەرەقەتی دێی؟ دەست لە هەزار کون و

قوژبن ڕا دەکا. نەء جارێ دەرەقەتی نایێی. لێی گەڕێ. چارت ناچارە، بڕۆ بە تەمای خوا، تا ڕۆژی خۆی دێ.

تۆ بڵێی بگەمە جێ و باوکی محۆش دەست بەچارە نووسمەوە نەنێ و ڕێ ڕەوانم نەکاتەوە. بۆ کوێ سەر هەڵگرم؟! خوا دەزانێ پەرەوازەی کوێی تریش دەبم! خۆ ناگەڕێمەوە ئێرە. جا چۆن دەوێرم بگەڕێمەوە. چما هەوەنتەیە. هەتك بە کەس و کاری خۆت بکەی و لێدەی بڕۆی. پاشان یاغر یاغر، بگەڕییێتەوە بن هەنگڵیان. گەڕانەوەی چی؟ جا بگەڕێمەوە لای کێ! کێم ماوە تا بمخاتە ژێر باڵ؟ خەریکە وڕینەش دەکەم. نا بابە نا. باوەڕ ناکەم ڕەقم کەنەوە. لێبووردن و پیاوەتی و ئازایەتی، هەر لەوان دەوەشێتەوە، پیاون. خوو ڕەوشتیان لایە.

چۆن ڕێزی کڵۆڵ و داماوان ناگرن. مەحاڵە بێ چارەیێکی فریو خواردووی من ئاسا نەحەوێننەوە. خۆشم کە گچکە بووم زۆرم دەربارەیان بیستووە. لە باوکیشم یەك دوو جارم گوێ لێ بووە، باسی کردوون:

«هاوار ببەیە بەریان لە سەر سەرت دادەنێن، بۆ هەمیشەش لایان بگیرسێیەوە. ڕۆژێ نابینی بەلالووتەوە بتدوێنن.»

کەواتە بۆ بترسێم. ئەوا ڕاسپاردەی ناسیاوێکیان و کاغەزێکیشم پێیە، ئەوەتا کاغەزەکە، لە گیرفانمە، چەند ڕۆژێکە تەقەتم کردووە. هەر کە گەیشتمە ئەوێ، یەکسەر دەیدەمە دەست باوکی محۆ. منیش دەبمە یەکێك لەوان. دەبمە ڕەوەند. لێ ڕادێم. خۆ هێندە زەحمەت نییە، مەڕ و ماڵات ببەیە چیا و لەوەڕگایان. کابانێکی چاکیشم، هەموو شتێ دەزانم و نەوەی چاکیش بۆ محۆ دەنێمەوە. بێجگە لەوە، فێری زۆر شتی تریشیان دەکەم. ئەدی ئەو هەموو خوێندن و زانیاری و ڕێکوپێکی و نازانم چی و چییەم بۆ چییە؟ ئەو شتەی باشە بۆیان دەکەم. شەرت بێ ئەگەر پێم ڕازی بن، دەبێ وایان بۆ بکەم، لە هەندەران باسی بکەن. چ هێز و زانیاری و وزەم

هـەیـە بـۆتـان دەخـەمـە کـار. مـام سۆفـی دەیگـوت: «مـحـۆ گـەنجێکـی چـوار شـانـەی بـەخـۆوەیـە. کـەڵـەگـەتـە، دەم و چـاوی پـانـە و قژ لـوول دراوە، پرچـی بــەگـروازەیــە، دەم بــەپــێکــەنین و ڕووخـــۆش و هــێمـن و لــە سـەرەخـۆشـە. مـچـومـۆڕیش نییـە قـەڵـس و تـووڕە و بێزارت کا. کـاتـی خـۆی لـەگـەڵ بـاوکـی یـەك دوو جـار هـاتـۆتـە لام».

نـازانـم گـوتـی تـەمـەنـی چـەنـد سـاڵـە، بـەبیرم نـەمـاوە. جـا تـەمـەنـی هـەر چـەنـد بێ، بـەمـن چـی. بیسـت و پـەنـجـا و حـەفـتـا، بـۆ مـن هـەر وەکـو یـەکـە. تـازە پـاش ئـەو دەردەسـەرییـە، بـە شـەلـە و سـەقـەت و کـوێریش ڕازیم. ڕازیم، هـەر چـۆن بێ، بـا شێوەی نـاشیرینترین جـانـەوەریشی وەرگرتبێ. شـەلـەیـە، چـی تێدایـە. قــەیـنـاکـا. ئـەدی ئـەگـەر شتـی تـری بـوایـە چـیم دەگـوت. بـاش نییـە تـەنـیـا قـاچێکـی تـەواو نییـە. ئـەوەتـا دنیـا هـەزاران شـەل و کـوێری تێدایـە، کـەچـی ژیـان هـەر بـەردەوامـە. بـا مـحـۆش کـوێر بێ، بـا سـەقـەت بێ، بـا هـەر دووکـیـان بێ. نـا نـا، خـوا نـەکـا! ئـەدی کـوێی سـاغ دەمێنێ. خۆزگـەم هـەمـوو ئـەندامێکـی سـاغ و سـەلیم بـوایـە! ئـەی خـوایـە بۆ وا نـەبوو، چـی دەبوو، ئـەگـەر وا بـوایـە؟! ئـەرێ دەبـا شـەل بێ، دا، چـی بکـەبن. بـا وابێ، دەشـەلـێ، بـا بشـەلـێ. خـۆ بـە دەست خـۆی نـەبوو. بـە قسـەی بـاوکـی، گـوایـە لـە منداڵـی، لـەسـەر گـاشـە بـەردێ هـەڵزنـاوە و وای لـێ هـاتـووە. . بـە خـوا بـابـە منیش بێ هـۆش و کـەم عـەقڵ و نـەفـام و گێل و جـار جـارەش شێتێکـی تـەواوم. دەبێ شوکری خوا بم، کـە پێم ڕازی بێ. گـرینگ ئـەوەیـە منـی بـوێ، ئـەو قسـە بێ مـانـا و بیرکردنـەوە بێ دەرێیـانـە چین مێشکیـان تێك داوم، دەی دەی، ئـەوە قسـەیێ بـوو بـۆ خـۆم دەمکـرد و دڵـی خـۆمم پـێ دەدایـەوە. خـۆ بیرکردنـەوەش قـەدەغـە نییـە. وەڵڵا بـابـە خزمـەتیشی دەکـەم و لـە بـەریشی ڕادەوەستم. بـەس ئـەو پێم ڕازی بێ. جـا بۆ پێم ڕازی نـابێ؟ لـە چیم کـەمـە؟ جـوانـی، جـوانـم، نـاسکـی، نـاسکـم. ئـەدی چـی دەوێ. تۆ بزانـە هـا، ئـەو زەمـانـە چـۆن وەکـو مێردەزمـە، چـەنـد شتێکـی بێ بـایـەخـی خستـۆتـە سـەر سنگـی خـەڵکـی و ڕازی نییـە وەلایـان خـا. یـانـێ ئـەوەی

شتەکەی نەما، دەبێ ئەوها دەربەدەر و بێ قیمەت بکەوێ، جوان و ناسکم، با بۆ خۆی بچێ بگەڕێ، بزانە چەند وەکو من دەدۆزێتەوە. ڕوومەت پڕ، پرچ زەرد، چاو ڕەش، تەنیا هەندێ کورتم و ئەوەی (تریش). ئەویش شەلەیە. من کورت و ئەو شەل. دەردوبەلای ڕۆژگار نەبوایە، کێ هەبوو بڵێ تۆم. جوان نەبام، کوڕگەلی گەڕەك و کۆڵان، بۆم شێت نە دەبوون و هەموو دەمێ سەری کۆڵانیان بە زەمان نە دەگرت. هەتا دوێنێ و پێرێش، یەك دوانێکم لەبن دیواری ماڵی سەردار هەڵتڕووشکاندبوو، دەتگوت حەسحەسن. لەوانیش گەڕێ، ئەدی ئەو کوڕە قۆزە بۆ ناڵێی، کە هەموو بەیانیان تا ئامۆژگا بە دوامدا دەهات. زۆر سەیر بوو. نیوەڕۆیانیش چاوەڕێی دەکردم، تا دەهاتمە دەرێ. ماڵ وێرانەی ئەو چۆن بێزار نەدەبوو؟! بەدڵدا چوون ئەوهایە. ئەدی چۆن. لە دەموچاوی ڕا دیاربوو، زۆر منی کەوتبووە بەر دڵ. بە خوا بابە عەنتیکە تەماشای دەکردم! لە دەستم چوو. بریا پێم نەگوتبا دەسگیرانم هەیە. هەڵم نەگرتەوە، بە خوا بابە دەسگیرانم هەبوو، پەح.. با بڕوا ئەو سەگ باوکە، هەزار بەردی لە دوابێ. بەڵام سوێم لێیە، چۆن وا بە ئاسانی بڕوا، ئەدی تۆڵەی چۆن لێ بکەمەوە، چۆن دەبێ ئەو کارە ناڕەوایەی، بێ تۆڵەسەندنەوە. بمێنتەوە. تەڵەی بۆ دانامەوە و لێی دا ڕۆیی پێوە بووم، چۆن پێوە بوونێکیش. هەتا مردنیش لێی نابمەوە بۆیە ئەوەی بێ، ڕزگارم کا، بە دوای دەکەوم و بۆ بنی دنیاش بچێ لەگەڵی دەچم. وای دەنا ئەمجارەش گەنجە قۆزەکە بهاتبایەوە تا بە کراسی بەرم بە دوای کەوم. بەڵام ئەو بەختەم کوا؟ لەکێ جارێکی تر دەیبینمەوە، خوا دەزانێ بۆ کوێ چووە، ئاخۆ چی لێ هاتووە! دوورە، دوور! تازە ڕۆیشت.

لێم مەگرە محۆ گیان، چونکە حەقمە بیر لە بەخت ڕەشی خۆم بکەمەوە. حەقمە بیر لە گێلی و بێ مێشکی و خۆش باوەڕی خۆم بکەمەوە. پێی ناوێ لێت بشارمەوە. جا بۆ لێت بشارمەوە. پێت دەڵێم. من پیسم، بۆگەنم، تێ

هەڵدراوم، کرمیم، سەرەخۆرەم، بێ بنم، دۆڕاوم. با جارێ بمێنێ، کە هاتمە لات، هەموو شتێکت بە دوور و درێژی بۆ دەگێڕمەوە. سەربردە و کەساسی و نەفامی خۆمت پێ دەڵێم. جا تۆش خۆت و ویژدانت، باوەڕ دەکەی، کەیفی خۆتە. بەڵام دەبێ ئەوە بزانی کەمن فریو دراوم، لە بێ عەقڵیی خۆم ئەم بەزمەم پێ کراوە. سەگ باوکێ هات و ئەوەی ویستی لەگەڵی کردم، پاشان وەکو کەلاك فڕێی دامە ژێر پێ. محۆ گیان چاوەڕێ بە، چەند ڕۆژێکی دی دەگەمە لات. بەخۆم و بە جلی بەرمەوە بەڕێ دەکەوم. هیچم نییە؟ چیم ماوە؟ بوخچەیێکە و تەواو. لەمەوپاش ، ئێرە بۆ من دەست نادا. بەخۆکەوتنی ناوێ، نوێن و ڕایەخ و ئەم و ئەومان بۆ چییە. تەنیا کەچە لێفێ، دۆشەگێکی دڕا و، یا لبادێ بەسە. من ڕازیم، لەسەر دار و بەردیش بنووم. هەناوم، ئاخر ئێستا چی دەکەی؟ لە کوێی و سەرت بە گاشە بەردی بنار کامە شاخ کردووە. بریا لەوێ بام! بریا ئەو گاشە بەردەبام! بریا ئەو بنار شاخە بەژن و بالای من بوایە، بەڵام ئاخ! لەوێ نیم. خواش دەزانی کەی دەگەمە ئەوێ. کێ دەڵێ هەر دەگەمە جێ. یا کێ ناڵێ لە کاروان بەجێ نامێنم؟ ئەگەر دەتزانی چەند بە پەرۆشم لێرە هەڵبقەنێم. ئەوەندە تەنگەتاونیم، کەس بزانێ. ئەوە چەند ڕۆژە لەسەر پووش و ئاگرم. وەختم لێ نارِوا. لەوەتی مام سۆفی، ئەو ڕێگایەی بۆ دۆزیومەتەوە، هەر ڕۆژێکم لێ بە ساڵێکە. دەڵێ کات ڕاوەستاوە. محۆ، جەرگم، ئاخۆ تۆش هەنووکە بە تیری چ ئێش و ئازاری پێکراوی. تۆ بڵێی دەرد و بەڵای زەمانە، بارگەی لە سەر دڵ و دەروونی تۆش نەخستبێ؟ دەزانم تۆ بیر لەمن ناکەیەوە. جا بۆ بیر لە من بکەیەوە. لێت ناگرم، چونکە کە نەمناسی و نەمتبینی بێ، چۆن مێشکت ئەو ئەزیەتە دەکێشێ. حەقتە، تۆ چوزانی من کێم و بە چ مەرامێ وا ڕێگا بەرەولای تۆ دەگرمە بەر؟ خەمت نەبێ بەلات بۆ نانێمەوە. مرۆڤ هەر جارێ تێ دەکەوێ. منیش دڵنیام کە لەمەودوا چیدی تێ ناکەوم. جارێکی تر من و هەڵەکردن، بەس نییە وا خەریکە لە ئەنجامی

تێکەوتنەکەم سەریشم تێ دەچێ. بەڵام ئێستا هاتوومەتەوە سەرخۆم. جوان و بە قووڵی بیر دەکەمەوە. ئاشکرایە ئەوەی بیر بکاتەوە، لە ژیاندا هەڵە و گێلی و سەر لێشێواوی، ناوێرن توخنی کەون. بێ مێشکییەك بوو، تووشم هات و ڕابوورد ئەنجامەکەشی وا هەڵدەگرمەوە. ئەوەتا پاش چەند سعاتێکی دی، ئاوارەی ناو دەشت و کێو و کەندڕ و دۆڵ و شێوی هەزار بە هەزار دەبم. کێ دەڵێ دەردەچم؟ لەوانەیە لەسەر کەڵە شاخێکی ترسناکدا پێم هەڵبزەنێ و هەپروون بە هەپروون بم. کاشکا نزیك بووای! پێم ناڵێی بۆ خۆت لەو دیو چیاوچۆڵە ناوە، هەتا دەتگەمێ چ پێ و پلم نامێنێ. بنی پێم، هەمووی شەقار شەقار دەبێ. ئاخر بەم پێڵاوە لاستیکە، ناسکی و سپییەتی قاچم چۆن دەمێنێ؟ ئارەقە و گەرمای ڕۆیشتن بۆگەنییان دەکا. لاستیکم لە پێ نەکردووە، ئیمشەو یەکەمین جارە وا لە پێی دەکەم. چارم ناچارە، دەبێ بەم شێوەیە، ئەم ڕێگا دوورو درێژە بگرمە بەر. تازە ناز و نیعمەت و مەکتەب و کەشخەلێدان و کەسوکار لە من زیز و تۆراون و بۆ من دەست نادەن. جا ناز لەسەر کێ بکەم و بەچی بنازم؟ ئەوەی هەمبوو نەمبوو، وا بە ئاوێدا دەچێ و جارێکی تریش ناگەڕێتەوە. بە ئاوێی چ دا دەچێ. بڵێ بە ئاویێ داچوو ڕۆیشت. لە ناو پاش، دەبێ ببمە یەکێکی دی. دەبێ ببمە یەکێکی ئازا و بە جەرگ و توندوتۆڵ. دەبێ وەکو ئافرەتانی چیا و کوێستانم لێ بێ. ژیانی کۆچەری وای پێویستە. چاو قایمی و بە هێزی و بە جەرگی و ئیشکردنی پێویستە. دەبێ وام لێ بێ، دەبێ بگۆڕێم، دەنا لەوێش جێم نابێتەوە. با ئیمشەو بەسەر بچێ. خوا یار بێ، چەند سعاتێکی دی، ئێرە جێ دێڵم. نانووم. نووستنی چی؟ خەویشم بێ، نابێ بنووم. نانووم. جا بە دیار سەروسیمای دایکم و باوکم و براکانم، چۆن خەوم لێ دەکەوێ؟ ڕوخساری ئەوانیشم لێ بۆتە بارگرانی. هێندەی تر ئارامم لێ هەڵگیراوە. دڵم داناسەکنێ. ئەوانیش هێندەی چاوەڕوانی و کەساسی، پتریش ئازارم پێ دەگەینن. خامۆشی و بێ دەنگی و دوورکەوتنەوەی

ئەوانیشم لێ بۆتە خەمێکی گەورە تر. دەمەوێ تەماشایان نەکەم، دەمەوێ بیر لە دوورکەوتنەوەیان نەکەمەوە. ناتوانم. چۆن دەتوانم؟ بە دەست خۆم نییە وا گریانم دێ، قورگم پڕ گریانە. ئاخر دووری و ئاوارەیی و غەریبی و سەرنانەوە لە ولاتی غەریبییان ناخۆشە، مردنە. باوەڕ ناکەم هیچ شتێ لەوە ناخۆشتر بێ، بێ کەس و کار و دوور لە ئازیز و هاوڕێ و دەستە خوشکانی منداڵی سەر بنێیەوە. چۆن دەتوانی شێوە و ڕوخساری دەر و دراوسێ و گەڕەك و ماڵ و ئەو خانووەی بە قەد ئەو تەمەنەی لە ناوی ژیاوی، لە بیر بەریەوە؟ دەبێ هەمیشە ئاخ و ئۆف هەڵبکێشی! نەء مەحاڵە لە بیرت بچنەوە، هەتا هەتایێ لە بیرت ناچنەوە و لەبەر چاویشت بزر نابن. بۆ هەمیشە لە ناو دڵان دەژین. دەڵێی خۆم باوێمە باوەشیان. سەر بە ژن و بالآیان ئەوسا تێر تێر ماچیان کەم. فرمێسکی نائومێدیش بڕژێنمە سەر دەموچاوە نووقاوەکانیان. تا هەر هیچ نەبێ، بە هێمنی، بە سۆزەوە، دوا ماچ، دوا ئامێز، نەختێ ئارامم بکەنەوە. بەلآم ناوێرم، پاشان بەخەبەر بێن، هەموو شتێکم لێ هەڵدەوەشێتەوە. ئەوسا ماچ و ئامێزیانم لێ دەبێتە ژەهری مار و هەموو شتێ کۆتایی دێ ئاسانە، دوو ئەسپ، دوو گوریس، کوێت دێشێ. نەء، ئەوە ناکەم، با لێم ئاشکرا نەبێ. جا کە بەخەبەرهاتن، چییان پێ بڵێم. بە زۆریش بێ، پێم ئاشکرا دەکەن. وەرە نەتوانی بیاندوێنی، نەوێری خۆت بجوولێنییەوە. ئەوەندەی تەنگەتاوی ڕۆیشتنم، دوو ئەوەندەش، تامەزرۆی دوا ماچ و دوا لە ئامێز گرتنیانم، هەی دوات بڕێ، سەگ باوك، دایك قەحپە، دایکت سۆزانی نەبا، منت وا سەرگەردان و دەربەدەر نەدەکرد. با بۆت بمێنێ، بۆ کوێ دەچی. هەر بە تۆپینت دەدەم. دەبێ سەگ ئاسا، بتوانێ. جارێ ڕاوەستە، با من بڕۆم و لێرە دوورکەومەوە. ئەوسا دەتبینمەوە. من بێ دەسەلآت بووم، خۆ براکانم وەکو من نین. هەی بێ شەڕەف. ئەگەر ئێستا لێرە دەبووی، بزانە چۆن بەم پەنجانە، چاوەکانم هەڵدەکۆڵی. خنخنۆکم دەگرتی. پاشان پارچە پارچەم

دەکردی، لە جێی برینەکانیشت، خوێم ڕۆ دەکرد. نەڵێی لێرە نیم. ئەگەر من من بم، ئەو تۆڵەیەت لێ دەکەمەوە. ئەوەتە کاغەزێکم نووسیوە. باشم بۆت تێکوشیوە، دەبێ وەکو تەشریبت لێ بێ. من ئەوا دەڕۆم و قوتار دەبم، تۆ دەمێنییەوە. جا بۆ کوێ دەچی، چی ڕزگارت دەکا. نەکەی بە پارەو پایە بنازی. مەسەلەی وا پارەومارە نازانێ. تا ئێرە بەسە. چاوەڕێ بە، با من بڕۆم، ئەوسا هەرا دەنرێتەوە. کاغەزەکە وا لەژێر بالیفەکەیە، لەوێم داناوە، بە ئاسانی دەدۆزرێتەوە. کە دۆزراشەوە، سێ چوار ڕۆژی پێ ناچێ. کون و قوژبنی دنیات لە دوا دەکەن. هەڵدەکوتنە سەرت.

«بەخۆکەون، بڕۆن بیدۆزنەوە. بیکەنە بنیشتە خۆشەی ناو زاری خەڵك. چاوەڕێی چین؟ وا دیارە ئێوە پیاونین. خوێندن ئەوەی لە چاوە. چەندمان گوت: دەری بێنن. دە بیخۆن دەی، بەچۆك داوەرن. ئەو لەکەیە بە چی دەسڕێتەوە؟ بەکوشتن. بە لەناوبردن. بڕۆن خاکی لە توورەگە کەن. دەبێ لێرەش بارکەن، بڕۆنە شارێکی دوور، کەس نەتانناسێ. دەنا خۆتان بکوژن. نەء، بڕۆن بەدوای ئەو گەواد باوکە بگەڕێن. نان و ئاو لە خۆتان حەرام کەن. ئەوە بۆ وا دانیشتوون؟ عەیب و شوورەیی نییە وا بەبێ ئەهەمیەت، لێتان پاڵ داوەتەوە. داوەشێن لەو حاڵە باشترە.»

یەکێ دەیڵێ، ئەوی تر بەرزی دەکاتەوە. ئەوەی گوێی لەو بەسەرهات و نەنگییە بێ، چۆن ڕادەوەستێ. بۆ کوێ دەچی؟ زوو دەتدۆزنەوە، چونکە ناونیشانم هەڵداوی. براکانم هێندە نا پیاونین، چۆن لێت خۆش دەبن! خۆت نازانی، کۆمەڵی ئێمە، بۆ شتی وا چۆنن؟ ها. دە کەس، بیست، سەد کەس، بکەوێتە ئەو گۆڕە، هێشتا تینوویەتی ناشکێ. هێشتا بە قەد پووشکەیێ، لە نەنگییەکە، کەم نابێتەوە. ئێ براکانیشم هەر لەو جۆرانەن، بۆ شتی وا سەریان پێوە نییە.

سەگ باوکەی دەتگوت، نە منی دیتوە و نە منی ناسیوە. ئەوەندەی لێی

دەپاڕامەوە، وای دەزانی من هەر لەسەر دنیاش نیم. وەکو سواڵکەرم لێ هاتبوو، دەستم لێ پان دەکردەوە.

دنیام لێ بۆتە بازنەیێکی پڕ تیزابکراو. لە هەر چوار لاوە، تیزابم بەسەر دادەڕژێ. پێست و پرچ و برۆو جلوبەرگم، ئاگری گرتووە. خەریکە گۆشت و ئێسقانیشم دادەگرێ. دەوروبەرم زام و بۆنی دووری و غەریبی و لێك دابڕانی لێ دەپژێ و... وەختە شێت بم. هەنووکە کاتی دیارکراو بوایە، خۆم دەرباز دەکرد، یەك دەقیقەی دی لێرە نەدەمامەوە. خۆم لە خۆم نیم، سارد و سڕی دەموچاوی ئەوانیشی هاتۆتە سەرێ. نازانم ئیمشەو سعات و دەقیقە و کات بۆ وا درێژ بوونەتەوە؟ تەماشای چی بکەم؟ ئەوەتا، هەر جارەی کە تێیان دەڕوانم، بە کۆمەڵ خەم خۆی هەڵدەداتە ناو هەناوم، وەکو مێردەزمە سواری دڵم دەبێ. مرۆڤ لە شەوی وا دا، سۆمایی چاوی دادێ. باشترین شت بۆ ئەم جۆرە وەختانە خەوتنە. بەڵام کە یەکێ نەتوانێ بنوێ و نەوێرێ چاو لێك نێ، دەبێ ببێتە حەسحەس، ببێتە پشیلە و خۆی دانووسێنێ. منیش وام لێ هاتووە. بوومەتە پشیلە و لە ترسی هەڵوەشانەوەی پیلانەکەم و جێبەجێ نەبوونی بڕیارەکە–م، خۆم دانووساندووە، سەرەتاتکێمە، بەرانبەر چەند لاشەیێکی سستی خەوتووی سارد و سڕ هەڵترووشکاوم. چاوەڕوانی و گومان و دڵە خورپێش، گیانمی تەنیوە. متمانەم بە سعات نەبوو. گوتم: سعاتەکە کۆنە، کێ دەڵێ بە خەبەرم دێنێ، کێ ناڵێ ئەویش تێك نەچووە؟! دوور نییە تێکچوو بێ. چونکە سعاتێکی ماندووە لە مێژیشە شەوو ڕۆژ دەداتە بەر یەك و میلەکەی بەسەر ژمارەکاندا دەسووڕێتەوە، ئەوەتا لە دوور ڕا دیارە بە خاووخلیسکی میلەکەی دەجوولێتەوە. باش نییە چرکە چرکی لێوە دێ. جا چ شتێ لەم دنیایە، ماندوو نابێ و پاشان لە کار ناکەوێ. مرۆڤیش ماندوو دەبێ و دەکەوێ. بێجگە لە پیری، دەرد و ئێش و ئازاری زەمانەش دەیهێخن، زۆرن ئەوانەی کەساسی و کڵۆڵی سەرەوژێری کردوونەتەوە. هەر باشە ئەم

سعاتەش لە کار نەکەوتووە. بەبیرم دێ تەنیا لە دەستی من، شەش حەوت جار، کەوتۆتە خوارێ، هێندەی من، پتریش، بڵێ سێ ئەوەندە جارەش، لە دەست باوکم و ئەوان، کەوتۆتە سەر ئەم زەوییە ڕەق و تەقە و هەڵبەز و دابەزی کردووە. کێ بێ حەز نەکا بمێنێ و لە کار نەکەوێ. خوا دەکا هەتا دنیا دنیایە، دەمێنێ و هیچی لێ نایێ. شتی چاکە، باوکم بۆ نوێژی سبەینان، سوودی لێ دەبینێ. با وەکو هەموو ڕۆژێ، زوو هەڵیبستێنێ. با هەموو سبەینانێ، کاتی مەلا بانگدان، بکاتە زرە زر. بەسەر یەکەوە بژمێرین هەزار جار، بڵێ ئەوەندە هەزارە، باوکمی وە ئاگا هێناوە. با لەمەودواش، هەر وابێ. بۆ سعاتێکی دی بکڕێ؟ پارەی لە کوێ بوو؟ با پارەکەی بە شتێکی بە سوود بدا. جاران منیش سوودم لێ دەدیت. جار جار، دامدەنایەوە. بەڵام لەمەودوا کەڵکی منی نامێنێ. تەنیا یەك دوو سعاتی ترە دەڕۆم، بەجێی دێڵم، وەکو چەندەها شتی گەلێ خۆشەویست. جارێکی تریش نە دەیبینم و نە گوێم لە زرە زرەکەی دەبێ، وەکو چەندەها کەسی گەلێ خۆشەویست. شتەکانی دی ئاسا، لێی دوور دەکەومەوە. جا بەچی گوێم لێی بێ و بەچی بیبینم! شوێنەکە هێندە دوور بێ، مایکرۆفۆنی گەورە گەورەش، دەنگی نایگاتێ. دوو سەد، سێ سەد کیلۆمەترە، هەزاران سعات ڕێز کەی دەنگیان نامگاتێ. خوا دەزانێ چەند هەوراز و نشێو و دۆڵ و دەشتایی و دارستان و ڕووبار و چۆڵەوانی دەبڕم، تا دەگەمە جێ.

باش بوو بە بیرم هاتەوە. ئەتۆ بزانە چەند بێ مێشك و چەند سەر لێ شێواوم. گێلیش بەم جۆرە! چا نەبوو سعاتەکە لە هیکرا و نەیکردە هەرا. جا چیم دەکرد؟ وەڵڵا هەموو بە خەبەر دەهاتن و پیلان و میلانم سەرتاپا، لێ تێکوپێك دەچوو. جا بۆ سعاتێ، کێ خەوی لی دەکەوێتەوە؟ وا سعات نزیکی چوارە، سعاتێك و شتێ ماوە بۆ مەلا بانگدان. جارێ باوکم و دایکم هەر هیچ، هەڵدەستان و چاوەڕێی نوێژکردن دەبوون. ئەدی مستەفا بە

خوا ئەویش نانوێتەوە. ئەویش زۆری نامێنێ بۆ ئیشکردن، بچێتە دەرێ. هەر دوو سعاتێکی ماوە. ئێ خەویشی سووکە، کە هەستێ نانوێتەوە. دەبوایە منیش دیق بکەم. ئەوسا لە کاروان بەجێ دەمام و کاروانیش دەڕۆیشت. ئۆتۆمبیل بوایە، ئاسان بوو، سواری یەکێکی دی دەبووم و تەواو. بەڵام ئەوە کاروانە. خوا دەزانێ کەی جارێکی دی ڕێك دەکەوێتەوە. دە ڕۆژ. پازدە بێ شکە، زۆری پێ دەچێ. تا دەچێ و پاشان دەگەڕێتەوە، بە قەڵەم و دەفتەر بژمێری، چوون و هاتنەوە، نزیکی مانگی داژوا. مانگێکی تر، منیش لێرە دەتلێمەوە. ئاخۆ چی دیش پێش دێ؟ ئاخۆو ماخۆی ناوێ، مانگێ! بلێ دووی تر. چما دوو مانگێ دی لێرە بم، پێستم ناچێتە دەبەخانە. بە دوو مانگی دی، یا بەمانگێکی تر، هەر بەڕاستی مەسەلەکەم لێ ئاشکرا دەبێ. جا خۆت بگرە هاتن. با قورمیشی زەنگ لێدانەکەی خاوکەمەوە. ئەگەر بمویستبایە، ساڵە وەختێك بوو بە خەبەرم دێنان. بۆ وەکو ڕاوچی خۆم دادەنووساند، بۆ هەشت نۆ سعات بە دیاریانەوە نقەم لە خۆم دەبڕی و کامیرا ئاسا، چاوم لەسەر ڕوخساریان دەڕواند؟ سوێم نەبێتەوە، چیم داوە لەو هەموو ماندووبوون و شەو نخوونییە. چ بکەم، سوێم دەبێتەوە، بیر لە شتی تر دەکەمەوە. ئاخر ڕۆژێك و دوو ڕۆژ نییە. کێ دەزانێ چەندە، ساڵێکە، دووە، دەیە، چل و پەنجایە، بۆ هەمیشەیە. باوەڕ ناکەم جارێکی دی پێ بنێمەوە سەر ئەم کاشی و چیمەنتۆو ئەم خاکەی، بە هەزارەها جار قاچم لەسەر داناون. باوەڕ ناکەم ڕۆژێ لە ڕۆژانیش، چاوم بەم ژوور و خانوو و کۆڵان و گەڕەك و دەموچاوی دایك و باوك و خزم و ناسیاو و هاوڕێ و یاران بکەوێتەوە. جێیان دێڵم. تۆ بڵێی بتوانم بێ وانە بژیم! کەسەری ئەو دایکە نەخۆشە و ئەم باوکە پیرەم لە هەمووان گرانترە. ئاخۆ پاش ڕۆیشتنی من چییان بەسەر دێ؟ چۆن دەژین؟ لە سەدا هەزار، کەسەر دەیانکوژێ، لە داخا دەمرن و سۆمایی چاویان دادێ. ئاخر بەسەرهاتی وا مردنە! ئەو هەموو ڕۆژ و شەوە دوورودرێژە، چۆن بە

ئاسانی دەدرێتە پاڵ یەك نەء، زەحمەتە، زەحمەت. لە بیر بردنەوەشیان زەحمەتە. بەڵام تازە چی دەکرێ، دەبێ خۆت ڕابێنی. خەمی براکانم نییە، ئەوان هێشتا گەنجن و بەخۆوەن. دایکم و باوکم بێ تاقەتن. هاتۆتە سەرم، وەکو شێت پریان دەمێ، چی دەبێ، با ببێ. خۆ من خەریکە شەق دەبەم. نا، نا، ناوێرم، با بنوون. دەنا ئێرەم لێ نابێتەوە، کاروانیش بەڕێ دەکەوێ و نایانگەمێ. جا بە تەنێ بۆ کوێ بڕۆم؟ شارەزا نیم. ڕێگام لێ بزر دەبێ. مام سۆفی دەیگوت: کە لە شار دەچنە دەرێ، دوو ڕێگاتان دێتە پێش، ڕێگایەکیان نزیکە، بەڵام زۆر سەختە، ئەوی تر دوورترە، بەڵام بۆ پیادە خۆشترە. بە بیرم نەماوە گوتی کامیان دەستە ڕاستە و کامیان دەستە چەپ. هەر یەکێ بە کەیفی خۆی ڕێگا هەڵدەبژێرێ. هەیە دوورەکە و هەیە نزیکەکە. من چوزانم کامیان هەڵبژێرم. کامیان نزیکە و کامیان دوورە. کامیانیش هەوراز و نشێوی زۆرتری لێ دەبێتەوە. نە بە خوا نازانم! بزر دەبم. لەو چۆڵەوانییە دەمێنمەوە. ئەوسا بۆ کوێ هەنگاو بنێم؟ وەکو باسی دەکەن، ئەو چیاوچۆڵ و کەندڕانە دڕندەی هێندە زۆرە، لە ژمارە نایێ. دڕندە دەمخوا. .دەبمە خۆراکی. گورگ و بەراز و... با بنوون، قەیدی نییە، هەتا دەڕۆم، بەرانبەریان هەڵدەترووشکێم. با خەم هەناوم ڕەشتر هەڵگەڕێنێ. با بەشم، هەر بینایی گواستنەوە بێ لەمەوە بۆ ئەو با چاوم ماندوو بێ. ماندوو دەبێ نابێ قیرسیا و، هەر چیم لێ بێ گرینگ نییە. گرینگ ئەوەیە بێ هەرا و بێ قرە و بێ ئابڕووچوون و ئاشکرا بوون، لێرە دوورکەومەوە. ماشەڵڵا خۆ دیاریش نین. بزانە چۆن خۆیان پێچاوە. لێفەکە هەتا سەر ملیان هاتووە. تەنیا لە ملیانەوە بە سەرەوە لە دەرێیە. نازانم بەم گەرمایە چۆن دەتوانن؟ خۆ بەفر نەباریوە، من وەختە لە گەرمان بڕشێمەوە. ئەوەندم گەرما نییە کەس بزانێ. خەتای باوکمە. ئەوە، هەموو دەمێ، بەفری لێ باریوە، بە هاوینانیش کورتەکەکەی داناکەنێ. فێربووە، ئەوەندەی هەوڵ دەدەین، بێ سوودە دایناکەنێ. ئەوا هاوینیش

هات. زۆری نەماوە، چەند ڕۆژێکی دی، دەکەوینە سەر هاوینێ. هاوینیش بۆ بەڕێکەوتن و سەفەر کردن ئەمسالی نییە. نە بەفر و با و نە بۆران و نە شەختە دێنە ڕێم. دەتوانم باش بەڕێوە بڕۆم. عارەقە کردن هیچ نییە. شەرت بێ وا بڕۆم، کاروانچییەکانیش نەمگەنێ. هەر هەنگاوێ دەکەمە چوار. تەنیا ئاوم هەبێ، بەسمە. ئەویشم ئامادە کردووە. چۆن شتی وا لە بیر دەکرێ. دێمکەیێکم پەیدا کردووە و پڕ ئاویشم کردووە. لە ڕێگا، کەم کەم دەیخۆمەوە. نایدەمە کەس، با زوو بەتاڵ نەبێ. نەوەك درەنگ تووشی کانی و ئاو بین. ئەوە بزربوونە، ئەمە وشکاتییە. بەڵام چۆن دەتوانم ئاو نە دەمە ئەوانەی لە گەڵمدان. ئەوە کاروانە و هەمووومان پێویستیمان بە یەکتر دەبێ، جا چ جای نەشارەزایێکی وەکو من. وەڵڵا بابە من لە هەموویان پتر پێویستم پێیان دەبێ. نا بابە نا، ئاویان دەدەمێ، لە ناوەندی بڕۆم باشترە، نە وەك بە جێم بێڵن. زووتریش لێرە دەردەچم. مام سۆفی دەیگوت: «چوار و نیوی بەیانی بەڕێ کەون» یانێ زۆرم نەماوە، سعاتێ، تا بەخۆ دەکەوم، وەختەکە شڕ دەبێ. پەشیمانیم بۆ نییە، لێرە نامێنمەوە. با سەرم تێ نەچێ. خۆ گەمەی منداڵان نییە. ئەوە کوشتنی لە دوایە. گەڕانەوەشم مەحاڵە. بارودۆخ و بیرکردنەوە وا بێ، هاتنەوە هەر مەڵێ. تازە بڕایەوە. ئەوێ باشە. دەبمە مرۆڤێکی کوێستانی، خۆ خەڵك هەموو شارستانی نابن. گریمان منیش لەوێ لە دایك بووم و کۆچەرییەك بووم. کۆچەرایەتی ژیانێکی سادەیە و سەر بەرزیش دەژین. هەر چییەك بێ، دەیکەم. با من بگەمە ئەوێ، ئەوجا با خراپ بێ. کە لێ ڕاهاتم، بێنە دواشم ناگەڕێمەوە. چی؟ نەء. نامدۆزنەوە. جا چوزانن من سەرم بۆ کوێ هەڵگرتووە؟ نامگەنێ، مام سۆفیش ناناسن، تا سەر و سۆراغی منیان پێ بڵێ. دڵنیاشم، ئەگەر بشیدۆزنەوە، پێیان ناڵێ. مام سۆفی باش دەناسم، کابرایێکی وا نییە. دوورە شاریشە، یانێ دوورە لە ناو بازاڕی گشتی و لاپەڕە. براکانیشم هێندە گەڕۆك نین، تا بزانن لە کوێیە و چ کارەیە. لەم

بـارەیـەوە ئـاسوودەم. مـاوەیـێکـی دی، خـۆم دەگـۆڕم. لـە ژووریش خـۆم ناگۆڕم، با نەبێتە خشە خش و تەپە تەپ. لە حەوشێ باشترە. بەهێواشی و لە سەرەخۆ، دەچمە خوارێ، نابێ دەنگی پێم دەربچێ. ئەوسا لەوێ بە پەلە خۆم ئامادە دەکەم و دەکەومە رێ.

نیو سعاتێکی دی، خۆم دەگەینمە گۆڕەپانەکەی کاروانچییەکانی لێ کۆ دەبنەوە. کابرای مام سۆفیش ڕایسپاردووە دەدۆزمەوە. ناسیاریەتی، بە پرسیار، هەموو کەسێ دەبینرێتەوە هەر باشە ئاگای لێم دەبێ. وا بزانم ناوی عەولایە. ئا، ناوی عەولایە. ئەوی دیش لە سەرخۆمە. هەموو شتێکم ئامادە کردووە. ئەدی چۆن؟ بیرم لە هەموو شتێ کردۆتەوە. وا ناکەم بەسەر کەسەوە ببمە بارگرانی. ئەوەی بۆ سەفەری وا دوورودرێژ پێویستە دامناون. ڕێگایێکی دوورودرێژم لە بەردایە. کە گوتت کوێستان، یانێ ئەو دیو سنوور. بەسێ چوار رۆژ، بلێ هەشت نۆ ڕۆژ، بیگەینێ باشە. بۆیان باس کردووم. ئەرێ کێ بوو پرسیارم لێ کرد بە بیرم نایێتەوە. گرینگ نییە کێیە. یاڵڵا. بە قسەی ئەو بێ لە نیوەی ڕێش، لەو ڕێگایەی کاروانی پێدا رەت دەبێ، یەك دوو ڕێگای تریشی لێ دەبێتەوە. یەکێ زۆر شارەزا نەبێ، بزر دەبێ. لە هەوراز و نشێوی سەختیش هەر مەپرسە. دەیگوت: جاری وا هەیە کاروانیش بەڕێی سەرەکی ناکەوێتەوە. بەلام کاروان هەیە و کاروانۆکەش. ناترسم، کاروانێ مام سۆفی بۆی دەستنیشان کردبم، گومان و دوودلی ناوێ، بێ سێ و دوو برۆ بەگەلی کەوە، ترست نەبێ. لە چی دەترسی، کچێ برۆ بەرێکەوە. ئەو کاروانەی من لەگەلی بەرێ دەکەوم، کاروانە ئەمما کاروان. بزر بوونی بۆ نییە. بست بە بست شارەزای کون و قوژبنی هەرد و کێوو رەوەزە شاخەکانە. ئێ منیش کە لە کاروان دوور نەکەومەوە، بۆ چی دل لە دل بدەم، ها؟! قاچ و پل و چاوم هەیە، گورچ و گۆل ڕێ دەبرم. خۆ گێل و منداڵۆکە نیم. دەزانم دوورکەوتنەوە لە کاروان، یانێ چی. یانێ بزربوون و سەر لێ شێوان و سەر تێ چوون. جا ئەو

هەموو هەڵدێر و شاخ و بزنە ڕێیانە، بە تاقی تەنێ و نەشارەزا، چۆن دەبڕێتەوە. چما هەتا هەتایێ، جارێکی دی، بە تاقە ئادەمیزادێ، بە ئاوەدانییێ دەکەومەوە. لەو چۆل و بەڕیایە، دڕندەش نەمخۆن، ترس ڕوحم دەکێشێ. دەبێ لەشم هەموو بکەمە هەست و چاو، لە هەر سانتیمەترێ چاوێ، ئەندامی هەستێ بەخۆمەوە بنووسێنم، بەم حاڵەش دادم نادەن. ئاخۆ شەوی ئەم جۆرە شوێنانە، چۆن شەوێ بن، چۆن زەندەق بەرێ بن؟ مرۆڤ زراوی دەڕژێ. بەتاقی تەنێ، بەرد و دار و دڕك و ڕەشاتی دوور و نزیکی هەموو لێ دەبێتە دێو و درنج و چرنووکی دڕندەکان. بوورانەوەش دادت نادا. با بیری لێ نەکەمەوە، وا خەریکە لێرەوە، لەشم دەلەرزێ، ئارەقەم کردووە، پێی ناوێ، بۆ بیری لێ بکەمەوە، خۆ بەجێ نەماوم، جارێ ئەوەتا لێرەم. هێشتا وەختیش ماویەتی، هەر چۆنێ بێ، بەئەوەندە وەختەی ماوە، دەگەمە گۆڕەپانەکە. بۆ بەجێ دەمێنم؟! بەجێ نامێنم، پاش ساتە وەختێکی دی، خۆم دەگەینمە لای کاروانچییەکان. خۆ ئەگەر مردن و بزر بوونم بویستبایە، لێرەش مردن و بزر بوون هەبوو. ئەدی ئەو هەموو گەڕان و سووڕان و ماندوو بوون و تەشەبوس و ئێرە و ئەوێیەم لە پای چی بوو؟ بێ ئەوەی ئەوانە بکەم، بەبێ ترس، چاوەڕێی تێهەڵدان و هەڵواسینم دەکرد و بیرم لە هیچ شتێ نەدەکردەوە. لێرە نامێنمەوە و دەگەمە کاروانیش و بزریش نابم. بۆ بزر دەبم! ئەو کەسە بزر دەبێ کە توانای ڕۆیشتنی نەمێنێ و نەتوانێ خێرا بڕوا، یا ئاگای لە خۆی نەبێ. پیر و پەککەوتە و نەخۆش بزر دەبن و بەجێ دەمێنن. لە خوا بە زیاد بێ منیش، نە نەخۆشم و نە پیر و پەککەوتەشم. ناسیاوێکی مام سۆفیشم لەگەڵدایە. بەڵام باشتر بوو ئەگەر بە گوێم بکردبایە. ئەو گوتی یەکێکی خۆمانت لەگەڵ دەنێرم، تا ئەوێ، بە جێت نەهێڵێ. ڕازی نەبووم. چۆن ڕازی بم. خۆ کابرا کرێ گرتەی باوکم نییە؟ ئەوەندەم بەسە کە ئەو ڕێگایەی بۆ دۆزیمەوە و کاغەزێکیشی بۆ نووسیوم، ئێ کابرایێکی تریشی بۆ

ڕاسپاردووم، ئاگای لێم بێ. یادت بەخێر، سوپاس، سوپاس. شەرت بێ هەتا ماوم، چاکەکەت لە بیر نەکەمەوە. جا چۆن پیاوی وا چاك لە بیر دەکرێ. مەگەر بێ ئەمەك و زۆڵ بم. من من نیم.. بیژیم ئەگەر گەیشتمە ئەوێ و لەسەر ماڵ و خێزان کەوتمە خۆ. هەموو جارێ کاغەز و دیاریت بۆ نەنێرم. بێ شکە جار جار، باوکی محۆو محۆ ڕێیان بکەوێتە ئێرە، ئەوسا هەرچی خوا نسیبی کرد، بۆتی دەنێرم. هەروەها بارودۆخ و چۆنیەتی ژیانی خۆشمت پێ ڕادەگەینم. یادت بەخێر. یادت بەخێر. خوا حافیز!

ئەو دێمکە ئاوەش بۆ سەفەری وا گەنجینەیە. بۆ من بەسە، کەم کەم، ئاوی لێ دەخۆمەوە، بە دوو سعات جارێ بەسەر دەممی و دەدەکەم. با ئاوم لێ نەبڕێ. جا چۆن دێڵم ئاوم لێ ببڕێ! ئاو لە ڕۆژی وا دا لە هەموو شتێ پێویستترە. دنیا گەرمە. ماندووش دەبی و زووش ئارەقە دەکەی. باریشت گران بێ، باش هیلاك دەبی. بەوە باشە منیش بارم گران نییە. تەنیا بوخچەیێکە و ئەویش سووکە، شتی گرانی تێدا نییە. ئاوەڵ کراسێك و دوو بەرگی ژوورەوەیە. باری خۆم گران ناکەم. چما بۆ کوێ دەچم؟ خۆ بۆ کەیف و سەفا و خۆشی ناچم؟ لەوێش کەچە پەڕۆیەك هەر دەبێ لە بەری کەم. جلوبەرگم بۆ چییە. تازە ڕۆیی، تازە جارێکی دی، چاوم بە قات و تەنوورەو مەنوورە ناکەوێتەوە. دە با بڕۆن. هەر دەمتوانی پارە هەڵڕێژم. ئەوە قۆندەرەی پاژنە بڵندە، ئەوە کراسی مۆدیل نوێیە. نەمدەتوانی سەر لە بازاڕ ببڕم. بە خوا بابە بێ مێشك بووم، سەرم لەبەر مۆدیلات لێ شێوابوو. ئەگەر ئەو بازاڕ و مازاڕ و کەشخەلێدانە نەبایە بۆ وا، وەکو شتێم لێ دەهات؟! بە قوڕ بگیرێ، کچێ با بە خمیش بگیرێ.

بوخچەکە ناکەمە دوو، ئەو چەند نانەش هەر لە ناو ئەو بوخچەیە دادەنێم. ببنە دوو، لێم دەبنە بەڵا. مرۆڤ جاری وا، خۆی لێ دەبێتە

بارگرانی، ئەوجا جانتا و چەند بوخچەیەکیش لە خۆی هەڵدا. ئەگەر زانیم ئەوەش ئەزیەتم دەدا فڕێی دەدەم. خۆم ناکوژم، چییە وەڵڵا شتم لەگەڵ خۆم هێناوە. هێشتا لە بیرم نەچۆتەوە، ئەو جارەی لەگەڵ باوکم چووینە سەردانی براکەم چیم بەسەرهات؟ چۆن گیرۆدەی ئەو بارە گرانە بووم؟ ئەوەی بە سەرم هات. ناگێڕدرێتەوە. چ بگێڕمەوە. بە خۆم و بە بوخچە و زەمبیلە شتومەکەوە، تا گەیشتینە گوندەکە ڕوحم دەرچوو نازانم بۆ وا دوور بوو؟ گوندی وا دوورم لە خەونیش بە خەیاڵدا نە دەهات. تا بەسەر هەورازەکەی کەوتم، ئارەقەی ڕەش و شینم کرد. دوو جار خەریك بوو ببوورێمەوە، سەرم دەسووڕا. حەقم بوو. یەکێ جێی وا نەبینێ، وای لێ دێ. بەڵام بەوە باش بوو باوکم چەند جارێ دەستی ڕاکێشام، ئەو نەبوایە یەك هەنگاوم پێ نە دەنرا. ئەوەندەی هەوڵم دا، بێ سوود بوو. گوتیان کاکت داوای کردووی. دەبێ هەر لەگەڵمان بێی. پاش ئەو جاریش، یەك دوو جاری دیش. بە گەڵ خۆیان دام. بۆیە ئەمجارە پەکم بەڕۆیشتن نییە. فێر بوویمە. دەزانم چۆن بەڕێوە دەڕۆم. شەرت بێ، وەکو سوێسکە. بە باریکە ڕێ و هەورازەکان هەڵگەڕێم. ترسم گەیشتۆتە هەناوان، یەکێ ترسی لەو جۆرە گیرۆدەی کردبێ، چۆن خێرا هەنگاو نانێ؟ بە پێخواسی و بێ جلوبەرگ ڕادەپەڕم دەردەپەڕم. وای دەنا وا بوایە! تۆ بڵێی بتوانم ئەوەی دەمەوێ بۆم بچێتە سەر؟ تۆ بڵێی بەم لەشە داهێزراوە، بتوانم ئەو بڕیارەی داومە بەجێی بگەینم؟ ئەتۆ بزانە ئەو هەتیوە چی بەسەر هێنام، دەك خێر لە ژیانی خۆت نەبینی. چاو حیز. سەر و گوێلاکی دەتگوت هەمبانەی دڕاوە، مێشك ئەستوور، چاو چنۆکی ڕەزیل و قرچۆك. نازانم لە کوێی تۆم چووبوو بە دڵدا، شەیدای چ جێیەکت ببووم! بە ڕاستی سەیرە! نازانم بۆ هەندێ جار، مرۆڤ بەرانبەر ئەو شتانەی هەڵیاندەبژێرێ، لاڵ و کوێر دەبێ. بە چاوی کوێرەوە دەیانبینێ، هەست و حەز و ئارەزووەکانی درۆی لەگەڵ دەکەن، بە هەڵە دادەچێ. کە پەشیمانیش دەبێتەوە، تەماشا

دەکـا هـەمـوو شتـێکـی لـە دەست داوە. هـاتـۆتـە سەر ساجـی عـەلـی. جـا پەشیمانی بە چی دەچێ. ئەوە دوو مانگە، وەکو خەجەی پێخواس، ئەم شەقام و ئەو گەڕەك و ئەم کۆڵان دەکەم، چی هاتۆتە جێ. سەیرم کەن، چـیـم لـێ هـاتـووە. وا ئـاوارە و سەرگـەردانـیش دەبم! وا خـەریـکـە لـە خۆشەویستی و سۆز و باوەشی گەرمی کەس و کار و ناسیاو و خەڵکی کۆڵان و گەڕەك و شارەکەشمان دەبم. تۆ بڵێی جارێکی دی بیانبینمەوە؟ ئاخۆ پاش ڕۆیشتنی من، چ بەزمێ، تۆپ تۆپێن، بەویستی دایکم و باوکم و براکانم دەکا. جارێ ئەوە بێ شکە باوکم شتێکی لێ دێ. هێشتا دایکم بـاشتـرە. بـاوکـم زۆر بـێ حـەوسەڵـەیـە. زوو تـەنگـەتـاو دەبـێ. زوو بـە شت دەورووژێ. تێك دەچێ. ئێ پیریش بووە. ئەوەشی بێتە سەرێ، هەر بە جارێ پەکی دەکەوێ. ماڵ وێران خۆم. ئەوسا کێ سەری بۆتان لە خەنە دەنێ. دایە، بابە.. نەکەن خەمم بۆ بخۆن. بیرم لێ مەکەنەوە، لە دڵیش لێم مەبوورن. من شایستەی خەم بۆ خواردن و بیر لێکردنەوە و سوێ لێ بـوونـەوە نـیـم. شایستـەی بـەرد بـە دوا هـاوێشتن و دەمـوچـاو سواغدانم. مستەفا و عەلی برام نەبوونایە، بەجێم نەدەهێشتن. دەزانم دڵی ئێوە زۆر لەوە گەورەترە کە شتێکم لێ بکەن. ئێوە ناتوانن بمکوژن. دەستتان ناگرێ. خەمی پێوە دەخۆن، ئا، لۆمەم دەکەن، ئا. سەرکۆنە و ڕیسواترم دەکەن، ئا بەڵام هەرگیز دڵتان ڕێ نادا لەناوم بەرن.

لـە ئـێوە نـاتـرسم، لـەوان دەتـرسم. نـاوێرم بمێنـمـەوە، چـونـکـە ڕوون و ئاشکرایە چیم لێ دەکەن. پەت و سێدارە و زیندە بە چاڵ کردن ئامادەیە. بەبێ دەنگی هەموو شتێ دەبڕێننەوە. ڕەوا بێ و ڕەوا نەبێ. ئەوان زوو بە قسەی خەڵك هەڵدەپەڕن. ئەوەندەیان بەسە فسکە فسکێ، قسەیێکی بچووك. دەکەونە سەر پووش و ئاگر. باشیان دەناسم، چۆن بە قسەی ئەم و ئەو هەڵدەپەڕن. بۆیە زۆر لێیان دەترسم. هەر هەنووکە دەچمە بن تارمەی حەوشەکە و خۆم دەگۆڕم. بڵێ چیش لەبەر دەکەم شەڵوار و کورتەك. ئەوێ

باشترە، کەس نامبینێ و لە بەریان کەم چۆن زەلامێکم لێ دەردەچێ؟ ئاخۆ بە چی بچم؟ بە کێ بچم؟ لەوانەیە وەکو حەمە پانۆم لێ بێ. وەرە بیری لێ بکەوە و بیهێنە بەر چاوان. ڕێوی بەرگی شێر بپۆشێ. تۆ بڵێی ڕێوی ببتە شێر. ئەگەر چی ڕێویش نیم، بەڵکو کراومەتە ڕێوی. دەبێ بە خۆم بڵێم ڕێوی. بە خوا بابە منیش ئافرەتێکی سەیرم! کێ هەیە خۆی بەڕێوی بشبهێنێ؟! خۆ من نە فێڵباز و نە بەحیلە و حەواڵەش کەسم لە خشتە بردووە. ئەوەی فێڵ و جادوو و سحری لێ کرابێ هەر منم. لەمن پتر، کێ قسەی لووس و بێ مانا و بێ ڕێ و جێ پاپۆڕی هێمنی و ئاسوودەیی لێ وەرگەڕاندووە. من ڕێوی نیم، ڕێوی سەگ باوکەکەیە و بەرگی شێری پۆشیوە. کەواتە با منیش لەمەودوا بەرگی شێر بپۆشم، بۆ بترسم. هەر چیم لێ دەربچێ با دەربچێ، خۆ لە حەمە پانۆ عەنتیکە تر نابم. با بۆتان بگێڕمەوە، ئەو حەمە پانۆیە کابرایێکی چۆن بوو. زۆر سەیر بوو، ببووە گاڵتەجاڕی خەڵکی، خەڵك گاڵتەیان پێ دەکرد. هەر یەکێ چاوی پێی کەوتبا لە پێکەنین شین دەبۆوە. ماڵ وێرانەی نەیدەزانی شەڵوار لەبەرکا، کە شەڵواری لەبەر دەکرد، تا نیوەی زگی هەڵیدەکێشا. دەتگوت پف دراوە. بە خوا بابە عەنتیکە بوو. خۆ هەتا بەیانیش بەرانبەری پێی پێکەنیبای گوێی نەدەدایێ. خۆشی پێدەکەنی. زۆر جاران یەخەیان دەگرت کە شەڵوارەکەی هەندێ بێنێتە خوارێ. بێ سوود بوو:

– تۆ بۆ هێندە ئەو شەڵوارە هەڵدەکێشییە سەرێ. ئاخر خەڵك گاڵتەت پێ دەکەن.

بەم جۆرە وەڵامی دەدانەوە.

– جا با گاڵتەم پێ بکەن، گاڵتە بە خۆیان دەکەن.

با منیش وەکو ئەوم لێ بێ. ببمە عاجباتی، هەرچی لەم دنیایە ناشیرنە، چارم ناچارە. خۆ تا هەتا هەتایێ نییە. چەند ڕۆژێکە و دایان

دەکەنم. جا چی تێدایە، پێویست بێ، بۆ هەمیشەش لە بەریان دەکەم. مرۆڤ بەم جۆرە جلانە چوست و چالاکیش دەبێ. سووکتریش بەڕێوە دەڕوا. لە کراس و کەواکانی خۆم باشترن. کراس و کەوا بۆ سەفەری وا دەست نادەن. لەبن پێم دەخشێن و ناهێڵن توندوتۆڵ هەنگاو بنێم، شتێکی گرینگتریشم لەیاد چوو. ئەی خۆ شاردنەوە! بەڵێ، دەشمشارنەوە. ئەوسا کێ دەزانێ، من کێم و چیم و چ جۆرە ئادەمیزادێکم. باشیش خۆم بپێچم، هەر بە جارێ شێوە و ڕوخسارم دەسڕێتەوە. کەس نازانێ ئافرەتم. بە پیاوێکی تازە هەڵکەوتووی چوست و چالاکم تێ دەگەن. لەوە باشتر هەیە، منیش ئەوەم دەوێ. با کەس نەمناسێ. با کەس نەزانێ من کێم و چیم و لەکوێ دێم و بۆ کوێ دەچم؟! نەء، نابێ کەس بزانێ. کابرای مام سۆفیش ڕایسپاردووە نازانێ. مام سۆفی دەیگوت: پێم گوتووە کابرایەکی خۆییە، ئاگات لێی بێ. سەیریان کە شتۆ شەڵوار و کورتەکی چاکن. هیچ عەیبیان نییە. نەدڕاون و نە زۆر کۆنیشن! هێشتا ساڵێکی دیش لە بەردەکرێن، بگەمە جێ دەیدەمە جێ دەیدەمە محۆ. نازێی کچەزای مام سۆفی بۆی هێنام. هی براکەی بوو، گوتی:

کاکم لە بەریان ناکا. بۆ تۆ هیچ عەیبی نییە.

ئەو نازێیەش، وەکو خاڵۆی کچێکی چاکە. بەو چووە. باوك و براکەی و دایکیشی یەك لە یەکتر باشترن. خێزانی چاك هەر وا دەبێ. ڕووی نازێ سپی بێ، ئەو نەبوایە، کێ مام سۆفی بەمن دەناساند؟! پاشان کێ بیری بۆ ئەم پیلان و بڕیار و جێ و مردوومەی ئەو دیو دەچوو؟ باش بوو بەم دواییە بەختم هەبوو مام سۆفیم لێ ڕاست هات. دوو مانگی ڕەبەقە شوێن و جێ نەما لەگەڵما سەری پێ نەکەن. وەکو من ماندوون، دەڵێی بۆ خۆیان دەیکەن. یەك دوو جاریش مام سۆفی چۆتە کن ئەو سەگ باوکە، نایێتە ڕایێ. لەسەر من تووشی دەمەقاڵێ و جوێن پێدانیش هات. پارێزەریشی بۆ

گرتم. بەڵام کە ڕاپۆرتی دکتۆر دەستی تێوەر دریێ، چی دەکەی. دەك ماڵت ئاوا بێ نازێ، خێر لە بەخت و ژیان ببینی. بەڵام نەکەی تۆش وەکو من، ساتێ لە ساتان، گێل و ساویلکە و نەزان دەربچی، نەکەی بە پارەو پایە لەخشتە بچی. نا.. نا.. باوەڕ ناکەم تۆ ڕۆژێ لە ڕۆژان، تووشی شتی لەو بابەتەی من بی. چونکە تۆ، بەرلەوەی شتێ بکەی، بیر لە ئەنجامەکەی دەکەیەوە. زۆریشت بەمن گوت: بەڵام من لووت بەرزی چاوی کوێر کردم. ئەوەتا هەڵیدەگرمەوە. بە گوێی تۆم بکردبا حاڵم کەی وا شڕ و بێ سەروبن دەبوو؟

جەمەدانیشم پەیدا کردووە، ئەی چۆن، دەموچاومی پێ دەپێچم. هەرم دەمشارێتەوە و هەم لە سەرمای شەوانیش دەمپارێزێ. چونکە بەیانی و شەوی ئــەم چــیــاوچــۆڵــە، پــێ دەچــێ زۆر سادر بــێ. لــەگــەڵ سمــێڵــە دەستکردەکەش، بە دوو قۆڵی باشم دەشارنەوە. با خۆم بشارمەوە. باشترە هەموو شتێکم تەواو بێ، کورتەك و شەڵوار و جەمەدانی و سمێڵ. خۆ کاروانەکە ئافرەتی من ئاسای لەگەڵدا نییە، ئەگەر هەشبێ ئەوا بە تەنێ نییە، پیاوی خۆی لەگەڵدایە. جاکێ دەڵێ ئافرەتیان لەگەڵە، ئەوە بۆ خۆم دڵی خۆمی پێ دەدەمەوە. وای دەنا وا بووایە! خەنی دەبووم. بۆ خۆمان پێکەوە ئەو ڕێیە دوور و درێژەمان دەبڕی. تۆ بڵێی ئافرەتێ، دووانمان لەگەڵ نەبن. چەند خۆشە بەڵام کە نەبن چی بکەم، خۆ بڕیار و پیلانەکەم هەڵناوەشێنمەوە. گرینگ نییە، من هەنووکە پیاو ئاسام، بەم جلوبەرگە شێوەی پیاوم وەرگرتووە. لە ئافرەت ناچم. لە پیاوێکی گورج و گۆڵ و خۆش ڕۆ دەچم. باشم خۆ پێچاوەتەوە. کێ بیری ئەوە دەکاتەوە کە من ئافرەتم. بۆ پتر دڵنیابوونیش دووره پەرێز دەڕۆم. باشترە ئاگام لە خۆم بێ. لەوە ناچێ بزانن ئەو سمێڵەش دەستکردە. جا تەماشایان ناکەم، ها ئەهـ، بڕایەوە. قسەشیان لەگەڵ ناکەم، ئا، دوور و بێ دەنگ پرسیاریشم لێ بکەن، بەسەر لەقاندنەوە وەڵامیان دەدەمەوە. نەوەك دەنگم گومانیان بۆ

پـەیدا بـکـا. بـەڵام ئـاخـۆ مـام سۆفـی چـی بـە کـابـرا گـوتـبـێ؟ قـاتـیـی پـێی نـەگوتووە من کێم و چیمە؟ نـەء، بـاوەڕ نـاکەم، ئـەو لـەوانـە نییـە. نـهێنـی خـەڵك ئـاشکرا بکـا. ئـەگـەر وا بـووایـە چـۆن دەیگوت:

«ئـاگـات لـەخـۆت بـێ، تـا دەتـوانـی خـۆت بشـارەوە، مـەهـێڵـە بـزانـن هـا.» ئـێ، ئـێ، بـاشـە مـام سـۆفـی، نـاهـێڵم، چـۆن دەهـێڵم. ئـەوە دنـیـایـە ، قـسـە قـسـە، ڕادەکێشێ.

ئـەدی ئـەم پرچـە درێژە چی لـێ بکـەم. پرچـم زۆر درێژە. پرچی وا لـەژێر جـەمـەدانـی چـۆن نـایـێتـەوە دەرێ. وا بـاشـە هـەنـدێ زووتـر بـڕۆم. تـا وەخـت مـاوە بـەڵکـو لـە کـونـجـێ، لـەبن دیـوارێ، لـە قـوژبـنـێ، یـا لـە شـوێـنـێـکـی لاپـەڕ، بـیـبـڕمـەوە. مـقـەس لـەگـەڵ خـۆم دەبـەم. دنـیـاش هـێـشـتـا تـاریـکـە و کـەس نـامـبـیـنـێ. پـاش سـعـاتـێـکـی تر دنـیـا ڕوونـاك دەبێتـەوە. خـەڵك و خـواش زۆرن، بـەیـانـیـان تـاریك و ڕوون دەڕژێنـە سەر جـادە و کـۆڵانـەکـان. بۆ نـانـەواخـانـە و سـەر ئـیشـێ. لـە مـاڵـەوە دێـنـە دەرێ کـاکـم مـسـتـەفـاش، هـەمـوو سـبـەیـنـانـێ، سـعـات چـوار و نیو بـەرەو کـارەکـەی دەچـێ. بـەڵام بـەوە بـاشـە، سـبـەینـێ ئـیشی نییـە. دەنـا هـەمـوو شـتـێ هـەڵدەوەشـا. تووشم نـابـێ. ئێستـا بـڕۆم بـاشـە. دوایـێ، لـەم دەروکـۆڵانـە، بـەم جـۆرە بـەربـمـە سـەروقـژم، بمبینن بـە شێتم تـێ دەگـەن. ئـەدی چییـە؟ کـەسـێ شـێـت نـەبـێ، بـەم جـۆرە بـەرنـابـێتـە سـەروپـرچ و پـۆتـەلاکـی خـۆی. بـەخـوا بـابـە شێت نیم. تـەڵڵا شێت نیم. هـەتکم پـێ کـراوە. قـەیـدی نییـە، ئـەوەش دەکـەم. ئـەو پـرچـە جـوانـەش دەبـڕمـەوە. تـا قـورتـار دەبـم، هـەرچـی هـەبـێ، دەبـێ بیکـەم، بـەڵام زۆری لـێ نـاکـەمـەوە، هـەر ئـەوەنـدەی دیـار دەبـێ. بـــا بـــە خـــۆ کـــەوم. کـــوا پـــێڵاوە لاسـتـیـکـەکـە؟! لـە کـوێیـە؟ ئـەوەتـا لـەژێر قـەرەوێڵـەکـەیـە. ئـامـادەیـە لـە پـێیکـەم. بـاش بـوو ئـێـوارێ مـسـتـەفـا نـەیـدیـت. نـازانـم ئـەو کـوڕە بـۆ هـێـنـدە بـزێـوە؟ خـۆ کـە دێـتـەوە مـاڵـێ دەڵـێـی پـشـیـلـەیـە بـەدوای مشکدا دەگـەڕێ. عـەجـمـانـی نییـە. کـون و قـوژبـن نـامـێنـێ نـەیـپـشکـنـێ.

دۆلاب، دەلاقــە، سەر مـێز و بـن مـێز، ئـەم و ئـەو. بـەخـتـم هــەبـوو نـزیك قەرەوێڵەكە نەبۆوە. بهاتبایە پێڵاوەكەی دەدۆزییەوە. دڵم لەسەر سەد و بـیست لـێی دەدا، لـەرزم گـرتـبـوو، هــەر كـە دەستـی بـۆ شتـێ دەبـرد، دڵـم دادەخورپا. درێژە دادڕی ئەویش بەناوبانگە، تووڕەیی و توندوتیژیش هەر مەپرسە. لە هەمووان گەورەترە، بۆیە قسەی دەڕوا. كاتی خۆشی ڕازی نـەبـوو لـە قـوتـابـخـانـە بـەردەوام بم. جـا ئـەوەشم لـێ بـزانـێ. هــەر خوا بمپارێزێ! لای ئاو خواردنەوەیە بەبێ هۆ نوقەم لێ ببڕێ. تەماشای كە چۆن خەوێكی لێ كەوتووە؟ خەوی قووڵە، ئەوەی درەنگ بنوێ خەوی خۆش دەبێ. لێی ناترسم بە خەبەر بێ. چونكە سبەینێ ئیشی نییە، لە حەمە دەترسم. ئەو هەر ئێوارەیە كەلەواژ دەبێتەوە. زوو دەنوێ و زووش بە خەبەر دێ. بەڵام بۆ بترسم؟ وابزانم ئەویش سبەینێ ئیشی نییە. ئێوارێ گوێم لێ بوو بە دایكمی دەگوت:

«هەڵم مەستێنە. چیدی لەگەڵ ئەو سەگ باوكە، ناچمە ئیش.» تێروپڕیش جوێنی دایە شەریكەكەی. ماشەڵڵا بابە شەریكەكەی پیاوێكی قەڵپە. بۆ جوێندان نەبێ بۆ هیچی دی باش نییە. حەزم دەكرد بیكوتابایەوە. چاو زەقەی چاویش دەگێڕێ. زۆر جاران كە سەردانی حەمەم دەكرد، لە ژێرەوە بـەجـۆرێكـی سەیـر تـەمـاشای دەكـردم، چـاوی لـێ هــەڵـدەتـەكـاندم. خۆ نەدەوێرام سەر هەڵبڕم. چاوی لەدوڕ چاوی دەنام. چی لێ بكەم، لەبەر ئابڕووچوون و حەمەی برام نەبووایە دەمكردە سینەما. دەترسام لەگەڵ حەمە تێك بگیرێن و خەڵكیشمان لێ كۆبێتەوە. وەڵڵا چییە، دەستی بۆ درێژ كردووە. چاك نەبوو تووشی ئەو بێ خووڕەوشت و تڕوهاتەیان نەكردم. دایكم نەبووایە بۆ هەمیشە پێوەی دەبووم و لێی نەدەبوومەوە. شەوێك گوێم لێ بوو حەمە بە دایكمی دەگوت: گوایە دەیەوێ ببێتە خزممان. داوای خزمایەتی كردووە. دایكم ڕازی نەبوو، چونكە دەیزانی من حەز لە چارەی ناكەم. بۆم گێڕابۆوە. كە چ بڵحێكە. بە خوا بابە زۆرم پێ خۆشە، حەمە

دوکانەکەی لەگەڵ لێك بکاتەوە. وای دەنا وا بووایە! با بنووێ. خۆ کفر نییە ڕۆژێ بێ ئیش بێ و بحەسێتەوە. ماندووە. تازە سعاتەکەش لێنادا. زەنگەکەیم خاو کردۆتەوە. ئەدی چۆن؟ ئەو جارە هەموو شتێکم لێك داوەتەوە، جارێکی دی من و بێ مێشکی. وا دەڕۆم، بەڵام بە هێواشی، متەق لە خۆم دەبڕم. پێڵاوی لاستیکیش دەنگی لێوە نایێ. دەرگاکەش ئاسن نییە تەقەی لێوە بێ. کە چوومە دەرێش، خوا دەمپارێزێ، بەوەش باشە یەکسەر ئاشکرا نابێ سەرم هەڵگرتووە. یەك دوو ڕۆژی هەر پێ دەچێ. هەتا کاغەزەکەش دەدۆزنەوە، ئێمە ڕۆژە ڕێیەك، بەڵێ سێ ڕۆژە ڕێ، دوورکەوتووینەتەوە.

١٩٨٤ – هەولێر

# ڕق

چەند جارێ تەكانم دایە خۆم تا بە نقەنق ڕاست بوومەوە. لەشم دەتگوت تۆپە قوڕە. لەبەر ئێش و ئازاری قاچەكانم بە زەحمەت خۆم گەیاندە پشت دەرگاكە... گوێ قولاغ بووم.

– دەبێ ئاگامان لە خۆمان بێ. منداڵەكان ناسكن زوو نەخۆشی دەگرنەوە. ئیتر لەمەودوا ئێمە دەچینە ژوورەكەی، دی با ئەویش بۆ خۆی بەتەنیا لەم ژوورە بچووك و نووتەكە بمێنێتەوە. دەبێ شتەكانیشی جیا بكرێنەوە. نابێ لەگەڵ ئەوانەی ئێمە تێكەڵ بن. پیاڵە. پەرداخ. قاپ. كەوچك. لێف. دۆشەك. دەبێ هەموو شتێكی تایبەتی بۆ دابنێین هەر چەند خۆشمانی لێ دوور بخەینەوە باشترە.

بە گوێی ئێمەی بكردایە حاڵی نەدەگەیشتە ئیمڕۆ. دوو جار بردمانە نەخۆشخانە هەڵات و خۆی لەوێ نەگرت. لەسەر دەرمانەكانیشی بەردەوام نەبوو تا سووتانەوەكەی لێ بوو بە بەدەردە پیسەكە. گوێت لێ نەبوو دكتۆرەكەی ئیمڕۆ چی بە ئارام گوت؟ وەكو ئەوەی بەنج بكرێ بە لەشما هێدی هێدی ئاگام لە خۆم بڕا. ماسوولكەكانی لەشم خاو بوونەوە. تەزووێكی سارد و سڕ بەناو دەمارەكانمدا كەوتە گەڕ. وەكو بزمار لە شوێنی خۆمدا چەقیم. توانای جوولانەوەم بڕا ئیتر هەر چییەكی دی گوترا تێی نەگەیشتم. یانێ تووشی نەخۆشی«......» ناوێرم ناوەكەی بە تەواوی بخەمە سەر زمانم، دەم و زمانم تێك دەئاڵێ، كۆخە دەرفەتم نادا، هەناسەم سوار دەبێ. سنگم وەكو شتێ تیزابی پێدا بڕژێ ئاوا دەسووتێتەوە. هەست دەكەم بە پانایی و درێژایی ڕووبەری سنگم تاشە بەردێكی قورسی

دەخرێتە سەر. دەکەومە ناو دۆزەخی ژانەوە.

دەنگی ترپە ترپی هەنگاونانی یەکێ ڕایچڵەکاندم. نەمزانی  چۆن خۆم گەیاندە سەر جێگاکەم. بە پەلەش درێژ بوومەوە و بەتانییەکەشم ڕاکێشایە سەر دەموچاوم. ئەوسا ڕووم وەرگێڕا دیوەکەی دی تا چارەی هیچ کامێکیان نەبینم. دەریای تورە بوونم لە بەرزبوونەوەدا بوو. ئەگەر بمتوانیبایە هەر ئەو دەم خۆمم دەکردە زریانێکی بێ ئامان و هەموو شتێکم لەگەڵ خۆم ڕادەماڵی.. خۆمم دەکردە شەپۆلی دەریاییێکی تووڕە و یەکسەر دەمخنکاندن.

یەکێ بەئاستەم دەرگاکەی کردەوە.. نەهاتە ژووری.. تەنیا سەری هێنایە ژووری، کە منی دیت لەسەر جێ ڕاکشاوم بێ سێ و دوو کشایەوە دواوە.. باش بوو نەهاتە ژووری دەنا دۆو دۆشاوم تێکەڵ دەکرد.. دەرگاکە پێوە درایەوە. منیش خۆم وەرگێڕا و هەنیشکم خستە سەر بالیفەکە پاشان دەستم درێژ کرد، لە پاکەتەکەی تەنیشتم جگەرەییێکم دەرهێنا. دامگیرساند.. کەوتمە مژ لێدانی. .تا دەهات بە پەرۆشتر مژی قووڵم لێ دەدا.. مژێ. دوو، مژ بە دوای مژ. دەمویست لەگەڵ هەر مژێ دوکەڵ نەهەنگی ئێش و ئازار و ڕق و تووڕەییم زیاتر بورووژێنێ، بۆئەوەی ئەوانیش پتر جەرگ و سییەکانم زامدارکەن.. دەمویست ببنە مار و پێم وەبدەن.. دەمویست خەمەکانیشم وەکو وردە ماسی لە ناو دەریای ئێش و دووکەڵدا مەلە بکەن. (تەنیا تۆی ئەی هاوڕێ دەتوانی ئەو دەردە کوشندەیە و پیسی و دڵڕەقی ئەو مرۆڤانەم لە بیر ببەیەوە. چۆن وازت لێ دێنم. .نا. .نا، با هەزار دوکتۆر وا بڵێ. تازە تۆ لەگەڵ گیانما تێکەڵ بوویت.. چۆن وازت لێ دێنم؟! تۆ وەك ئەوان نی.. تۆ هاوڕێمی.. هەر تۆ تێمدەگەی. هەر تۆی گوێ بۆ دڵە خورپێ و هەڵچوون و تووڕە بوونم ڕادەگری. تۆ تێمدەگەی. تۆ، تۆ.) جگەرەییێکم تەواو کرد یەکێکی ترم داگیرساند.

ئەگەرچی لەگەڵ هەر مژ لێدانێکدا هەستم دەکرد هەزار بزمار لە ناخ و سییەکانم دەچەقێنرێ، بەڵام پەکم بە بزمار و چەقۆو ئاسن و شتی دی نییە. با بزمار بە پانتایی بەژن و باڵام بچەقێنرێ. با لەشم بزمار ڕێژ بکرێ... با کۆخینم بەردەوام گەرووم بتەنێ. .پڕ بە دڵ حەز دەکەم ئازار و دووکەڵ سنگم بتەنێ. پڕ بە دڵ حەز دەکەم لەگەڵ هەناسەدانەوە و دەرپەڕینی دووکەڵی ناو سییەکانم ناو ژوورەکە پڕ میکرۆب بێ. بە پیسایی شتەکانی دەوروبەرم، دەرەوە، ژوورەکانی دی گەمارۆدەم.. نوێن.. مێز.. دۆڵاب.. دەرگا. .پەنجەرە، بسووتێنم. بەرلەوەی قاپ و پەرداخ و کەوچکم بۆ جیابکەنەوە. لەسەر دنیایان نەهێڵم. دەبێ ئەوانیش تووش کەم وەك چۆن من تووش هاتووم. بۆ نا؟! ئەی ئەوە نییە لێم دوور دەکەونەوە. ئەی ئەوە نییە لێم دەترسن و شتم بۆ جیادەکەنەوە. دەچن لە ژوورێکی دی دەنوون و دەخۆن و دادەنیشن. نایانەوێ بمدوێنن. بۆ نایێن دڵم بدەنەوە؟ ئەوەی گوێی لە قسەکانیان بوایە دەیزانی چ قورقوشمێ بوو. چ خەنجەرێ بوو، چۆنیش جگەری دەبڕی و چۆن گیانی لە لەش دەردەپەڕاند. چل و پێنج ساڵ ژیانم بۆ کامەرانی و خۆشی ئەوان تەرخان کرد. ماندوو بووم. نەخۆش کەوتم قاتی و قڕیم دیت گەرما و سەرما و ترشی و تاڵی و برسییەتیم چەشت. بە ناو دڕك و بەفر و ڕەشەبادا ڕێی هات و نەهاتم بڕی، کەچی ئێستا بەم جۆرە پاداشتم دەدەنەوە ئەوە تا دڵڕەقی و پیسییان خوێنی دڵم هەڵدەمژی. «وا دیارە لە بیرتان چۆتەوە ئێوەش لە گۆشت و خوێن و ئێسقان دروست بووینە. کێ بەخێوی کردوون و کێ گەورەی کردوون ها؟» ئێوەش وەکو منتان لێ دێ.. چاوەڕێ بن.. بڕۆن نەعلەتتان لێ بێ.. تا دوا هەناسەی ژیان خۆشی لە خۆتان نەبینن. چونکە ئەگەر بمرم ئێوە منتان کوشتووە.. هەر ئێستا پەڕە کاغەزێ دێنم و ئەوەی دێتە بەر زمانم، ئەوەی ناخم دەخواتەوە و ئەوەی بیری لێ دەکەمەوە دەینووسمەوە.. ئەوسا پێش مردنم بەچەند دەقیقەیێ، وشەی

ژەهراوی بە سەرتاندا دەبارێنم.. خەڵکی ئەم کۆڵانە هەموو کۆ دەکەمەوە... لەبەر چاویان بەرووتاندا دەتەقمەوە. برۆن، برۆن، من ڕقم لە نەخۆشخانە و پزیشك و دەرزی لێدان بوو... ئێواریٚ... نیوەی شەو.. بەرەبەری بەیانی... یەك یەك بانگتان دەکەم... ئەوسا بەسەر و ڕوخسارتان دەرشێمەوە.. کە پرسیارتان لیٚ کردم چیم دەویٚ؟ کە دەمتان کردەوە، منیش دەمم لە دەمتان نزیك دەکەمەوە... دەکۆخم.. کۆمەڵیٚ میکرۆبی کوشندە بە ناو گەرووتاندا شۆڕ دەکەمەوە... سییەکانتان دەسووتێنم... بۆ کویٚ دەچن؟ تووشتان دەکەم. باوەڕتان بەوە نەبیٚ کە ئێوە نەخۆش ناکەون... ئیمڕۆ نا، سبەی... دوو سبەی... مانگێکی دی... ساڵێکی دی... هەر ئێستا دەکەمە هاوار هاوار و حەسانەوەتان لیٚ تێك دەدەم... ناهێڵم بخەون... دەبیٚ سەد جار بە دوای دەنگمەوە بێن... بەم جۆرە گاڵتەتان پیٚ دەکەم، لە داخا بتەقن... شەق ببەن. بۆ هیچ نا تەنیا بۆ ئەوەی ئازارتان پیٚ بگەینم... تەنیا بۆ ئەوەی ماندووتان کەم، وەك چۆن من ساڵەهایە لە پێناوی ئێوە دەردەسەری و ئازار دەچێژم. باش لە بیرتانە چۆن من بە ساغی و بە نەخۆشی ئەو سەر و ئەم سەرم بۆ دەکردن، لە بنی دنیاش بوایە ئەوەی بتان وبیستبا بۆم دەهێنان... جوان لە بیرتانە بۆ ئازاد چەند گوند و شار و دۆڵ و چیا و چۆڵەوانی گەڕام... بە دوای سۆراغی ئەودا وێڵ بووم... قاچەکانم مێخەکیان تیٚ کەوت... پەشیمانیش نیم.. چونکە ئەو لە ئێوە بەدڵ تر و بە بەزەیی تر بوو، ئەو منی خۆش دەویست.. لە چاوی خۆی پتریش منی خۆش دەویست... خۆ ئەگەر ئەو ئێستا بمابایە لێی قبوڵ نە دەکردن بەم جۆرە لەگەڵم بجوولێنەوە. نەیدەهێشت لەم ژوورە تەنیا و تاریکەم بپەستن... لە ژووریٚ تا غەریبی و خەم و بیٚ دەنگی خوێنی ناخم بخواتەوە... ئەوەتا هیچم تێدا نەماوە. ئەوە قۆڵ و باسکم... پەنجە و ئەندامەکانی دی لەشم بزانە چۆن دەماریان لیٚ هاتۆتە دەریٚ. دەموچاوم دەرپەڕیوە، لاشەم سست و لاواز و بیٚ توانا و خاوو بیٚ هێز... سیمای لە

سیمام یەکێکی مردوو دەچێ.. ئا مردوو تەواویش نەبم.. خۆ من دەمێکە نیوە مردووم.. پاپۆڕی لەناوچوون لە سەر پشتی خۆی داناوم و وا هێدی هێدی بەرەو دۆزەخ و گۆڕستانم دەبا.. من دەمێکە هێز لە ناو قاچەکانمدا نەماوە و توانای هەستانەوە و درێژبوون و گەڕان و خۆشتن و خواردن و شتی ترم نەماوە... ئەگەر بمەوێ بۆ دەست بە ئاو گەیاندن بچم، دەبێ خۆم بە دیوارەکانەوە شۆڕکەمەوە.. تا دەگەمە جێ سێ چوار جار دەکەومە خوارێ... نیوچەوانم لە گەلێ شوێن زامدار بووە... ئەوەتا خوێن لە ڕوومەتەکانم زاوە... ئەوەی سەیرم بکا وا دەزانی بە دە کەس دارکارییان کردووم.

«کە مردم منیشتان لەبیر دەچێتەوە. وەکو ئازاد چەند ڕۆژێ، بە درۆ پرسەتان بۆ دانا و پاشان بڕایەوە... ئەو مرد ئێوەش کەوتنەوە هەڵپەڕین و خۆشی و خۆ پۆشتەکردنی خۆتان.» ئەوەی چوو لە خۆی دەچێ. تەنیا من نەبێ لەوساوە گیانم ژان و خەمی تێ دەناخنرێ. باشە ئەگەر لە خەمی ئەو نەبێ بۆچی من تووشی ئەو دەردە دەهاتم ها؟!. نەکەن جارێکی دی بیری ئەوە بکەنەوە بەزۆر بمبەنەوە نەخۆشخانە... ناچمەوە، من دەمێکە بۆم ڕوون بۆتەوە و هەستم بەوە کردووە دەتانەوێ هەر چۆنی بێ لێرەم دوورخەنەوە.. بەڵام خەیاڵتان خاوە، جارێکی دی خۆم نادەمەوە بەر زەبر و زەنگی دەرزی و دەرمان و دکتۆر و نەخۆشخانە.. ئێرە جێ ناهێڵم... بشمرن لێرە ناجوولێمەوە. ئا، من نەخۆشم، دەردە پیسەکەمە، ئێوەی ناحەز بتەقن، بڕۆن لە کۆڵان و گەڕەك و بازاڕ و جادەکانیش هاوار کەن... گەورە و بچووك تێ بگەینن، با ئەوانیش لێم نزیك نەبنەوە، بۆ نا، ئەی چەند ڕۆژێ لەمەوبەر یەکێکتان لە ماڵی حەمدی دراوسێمان هەڵی نەڕشتبوو کە لێم بێزار بووینە... ئەدی دوێنێ و پێرێ یەکێکی ترتان خۆی و منداڵەکانی لە ترسی من لێرە نەیگواستەوە؟! چی تێدایە، با برادەر و خزم و ناسیاوەکانیش لێم دوورکەنەوە... با دنیا هەموو لێم دوورکەوێتەوە..

با نەخۆش نەکەون.

ئێوە ساغن... ناسکن... من پیرم، ئێوە گەنجن... بەڵام ئەوە باش بزانن دار و بەرد هەست و پیاوەتی هەبێ ئێوە نیتانە... هەموو شتێ بەپێچەوانەیە... داروبەرد، ئاسن، جگەرە، ئەم دیوارانە، ئەم نوێن و پەنجەرە و دەرگا و، ئەم مێز و کورسییانە، دۆلاب، هەستیان هەیە... ئێوە نیتانە... هەر ئەوانن ئێستا لێم نزیك بوونەتەوە.. چونکە ئەوان وەکو ئێوە لێم ناترسن، سەیرکەن وا پەنجە بەسەر سەرین و دۆشەگ و جگەرە و دیوار و مێز و کورسییەکاندا دەگێڕم... سەیرکەن ناجوولێنەوە... خۆیان کڕ کردووە.. چونکە لێم ناترسن بۆیە لێم دوورناکەونەوە... چونکە هەست بە ژان و دەرد و غەریبی و تەنیایی و ئازارەکانم دەکەن... ئاگایان لێمە لە چ بارودۆخێکدا دەژیم... تەنیا ئەوان تێم دەگەن. ئێوە مرۆڤ نین... بوونەتە دڕندە و جانەوەر... بوونەتە بەرد و دار و ئاسن... ئەوان لە جیاتی ئێوە شێوەی مرۆڤی ڕاستەقینەیان وەرگرتووە، دوو جاری دی ڕاتانکێشامە نەخۆشخانە، بەگوێم نەکردن... هەڵاتم... کە هاتمەوە درۆم لە گەڵتان کرد کەس دەری نەکردبووم... ئەگەرچی ڕۆحم لە دەرزی چووبوو... قینم لە خواردنی بێ خێ و بۆنی نەخۆشخانە دەبۆوە... ئەگەرچی ئێستاش کە بیریان لێ دەکەمەوە بێزم دەبێتەوە... دەڕشێمەوە... بەڵام لەبەر ئەوان نەبوو هەڵاتم... بەڵکو شەیدای منداڵەکان بووم... دەزانن منداڵ یانێ چی؟! نەخێر باوەڕ ناکەم بزانن.

ئای منداڵەکان خۆزگە دەتانزانی چەند شەیدای ماچ کردنتانم... چەند تامەزرۆی بینینی چاوە بێ نازەکانتانم... چەند شەیدای لە ئامێز گرتنتانم... کە بیرتان لێ دەکەمەوە چاوەکانم پڕ فرمێسکی بە سۆز دەبێ. منداڵەکانم زۆر لە مێژە نەدیوە، لەوەتەی وام لێ هاتووە حەز دەکەم لە نزیکەوە بتانبینم. ئێوەم لێ نزیك با... لەبەر چاوم بان، خەمی هیچم

نـــەدەخـــوارد. چـــی دەکـــەی لـــەگـــەڵ ئـــەو دڵـــڕەقـــانـــە... ئـــێوەشیـــان لـــێ دوورخستـمـەوە. بـەڵام قـەیدی نـیـیـە... تـەنـیـا ئـێوە لێم دوورکـەونـەوە. پێم خۆشە لێم دوور بن... مێنە لام... نەکەن بێنە لام.. با نەخۆش نەکەون... با نەبنە نێچیری ڕاوچییە دڕندەکەی سییەکانم. تەنیا ئێوە لێم نزیك مەبنەوە ئـەی مـنـداڵـە خـۆشەویستـەکـانم تـۆ بڵێی ئێوەش شەوانی چـەند مـانگی لەمەوبەرتان لەبیر بێ. کە لە دەورما کۆ دەبوونەوە و دەمتان بۆ بیستنی چیرۆکەکانم بەش دەکردەوە و گوێشتان قیت دەوەستا؟! من لە بیرمە... وا لـەبـەر چـاومـە... دەڵێی ئێستایە. ئای منداڵینە ئێوە چەند پاکن. ئەی گەورەکان بۆ وەکو ئێوە نین... بۆ... بۆ..؟!

ئاخۆ کە ئێوەش گەورە بوون چیتان لێ بێ؟

ئاخۆ ئێوەش کە گەورەبوون جانەوەر ئاسا لەگەڵ نەخۆش و پەککەوتە و هەژار و بێ چاران... دەجوولێنەوە، یا نەء؟! بریا هەر منداڵ بمێننەوە.

بـــەڵام ئـــەگـــەر واشتـــان لـــێ بـــێ تـــاوانـــی خـــۆتـــان نـــیـیـــە... تـــاوانـــی ئـــەو دەعبایانەیە... لە ناو ئەو هەموو دڵڕەق و دەروون نەخۆش و بێ بەزەییانە بژین، چۆن نابنە شتی لەو بابەتانەی ئەوان دەیزانن؟! کە بیر لە چۆنیەتی پەروەردە کردن و گەورە بوونی ئێوە دەکەمەوە، سوێم دەبێتەوە... نەوە بەدوای نەوە سەرەتای دروستبوونی مرۆڤایەتیم دێتەوە بیر... زنجیرەی هەنگاو بە هەنگاوی پەروەردە کردنی مرۆڤ دەمخاتە ناو ئۆقیانووسی گومان و دوودڵی و پرسیارەوە... هەزاران پرسیار لەخۆم دەکەم!

(ئـاخـۆ ئـەو مـەردومـە سەر لـێ شێواوە بـۆ وا دڕنـدە ئـاسا لـەگـەڵ یـەك دەجوولێنەوە... ئاخۆ تاوانی خۆیانە... یا شتێکی لەوە گەورەترە کە وا سەری لەو خەڵکە شێواندووە و کردوونی بە دڕندە.. کێ تاوانبارە؟! خۆیان، یا شتی تر).

هـێنـدە بـیـردەکـەمـەوە نـاگـەمـە ئـەنجامـێ... نـهـێنییـەکی شاراوەیـە و کلیلـەکـەش ونـە... دەرگـاکـەشی دەرگـایـێکـی پـۆلاییـنـە، نـەخێر یـەك نهێنی نییـە... زنجیرەییێکە.

بەلام ئێوە وا تێنەگەن کە ئەو هەموو پرسیارە لەخۆم دەکەم، هێمن دەبمـەوە... نـەء، نـەخێر... زریـانـی قینم هـەرگیز نـانیشێتـەوە. بـە دەست خۆم نییـە... وام لـێ هـاتووە.. توورە و قین هـەڵگر و توندوتیژ بم... هـەتـا لـەگەڵ خۆشم وا دروست بوویمـە، ئـەوان وایـان لـێ کردووم... نهێنی منـی دروست کردووە... بێجگە لـەوانیش... لە منداڵییەوەش تـاوان و دزی و دڵڕەقی خەڵکم لـە نـاخ دەپـەستریێ.. بۆیـە درۆ لـەگەڵ خۆم دەکـەم ئـەگەر بڵێم من پـاکم... منیش نـاتوانم نـەبم بـە جانـەوەر... بـە کرم... بـە داروبـەرد... بـە دز و درۆزن و تـاوانبـار... منیش کرمم... مێشم... مـارم... دووپشکم، جـەردەم.. دڕندەشم... دەبێ هـەمیشە.. تـا مـاوم... بـەگژ ئـەوانـی دیدا بچم... خـەڵکیش چـی دەڵێ بـا بڵێ... گرینگ نییـە... چونکە من ئـەوەم مـەبـەستـە وەکو ئـەوانم لـێ بێ... من ئـەوەم مـەبـەستـە بگەم بـە ئـامـانج.. تـەنیا ئـەوەم مـەبـەستـە و بـەس... بۆ نـا... ئـەی ئـەوانیش وانین.

١٩٧٩

# هەگبەی پیاوێکی پیر

لەوەتی بە بیرم دێ ئەم خانوو بەرەیەم وا کپ و بێ دەنگ نەدیوە. حەوشێکی چۆڵ و هۆڵ. دەڵێی ئاوی تێوەر کراوە. تۆ بڵێی لێرە بن! نەء، باوەڕ ناکەم، لێرە بن، لێرەبان خوا دەیزانی گوێت لە چ هەرایێك دەبوو. قیژە قیژی منداڵ و تێك قڕ قڕانی ئافرەت ڕۆژە ڕێیەك دەڕۆیشت. لە سەری کۆڵان گوێت لە شەڕە چەقیان دەبوو. لێیان نزیك نەبی باشە، دەنا دەبێ پەمۆ لە کونی گوێکانت بپەستی. بە خوا بابە عادەتێکی سەیر و خراپیان هەیە، شەرم و حەیا نازانن. هەتا لە کۆڵان بە دەر و دراوسێ دەوەڕن ئەوجا مل لەبەر ملی یەکتر دەنێن و چ قسەی خراپ و ناشیرین هەیە ڕەوانەی لای کەس و کاری یەکتری دەکەن. پیاو لە ناویان بێ شەرم لە خۆی دەکاتەوە. شەرمەزاری جیران و هاوڕێ و برادەرانیش دەبێ. ئەوەتا بڕۆ بزانە چەند جار خەڵکمان ڕژاوەتە سەر؟ بابان وێرانانە خۆ ناسیاو و نە ناسیاو لێك ناکەنەوە، دۆست و دوژمن لایان یەکە. کەی گوتت لە سەرەخۆ بن، ئاخر ئەوە خزم و ناسیاوە، ئەو کات پتر پڕی دەدەنێ. چی دەکەی، ئەگەر ئەو ڕدێنە سپییەی من نابێ، دەزانم لە کوێیان دەبینمەوە؟ خەڵکیش حەقی خۆیەتی توورە بێ و خۆی پێ نەگیرێ، خۆ جوولەکە نین! بە خوا بابە شتێکی چاکە ئەو دەمەی لێرە نین. ئەگەر بۆ ماوەیێکی کەمیش بێ. دنیا دەحەسێتەوە. منیش مێشکم دێتەوە سەرەخۆ. جا من بەم بێ تاقەتییە توانای خۆ پێدا شۆڕکردنەوەی منداڵانم لە کوێ بوو. ماندووم، هەمو ئەندامی لەشیشم وا ژان دەکا. بەڵام لە بیرم نەبوو. کوڕە خۆ ئەو بێ مێشکانە دەرگای ژوورەکانیشیان پێوە نەداوە. ئەوە گوتمان لە بیرتان

چووه دەرگای حەوشە داخەن، ئەی دەرگای ژوورەکان بۆ کلیل نادەن، ها؟! ئەوەتان دەرگای ژوورەکان هەموویان لەسەر گازەرەی پشتن. ئەتۆ بزانە ها.. نازانم بۆ هێندە شێت و شوور و چاوقایمن؟ ئاخر چۆن وا دەبێ؟ نەبووە و نابێ. جا چ گونیان پێ چووە، یا ڕەبی دنیا کاول دەبێ. گوێی نادەنێ. بەڵام قەیناکا، با وابێ. ڕۆژێ دا دێ، لێیان بقەومێ، ئەوسا هەڵیدەگرنەوە، با لێیان بقەومێ.. لێ گەڕێ، با بە گوێم نەکەن، بە بیریان دێنمەوە. چەند جارم پێ گوتوون: ئەوە وا بکەن و ئەمە وا مەکەن. چەند جارم پێ گوتوون کە چوونە دەرێ و ملتان بۆ جێیەك شکاند، منیش لێرە بم، دەرگاکان کلیل دەن. بابە تەنیا دەرگای دەرەوە کلیل دەن. ئەهـ، ئەوە زەحمەتی تێدایە. خۆیان لە گێلی داوە. ئەوە من کلیلی تایبەتی خۆم هەیە و کەی ویستم دەیکەمەوە و دێمە ژوورێ، یا دەچمە دەرێ. بە کێ دەڵێی؟ وا دەزانن، من هەر لەسەر دنیاش نیم، بە مرۆڤم دانانێن، لەوانەیە بڵێن خرەفاوە؟ خەیاڵیان خاوە، وەڵڵاهی، ئێستاش لە ئێوە و لە باوکیان بە هۆشترم.

بڕۆن هەرچی و پەرچینە، ئاو و ئاو چن و نەگەڕێنەوە. بەڵام وا بڕوا شێتم دەکەن، تۆ بزانە لەگەڵ ئەوانە تووشی چ دەرد و بەڵاییێك هاتووم؟! هەر وەختە لە دەستیان بە یەکجاری هەڵێم. یەکێ بووایە، ئامەنت و بیللا، ئەوجا وەرە لەگەڵ سێ ژنی شابەندەر، تێکەوفڕکە. بەخوا بابە ئافرەتی چاوقایم و سەر شێت و بێ حەیان! گێل نین، گێلی چی؟ بە ئەنقەست وا دەکەن. لەمن و لە تۆش زۆرزانترن بەتەنیا خەتای خۆشیان نییە، خەتای کوڕە بێ ناموو سەکانیشمە. ئەدی چییە، ئەرێ وەڵڵا وایە و بڕایەوە. ئەگەر ئەوان نەدەنە دوایان چەند جارێ دارکارییان بکەن وا نابن. ترسنۆکن، بوونەتە جوولەکەی بن دەستی ئەو ژنە تڕۆیانە. مخابن بۆ خۆم کە پیر بووم! کە وەکو وان بووم گام بە پێوە قووت دەدا. چما خەجێ دەوێرا فزەم لەبەر بکا، لمووزم دەشکاند. نەدەوێرا، چۆن دەوێرا. بەستەزمانەی، بێ

پرسی من، پێی لە دەرگا نە دەهاویشتە دەرێ. پف. جا ئەو شابەندەرانە گوویان خواردووە، بگەنە نینۆکێکی ئەو، ئەو پیسۆیانە چ حەدیان هەیە، خۆیان لەگەڵ خەجێ بەراورد بکەنەوە. باوکی خۆیان نەدیتبا یەخەی حەمە قەدۆیان دەگرت. بۆ وا ناکەن؟ بوونەتە کەڵەباب، دەخۆن و دەڕین و... زێڕ و خشڵ و کراسی ئەلمۆدە و تەنوورە و جلکی سەد و پەنجا دیناری خۆش بێ. وەڵڵا بابە، منیش بم، وا دەکەم و پتریش دەکەم. با بۆیان بمێنێ. کە هاتنەوە دەردیان دەرمان دەکەم. شەرت بێ کوڕەکانیشم دەنگ بکەن، ورتە لە دەمتان بێتە دەرێ، ورتەیان ببڕم. مردم، خۆ سەگ نیم بحەپم و گوێم نەدەنێ. لە خواشم دەوێ، شتێ دزرا بێ، ئەوسا دەزانم چییان بەسەر دێنم. کە دەرگای حەوشە و دەرگای ژوورەکان، وا کرابنەوە، کێ ناڵێ، یەکێ نەهاتۆتە ژوورێ و بە ماڵەکەدا نەهاتووە؟ من چ بزانم چ دزراوە و چ نە دزراوە، ها؟! جا ئێرە کاولیش بکرێ و کاولیش کرابێ، کێ ئاگای لێیە؟ کوڕە بە خوا ترسم گەیشتێ. تۆ بڵێی نەهاتبنە ژوورێ؟ بریا کە سەرکەوتم، سەرێکم بە ژوورەکاندا کردبا و چاوێکم بەشتەکاندا خشاندبا. بەڵام من چوزانم ئەو نەگبەتانە دەرگاکانیان وا بەجێ هێشتووە؟ بیری ئەوەم نەکردەوە، بمزانیبا ئێرەیان وا بەجێ هێشتووە، یەکسەر بەرە و ئێرە هەڵنەدەکشام، خۆ زەحمەت نەبوو، دەچووم چاوێکم بە ژوورەکاندا دەگێڕا. ئێ من لە کوێ بزانم؟ لە خەنی خۆشی ئاسوودەیی و نەدیتنی ئەوان هیچم لە بیر نەما. وەکو جاران، یەکسەر بەسەرکەوتم. چونکە ئەوەندە حەز لە چارەیان ناکەم تا بچمە لایان، با ئەوان بێن. حەز دەکەم شتێ دزرا بێ، تا بیکەمە بیانۆی هەرانانەوە. خۆ لە هیچ و خۆڕایی شەڕیان پێ نافرۆشم، بەڵکو تۆڵەی ئەزیەتدانی خۆم دەکەمەوە. هەر ئێستا منیش دەچمە دەرێ و ئێرە جێ دێڵم. تا ئێوارەیێکی درەنگیش نایێمەوە. بۆ نا. مادام ئەوان ئاگایان لە ماڵ و حاڵی خۆیان نەبێ، من بۆ خۆم تەنگەتاو بکەم. بە خوا بابە جوان پارێزگاری ماڵ و شتومەکی خۆیان دەکەن. دەك ماڵتان بەقوڕ

بگیرێ و ئاو و ئاوچن، وەکو وا سەرتان لێ شێواندم. ئاخر چۆن تەنگەتاو نەبم!؟ ماڵ ماڵی خۆمە و خانووش هەر خانووی خۆمە. چ پەکیان پێ کەوتووە؟ خۆ ئەوان ماندوو نەبووینە. من ماندوو بوویمە و، من ئارەقەم ڕشتووە هەموو شتێ بەرەنجی شانی من هاتۆتە کایێ. ئەوان چییان هەیە؟ تەنیا چەند کەچە بزگورێکە و... لەگەڵ چەند شتێکی بێ بایەخ چی! ئەویش هی خۆیان نییە.

(هی ئێوە نییە، ئەوەی هەشتانە من بۆم هێناون.)

ئەو کاتەی خوازبێنیم کردن، بۆ هەر یەکێ، سەفتەیەك دینارم ژمارد. هەر دۆنی خۆمان لە خۆمان دراوەتەوە. دەك ملتان بشکێ کورینە بۆ خۆتان و بۆ مێشکتان. خەتای ئێوە بوو، دەنا من خۆم چۆن تووشی ئەو دۆم و قەرەجانە دەکرد؟ ژن بڕابوو، تا ئەوانە هەڵبژێرن. دە بیخۆن دەی.. هەڵیگرنەوە گوایە ئاگام لێ نییە لە چ بارودۆخێکدا دەژین. چما نازانم چیتان لێ هاتووە و چۆن بێزاری خەریکە تا بینە قاقاتان دێ؟! زۆری نەماوە لە دەستیان بە چۆڵێ کەون. پەشیمانیش پارە ناکا. ئەدی چۆن پەنجەی پەشیمانی ناگەزن؟ ئەوەی بەرز بڕوانێ، لە ترش و تاڵی پتر چیدی ناچێژێ. پێی ناوێ. ئێستا من بۆ مێشکی خۆم ماندوو بکەم. دەچمە ژوورەکەی خۆم و لێی پاڵدەدەمەوە. تا دێنەوە، خوا کەریمە.

کوانێ، کلیلی دەرگای ژوورەکە، چی لێ هات، دیار نییە؟ لێم نەکەوتبێ؟ لە گیرفاتی دەستە ڕاستی شەڵوارەکەم دامنابوو، نەماوە لە گیرفانی دەستە چەپیش نییە. بزر بووە. جا چی بکەم؟ بەم بێ هێزییە، دەرگا چۆن بەمن دەشکێ. پاریش ئەو هەتیوە کلیلە زیادەکەی لێ بزر کردم. با جوان بگەڕێم، ناو باخەڵم، گیرفانی کراسەکەم. ها ئەوەتا، دۆزیمەوە، لە باخەڵمە. شکور بۆ خوا! ئاخۆ، کەی لەوێم دانابێ؟ بەبیرم نایێ من لە وێم دانابێ. بەڵام مادام دۆزیمەوە. گرینگ نییە. ها، ئەهـ، وا دەرگاکە کرایەوە.

پەکو... ئەوە چییە؟! ئەو تاریکییە لە کوێ هات، شەوە ڕەشە، ژووریّ بۆ وای لێ هاتووە؟ چاوم ڕەشکە و پێشکە دەکا، یا... شتومەکی ژوورێم هیچ لێ دیار نییە. سەیرم پێ دێ! هەڵەم نەکردبێ. تۆ بڵێی بەهەڵە نەهاتبمە ئەو حەوشە و ئەم ژوورەش ژوورە بچکۆڵەکەی خۆم بێ. تێ ناگەم ئێرە بۆ وای لێ هاتووە؟ بەڵام نەء، باوەڕ ناکەم ئێرە شوێنێکی دی بێ. قابیلە جێ و بالینگانی خۆم نەناسمەوە. ئەوەتا ژوورەکە هەمان ژوورە و هیچی لێ نەگۆڕاوە، ئەوەتا دەرگاکەش هەر دەرگای جارانە و ئەوەش دیواری دیوی دەرەوە و ئەمەش ڕەنگ و شێوە و دەوروبەری جارانی. خۆ کوێر نیم، هێشتا واشم لێ نەهاتووە بە کۆنە هەواران نەکەومەوە. مانگێکیش نابێ ئێرەم جێ هێشتووە. شارەزای هەموو کەلێن و قوژبنێکیشم، چاویشم ببەسترێ، وێ دەکەومەوە. هەر بە دەست لێ خشاندن و بۆن کردن، دەیناسمەوە. ئەدی چۆن؟ کوێر و سەقەتەکانیش هەر وا بەجێی خۆیان دەکەونەوە. منیش نزیکەی بیست ساڵی ڕەبەقە لەم خانووبەرەیە دەژیم، هەر هیچ نەبێ سەدەها جار، پتریش چاوم بە دارودیوار و کەلوپەل و ڕەنگ و شێوەکەیدا خشاندووە. ئەوەتا دەرگای سەر بانەکەش بەرانبەر ژوورەکەیە و ڕەنگی جارانیشی بەر نەداوە. ئەوەش قاندرمەکانە کە بەرەو سەربان هەڵدەکشان. چوار بوون، ئێستاش هەر چوارن. تەماشایان کە. ڕۆخی قاندرمەی سێیەم و چوارەم هەر وەکو جاران چیمەنتۆیان لێ بۆتەوە، چاکیان نەکردۆتەوە. کێ چاکیان بکاتەوە. من نەبم کێ هەیە؟ بە لای دەستە چەپیش، ژووری باراش و زەخیرە و شتی زیادە بوو، هەر شتێ زیاد بوایە لەوێمان دەپەستا، وەکو پێشانیش دەرگای پێوە نییە. کە هاتمە سەرێ، سەرێکم پێدا گرت، گومانی ناوێ، بەهەڵەدا نەچوویمە. ژوور هەر ژووری جارانە، تەنیا تاریك داهاتووە. ئێ.. ئێ.. تازە بۆم ڕوون بۆوە. بیرکردنەوەی ناوێ. زانیم کێ وای کردووە؟ خۆم دەزانم بۆ دەستیان تێ وەرداوە؟ ئەدی بە چی دەربەدەرم کەن! چۆن بچمە ژووریّ؟ دەست لە چی

گیرکەم؟ ئاگام لە خۆم نەبێ کەلەواژ دەبمەوە. ئەو چیمەنتۆ ڕەقەی ژوورێش باشم ئەزیەت دەدا. بەربمەوە جێیەکم بێ شك دەشکێ. بە خوا لەوانەیە بەربمەوە. ئێ چاریشم ناچارە، دەبێ بچمە ژووری و خۆم بگەینمە سویچی کارەباکە. کوڕە دەی دەی، قاتی شتێ هەر دەمگرێتەوە.

تا نیوەی ژووری بچووبام، تەواو بوو، دەگەیشتمە قەرەوێڵەکە. قەرەوێڵەکە درێژە، لە بنی دیوارەکەوە تا نیوەی ژوورەکە هاتووە. پاشان کورسییەکەیە و ئەوجا مێزەکە، لەوێشەوە هەر چۆنێ بێ، خۆم دەگەینمە لای پەنجەرەکان. سویچی کارەبا لە ناوەندی پەنجەرەکانە، لای سەرەوە. دەستم دەیگاتێ. دەیدۆزمەوە. کە گەیشتمە ئەوێ، دەست درێژ دەکەم و پەنجە داگرم، گڵۆپەکان دادەگیرسێن. مەسەلە چییە؟ وا دەچمە پێش کەچی هەر بۆشاییە؟ لە ژوورێکی بەتاڵ و حەتاڵ دەچێ، دەڵێی هیچی تێدا نییە؟ ئەدی ئەو هەموو شتەی ژووری چیی لێ هات! بۆ کوێ چوون؟ نە قەرەوێڵە... نە مێز.. نە کورسی، نەیان وەستاندم. ساتمەم لە هیچ شتێ نەکرد. دەڵێی لەوەتی ئێرە کراوەتە ژوور، هیچی بە خۆیەوە نەدیوە؟ ئەدی باشە، ئەگەر وا بێ، من تا ئێستا چیم بەکار هێناوە! قابیلە بێ شتومەك ژیاوم، خۆ لە چۆڵەوانی نە ژیاوم! کەچە جلێ.. بالیفێ.. دۆشەگێ.. جانتایێ.. کورتەك و شەڵوارێ.. ملاکێ.. قاپێ.. پیاڵەیێ.. پێڵاوێ.. مێز و کورسی و شتی تر و.. خۆ ڕووتوقووت، ئەو تەمەنە درێژەم، دوور لە ئاوەدانی، بەسەر نەبردووە؟ قەت وا نییە، وەڵڵاهی وانییە؟ هەمووشیانم. نەبووبێ، هەندێکیانم هەر هەبووە. نازانم ئەو قەرەوێڵە و مێز و کورسی و دۆشەگ و چەرچەف و بالیف و جانتە و شەدە و کورتەك و شەڵوار و دەرپێ و فانیلە و شتەکانی دیم چییان لێ هات؟ وا گەیشتمە دیوارەکەی نزیك پەنجەرەکان، کەچی هیچ شتێ، نەهاتە ڕێم. هەر باش بوو بەر نەبوومەوە و ملم نەشکا. ئاگام لە خۆم نەبا، شتێکم لێ دەهات. بەڵام بەوە باشە، وا سویچەکەم دۆزییەوە با دایگرم. «دامگرت» وا گڵۆپەکان پێ بوون. ئێ.. ئێ،

ئێستا هەمووشتێ ڕوون بۆوە. پەح، پەح، پەح. جوانە، جوانە، ژووری چی، تەڕەماشی چی؟ توخوا وەرە تەماشاکە، من کە ئێرەم جێ هێشت، کەی وابوو! وا نەبوو، بیلا، وا نەبوو، تەڵڵا، وا نەبوو. بزانە بزانە، ئەو مێز و کورسی و ئاوێنە و قەرەوێڵەیە، چۆن دانراون؟ باشە من ئەوانەم کەی وا دانابوون، تۆ سەیریان کە، بزانە چەند بێ زەوق و بێزەوەر دانراون، وەرە شێت مەبە و سەرت سوڕ نەمێنێ؟! دە بیخۆ دەی، زوو بهاتبامەوە چۆن دەیانتوانی بەم جۆرە دەست لە ژوورەکەم وەربدەن و بە پێی حەز و ئارەزووی خۆیان، ئەو شتانە ڕێك بخەن. وا دیارە من زەوق و حەز و خولیام نییە. وا پێ دەچێ! خەتای خۆمە، دەبوایە زوو بێمەوە و گوێ نەدەمە نازێی کچم.

(لێم گەڕێ دەچمەوە ماڵی خۆم، بەوێ ڕاهاتووم)

خوێنم لەگەڵ کەلوپەل و دار و دیوارەکەی تێکەڵ بووە. لێرە ناحەوێمەوە.

«ئێ بڕۆوە، بەڵام جارێ نا. چەند ڕۆژێکی دی بڕۆوە. منداڵەکان زۆر حەز دەکەن لایان بمێنییەوە. بابە، تخوا ئەگەر چەند ڕۆژێکی دیش، لامان گیر نەبی. چی تێدایە، خۆ نامری؟ نازانم بۆ هێندە تەنگەتاوی بچییەوە ناو قیژ و هۆڕی منداڵان؟ لێرە کێچ دەکەوێتە لەشت، لە یەك دوو ڕۆژ پتر تۆتکە ناگری. یەکێکی دی بوایە لە جیاتی تۆ، حەوت زەمان بوو بەیەکجاری دەهاتە ئێرە و لێرە دەژیا، ئەوە ژوور، بۆت بەتاڵ دەکەین. ئێمە پێمان ناوێ، بۆ خۆت وەرە، تا پێت خۆشە، تێیدا بژی. کامەرانیش ڕازییە، ئەوێ ڕۆژێ باسی کرد، گوتی پێی بڵێ. دە توخوا بابە، ئەگەر بەیەکجاری لێرە نەمێنییەوە. دەزانم بۆ دەتەوێ بچییەوە؟ بە ئێمە ڕازی نی و ئەوان بە ئێمە نادەی. پێشان وا نەبووی، ئێستا گۆڕاوی. ئاخر ئێمەش منداڵی تۆین، چ فەرقمان هەیە؟ ئەوان کوڕتن، منیش کچتم، کامەرانیش وەکو کوڕی خۆتە. جاران وا نەبووی، منت زۆر خۆش دەویست. بابە ئەوە بۆ ئێستا

وەکو جاران منت خۆش ناوێ! خۆزگەم بە منداڵی! بە بیرت نایێ، چەند منت خۆش دەویست، ئەگەر یەکێ خۆی لێم تووڕە کردبا، چیت دەکرد؟ هەتا هەنووکەش لە بیرم نەچۆتەوە و لە بیریشم ناچێتەوە، ئەو جارەی لەسەر من، چیت بە ئازادی کاکم کرد؟ زۆرت لێدا و دەرتکرد، تکا و ڕەجای دایە نەبووایە نەتدەهێشت بگەڕێتەوە ماڵێ.

لە سەر من زۆر بە جواب دەهاتی لەوانەیە تۆ لە بەر هیچت نەبووبێ و تەنیا لەبەرئەوە بێ، کە ئەوان غەدریان لە من دەکرد. چونکە من بچووك بووم، ئەوان بەچەند ساڵێ لە من گەورەتر بوون بەڵام ڕاستییەکەی، ئەوان ڕقیان لە من دەبۆوە، حەزیان لە من نە دەکرد. قەیناکا، با وابێ دەبڕۆوە، با دیسان بترەنجێنن. حەزت لێیە ئازارت بدەن، چونکە بە هەراوهۆریا و قیژە قیژ ڕاهاتووی، بۆیە بە پەلەی زوو بگەڕێیەوە. کەواتە چیدی گلەییشیان لێ مەکە. مادام حەز دەکەی لەگەڵ ئەوان بژی، بۆ گلەییان لێ دەکەی؟ تەنگەتاو مەبە، پێی ناوێ، بڕۆوە. بەڵام زوو زوو سەرمان لێدە. یەك دوو ڕۆژی دی، من و کامەرانیش دێینە سەردانت. بە کامەرانم گوتووە، پێیان بڵێ. ئەگەر نا، حەز دەکەی من لەگەڵت دێم و دەتبەمەوە. با بگەمە ئەوێ، بزانە چۆن لە قوونی سەیان دەنێم!؟ دەبێ وایان لێ بکەم تەریق بنەوە».

(نا.. نا، کچم پێویست ناکا، خۆم قسەیان لەگەڵ دەکەم، خۆ لە بەردەمم ڕاناوەستن، خەتای خۆیان نییە. خەتای ژنەکانیانە).

«جا ئەو هەمەوو بینەو بردنەی بۆ چییە؟ بە گوێی من دەکەی لێرە دەمێنییەوە، ئێرە بۆ تۆ لەوێ باشترە، ڕایەخێکی چاك و قەرەوێڵەیێکی تازەشت بۆ دەکڕین، چیت دەوێ، ئامادەیە. تەماشای ژوورەکەش کە، بزانە چ شوێنێکی چاکی هەیە، جوان هەڵکەوتووە. ئەو دوو پەنجەرانەش دوو پەنجەرەی نایابن، دەتوانی بە هەوەسی خۆت بڕوانییە دەرێ. وەرە بیان

کەمەوە، تۆ نزیك بەوە، بزانە چی دەبینی؟ دڵت دەکرێتەوە. توخوا بابە دیمەنێکی چۆنە، جوان نییە؟! شارت هەموو لێ دیارە، ئەوە قەڵایە، ئەوە منارەی چۆلییە، ئەوەش بازاڕ و قەیسەری و کۆڵان و گەڕەك. ژوورەکە جێی بڵندە. قاتی سەرەوەیە. بابە گوێت لێ نییە؟ گوێ بگرە، بزانە تەیروتواڵ و چۆلەکە چی دەکەن؟! کۆتری دنیاش لەو بەرانبەرە کۆ دەبنەوە. لەو لاشەوە باغ و باغاتێ دیارە نەبێتەوە. هەر زێنەتە تەماشای دنیا کەی. ئەیرۆ، بابە ئەوە بۆ بێ دەنگ ڕاوەستاوی، بۆ شتێ ناڵێی، چیتە؟ خۆ من هیچم نەگوتووە مەبەستم ئەوە بوو دڵت بکرێتەوە. ئەگەر پێت ناخۆشە، چیدی قسە ناکەم؟ مادام وایە دەچم خواردنت بۆ دێنم؟ ملی شەیتان بشکێ، چۆن بەبیرم نەبوو. خۆ مێوەی چاکیشمان هەیە. بابە حەزت لە چییە؟ میوەی چاکمان هەیە. کامەران برادەرێکی لەو سەرەوە هەیە، هەموو مانگێ، قەرتاڵەیێك ترێیە ڕەشمیریمان بۆ دێنێ. هاوینان خەنی دەبین. ها ئەو هێشووە ترێیە بخۆ. تامی چۆنە، ها؟ توخوا ، بە تام نییە! ئەگەر دەتەوێ، هەناری مێخۆشیشمان زۆرە، هەناری خۆمانەیە، لە گوندی دوێنێ مام سۆفی بۆمانی بە دیاری هێناوە. مام سۆفی، خاڵی کامەران. چۆن نایناسی؟ هەتا پرسیاری تۆشی لێ کردین. تۆ لێرە نەبووی زۆریش چاوەڕێی کردی نەهاتییەوە. ئەرێ بابە، ئەوە دوێنێ بۆ کوێ چووبووی؟ ئەدی نانی نیوەڕۆت لە کوێ خوارد؟ نازانم بۆ وا فێر بووی، بۆ نان لە دەرەوە دەخۆی، وا دیارە حەزت لە ترێ و هەناریش نییە؟ با سێوت بۆ بێنم، سێویشمان هەیە. دەزانم تۆ تەنیا حەزت لە سێوە، بەدڵی تۆشە، سێوە بچووکەکانیشە، سپییە، مزرەکان. ئا، ئا، مزرەکان. بە خێ بیانخۆ. چەندی دەخۆی، بیانخۆ. وەختی خۆی، ئێمەش لە باغەکەی خۆمان، زۆر دار سێوی لەم جۆرەمان هەبوو. هەمووی بە بەلاش و حەلاش ڕۆیین. نازانم بۆ وا بەئاسانی لە دەستمان چوون؟! خەتای تۆ نەبوو، دەزانم خەتای کێ بوو؟ ئیشی ئازاد و کاکەوانە. ئەوان سەبەبکارن. چەندم سوێ لێیە!».

(دیاره وەختی خۆی کێ زۆر حەزی دەکرد بە ناو ڕەز و باغەکاندا بسووڕێتەوە.)

من چەندی بڵێی حەزم لێ بوو دڵم پێ دەکرایەوە بەڵام تۆو دایە، ڕازی نەبوون. تەنیا ئازاد بە کەیفی خۆی دەهات و دەچوو. کەس پێی نەدەگوت، بۆ وا دەکەی و بۆ ناکەی. بۆ ئەوتان پێ ناخۆش نەبوو، تەنیا بۆ من وا بوون. جا چییە بچووك بووم؟ چیم لێ دەهات؟ مار و دووپشك زۆر بوون، ئەوجا چییە؟ ئەدی بۆ بە ئازادیان وەنەدا! بە زۆری دایەش نەبووایە ئەو یەك دوو جارەش نەتدەبردم. ئا، بەبیرمە هەر یەك دوو جار بوو. وەڵڵاهی پتر نەبوو. ئێستاش وا دڵم بۆ ناو ڕەز و باغەکان لێ دەدا. خۆزگەم بەوسا! بە خوا بابە ژیانێکی خۆش بوو! هەتا دایەش پێی خۆش بوو، بەڵام تۆ نا. من لەو بارەیەوە بە دایە دەچم. مخابن بۆ تۆ دایە، بۆ وا زوو لێمان دوورکەوتییەوە؟! چەندم سوێ لێیە، زۆر پیر نەبوو، هێشتا لە سەرەخۆش بوو. نەخۆشییەکەشی وا نەبوو، نازانم بۆ وا زوو مرد؟! هەندێك ئێرە و ئەوێمان پێ کردبا، لەوانەبوو چاك بێتەوە. بە پارە چارەسەر دەکرا ئێ خۆ کاکەوانیش پارەیان زۆر بوو. ئەرێ وڵڵا هەیانبوو. هەیانە بۆ، نیانە! ئەستەغفیرەڵڵا! خەریکە بڵێم ئەوان بوونە هۆی مردنی. «کفرە». بۆ کفرە!؟ «نەء کچم وا مەڵێ، هەموو شتێ بەدەست خوایە.» تووڕە مەبە بابە. ئەرێ وەڵڵا خەتای ئەوان بوو. ئەو قسانە چییە دەیکەی، چما منداڵی خەڵکمان نەدیوە! منداڵ هەیە بەپشت دایك و باوکی دەگێڕێ. کام دکتۆر باشە، کام شێخ و مەزار پیرۆز و نازدارە ئەویان پێ دەکا. دەبا بڕۆن، تۆش دەڵێی ئەولادم هەیە، هەر نەبان باشتر بوو. ئەوە حاڵە تۆ تێیدای. دایە مابا وا لە قون دەرگای نەدەکەوتی و منەتی ئەو حەسحەسانەشت هەڵنەدەگرت. بۆ خۆتان بە ئاسوودەیی دەژیان، سەرتان پێك دەکرد. لە بیرم نەبوو. بابە ئەرێ چاوەکانت چۆنن کا بزانم چییان لێ هاتووە؟ هێ یێ، هێ یێ...

دەمزانی وان. تەماشایان کە، چۆن سوور هەڵگەڕاون! وا بزانم ئاویش دەکەن، وا نییە. خۆ کافرستانی نییە، چی دەبوو ئەگەر پیشانی دکتۆرێکیان بدابای. دەمردن، خۆ نەدەمردن. بۆ  منداڵی خۆیان ئازان، نینۆکیان بەخوێن بێ، غاردەنە نەخۆشخانە و هەزار و یەك جێ بکەن. بۆ بۆ تۆ وا نین!

با بۆیان بمێنێ، هەر گوێش مەدێ. من دەتبەمە لای دکتۆر. با کامەران بێتەوە، پێی دەڵێم. سبەی دوو سبەش، معاش وەردەگری. شکور بۆ خوا، معاشێکی چاکی هەیە. هەر وا دەبێ. بەشمان دەکا. چی تێدایە، ئەو مانگە پارەی حاجی دوکاندار نادەین. با قەرزەکەی بۆ مانگێکی تر بمێنێ. زۆریش قەرزاری نین، تەنیا پارەی هەندێ قوماشە. کە بۆ منداڵەکانم هێناوە. پاشان حاجی پیاوێکی خراپ نییە، دوو مانگی تریش پارەی نەدەینێ، دەنگ ناکا. خۆ هەموو کەس، مەریوانی برام نییە، هەمو ڕۆژێ بۆ چەند دیناریێ بێتە سەرمان. کفرمان کرد، هەندێ پارەمان بە قەرز لێ وەرگرت و دوو مانگ دوامان خست. دەڵێی کاروان سەرایە، هەموو ڕۆژێ، سەلام و عەلەیکم. سەرمانی خوارد. بێگانە سەد قات لەو باشترە. برای وام نەدیوە. بەڵام خەتای خۆی نییە. دەزانم خەتای کێیە؟ تۆش دەزانی بۆ کوێ دەچن. ئەوە دنیایە، ڕۆژێ دادێ، ئەویش پێویستی بە ئێمە هەبێ. بۆی مەپاڕێوە. با بڕوا. ئەوی دیش لەو باشتر نییە. پێویست ناکا لێت بپرسم، دەزانم لەگەڵ تۆش هەر وان. ئەو جارە ئەگەر زۆر خەمیان داییێ و ئەزیەتیان دای، لێیان دە. جا حەدیان چییە لەبەر دەمت ڕادەوەستن. کوڕە خەڵکیان بێنە تەماشا، با هەندێ بۆ خۆیان تەریق بنەوە. ئەوێ ڕۆژێ مام سەید دەیگوت: مەریوانی براتم سیاسەت کردووە. نابێ هەندێ حورمەت و ڕێزی باوکیان بگرن بەم جۆرە چاکەی دەدەنەوە. بمرن لەم حاڵە باشترە. پەیوەندی کوڕ لەگەڵ باوك چۆن وا دەبێ؟

«جاکەی لەم زەمانە پەیوەندی و چاکەدانەوە ماوە!».

لێم مەشارەوە، من ئاگام لە هەموو شتێکە. دەزانم منداڵەکانیشیان ئەزیەتت دەدەن. پەکوو. بە خوا بابە منداڵی بێ تەربیەت و عەجوول و چەتوونن. من تا ئێستا منداڵی وا بێ عار و بێ خوو ڕەوشتم نەدیوە. خۆ کە دێنە ئێرە، داروبەرد، لە دەستیان دەکەوێتە دادە داد. نازانم بۆ وا دەکەن؟ بێزار دەبین هێندەی بڵێین وا مەکەن. هەر پێمان دەکرێ «تارا» کڕ کەینەوە. وا دیارە لە تۆش ناترسن. کە لێیان نەدەی چۆن تەمبێ دەبن. نازیان هەڵمەگرە–دایك و باوکیان پێیان ناخۆشە بەدۆزەخ. با پێیان ناخۆش بێ، خۆ لەسەر بەلاش لێیان نادەی. دەتەوێ ئاقڵ بن. بەڵام تازە بەچی ئاقڵ دەبن، لە گچکەیی فێر نەکرێن، بە گەورەیی بێ سوودە. خەتای تۆشە. ئێ ڕوویان مەدێ. بەو خوایە من لە جیاتی تۆ بم، هەر بجوولێنەوە قاچیان دەشکێنم. ئەگەر ڕازی نین، مەچۆوە ئەوجا بۆ دەچییەوە؟! دەرد و بەڵات زۆر کەمە، نۆرەی ئەوانە. ناهێڵم بچییەوە. ماوەیێك لێرە بی، لێرەش ڕادێی ئەو پەردە ئەستوورانە، لە کوێ هاتوون؟! دەڵێی دیوارن بۆشایی پەنجەرەکانیان پڕ کردۆتەوە. بۆ دەرمان ڕووناکی نایێتە ژوورێ –خوا بتان گرێ–نەحەسێنەوە– وا دیارە دەیانەوێ، لە ڕووناکی و تەماشا کردنی دیمەنی جادە و چاخانە و کۆگا و ئۆتۆمبیل و هاتوچۆکەرانیشم کەن. دەزانن سێبووریم بەژاوە ژاو و هەرا و هۆریای دوکاندار و خەڵکی ناو چاخانە و دەنگی گۆرانی تۆمارگاکان دێ. بۆیە وا دەکەن. خۆیان لەو شتانە بێزارن و ڕقیان لە هەرا و هۆریا دەبێتەوە، دەیانەوێ منیش وا بم. نەء، من ناتوانم، من ئەگەر هەموو ڕۆژێ ئەو شتانە نەبینم و گوێم لە گۆرانی نەبێ، لەو کونە ژوورە، دڵم دەتەقێ. دەزانم ئەوانیش ئەوەیان دەوێ. ئەدی چییە، ئەرێ وەڵڵا وایە و واشە.. چاوقایمی خۆم نەبێ، لە دەستیان دێ ئەو پەنجەرانە هەر بە جارێ قەپات کەن. با پەردەکان هەڵدەمەوە و لایێکی جامەکەش بکەمەوە، لە مێژە گوێم لە گۆرانی ماملێ و

حەسەن زیرەك و تایەر تۆفیق و کاویس ئاغا نەبووە. وا جەرگم ژان دەکا بۆیان. دەزانی چەند خۆشە بەو دڵ پەستییە گوێیان بدەیێ. یەکسەر دڵت دەکرێتەوە. وای دەنا، ئێستا یەکێکیان هاویشتبا سەریێ. هەموو شتێکم لە بیر دەچۆوە. بەڵام لە کوێ، بەختم لە کوێ بوو؟! ئیمڕۆ هەموو شتێ، دژی منە. جارانیش هەر وا بوو. تەنیا جار بە جار ئەگەر.. کە لە ماڵی نازەنینیش بووم، ئەو هەتیوانە، گۆرانی عەنتیکەیان داویشتە سەر. مێشکم لە گەڵیان دەهەژایەوە. بە خوا بابە گۆرانی ناخۆش بوون، وەرە لەو هەموو دەنگ و هەرا و هۆریایە بگە. ئەو منداڵە هەتیوانەی نازەنین، دەڵێی لە ئینگلستان گەورە بووینە. بەقورم گرت. کورە خۆ ئەو دنیایە زۆر گۆڕاوە ئێمە ئاگامان لێ نییە و هەستی پێ ناکەین. نەء، دنیا وەکو خۆیەتی، خەڵك گۆڕاوە. ئەوەندەی پێشم دەگوتن: باوکم، برام، ئاخر هەر جارێ، لاوکێ، بەستەیێ، باوێنە سەرێ، وایان دەزانی، گوێزیان بۆ دەژمێرم. لە کوێ گوێم بۆ شل دەکەن. من لە کوێ، ئەوان لە کوێ؟!

ئەو تۆمارگایەی بەرانبەر چاخانەکە، جار جار کە گۆرانییەکی حەسەن زیرەك یا مامڵێ، لێدەدا، پیاو لە گەڵیان دەهەژێتەوە. بەردو چەوی بنی دەریای عومری ڕابوردووش، هەمووی لەگەڵیان دێنە دەرێ. پیاو سوێی لە ژیانی خۆی دەبێتەوە، سەر گەرمی و بزێوی گەنجایەتی و زامی عەشق و دووری، لێك دابڕان و سەفەر و گەشتە لەبن نەهاتووەکانی جارانی، فرمێسکی گەرمی پێ دەڕێژن. ئای لە خۆم غەریبێ. ڕۆژم گەیشتە چ ڕۆژێ!

ئەتۆ بزانە، قەرەوێلەکەیان لە کوێ داناوە؟ لە جێی خۆی نەماوە، جاران لەو سووچەم دانابوو. جێیەکی باشی هەبوو. سووچی لای دەستە ڕاستی دەرگاکە، کەچی ئێستا خراوەتە ناوەندی هەر دوو پەنجەرەکان. بەرانبەر کوێش. بەرانبەر شوێنەواری سعاتە نەگبەتییەکەی شکاندم. ئەوەتا شوێنەکەی دیارە. دیمەنی ژوورەکەی ناشیرین کردووە و ڕووبەرەکەشی

هەر بە جارێ پڕ کردۆتەوە. ئەگەر لێرە بێ، پیاو ناتوانێ بە سەربەستی بۆ خۆی بجوولێتەوە. ژوورەکە هەنووکە تەنگە. جا دە رەوە چۆن ببینم؟ ئەوها بێ، پێم ناکرێ لە سەری دانیشم و لە نێوان پەنجەرەکانەوە تەماشای هیچ شوێنێ کەم. دەبێ بەرەواژ دانیشم. ملم شل دەبێ هێندەی ئاوڕ دەمەوە. چما هیچ شتێ وەکو خۆی ماوە تا دڵم پێی خۆش بێ. ئەوەتا ئەم چەرچەفەی سەریشی گۆڕاوە. گۆڕیویانە، ئەوەی پێشان، هێندە تۆخ و بێ ڕەنگ نەبوو، ڕەنگی کراوە بوو. گوڵ و نەخشەکانی دڵی دەکردەوە. بالیفەکەش مەیلە و شینێکی ئاسمانی کراوە بوو، بەم ڕەنگ و شێوەیەی ئێستای، بێزم دەکەنەوە. باشە، ئەو ئاوێنەیە بۆ لەو دوورە، هەڵواسراوە، وەختی خۆی، شوێنی سعاتەکەم پێ پڕ کردبۆوە. چاکم کرد سعاتەکەم شکاند. بێزاری کردبووم. ماڵ وێرانەی دەتگوت پێی دەڵێن، بەچرکە چرك تێك دەچم، دەم نا دەم دەیکردە چرکە چرك و میزاجی تێك دەدام. ئەو ناوەشی هەراسان دەکرد. بە خوا بابە دەنگێکی ناسازی هەبوو. با بڕوا، ئاو و ئاو بچێ. هەتا وای لێهات بوو، لە چوارچیوە و میل و ژمارەکانیشی بێزار ببووم. تۆ بزانە ها، ئەو ئاوێنەیان لە کوێ داکوتاوە؟ لە جێی خۆی با، بە ئاسانی دەمتوانی سەیری خۆم بکەم و خەمی تەنیایی و غەریبیمی پێ بڕەوێنمەوە. خۆشم سەیرم بەم خوو ڕەوشتە دێ! نازانم بۆ کە سەرنجی ئاوێنە دەدەم، بەندیخانەی دڵ تەنگیم، دەکەوێتە سەر پشت و هەموو خەمەکانم وەکو کۆتری بەندکراو بەرەڵا دەبن. تۆ بڵێی من جیاوازیم لەگەڵ کەسانی دی هەبێ و هەستم ناسکتر بێ؟! لەوانەیە وابێ، دەنا بۆ هەتا بە چرکە چرکی سعات و نزمترین دەنگیش دەورووژێم؟! یا بۆ لەوەتەی ئەم ژوورەم وا بەم جۆرە، بەرچاو کەوتووە، بەر دڵم گیراوە، میزاجم تێکچووە، هەست بەبێ کەسی و تەنیایی و... نازانم چی و چی دەکەم. لەوانەیە لای یەکێکی دی ئاسایی بێ، یاری بە شتومەکەکانی بکرێ و بیریشی لێ نەکاتەوە، بەڵام لای من وا نییە، من وا نیم. کەواتە من لەوانی دی

جیاوازم، حەز و خواستم لە هی خەڵك جیاوازە. بۆیە پێم ناخۆشە، دەست لە شتەکانم وەربدەن. حەز ناکەم هیچ کەسێ، پێم بڵێ ڵڵ. یا بڵێ بکە و وا مەکە. ئەوەی یاری بە شتەکانم بکا، تووڕە دەبم. مێرووستان خوار بجوولێتەوە وا دەزانم دژی من وا دەکا. پێشان وا نەبووم. ئەوە ساڵێکە وام لێ هاتووە. باوەڕ ناکەم جاران یەکێ هەبوایە، هێندەی من، پێ لە جەرگی خۆی بنێ بۆ ڕازی کردنی خزم و برادەر و ناسیاو. بڕۆن بپرسن، بزانە چۆن باسم دەکەن؟ نازانم بۆ وام لێ هاتووە؟ خۆشم لە خۆم ناگەم. تۆ بڵێی ئیشی تەنیایی و زۆر بیرکردنەوە و بێ ئیشی نەبێ. یەکێ بێ ئیش بێ، زۆر بیر دەکاتەوە. غەریبی زوو زوو دەبێتە میوانی. بیرەوەرییەکانیشی هەمیشە بە سەری دەکەنەوە. ژیانی منداڵی و گەنجایەتی، زوو زوو یەخەت دەگرن و بە توندی بە ناو گێژاوی پەژارە و ئازار چەشتن و برین کولانەوەی دا دەدەن. تا لە ناو ئۆقیانووسی بیرەوەری و سوێبوونەوە نقوم بێ. کێ هەیە خۆی لەبەر لافاوی بیرکردنەوە سەرشێتەکان بگرێ؟ کێ هەیە بوون و نەبوون و مردن و پیربوون و جێبەجێ نەبوونی هیوا و خواستەکانی مرۆڤ و بە فیڕۆچوونی ئەو هەمووساڵەی تەمەن و گۆڕانی بارودۆخی گوزەرانی و هەست و نەست ناسك بوون و بێ تاقەتی و تەنیایی و هەزارەها شتی دی، خەو و خۆراکی لێ حەرام نەکەن. منیش ئەو هەموو شتانە گەمارۆم دەدەن، کەچی پێم خۆشە. ئەو ئاوێنەیە لەو شوێنەی ئێستای بمێنێتەوە. ناتوانم ئەو ساتە خۆش و ناخۆشانە، بەسەر بکەمەوە. لەوێ لێم دوورە، ئەو قوژبنە بۆ ئاوێنە چەسپاندن دەست نادا، دەیهێنمەوە جێی خۆی. شتەکانی دیش، دەگەڕێنمەوە جێی خۆیان. پەردەکان هەر لێ دەکەمەوە. تاقەتم لە کوێ بوو، هەموو جارێ، خۆم بە هەڵدانەوەیان ماندووکەم؟ لە ڕووناکی خۆشتر هەیە. بۆ بۆهەمیشە ئەو ژوورە ڕووناك نەبێ؟ خۆ بەڕۆژیش گڵۆپ پێ ناکەم. (کورە) خۆ شتێکی گەلێ گرینگم لە بیرچۆوە. جانتاکەم، ئا جانتاکەم، کوانێ؟ دیار نییە. ئاخۆ لە کوێیان

پەستاوە. کە ئێرەم جێ هێشت، لە دەلاقەکەی سەر سەرم دامنا، کەچی لەوێ نەماوە، لە دەلاقەکەی ئەو بەریش نییە. چی لێ هات؟ وای دەنا شتێکیان لێ کردبێ. ئەوسا خۆم دەزانم چییان لێ دەکەم. دنیایان بەسەردا سەرەوژێر دەکەم. هەموو شتێ بەلایێ. ئەوەش بەلایێ. ڕەنگە لە ژێر قەرەویلەکە شاردبیانەوە. تا تەنگاوم کەن. با ئەوێ بگەڕێم. ئەوەتە، دۆزیمەوە. بزانە بزانە، چۆن لچکی چەرچەفەکەیان بەسەردا داوە، دیار نەبوو، ئۆخەی، دڵم ئیسراحەتی کرد. خۆ کورتەك و شەڵوار و شەدەکە لە جێی خۆیانن.

زۆر دەترسام، بیان چووێنن. دەنا ئەوانی دی، هەر چییەکی تێدایە، بەقوربانی خۆم بێ. بۆیە دەشترسام، چونکە زۆر جار زۆریان لێ کردووم، بیان چوێنم. ڕازی نەبوون لە بەریان کەم، گوایە لە ڕۆژگاری ئیمڕۆو ئێمەمانان ناوەشێتەوە. مۆدیل نییە. دەیانەوێ سەترە و پانتڕۆن بپۆشم، بابە من حەزم لێیان نییە، خۆ بەزۆر نییە، هەر کەسە و بە پێی ویستی خۆی. من بە جلی کوردی و شەدە ڕاهاتووم و نایگۆڕم. کورتەك و شەڵوار لە بەرکەی بۆ خۆت بەهەوەستی خۆت بجوولێوە. هەڵپەڕە، غاردە، ئەم سەر و ئەو سەر بکە. پان و بەرینن. هەر زێنەتیشە لە بەریان کەی. چیم داوە لە شتی دی؟ با پێیان ناخۆش بێ و تووڕە بن، خۆ بۆ وان لە بەریان ناکەم. ئارەزووی خۆمی پێ دەشکێنم، تۆ وەرە بمبینە، کە بەسەر شەڵوار و کورتەکەکە، ئەم شەدەیە لەسەر دەنێم، بزانە شتۆ کوڕم لێ دەردەچێ جاحیڵ دەبمەوە. کوڕی تڕ تڕ پاشان، حەز ناکەن باوکیان بەم جۆرە ببینن. میوانی زۆریان دێ، دوایی دەمبینن، ئەوجا چی بکەن. پێ کەم دەبنەوە. جا میوان خۆ نایێنە کنە من. دێنە لای خۆتان. پاشان میوان چ ئیشی بەمن هەیە، خۆ نابێ مامەڵەی کڕین و فرۆشتنم لەگەڵ بکا. سینەمەش نیم، بێنە تەماشا کردنم. با سیر بخۆن زوڕنا لێ دەن. شەدە و کورتەك و شەڵواری وا نایاب لە کوێ دەست دەکەون. هێشتا کۆنیش

نـەبـووینـە و دەڵـێی تـازە لای بـەرگدروو هـاتوونـەتـەوە. بـڕۆ هـەموو شار بگەڕێ. بزانە شتێکی لەو بابەتە دەدۆزیتەوە. کاتی خۆی، کە ئەم شەدەیەم بــەسەر ئــەو کــورتــەك و شەڵــوارە لــە سەر دەنــا «شام» بــە سەپــانــی خــۆم نەدەزانی. بریا ئێستاش ئەوسا بوایە! بەڵام ئاخ..! کە من کوڕ بووم، کێ دەیتوانی بڵێ ئحم. هەنووکەش کە سەرکێشی و هەڵەپاسی خۆم بە بیر دێتەوە، یەکسەر مستەفای کوڕی حاجی ئەحمەد، لەبەر شاشەی خەیاڵم، دەکەوێتە چاوشارکێ. کە ئەوسام بەبیر دێتەوە هەست بە گەورەیی و ئازایەتی خۆم دەکەم. بەخوا بابە منیش، کە گەنج بووم کابرایێکی توڕە و توندوتیژ. خۆ کەس نەدەوێرا لەبەر دەمم ڕاوەستێ. ئەوەی قسەیێکی بێ دڵی منی بکردبایە، وەکو کەڵەباب، سواری سەر ملی دەبووم. بەڵام ئەوەش هــەیــە، کــە زوو زوو پــەشیـمــان دەبــوومــەوە، چاکەشم زۆر لـەگەڵ خزم و برادەرانی چاك دەکرد. ئەو مستەفایە زۆری ڕا لەخۆ بوو، بۆیە زۆر ڕقم لێی دەبۆوە. جارێکیان لە ڕادە بەدەر لێی تووڕە بووم و باشم لێدا، بەپشتە دەستــێ، کـەلــەواژم کــردەوە نــاو تــەنــەکە و کووپــی نــاو چـایـخـانـەکـە. کە هەستایەوە، لا ڕوومەتێکی شەق ببوو، خوێن بەسەر شان و ملیدا، دەهاتە خوارێ. «دەتکوژم، خۆت دەردێنی، بە چی دەخوڕی، نارانی من کێم، ناوی منت نەبیستووە، ها!؟»

ئاخۆ ئێستا کەوتۆتە کوێ؟ لە مێژە دیار نییە و نایبینم. تازە بیری لێ دەکەمەوە، نازانم چ شیتێك بوو، وا ورووژاندمی. ئەگەر ئەمجارە بیبینم، داوای لێبوردنی لێ دەکەم و.. ماچی دەکەم. دنیا هێندە ناهێنێ، ئەوەی چوو چوو. ئەو کاتی ئەویش شەدەیێکی هەبوو. بەڵام هێندەی ئەوەکەی من باش نەبوو. هی من، کابرایێکی ئەو دیو، بە قاسیدی بۆی هێنا بووم. بە زۆر پارەکەی وەرگرت. لەو ساوەش پانزدە ساڵ تێ پەڕیوە، لە یەك دوو جار بترازێ، لە سەرم نەناوە، دڵم نایێ لە سەری نێم، ئەو هەتیوانەش دەیانەوێ بیچووێنم. سەهوون «بشمرن بە پێی ویستی ئێوە ناجوولێمەوە.»

با هەموو جارێ ژوورەکەم لێ سەراوبن کەن، ڕێکی دەخەمەوە لەگەڵ ئەوەندە ماندووبوونەشم نەکرد، «خۆ تەنیا من ماندوونابم، ئێوەش بە تێکدانی ماندوو دەبن.» بێ تاقەت نەبام، گوێم لێ نەبوو، بەڵام چی بکەم، پیاو ڕۆژگار و دەرد و غەریبی پەکی بخاو بێ ئیش بێ، وای بەسەر دێ. ئای پیری، چ دەردێکی گرانی! «بریا مردن هەبوایە، بەس تۆ نا.» سەیر سەیر پشتی دەستم، ئەو هەموو لۆچوچرچ بوونە، چییان لێ کردووە، ناشرین بووە. ئەی ئەو ماندووبوون و خاو و خلیسکییە بۆ ناڵێی. لا بەلا دەڕۆم. پیاو پیر بێ، کەم هۆشیش دەبێ، تەختەی مێشکی کەم دەبێتەوە. شتی سەیر و عەنتیکەشی لێ ڕوو دەدا. ئەوسا گاڵتەی پێ دەکرێ. مخابنە مرۆڤ وای لێ بێ! پیاو هەر جاحێڵ نەبێ! قەتاوقەت گەنجایەتی و پیری بەراورد ناکرێنەوە. ها ئەهە، ئەوە قەرەوێڵەکەم هێنایەوە جێی خۆی، دەنگی دەچێتە دەرێ ناچێتە دەرێ، بە دۆزەخ. خۆزگە لێرە بان، با گوێیان لێ با، تا بزانن، کە من هێشتا هەم و هەرگیز ڕێ نادەم، بەپێی نەخشە و خواستی خۆیان بمسوورێنن. من لەم ژوورە دەژیم، خۆ ئەوان ناژین. چۆنیشم بۆی، شتەکانم وا ڕێك دەخەم. «بۆ لێم ناگەڕێن؟ ژووری خۆتان هەیە، مافوور و کەرەوێتە و بۆفیە و ئەم و ئەوتان هەیە. هەر چییەکتان هەیە، پیرۆزتان بێ. خۆ من پێم ناخۆش نییە. کێ بێ حەز بەکامەرانی منداڵەکانی خۆی نەگا! دە ئێوەش وازم لێ بێنن، با بە ئاسوودەیی بۆ خۆم بژیم. ئەگەر بەم جۆرە لەگەڵم نە دەجووڵانەوە و ئەزیەتتان نەدەدام، بەو پیرییەش، درێغیم بۆ نەدەکردن. من کە ژنم هێنا، ئەو شوێنەی تێیدا بە زاوا بووم، کۆخێ بوو لە حەسیریش دروست کرابوو. کۆخێکی هێندە تاریك و نارێك و بێ سەروبەر بوو، نەبێتەوە. لە ژوورێ بەرانبەر یەك باین بە چاکی یەکترمان نەدەدی. پەنجەرەی چی؟ پەنجەرەی هەر تێدا نەبوو، تەنیا کونێکی لە پشتەوە هەبوو، ڕووناکی ڕۆژی پێدا دەهاتە ژوورێ. دەرگاکەشی تەنەکە بوو، خۆت لێدابا، بەردەبۆوە. لە سووچی لای

پشتەوەش، کۆنە سندووقێ، کە بە هەندێ شڕ و شاڵات و یەك دوو دۆشەگ و چەند لێفێ ڕازاندرابۆوە.

هێندەشی پێ نەچوو، دایکم و دوو برا و خوشکێکیشم هاتن لەگەڵمان بژین. ئەوجا، هەر بە جارێ، جێمان تەنگ بوو. لە دوو سێ مەترێ، پترمان بۆ نەمایەوە. ئێستاش چەند ژوورێ.. ژووری نوستن.. ژووری خواردن.. ژووری میوان.. ژووری زەخیرە و باراش.. هۆڵ.. موبەریدە و قەنەفە و مێزی ستیل و بۆفیە و تەلەفزیۆن و ڕایەخی بە هادار و خواردنی برنجی و تەلاجە و هەزارەها شتی تر. هێشتاش پێیان دەوێ. تەواومان کرد. بە خوا بابە باش. بەو حاڵەش لەگەڵ ویست و حەز و ئارەزوو و عەقڵ و هۆشی خەڵك یاری دەکەن. ئاسوودەیی لە خەڵك و دەر و جیران و ناسیاو تێك دەدەن و ئارامیان لێ دەبڕن. جا کە لە خەڵك نەگەڕێن، چۆن لە من دەگەڕێن؟! بە جێ گرێکی نان خۆری وەکو من، چۆن هەڵدەکەن؟! خۆزیا خەجێی خێزانم مابایە، ئەوسا دەمزانی بۆ خۆمان، دەچینە کوێ و لە کوێ دەژین. منەتی ئەوانەم بۆ هەڵدەگرت.

ئۆ هۆ هۆ، ئەو تکە تکە چییە! هەر ئەو نەگبەتییە مابوو. لە کوێشیان هەڵواسیوە؟ لە بەرلمووزم، بەرانبەر جێی قەرەوێلەکە، ئەدی چۆن، دەزانن بەچی تووڕە و قەڵس دەبم، بۆیان دەرکەوتووە کە بەچرکە چرك و دەنگە دەنگی ناسان، ئیمان لە کەلەم نامێنێ، نەخۆشی منیان دۆزیوەتەوە. بە خوا بابە جوانە! پف. شەوقی لە پیسایی بڕیوە. ئەوەی ئەو جارە، خڕ و چوار چیوەییێکی چوار گۆشەیی هەیە، لە سعاتەکەی دی ناکا. ئەویان بازنەیی بوو. باشم ورد و خاش کرد، لەو پەنجەرەیەش پارچە و مارچەکانیم هەڵدایە خوارێ. ئاخۆ ئەوەیان بە چەند کڕیوە؟ کۆنەکە، سێ ساڵ پێش ئیمڕۆ، بە پازدە دینار، کڕا بێ. ئاساییە ئەوە گرانتر بێ. گەورە ترە و مۆدیلی تازەشە. شت گران بووە، ڕۆژێ لەمەوبەر، شتێ بە دیناری

بووبێ، ئیمڕۆ بە سێ و چوارە. منەتیشم بە سەرەوە دەکەن.

«سعاتمان بۆ ژووری باوکم، بەوەندە دینارە کڕیوە. هێشتاش نا ڕازییە، هەر پێمان دەکرێ، پارەی بۆ سەرف کەین.»

نەعلەت لە خۆتان و سعاتتان بێ. من بم، بەو پارە جوانە، شتێکی بە کەڵك دەکرم، چۆن ئەو پارچە تەنەکە و میل و شتە قۆڕانە دێنمەوە. بابە من حەزم لە دەنگە دەنگ نییە، بۆ وازم لێ ناهێنن. شتێ کە بیرەوەرییەکانم بورووژێنێ و خەفەتم بداتێ، بۆ لە خۆمی دەکەمە بەڵا. نەء. سعاتم ناوێ. سعات بۆ پیاوی گەنج باشە، بۆ ئەوانە باشە کە هێشتا سوێیان لە تەمەنی عومری ڕابوردوو نەبۆتەوە. بۆ ئەو کەسەیە کە هێشتا تاڵی و ترشی ژیانی نە چەشتووە.

هێی، هێی! دەزانم بۆ وام لێ دەکەن. ئێسکم گران بووە، هەر ئەوەیە و بڕایەوە. ئەدی چۆن دەریبڕن. خۆ دەرم ناکەن. بە زمان ناوێرن، بیڵێن. ناچارن بەم کارانە ئازارم بدەن. ئەی چۆن؟ نە ئیش، نە کار، دەخۆم و دەنووم و دەڕۆم. چۆن لێم بێزار نابن؟ چی بکەم، ئەگەر پیر و بێ تاقەت نە دەبووم، دەمزانی چ ئیشێکم دەکرد. ئەوەی بیەوێ، ئیش، زۆر و زەوەندە. کوڕە بڕۆ، ببە بۆیاغچی، وردە واڵە فرۆش. گوڵەبەڕۆژە بفرۆشە، عەیبی تێدا نییە. بەڵام من. ئەوەشم پێ ناکرێ. ئاخ پیری! نەخۆشیش بی، هەر بە جارێ دەکەوی. کێ کارم پێ دەسپێرێ. بۆ نایدەنە یەکێ، چوارشانە و بەهێز و مل ئەستوور بێ. تیتراوسکی وەکو منیان بۆ چییە، ئێرە و ئەوێ بڕۆم، بەردەبمەوە. چیم پێ دەکرێ؟ دەرۆزە کردنیشم پێ ناکرێ. مەگەر بچم لەبن دیوارێ، یا لەبەر دەرگای مزگەوتێ، یا لەبەر دەرگای دائیرەیێ، دەستەسڕ ڕابخەم و لە خەڵك بپاڕێمەوە. وەکو دەرۆزەکەرانی دی، ناتوانم لە جادەکان بسووڕێمەوە. ئەوە لە کوێ بەمن دەکرێ، ئەو چاخانە و ئەم کوڵان ئەو دەرگا بکەم. نەء، پێم ناکرێ. پاشان پێشم بکرێ، نایکەم،

عەیبە، شوورەییە. دەرۆزە ناکەم. شوورەییە، پیاو دەرۆزە بکا. لە برسا بمرێ باشترە. ئەو دەرۆزەکەرانەی ئێستا، هەموو ساختەچین، تەڵەکەبازن، خوێڕین، لە ژێرەوە چ شتێ دوور بێ، لە ڕەوشت، دەیکەن. بەڵام ئەدی چی بکەم، خۆم بکوژم، جا لە کوێ، چۆن بە چی، کەی؟ ناوێرم خۆم خۆم بکوژم. دەستم ناگرێ. یەکێ هەبوایە، ئەو کارەی لەگەڵ کردبام، شتێکی چاك بوو، زووش بیکوشتبام زۆر ئەزیەتی نەدابام، یەکسەر لە ماوەی یەك دەقیقە کۆتایی بە ڕۆحم بێ قبوڵمە. جا کێ ئەوە دەکا؟ لەوانەیە بە پارە بکرێ. هەیە دەیکا. ئەرێ وەڵڵا، زۆر هەن، ئیشیان ئەو کارەیە. بڕۆ پارە بدە، مەلا لە مزگەوت دەرکە. ئەوەش بۆ من ناچێتە سەر، پارە لە کوێ بێنم ناکەم، کوڕە بە قەرزیش بە دەستم ناکەوێ. چونکە پارەیێکی ئەستووری دەوێ. کێ ئەو هەموو پارەیەم دەداتێ. لە مێژە بیر دەکەمەوە. ئەگەر وا بڕوا، چارم نا چارە، دەبێ ڕێگایێ، لەمانە هەڵبژێرم. دەرۆزە کردن.. خۆ کوشتن.. خۆ کوشتن و ئەوی دی، هەر مەڵێ. چونکە ترسنۆکی وەکو من، ئەوانەی لە دەست نایێ. جاران بووایە ئێ. کەواتە دەبێ، دەرۆزە بکەم. قەیناکا، چەند ڕۆژێ دەرۆزە دەکەم. بەس چەند ڕۆژێ، تا ئەو کاتەی فەرهاد دەمبینێ، ئەو کات واز دێنم. خۆ نایکەمە پیشە. دۆزیمەوە. بەر دەرگای دائیرەکەی فەرهادیش باشترین جێیە. لەوێ، هەر هیچ نەبێ، یەك دوو هاوڕێی فەرهاد دەمبینن و دەمناسنەوە، دەزانن، باوکی کێم؟ سەد جار منیان دیوە، ئەدی چۆن نامناسن، وای دەنا وایان بدیبام. ئەوسا دەمزانی فەرهاد چی لێ دێ. تەریق بوونەوە. چی؟ بڵێ مردن. وا بکەم باشترە، ئەگەر وا نەکەم نایێنەوە سەرەخۆ. بە تەنێ فەرهاد نا، ئەوانی دیش. تك، تك، تك.. دەنگی چەند ناخۆشە، دەنگ. گوایە تێناگەم بۆچی هێناویانە. هەنووکە لێیان بپرسی، دەڵێن: بۆ جوانی ژووری باوکمان هێناومانە. بابە من بەو پیرییە جوانیم بۆ چییە؟ نا بابە نا، چۆن جوانیم بۆ چییە. شتی جوان هەر جوانە. بەڵام دڵنیام ئەو سعاتە بۆ

جوانی، لێرە، هەڵنەواسراوە. بەڵکو بۆ ئازاردان و بێزارکردنمە. ئەگەر وا نەبێ، بۆ گوێ نادەنە هەست و نەستم؟ بۆ گوێ نادەنە قسەکانم. چەند جار پێم گوتوون و خۆشم لێ توورە کردوون کە کاریان بەچۆنیەتی ژیانی منەوە نەبێ. ئەوانیش وەکو ژنەکانیان گوێم نادەنێ. بە قسەی وان، هەڵدەپەڕن. هەی «زڕ جووینە.» بەسە، تاکەی. جاران وا نەبوون، لەوەتەی ژنیان هێناوە، بە تەواوی هەڵسوکەوتیان لەگەڵم گۆڕاوە. جاران ئەو جێیەیان ماچ دەکرد، کە منی پێدا تێ دەپەڕیم. ڕۆژێ بیست جار، دەهاتنە سەرێ و هەواڵیان دەپرسیم. زۆر جار، بە زۆر دەیانبردمە خوارێ و شەوان نەیاندەهێشت بگەڕێمەوە ئەو ژوورە و لێرە بنووم. بەڵام ئێستا، ئەگەر ڕۆژێ جارێ، ئەزیەتی بەسەرکەوتن بکێشن، مەمنوونم. پاشان لە دوورەوەش، بە نابەدڵی هەواڵم دەپرسن: «بابە چۆنی.» ئەدی بۆ بیست و چوار سعات لەگەڵ ژن و منداڵی خۆیان، ڕوویان خۆشە و بەتەنگ تەندروستییانەوەن؟ پشیلە بڵێ میاو، دکتۆر و نەخۆشخانە ئامادەن. نیوە شەویش بێ، بە کۆڵان و جادەکان دەکەون. منیش وا دەتلێمەوە، کەس نالێ ماڵت لە کوێیە؟ شەوان لەبەر پشت ئێشان، خەوم لێ ناکەوێ. نازانم ئەو پشت ئێشانە چییە تووشم هاتووە؟ لەوەتی بەبیرم دێ، تەنیا یەك جار، منیان بردۆتە نەخۆشخانە، لای دکتۆری تایبەتیش نا. ئەویش بە زۆری خۆم، ئەوەندەی پێیان بڵێم. چاکیش نەبوومەوە. جا کێ بەجارێکی نەخۆشخانەی ئاسایی چاك دەبێتەوە، تا من چاك بمەوە. خۆت خەمی خۆت نەخۆی، پێستەت دەچێتە دەباغخانە. پەح. پارەی خۆت هەبێ، بڕۆ لە چارەی خۆت بگەڕێ. نازەنین زۆر لەم بێ نامووسانە بەزەییترە.. تا لەوێ بووم لە بەرم ڕاوەستابوو. ڕووی سپی بێ. لە ماڵی نازەنین ناحەوێمەوە، دەنا بۆ خۆم بە یەکجاری لێرە بارم دەکرد. چی بکەم، بێرە ڕاهاتووم. لەجێی دی ناحەوێمەوە. ئەویش بەختی منە. منداڵەکانیشیان بەخۆیان چووینە. دەڵێی شەیتانن. سەگ بابانە، گاڵتەم پێ دەکەن، زمانم لێ

دەردێنن. خۆ ناوێرم بانگیان کەم، دەکەنە بەزمی خۆیان. ئیشی ناز هەڵگرتن و ڕوو پێدانە. خۆشەویستی و لە دوودان لە سنووری خۆی تێپەڕێ، ئەنجامی خراپی لێ چاوەڕوان دەکرێ. منداڵ پەروەردەی باش بێ، پاشەڕۆژی خۆتی لێ ببینە. ئەمن کە منداڵ بووم، بە بیرم دێ چۆن ڕێز و حورمەتی دایکم و باپیرەم دەگرت. ئەگەر چی بە هەتیویش پەروەردە کرابووم و دایکم بە شەونخوونی و ئیشی ناومالان گەورەی کردبووم، باشە بۆ ئەمن وەکو ئەوانەم لێ نەهات؟ فەرهاد و ئازاد و نازەنینیشم بە شێوەی پەروەردەی دایکم بەخێو کرد، کەچی نازانم بۆ وا گۆڕاون؟ ئاشکرایە، شتی پڕوپووچ و ڕواڵەت و هاوڕێ خراپ و ئەم ئافرەتانە بزانن، دەردەی ئەو ژنانە لە هەمووی گرانترە. کچی حەمەد ئاغان. تەڕەماشن.. یەکێکیانی لێ بچێتە دەرێ، ئەوانی دی بە فلووسێك. حەبیبە کە دەقیژێنێ، دەڵێی قازە، ئەوەی دی، ملی دەڵێی ترترۆکە. بەڵام ژنی ئازاد ژنێکی زۆر باشە. زۆر ڕێزم دەگرێ. زۆر جار دیومە، لەسەر من لەگەڵ نەجیبە تێك گیراوە. بە خوا بابە زۆرم ڕق لەو نەجیبەیە. ئەدی چۆن؟ من بۆ ئازادم هێناوە. باوکیشی هاوڕێی منداڵێم بوو. خەڵکی یەك گوندین. پار مرد. خوا لێی خۆش بێ. پیاوێکی زۆر باش بوو. لە منداڵی ئەویش، خراپی لەگەڵ باوەژن بە سەرهات. بە دەست باوەژنەوە، هەر شەوێ، لە جێیەك دەخەوت. لە ترسان، چەندەها جار، لە جادە و کۆڵان و چوڵەوانی دەمایەوە و نەدەوێرا بێتەوە ماڵێ. بە خوا بەستەزمانەی ئەویش تا گەورە بوو و ژنی هێنا، دەرد و ئازاری دیت، ئەهـ.. کافر نەیبینێ و نەکەوێتە بن دەستی باوەژن. ئەم کچەشیان نۆبەرە بوو. ژنەکەشی هێشتا ماوە. گەلێ جار، کە دێ سەر لە فاتم بدا، چاوم پێی دەکەوێ، جەرگم بۆی ژان دەکا. لە بێ کەسی و بێ خزمەتی، چاویشی کەم بینا بووە. ئێ پیریش بووە، کوێر نەبێ باشە. چاوی منیش خەریکە، کەم بینا دەبێ، جارێ بە شەو، هەر نابینم. دەبوایە عەینەکی بگرم. ئەگەر دکتۆرێ هەبا تەماشای بکا، چارەی دەکرا.

بە تەمای کێ بم. وا چاکە سبەینێ بچمە لای دکتۆرێ. ئەدی چییە. ئەو پارە کەمەی کۆم کردۆتەوە، لە خۆمی دەدەم. پارەم بۆ چییە؟ پیاو لە ژیان، تەندروستی باش بێ و بە ساغ و سەلامەتی بژی، هەموو دنیا دێنێ. چاوەڕوانی فەرهاد و ئازاد بم، کەشکم لێ دەبێتە فەریك. تك، تك، تك، تك. دیسا دەستی پێ کردەوە. نازانم بۆ کە گوێم لە دەنگی سعات دەبێ، سوێم دەبێتەوە. هەست بە غەریبی و کەساسی و تەنیایی دەکەم. ئەو هەتیوانە باوەڕ ناکەن، بۆ ڕقم لە سعات دەبێتەوە. لە دڵی مندا نین.

نازانن، چ ئاگردانێ وا لە ناخمدا هەڵاوی بەرز بۆتەوە. لە جیاتی دڵم بدەنەوە، پتر بە شتی پڕوپووچ برینم دەکولێننەوە. «کوڕم ئەوەی پیر بێ، دنیا دەبینێ. تاقیکردنەوەی لەئێوە زیاترە. بۆ وا لەگەڵ گەورەی خۆتان دەجوولێنەوە، بەم شێوە پاداشتی گەورەکردن و بەخێو کردنتانم دەدەنەوە.» با بێنەوە بزانە چی دەکەم. خۆم دەچمە خوارێ. ئەوان نایێنە سەرێ. بەڵام لەوانەیە ئیمڕۆ بە سەرکەون. ئا دێنە سەرێ. کە بزانن هاتوومەتەوە. دێن بە فێڵی بەخێرهاتنەوە، سەرنجی کارتێکردنی تێکوپێکدانی کەلوپەلەکانی ژووری بدەن. کەواتە با پێش ئەوەی بگەنەوە ماڵێ، ئەو سعاتەشیان بۆ دەرمان کەم. نەء ڕادەوەستم. تا دەگەنە لام، ئەوسا لەبەر دەمیان بە عاردی دا دەم. شارەزامن، دەزانن کە تووڕە بم، چۆن دۆ و دۆشاو تێکەڵ دەکەم. وەختی خۆی باشم کوتاونەتەوە. ئێستاش وایان لێ دەکەم. با بێنەوە. بزانە چییان لێ دەکەم. تا گەرووم هاتووە. بەسە. چیدی لێ ناگەڕێم، بە کەیفی خۆیان ژیانم هەڵسووڕێنن. جارێکی دی سعات لە ژوورەکەم هەڵبواسنەوە. دەچم ئەوانی ژوورەکانی خۆشیان ورد و خاش دەکەم. فزەشیان بێ، فزەیان دەبڕم. ناوێرن لەبەر دەمم ڕابوەستن، ئاخر جاریش بێ، ئەوەی لە دڵمدایە، هەڵیدەڕێژمە سەر سەر و گوێلاکیان. خۆ دەرم ناکەن. وەڵڵا لە دەستیان دێ، زۆر منداڵم دیوە وایان کردووە. بەڵام ئەوانە لەگەڵ من پێیان ناکرێ. چونکە خانوو خانووی خۆمە، دەتوانم هەر چ وەختێ بمەوێ دەریان

کەم. با خۆیان و ژنەکانیان بڕۆن. بزگوڕیان فڕێ دەدەمە کۆڵانێ. ئەوا دەنگی دەرگا دێ. لەوانەیە فەرهاد بێ هەر ئەوە زوو دەگەڕێتەرە. با بچمە خوارێ. با پێش ئەوەی پێ باوێتە ژوورێ، بەرەنگاری بمەوە و تێی هەڵدەم، بە سەریدا بقیژێنم. ئەرێ وەڵڵا وا دەکەم. تا دڵنیا بێ، کە من هێشتا ماوم. ئەگەرچی هێزی جارانم نەماوە، بەڵام توانای قیژاندن و دەست ڕاوەشاندنم هەر ماوە.

هەولێر – ١٩٨٣

# نهێنی

تـا بـەسەر پـێبلـیکـانـەکـان کـەوت هـەنـاسەبڕ بـوو، تـەنگە نـەفـەس بـوو. قـەرەبـاڵغی نـاو ڕێڕەوەکەش هێندەی تر تـەنگی پێ هـەڵچنی. قـەڵس و تووڕە کەوتە بیرکردنەوە.

(ئێرە بـەردەوام وایە، جاری پێشووش کە منیـان بـەزۆر هێنـایە ئێرە هـەر وابوو. وا دیارە ساڵ دوانزدەی مـانگ شێت و کەم عەقڵ و سەر لێشێواوی لێ نـابڕێتەوە. جا لـەمانە پتر کێ سەر بەم جۆرە شوێنە نـا ئـاساییانە دەکا. بـاش نییە ئەو هـەموو مەردومە جێیان لەو قوونە سەیە دەبێتەوە. بـە خوا بـابە شوێنێکی خراپی هـەیە، بـەرز و تـەسك و تریسك، لـە نـهۆمی سەرەوەش، پیاو تـا دەگاتـە سەرەوە هـەنـاسەی سوار دەبێ. کە گەیشتە سەرەوەش نۆرەی دەنگە دەنگ و هـەنـاسە و هـەوای پیس و بۆنی بۆگەنی و تێك قژ قژانی ئەم خەڵکە خەفەتبارە دەست پێ دەکا. ئەوەی پێ بـاوێتە ئەو دیو، گێژ و وڕ دەبێ. ئـاخر جێیەك پەنجەرەی تێدا نـەبێ و هـەواکەی بەردەوام نـەگۆڕێ لێرەی بـاشتر لێ نـایێ. نـازانم لـە کوێ بوەستم؟! ئەوەندەی دەگەڕێم شوێنێ نــادۆزمــەوە لــێی بــوەستــم. هــەتــا بــن دیــوارەکــانــیش جــمــەی دێ، لــە کورسییەکان هـەر مەپرسە جا بەم بێ تـاقـەتییە چۆن دەتوانم چەند سعاتێ بە پێوە بوەستم؟! خواش دەزانێ کەی نۆبەتم دێ بچمە ژووری؟ هـەر چۆنێ بێ دەبێ جێیەك بدۆزمەوە لێی دانیشم. خۆم بە پێوە نـاگرم. چۆکم ژان دەکا. ئەم دەرگایە نەگبەتییەش بـای سەر بەفری لێ دێ، وا لـە سەرمـا پشتم چوو. دەرەوە لێرە بـاشترە. ئـەگەر بـەفریشی لێ بێ، ڕەشەبـاش بێ، خۆ بۆن و هـەوای پیس گێژت نـاکا. دەرەوەی هـەوای پـاکە، ئەگەر جوان خۆت بپێچی

بــڕۆ ئــەم سەر و ئــەو سەری شار لــێك بـدەوە. نــاو بــازاڕ و قــەیسەری و گەڕەکەکان یەك یەك بەسەربکەوە. بۆ خەڵکی ساغ و دڵ خۆش سەری دێشێ. بەڵام بۆ یەکێکی من ئاسا هیلاکییە. ئەگەر وا نەدەبووم، خۆم دەمزانی بۆ کوێ دەچووم؟ چەندم حەز لێیە، وەکو جاران، بێ ئەوەی کەسێ ڕێم لێ بگرێ، بچمە دەرێ و پڕ بە سییەکانم هەوای پاك هەڵمژم و بێ خەم و بیرکردنەوە، ئەم سەر و ئەو سەر بکەم. نازانم بۆ لێناگەڕێن بەتەنیا و بە کەیفی خۆم بگەڕێم، چییان لێم دەوێ. خۆ شێت نیم، ئەگەر شێت بام دەیانبردمە شێتخانە. وەکو «گیراوێ» مامەڵەم لەگەڵ دەکەن، لە ماڵەوە بەندییان کردووم. بۆ ئێرە نەبا نەیاندەهێشت بجوولێمەوە. چی بـکـەم، خـوا خـوام بـوو لــە مــاڵــەوە دوورکــەومــەوە. ئــەوێش وەکـو ئـێرە قەرەباڵغییە، هەرا و هۆریایە. وەکو مرۆڤێکی نا ئاسایش چاو دێریم دەکەن. شەو و ڕۆژ دەورویشتم جێ ناهێڵن. براکەم وەکو کەلەشێری سەر بارەدار بەرانبەرم هەڵدەکورمێ، بێزاریان کردووم. تێم ناگەن، من حەزم لـە تـەنـیـایـیـیـە و ئـەوانـیش لـێم خڕ دەبنـەوە. زۆرم حـەز لـە تـەنیـاییـیـە، قەرەباڵغی پەستم دەکا و پەستی کردووم. دنیا تایبەتییەکەم لێ تێك دەدا، بیرکردنەوەکانم دەشێوێنێ. ئەتۆ بزانە تووشی چی هاتم؟! بارودۆخم وا نەبوایە دەمزانی دەچوومە کوێ!.)

نەیدەزانی چ بکا و تەماشای کام لا بکا و لە کوێ دانیشێ، ملی بۆ هەر لایەك دەسووڕاند هەر هەمان دەموچاو لەبەر دەمی قیت دەبۆوە. بۆیە ناچار ڕوانییە ئەوەی بەرانبەری. بینایی لە ڕوخساری ئافرەتێکی مات و مەلوولی گەنم ڕەنگی بەژن و باڵا خەم لەسەر نیشتوو چەقی. تێڕوانینی ئافرەتەکە گۆمی ناخی شلۆقاند، هەژایەوە، وروژا. وەکو چەندەها جاری دی کەوتەوە بەر هێزی شەپۆلی ئەو گفتوگۆ گەرمەی چەند ڕۆژێ لەمەوبەر براکەی و هاوڕێیەکی دەربارەی بارودۆخی ئەو سەرقاڵی کردبوون. وای زانی گفتۆگۆکە ئەم ئافرەتەش وەکو خۆی دەگرێتەوە.

(ئەوە جاری یەکەم نییە وای لێ دێ، دوو ساڵ لەمەو بەریش هەمان شتی بەسەرهات، بە تەواوی شێواوە.. ئاگای لە خۆی نەماوە.. خۆشی نازانێ چی دەکا، هەڵسوکەوتی سەیرە، شەو و نیوەشەوی لا نییە، گریان و پێکەنین پێکەوە گەمارۆی دەدەن. ئەوەی لە هەموو شتێ پتر سەرنجم ڕادەکێشێ، مووکێش و مقەس و ئاوێنەکەیە.

خووی بەم شتانەوە گرتووە. هەر کە دەشچێتە بەر ئاوێنە بەسعات لێی دوور ناکەوێتەوە. سەیریش بەرانبەری دۆش دا دەمێنێ، مووکێشەکەشی هەر بە دەستەوەیە. دەم نا دەم دەکەوێتە گیانی برۆکانی، تاڵە موو بە دوای تاڵە موو دەریان دەکێشێ.

بیبینی سەرت سوڕ دەمێنێ، دەڵێی کۆسە بەبەیە! ئەوسا بە مقەسەکەش پرچی دەبڕێتەوە. خۆی کەچەڵ کردووە. پرچی هەمووی خواروخێچ و کورت و درێژە، لە پێشەوە درێژە، لە دواوە ڕووتاوەتەوە. زۆر جار یەخەم گرتووە و خۆم لێ تورە کردووە، گوێ ناداتێ، توورە دەبێ، بە هەموو هێزێکیشیەوە بە سەرمدا دەقیژێنێ. هەر ئەوەتە پڕم ناداتێ و: چ «چیت لێم دەوێ، بۆ وازم لێ ناهێنی؟. بشمری پێت ناڵێم بۆ وا دەکەم، نایدرکێنم، بڕۆ لێمگەڕێ، بۆ دەتەوێ بە زیندوویەتی گۆڕم بۆ هەڵکەنی و بە زۆر لە گۆڕم پەستی. هەر ئازای خۆت و منداڵەکانت پێم پێبکەنن، دەڵێی حەسحەسی بە دەورمدا دەسووڕێیەوە، بابە هیچم نەدزیوە.. دز نیم.»

ئەوسا دەداتە پڕمەی گریان و بە تاو غار دەداتە دەرێ. تا نیوەی شەویش ناگەڕێتەوە. زۆر جار بەرە بەری بەیانی، دەنگی گریانێ بە خەبەرم دێنێ. کە هەڵدەستم سەرم سوڕ دەمێنێ؛ دەبینم ئەوە، مات و مەلوول، فرمێسك لە چاوەکانی دێتە خوارێ، هێندەی دەکەم ناوێرم بڵێم بۆ دەگرییێ، لەوە دەترسم بەهەمان شێوە بە ڕوومدا بتەقێتەوە.

بۆیە منیش بە ناچاری بەرانبەری دۆشدا دەمێنم و بەبێ دەنگی لێی ورد

دەبمەوە. کە چاوم بەفرمێسکی سەر گۆنای دەکەوێ، وا دەزانم ڕێبوارێکی وێڵ و سەر گەردانم و لە ڕۆژێکی تووشدا ڕێم ون کردووە، ڕەشەبای تێ ڕوانینەکانیشی لەهەموو لایێکەوە تووڕەیی و ناڕەزاییم بەسەردا دەبارێنێ. تووڕەیییەکەیشم لێ دەبێتە ئەو لافاوە هەڵچووەی خەم پاڵی پێوە دەنێ و نهێنییەکی شاراوەش مەمکی دەداتێ. لافاوەکەش دێتە پێش.. تا ئەو ساتەی لە سنووری خۆی دەپەڕێتەوە. پاشان باڵندە، خانوو منداڵ، پیر، ئافرەت هەرچی دێتە ڕێی، ڕایدەماڵێ. دەیانداتە پێش خۆی.. دەڕوا.. دەڕوا، تا لەسەر کێوێکی هەزار بەهەزاردا هەڵیان دەداتە خوارێ.

بۆ هەر یەکێ دەگێڕمەوە سەرسام دەبێ و بە جۆرێ لێکی دەداتەوە.

– مەسەلە خۆشەویستییە.

– لە ئەجندە و مەجندە ترساوە.

– تووشی نەخۆشی نەدرکاندنی حەزەکانی هاتووە و نهێنییەك سەری لێ شێواندووە. لە منداڵییەوە هەر کە ویستوویەتی شتێ بڵێ دەمکوت کراوە. بۆیە هەنووکەش وا دەزانێ ئەگەر نهێنییەکەی بدرکێنێ لە دەمی دەدەنەوە.

– نەتان بردۆتە لای شێخ و مشایخێ؟!

چەند مەزار و شێخمان پێ کردووە، بێ سوود بوو. دوێنێش بە هەزار حاڵ بردمانە لای دکتۆرێ، لەوێش شەرمەزاری کردم، مردم و سووتام تا چووە ژوورێ.

«ناچمە ژوورێ، ئەگەر بچمە ژوورێش بۆی نادرکێنم، چونکە ئەویش وەکو تۆ تێم ناگا. ئەویش گاڵتەی بە قسەکانم دێ. جا بۆ خۆم بکەمە گاڵتە جاڕی گەورە و بچووکی ئەو شارە.» خۆزگە نەمانبردبایە، بەسەری تۆ کە چووە لای دکتۆرەکەش هیچی بۆ نەدرکاند.

– ئێ بە زۆر دەبوایە....

لەوێ خەرێك بوو بیدەمە بەر شەق و شولاق. دکتۆرەکە پیاوێکی گەلێ باش بوو، گوتی: قەیناکا، برۆ بیبە شوێنێکی دوور و لێرەی دوورخەوە، لێرە بێزارە، شتێ پەیوەندی بێرەوە هەبێ، ئازاری دەدا «گەشت بۆ مرۆڤی وا زۆر بەسوودە.» بەڵکو لە گەشتەکەدا بەستەڵەکی سەر نهێنییەکەی بتوێتەوە.

تەزووێکی سارد بە لەشیدا هات. شەرم دایگرت. بەڵام کە بیری لە خۆی کردەوە، پەردەی دوودڵی و ڕاڕایی، دیسان بەسەر ویستی درکاندن و بڕیاری چوونە لای دکتۆری دا درایەوە.

لەم ساتەوە جێم هێشتووە وا دەزانم ژانی هەموو دنیا سەرچاوەکەی لە ناخی منەوە هەڵدەقوڵێ و لە لەشی منیشەوە دابەش ناخی ئەوانی دی دەبێ. لە سەدا هەزار ئەویش وەکو من، لە منیش خراپتری لێ هاتووە. چی بکەم، بەدەست خۆم نییە، بوونم ڕێی نەدام خۆم بخەمە بەر زەبری دۆڵ لێدانی ئەو خەڵکە دڵ پیس و کەم باوەڕەی دۆڵ و زوڕنا بۆ هەزارانی من ئاسا لێ دەدەن. بڕیاری چیم دابایە:

نەیهێنی، پاشان دەبێتە بارێکی قورس بەسەر شانتەوە. بۆ هەمیشەش وەکو مۆتەکە لەسەر سنگت بارگە دەخا. بەرماوی خەڵك دەخۆی؟ تا پێی کرا لەژێر خەڵکدا پان بۆوە، هەزارانی وەکو تۆی بەرێ کردووە. خۆ شێت نەبووی، خۆشەویستی چی، تەڕەماشی چی؟! ئافرەتی وا بۆ تێهەڵدان و ڕیسوا کردن باشە. ئەو بێ ئابڕووە، ئەو سووزانییە، ناموسی لا نەماوە، تۆش دەتەوێ بەر دەرگات ببێتە شانە مێروولەی منداڵە ورتکان ... : ئەو سەقەتەت بۆ چییە؟! هەنگوینێ بەسەدان جار دەمی پێدا کرابێ، چی لێ دەمێنێتەوە؟

بەزەییت بە چی دێتەوە، ئافرەتی وا بخە ژێر قاچەکانت. دوایی بیهێنی ئابڕووشت دەچێ.» مێشکی کەوتە زۆرانبازی:

(نەکەی بەدوایدا بگەڕێیەوە، دوایێ تۆش نوقمی دەریای بێ ئابڕوویی دەبی، لە ناو دەچی. ژانی ئێستا خۆشترە لەوەی پاشان ئەو سەگانە، بە ڕووتدا بحەپن.)

(نەء، خۆشم دەوێ، ناتوانم بێ ئەو بژیم. یەکێکی دی بێ لە جێی من گوێ ناداتە کەس و دەچێ ڕزگاری دەکا. ناهێڵێ چیتر زریانی ڕۆژگار، بیداتە بەر زەبری خۆی.)

(دنیایێکی جەنجاڵە، دنیایێکی پڕ کارەسات و پڕ هەژار و سەقەت و بێ ئابڕووە.)

(کەواتە بەدوایدا بگەڕێوە. نەء، ناگەڕێمەوە)

دکتۆر.. نەخۆش.. من شێتم.. ئەوان شێتن. کێ دەڵێ من نەخۆشم.. ئەی ئەوان چین؟! گوایە ئەوان ساغن.. نەء، ئەوان نەخۆش، من نەخۆشم.. ئەوان شێتن.. من شێتم.. دکتۆرن.. من دکتۆرم.. ئەوان دەردوبەڵان.

سەری لێ شێوا. بۆیە بەپەلە عیادەکەی جێ هێشت و بەرەو ئەو شوێنە ڕۆیشتەوە کە هەموو ڕۆژێ، هەستی لە دایکبوون و دۆزینەوەی ڕاستییە شاراوەکانی پێ دەبەخشی.

١٩٧٨

## سەفەر

دە ساڵ پـێش ئـیـمشەو بـێ ویستـی خـۆم ئـێرەم جـێ هـێشت و لـێرە دووركەوتمەوە. لە دوور وڵاتان لە غەریبیان سۆمایی چاوم داهات. وا هاتمەوە. چەند خۆشە! ئەوا جارێكی دی پێ دەنێمە سەر خاك و خۆڵی هەمان كۆڵان، پێی شاد دەبمەوە. چۆن پێی شاد نەبمەوە؟ ئاخر ئێرە جێ مەنزڵگای خۆ گەوزاندن و یاری و گەمە و گۆڕەپانی غار غارێن و هەستان و دانیشتن و خۆ بە عارد دادان و غەزرین و ڕاست بوونەوە و شەڕ و شۆڕ و زیزبوون و ئاشت بوونەوە و بینە و بەردەی منداڵی و هەرزەكاریمە. هەر ئێستا لە سەری كۆڵانەوە پێ دادێم، یەك لە دوای یەك بەشتەكانەوە دادێم. خـاك و خـۆڵ و داروبـەرد و پـەنجەرە و دەرگـای خـانـووەكـان و گـەچ و چیمەنتۆ و قوڕی سەر دیوارەكان ماچ دەكەم، بۆنیان دەكەم، خۆم پێیاندا شۆڕ دەكەمەوە. ئەوانیش دەموچاو و لێو و لەشم ماچ دەكەن، بۆنیان دەكەن. ئای لەو خۆشییە! وا خەریكە لە خۆشیان دەبوورێمەوە. ئێستا خۆم وەكو سەردەمی منداڵی دێتە بەرچاو! هەر وەكو منداڵێ خۆم بەردەدەمەوە، ڕاست دەبمەوە، لـەو سەری كـۆڵانـەوە تـا ئـەو سەری كـۆڵان خـۆم غـلـۆر دەكەمەوە. غاردەدەم، دێمەوە. هەست بە شەرم و شوورەیی ناكەم. حەزم لە چی بێ، چیم پێ خۆش بێ، دەیكەم. وا دڵم دەكرێتەوە، وا پەژارە و دڵتەنگی و ژان و سوێ بوونەوەی لێك دابڕان و دووری ئەو دە ساڵەم دەسڕێتەوە. ئێستا هەست بەخۆشی بوون و گەورەیی خۆم دەكەم. ئەوەی چوو با بڕوا و نەگەڕێتەوە.

هـەمـوو شتـێ وەكـو خـۆیـەتـی، نـەگۆڕاون. ئـەوە بـۆ هـەمـوو شتـێ وەكو

خۆیەتی؟ چۆن دەبێ؟ دەبووایە زۆر شت گۆڕانی بەسەر دابێ. ئەوەتانێ لەبەر تیشکی گڵۆپی ژێر ئەو تارمانە، جۆگەلە باریك و خوار و خێچەکەم لێ دیارە، کۆنە پەڕۆو وردە بەرد پڕیان کردۆتەوە، لێرە و لەوێش پەنگاوەتەوە. جاران بۆ پاك کردنەوەی ئەو جۆگەلەیە، دەبوایە ڕۆژێ، ئافرەتێك، یا پیاوێك خۆی لێ هەڵبکا و بەخۆی و خاکەنازەوە ئەم سەر و ئەو سەر بکات. وا دیارە ئێستا ئەو تاقەتەی جارانیان نەماوە. بۆیە وا بە پیسی ماوەتەوە. ئاخۆ بۆ پاکی ناکەنەوە، تۆ بڵێی شتێ ڕێی لێ نەگرتبن؟! جا کێ دەڵێ ئەوانەی جاران ماون، کێ ناڵێ کۆمەڵە خێزانێکی بێ زەوقی تەمبەڵ جێی نەگرتوونەوە؟ هەموو شتێ دەبێ، چونکە هیچ کەسێ، تا سەر لەجێی خۆی نامێنێ. ئیمڕۆ لێرەی، سبەینێ لەشوێنێکی تر. ئەوەش نەبێ، مردن لە گۆڕێیە بەتایبەتی پیرەکان. کوڕە ئەوانی دیش. بۆ دیارە هەر پیر دەمرێ. نەء، وانییە. هەموو مرۆڤێ ئەو ڕێیەی لە پێشە. ئاخۆ چەندیان مردبن؟ پێم ناخۆشە، ئاواتە خوازم هەموویان جارێکی دی ببینمەوە و هیچیان لێ نەهاتبێ. بەڵام مەرج نییە هەموویان ببینم. لەوانەیە کۆمەڵێ دەموچاوی نوێش. بەرچاوم بکەون. لە خوار جێی پەنگانەوەی جۆگەلەکەش چاڵێ هەبوو، هەندێ بچمە پێش، لێم دیارە دەبێ. ئا ئەوەتا هەنووکە بە باشی دەیبینم. بەڵام قووڵتر دێتە بەرچاوم، پان و بەرینیش کراوە. پێ دەچێ ئێستا بۆ شتی تر بە کاربێ، کراوەتە گوفەك. وا نەبێ بۆ قوتووی بەتاڵ.. پاشماوەی خواردەمەنی.. وردە شووشەی تێ دەپەستن؟ غەدریان کردووە وایان لێ کردووە. کۆڵانەکە خۆی پیسە، ئەو گوفەکەش هەر بە جارێ پیسی دەکا. مێش و مەگەزی دنیایێ لێرە کۆدەبنەوە. بۆنی بۆگەنیش مێشك گێژ و وێژ دەکا. کێ دەوێرێ بە تەنیشتیدا تێپەڕێ. مخابن ئەو کۆڵانە وا بێ خزمەت کراوە.

لەو سەری کۆڵانیش، بە دەستە چەپدا بسووڕێیەوە، ڕیزە دوکانێ. یەك بە دوای یەك، کە بەرەو شەقامی گشتی هەڵدەکشان، سەرنجیان ڕادەکێشا.

دەچم سەرێکیش بە دوکانەکاندا دەگرم. جارێ هەتا هەموو شتێ بەسەر نەکەمەوە ناچمەوە ماڵێ. لە مێژە ئەو دەوروبەرەم نەدیوە، با تینوویەتی چاو و دڵ و دەروونم بشکێنم، ئەوسا دەچمەوە. دوکانەکان هەموو داخراون. شەوە دەنا پێ دەکەوتم ئاخۆ دوکاندارەکان کامیان ماون و کامیان نەماون. جاران دوکانی یەکەم و دووەم داخرابوو، سێیەمین دوکان، هی سەوزە فرۆشەکە بوو. چوارەمیش هی کوتاڵ فرۆشێ. هێندە بەینم لەگەڵ سەوزە فرۆشەکە نەبوو، بەلاّم کوتاڵ فرۆشم زۆر خۆش دەویست. پیرە مێردێکی بە ساڵاچوو بوو. سبەینێ سەرێکی لێ دەدەم. بەلاّم کێ دەڵێ ماوە؟ مەرگ پەلکێشی نەکردبێ! تەمەنی شەست حەفتا ساڵ دەبوو بۆیە وا دەڵێم. خزمێکی بۆی گێڕامەوە، گوایە وەختی خۆی لە گوندەکەیان دەست لەگەڵ. ژنێکی بە مێرد تێکەڵ دەکا. کە ئاشکرا دەبێ ژنەکە دەکوژن و ئەمیش دەربەدەری ئێرە دەکەن. پاشان لێرە ژن دەهێنێ. بە خوا بابە پیاوێکی هەژار و داماو بوو، وەرە سێ کوڕ و کچێکت هەبێ، ئەوجا وات لێ بێ. وەرە بەم پیریە ماندوو بەو شەونخوونی بکێشە، جەنابی ناموبارەکیشیان کەشخە و سەنتەنەت لێدەن. منداڵی وا بێ بەزەییم قەت نەدیوە. ئەو دوکانە مانگێ بێ خاوەن بمابایەوە یەکێکیان نەدەچوو. بەسەریدا بگیرسێتەوە.

سەرتاشێکیش لە تەنیشت پیرەمێردە بەساڵاچووەکە بوو. ناوەکەیم لەبیر نەماوە. کوڕێکی ڕوو خۆش دیاربوو، زۆر جاران کە بەوێدا تێ پەڕیبام، بە گەرمی چاك و چوونی لەگەڵ دەکردم و پێی لەسەر ئەوە دادەگرت، کە دەبێ دانیشم.

– «ئاخر نابێ، دەبێ چاییێك، ساردێك هەر بخۆیتەوە.»

– لە تەنیشت ئەویش، قەسابێکی ورگ زل و سمێڵ فش، بە قسە قۆڕ و بێ ماناکانی، ڕوو بەڕووت دەبۆوە. بێزت لە قسەکانی دەهاتەوە، دەتگوت

کەرە دەزەڕێ. بێ ویژدانیش بوو ئەمما بێ وێژدان. ئەگەر گۆشتت لێ کڕیبا بێ شك فێڵی خۆی هەر لێ دەکردی. خۆشت نەتدەزانی چۆن پارچە بەز و ئێسك و ڕیخۆڵەکانی بۆت لوول دەدا. قەسابی تریش لەو بابەتەی ئەو زۆر هەبوون، هەنووکەش زۆرن. بە خوا بابە کابرایێکی ڕوو گرژ و چاوزەق بوو. ئەهـ هەموو کاتێ دەتگوت تەنەکەیێکی خواردۆتەوە. چاوی سوور هەڵدەگەڕا. هەمیشەش خەوی دەهات. زۆرم ڕق لێی دەبۆوە. خۆشم نەمدەزانی بۆ هێندە ڕەزای لەبەر چاوم گرانە؟ بەمن با نەیبینم. کە دەمدیت پەست دەبووم، بەر دڵم دەگیرا. بۆیە گۆشتم بویستبا لەوم نەدەکڕی، دەچوومە بازاڕ.

بازاڕ لەبنی دنیاش بایە پێم خۆش بوو، تەنیا چارەی ئەوم نەدیبا. دوو دوکانەکەی تریش کە لەوسەر پەڕگە بوون کرابوونە عەمباری گەنم. جار جارە نەیوایە نەدەکرانەوە. لە بەرانبەر دوکانەکانیشەوە بە دەستە ڕاست، دوو سەد مەترێ بە ناو خۆڵ و بەرد و چەودا هەنگاوت دەنا، پاشان دەسووڕایەوە. یەکسەر دەرگای قوتابخانەکەمان سەرنجی ڕادەکێشای، لە ڕۆژئاوای دیواری لای پشتەوەش سووچێکی تەنیا و لاپەڕ و چۆڵ و باریکە ڕێیەك دەیبردیەوە سەر شەقامە قەرەباڵغەکەی گەڕەگ. لەوێوەش بەرەو ناو بازاڕ و کون و قوژبنەکانی دی ناو شار. هێی، هێی، خۆزگەم بەو وەختی کە لەگەڵ میدیای کچی مام ئەحمەد بەوێدا تێدەپەڕین! ئەوەتا ئێستاش لە بیرم نەچۆتەوە! وا لەسەر دڵ و ناخ و دەروونمدایە. جاکێ هەیە هەوارگە و جێ ژوانی یەکەمین خۆشەویستی خۆی لە یاد بچێتەوە؟ میدیا گیان ئاخۆ ئێستا لە کوێی؟ تا جارێکی دی هەموو کەلێن و قوژبنێکی جاران بەسەر بکەینەوە. تۆ بڵێی شووت نەکردبێ؟

چەند خۆش بوو کە بە ترس و لەرزەوە لەو سووچە لاپەڕ و چۆڵەدا بۆ ماوەی تەنیا چەند دەقیقەیەك بە یەك دەگەیشتین! بەپێوەش یەکترمان

دەدواند. ئیٚ چی بکەین حەقمان بوو، دەترساین نەوەك یەکیٚ بمانبینیٚ. ئەدی جۆری نامە گۆڕینەوەکەمان بۆ نالٚێی. توخوا سەیر نەبوو. تۆ بڕۆ من بە دواتەوە. دەبووایە چەند مەتریٚ دووری تۆ بڕۆیشتبام. ئەوسا هەریەکیٚ لەلای خۆیەوە چەند ئاوڕێکی خێرای بۆ ئەم لاو ئەو لای خۆی دەدایەوە. پاشان کاغەزێکی نوشتێنراوەی فڕیٚ دەدایە خواریٚ. ئیتر تۆ تیژ تێت دەتەقاند. بیٚ ئاوڕدانەوەش ملی ڕێت دەگرت. پاشان تا ئەوساتەی لەسەر بان یەکترمان دەدیتەوە ئاگامان لەیەك دەبڕا. سەربانەکانیشمان دەیڕوانییە یەك، ئێواران بە ئیشارەت و دەست هەڵبڕین یەکترمان تیٚ دەگەیاند و بەڵێنمان تازە دەکردەووە.

(بەیانی سعات حەفت لە هەمان جیٚ.) هەموو ڕۆژیٚ ئەوە کارمان بوو. تا ئەو کاتەی من لێرە دوورکەوتمەوە. ئیٚ چی بکەین. نەماندەوێرا لەبەر دەرگا تەماشای یەکتر بکەین. لە کۆڵانی وا قەرەباڵغ، کیٚ دەیتوانی خۆی بجوولێنتەوە؟ بە ڕۆژ کۆڵان دەپەنگایەوە. پێش هەر دەرگایێك کۆمەڵە ئافرەتیٚ بە خۆیان و تۆپەڵە بنیشتی دەمیان وەکو حەسحەس چاودێرییان دەکردی. لە خوایان دەویست بتکەنە گریٚ کوێرەی بەر دەستیان تا هێدی هێدی بتکەنەوە و ئەوەی هەتە و نیتە هەڵیرێژن. پیاو کە بەوێدا تێپەڕیبا شەرمی لەخۆی دەکردەوە. جا ئێمە چۆن بەم حاڵە یەکتر ببینین و یەکتر بدوێنین؟ من کە بە تەنیاش بە بەردەمیان تیٚ دەپەڕیم ئارەقەی ڕەش و شینم دەکرد. پیاوەکان وا نەبوون. مرۆڤی زۆر بەڕێز و حورمەت و بیٚ قسوور بوون. چەند جاریش خۆم گوێم لیٚ بوو سەرزەنشتی ئافرەتەکانیان دەکرد، بەڵام بیٚ سوود بوو. هەر ئەودەم پاشان هەمان تاس و حەمام دادەمەزرایەوە. هەر لەبەر ئەو کارە ناشیرینەش بوو زۆر ڕقم لە زرڕایکم دەبۆوە. جاران لەو وەختانەدا کۆڵانەکەمان ڕەش دەچۆوە. تەنیا دوو گڵۆپ، یەکیان لەژێر تارمەکەی بەر دەرگای ماڵی حاجی ئەحمەد، ئەوی دیش لەو سەری کۆڵانەکەدا ڕووناکییان دەبەخشییە چەند بستە خاکێکی

کەم. جێگاکانی تر تاریکی باڵی بەسەردا دەکێشان. بەڵام وا دیارە ئێستا گڵۆپەکان زۆرتر بوون. ئەوەتانی ڕیزە دارتەلێك چەقێنراون و گڵۆپەکانیشیان داگیرساون. ئەوەیان شتێکی باشە، چونکە هەموو شتێ بە جوانی دەبینرێ. دەرگاکانم هەموو لێ دیارن. ئەوە دەرگایماڵی حاجی ئەحمەدە. ئەوی تر دەرگای ماڵی پوورە ئامینەیە. دەرگای ماڵەکەی خۆشمان ئەوەتانێ. هەمان ڕەنگی جارانیشی پێوە ماوە. نەگۆڕاوە. جاران ڕەنگی کەسکێکی تۆخ بوو. باوکم نایگۆڕێ. نازانم ئەو باوکەی منیش بۆ هێندە حەزی لەو جۆرە ڕەنگانەیە و خووی پێوە گرتوون؟ تۆ بڵێی پێوەندی بە باری دەروونییەوە هەبێ؟ یا پێوەندی بە پیربوون و گوزەران و کارەسات و هەبوونی و نەبوونی و نیگەرانی و کەڵەکە بوونی خەم و خەفەتی دنیاوە هەیە. کە لێرە بووم زۆر جار لێم دووبارە دەکردەوە، ئەم ڕەنگە بە ڕەنگێکی شین یا پەمبە بگۆڕێ، هەر گوێشی نەدەدامێ. ئاخر تازە گەنج شەیدای ڕەنگی کراوەن، حەز لە ڕەنگی تۆخ ناکەن، پێی دڵتەنگ و خەمبار دەبن. بگەمە بەر دەرگا، یەکسەر لە درزی دەرگاوە دەڕوانمە ژوورێ. حەزم لێیە پێش ئەوەی لە دەرگا بدەم و بچمە ژوورێ. بە کەیفی خۆم بۆ ماوەیێکی باش چاو بە ناو حەوشە و ژوورەکان و بن هەیوان و کەلێن و قوژبنەکانی دیدا بگێڕم. باشترە نەوەکو ماڵەکەمان لێرە نەمابێ. ئەوە دنیایە و هەموو شتێکی لێ ڕوو دەدا. کێ ناڵێ نەیانگواستۆتەوە جێیەکی تر؟! کە ماڵێ، خانوو، خانووی خۆی نەبوو. ئەوە ئاساییە ئیمڕۆ لێرە بێ و سبەینێ لە شوێنێکی تر. خانووەکەی ئێمەشی تێدابووین. هی خۆمان نەبوو. خانووی کابرایێکی ڕەزیلی چاو چنۆکی تەماحکار بوو. دەترسم کرێکەی لەسەر زیاد کردبن و ئێ ئەوی وا چاوچنۆك، باوکمی وا قینچکە تەنگ، کوچا مەرحەبا. ئاشکرایە لێیان دەبێتە هەرا و بینە و بەردە. بەڵام خوا بکا وا نەبێ. ئەگەر لێرە نەمابن بەو نیوەشەوە حاڵم زۆر خراپ تێك دەچێ. جا کێ دەتوانێ بەو ماندوویەتی و شەکەتییە یەك هەنگاو

بنیّ؟ وەڵڵاهی هەنگاویّ چییە لێرە دوور ناکەومەوە. بۆخۆم لێرە لەسەر ئەو خاك و خۆڵە پاڵ دەدەمەوە. تاقەتی گەڕان و سووڕانم لەکویّ بوو؟ خۆ بەم ناوەختە خەڵکیش زراو بردی ناکەم! نازانم بۆ کە بیر لە باوکم دەکەمەوە تێك دەچم و قاچەکانم دەکەونە لەرزین، هەستی برینداركردن و دڵتەنگی و هەناسە سواری گەمارۆم دەدەن. دەورووژێم و لەهاتنەوە پەشیمان دەبمەوە. لە هەمان کاتیشدا کە بیر لە نازداری خوشکم و سەرداری برام دەکەمەوە، هەستی خۆشەویستی و کامەرانی بە یەك گەیشتنەوە دەمخەنە هەلەکە سەما. چەند خۆشە! جارێکی دی لە ئامێزیان گرمەوە! وەختە شێت بم بۆ دیتنیان. نەء. ناگەڕێمەوە. لەبەر خاتری ئەوان تووشی هەزار تێهەڵدان و دەرکردنی تریش بم. ناگەڕێمەوە خۆ بۆ یاریکردن نەهاتوومەتەوە. کوڕە دەی دەی، ئەوی دیش باوکمە. قەیناکا چی بکەین؟ ئاخۆ نازدار و سەردار چۆن بن؟ گەورە بووینە! ئەدی چۆن، بەڵێ. ئاساییە. دە ساڵ تەمەنێکی کورت نییە. بە بەژن و باڵا، بە ڕوخسار، بە دەنگ، بە ڕەنگ دەبیّ. شێوەی دەموچاوی پان و بەرین دەبیّ.

بە هەموو شتیّ دەگۆڕێن. مرۆڤ دە ساڵ نە شو نما بکا. گەورە و درێژ تر دەبیّ. ئەوانیش هەروا. ئاخۆ لە قوتابخانە چییان کردبیّ، گەیشتوونەتە کویّ؛ بەپێی ساڵ بیّ دەبیّ ئێستا سەردار دووی ناوەندی، نازداریش چواری ئامادەیی بیّ. چەند خۆش بوو، ئا لەو ساتەدا، لەبەر دەمم بوونایە، تا تێر تێر ماچیان کەم! لێرە بان، هەنووکە پڕم دەدانیّ. سەرگەردانی و ئاوارەیی و لەیەك دابران، هێندە خۆش نییە. بەڵام ئاخ بۆ کار و مامەلە و ڕووگرژی باوکم! باوکم نەبوایە بۆ وا پەرەوازە و خەفەتخان دەبووم؟ پێش ئەوەی سەر هەڵگرم و لێرە دووركەمەوە. دنیایێکی سەیر و ژیانێکی زۆر تاڵمان بۆ خولقابوو، هەتا کەلوپەلی ژوورەکانیش گلەییان لیّ دەکردین. هەر کە بەیانی دەبۆوە، شەڕە چەق و قیژە قیژو هاوار هاوار گوێی داروبەردی کەڕ دەکرد. دراوسێکانمان هەموو لیّ بێزار ببوون. بۆیە

چەندەها جار دەهاتە سەرم، ئێرە جێ بێڵم و بۆ خۆم سەر هەڵگرم. مێشکم بەدەیەها پیلان و نەخشەی سەیر قاڵ ببوو، لە ژیان بێزار ببووم. تا ئەو شەوەی باوکم بەتێهەڵدان پەرەوازەی شارانی کردم، وەکو ئاگر و پووشم لێ هاتبوو. ئاخر پاش ئەو هەموو لێدان و بەزم و تێهەڵدانە بە چی لێرە بمێنمەوە، دڵم بە چی خۆش بێ؟ لای کێ بمێنمەوە، کێ منی دەویست. بە خوا بابە باشی کوتامەوە. ئەهــ کورە خۆ هەر خۆم نەدیتەوە. بەپاڵەسوو فرێی دامە دەرێ. خۆم نەگرتبایەوە ملیشم دەشکا. ددانم هیچ کامیان بە ساغی نەدەمایەوە. دەموچاوم هەمووی داماڵابوو. چی بکەم، باوکم بوو. کە گوتت باوك، هەموو شتێ دبڕێتەوە. کاشکا وەکو خەڵك باوکێکی دڵ نەرم و بە بەزەییم هەبووایە! ئێ بۆ وا هێندە توورە و توندوتیژ، چ قەوماوە؟ خۆ کفرم نەکرد، هەندێ وردە گلەییم لە باوەژنم کرد و هەندێ باسی چارەڕەشی و دەربەدەری دایکمم کرد.

تۆ بڵێی ئێستاش هەر وەکو خۆی مابێ و نەگۆڕابی؟ لەوانەیە گۆڕا بێ. چونکە پیری خووڕەوشت دەگۆڕێ، پیاو هێمن دەکاتەوە. پیاو پیر بێ، بێ هێز دەبێ و تاقەتی بەزم و ڕەزمی جاران نامێنێ. ئێ باوکیشم هەنووکە پیر بووە و، ئەویش ئەوانی دی ئاسا گۆڕاوە.

وای دەنا وا بووایە! چەند جارێکی دیش، لەوە خراپتری لێ کردووم. هەر کێی بێ لەجیاتی من، ئەو ئێوارەیەی کە لە ژوورە چۆڵ و تاریکەکەی پەستاوم و بەندی کردم، لە بیرناچێتەوە؟ چوار سەعات، نەء، بڵێ چوار سەعات. گریان و بوورانەوە و پاڕانەوە، دادی نەدام. هەر خواش دەزانێ چۆنم لەو ژوورە تاریك و چۆڵە، بەتاقی تەنیا بەسەر برد، چیم دیت و چیم بیست؟ پاڕانەوەی دایکیشم پارەی نەکرد. ئەو وەختی دایکم هێشتا لامان مابوو. ئامینەی باوەژنیشم تازە بۆ باوکم گوێز ڕابووە. بەڵام زۆری نەبرد، بووە هەرا و دەیکمیان دەربەدەر کرد. لەو ساوەش بەتەمام جارێکی دی،

تەنیا یەك جاری دی، چاوم پێی بکەوێ. کەچی هەموو هەوڵێکم بەفیڕۆ دەچێ. چەند ساڵێ لەمەبەر گوێم لێ بوو، گوایە لە شارێکی بچووکی لای سنوور گیرساوەتەوە و لەوێ شووی بە کابرایێکی ئەوێ کردووە و چەند منداڵێکیشی لێی هەیە. یانی برا و خوشکی تریشم هەن، نەمدیون، نایاناسم. ئاخۆ تەمەنیان چەندبێ؟ ئاخۆ شێوە و ڕوخساریان چۆنبێ؟ تۆ بڵێی ڕوحیان وەکو سەردار و نازدار سووك بێ؟ زۆر حەز دەکەم جوان و ڕوح سووك بن و بەوان چووبن؟ برا و خوشکانم! خۆزگە دەتانم دیت ئێوە و دایکم پێکەوە!! مخابن بۆت دایە! بریا دەتزانی چەندم سوێ لێت دەبێتەوە! دایەگیان. ئاخۆ ئێستا چی دەکەی و ژیان چۆن دەبەیە سەر. کە لێرە بووی، بێ ئارام و ماندوو، کلۆڵە و ڕووزەرد و بێ دەرەتان، بەڵام نەفسێکی بەرز و دڵێکی فراوان و خێرخوازت هەبوو. بۆیە بێگانەش سوێندیان بەسەرت دەخوارد! تۆ بڵێی لەوێش ئەو دەردو بەڵایەی ئێرەت لە کۆڵ ببێتەوە؟ وە نەبێ نەهاتبمە هەواڵ پرسین و سۆراغ کردنت. هاتم، بەپرسیار ماڵەکەشتانم دۆزییەوە، بەڵام لەوێ نەبوون. لە ماڵێکم پرسی، گوتیان چوونەتە سەفەر. یەك دوو ڕۆژیش چاوەڕێ بووم، گوتم بەڵکو دەگەڕێنەوە. بەڵام ئەفسووس، نەگەڕانەوە. ئێ دایە گیان، لەوە پتر چی بکەم؟ نامەیێکم جێ هێشت، لای دراوسێکەتان، ماڵەکەی بەدەستە چەپ، لەوێم دانا. باش بوو بەدەستت گەیشتبوو. دەنا تۆ چوزانی من هاتومەتە ئەوێ، وەڵامی نامەکەشت نەدەدامەوە، ئەگەر نەتزانیبا من هاتوومەتە ئەوێ. ئەوەتا وەڵامەکەم لە گیرفاندایە. هەمووجارێ کە هەست بە غەریبی و تەنیایی بکەم، چەندجارێ دەیخوێنمەوە. دایەگیان، بریا دەتزانی چەند شەیدای لە باوەش گرتنێکی ترتم! کوانێ لای لایە و گۆرانی و دەست بەسەر داهێنان و دڵ دانەوەی جارانت، چییان لێ هات؟ کوانێ سۆز و خۆشەویستی و بەخشینی ئەوسات؟ ئێستاش ئەگەر بێمەوە باوەشت، لەوانەیە منداڵ ببمەوە. لەوانەیە وەکو جاران بنوزێمەوە و تۆش بە چەند ماچێ، بە چەند

قسەیێ کرم کەیەوە. لەو ساوەە لێمان دابراوی، چەند ساڵە، هەژدەیە، بیستە، پترە، نازانم چەندە، بۆت دەسوتێم و تۆش بۆمان دەسوتێی. نازدار و سەرداریش من ئاسان. نە تۆ دەمانگەییێ نە ئێمەش دەتگەینێ. خوا سەبەبکار بگرێ! ئاخۆ چۆن شێوەێیکت لە دڵتا بۆ هەڵکەندووین؟ بشێ بەیەکتر شاد ببینەوە، یەکت بناسینەوە؟ من ئا، بەڵام سەردار و نازدار نازانم. چونکە کە تۆیان لێ دابڕاندین، ئەوان بچووك بوون. تۆش ئەوە هەر هیچ، بێ سێ و دوو دەمناسییەوە. ئەدی چۆن نامناسییەوە؟ جا چ دایکێ هەیە منداڵی خۆی نەناسێتەوە. باوەڕ ناکەم هەبێ. خۆ ئەگەر تەنیا یەك جاریش ماچی کردبێ. کوڕە ئەگەر ئەوەندەشی نەکردبێ، بێشکە هەر دەیناسێتەوە. کە لێرە بووم، گەلێ جار سەردار زۆری لێ دەکردم باسی تۆی بۆ بکەم. زۆر شتی دەربارەی تۆ دەپرسی. دەیگوت: دایە ئافرەتێکی چۆن بوو. درێژ، کورت، باریك، قەڵەو. وەڵامم نەدەدایەوە. بەڵام ئەو جارە کە چوومەوە، کە لێی پرسیم، هەموو شتێکی پێ دەڵێم. چۆنیەتی دەرپەڕاندنەکەی تۆشی بۆ دەگێڕمەوە. پێی دەڵێم خەتای کێیە. دەڵێم خەتای بابە بوو. ڕوون و ئاشکرایە، ئەو تاوانبارە. ئەگەر چی ئامینەی زڕ دایکیشم خەتای هەیە. بەڵام تاوانباری سەرەکی باوکمە. جا ئەو باوکەم لەگەڵ کێ تەباو ڕێك بووە و لەگەڵ کێ حەواوەتەوە. من لە وەتەی بە بیرم دێ، هەو وام دیوە. کابرایێکی توندوتیژ و گرژ و زوو هەڵچوو. کە هەڵیش چووبا، یەکسەر بەزمی تەنگە نەفەسی دەستی پێ دەکرد و ئارامی لەبەر دەبری. دەبوایە ببیتە کاروانسەرای نێوان ماڵ و نەخۆشخانە. بە دەرزییە شووشە سوور و حەبە بچووکە سپییەکانیش نەبا هێمن نەدەبۆوە. بۆیە هەمیشە باخەڵی پڕ حەب و دەرمان بوو. یەك دوو شەو بەر لە ئیمشەو خەونێکی ناخۆشم پێیەوەدیت. خەونەکە زۆر کاری تێکردم، بۆیە وا بەڕێوەم، تا ڕووبەڕووی ڕاستی و ناڕاستی ببمەوە. خەون هەر چی بێ. ڕاست یا نا، پاش کەمێکی دی بۆم ڕوون دەبێتەوە. تازە خۆ ناگەڕێمەوە و

ڕێ و ڕێ ناچمەوە. دەچمە پێش. لەبەر دەمیشی ڕادەوەستم. قاتی جارێکی دیش بە تێهەڵدان جوێن و پاڵەسوو دەرمناپەڕێنێتەوە.

نەء، نەخێر، ناتوانێ، پێی ناکرێ. پیر بووە و پیری پەکی خستووە. نەخۆشیشە. لەوانەیە پەشیمانیش بووبێتەوە. لەچی بترسم مەسەلەکە کۆنە. بۆتە بیرەوەری و تۆزی لە سەر نیشتووە. باوەڕ ناکەم چیدی دووبارە بێتەوە. با هەنگاو بنێم. خۆ سبەینێ لێرە ناوەستم، ناشیرینە، بەم نیوە شەوە یەکێ بمبینێ بەچیم تێ دەگا. دز، جەردە، پیاو خراپ. ناسیاویش بەزەحمەت دەمناسێتەوە. چ جای نە ناسیاو. تۆ بڵێی ناسیاوێ بمبینێ، بمناسێتەوە؟ باوەڕ ناکەم پاش ئەو هەموو ساڵە بمناسێتەوە. ئەوە دیارە ڕەنگ و ڕووم وەکو جاران نەماوە. شێوە و ڕوخسارم گۆڕاوە. لە بیرتان کردووم. دە ساڵ کەم نییە. دوایێ بەم سەر قژنی و ڕدێن درێژی و سمێڵە ڕەشەوە، کێ دەزانێ من کێم؟ بیری بۆ منی جاران دەچێ؟ من کە ئێرەم جێ هێشت، مێرد منداڵێکی باریکەلە بووم و سمێڵ و ڕدێنم هێشتا نەهاتبوو. تەمەنم پازدە ساڵێ دەبوو. دە ساڵیشی هاتۆتە سەرێ، ئەوا دەکا بیست و پێنج. ئێستاش شەوە. مرۆڤیش بە شەو تارمایی ئاسا بەر چاو و، سەروسیمای بە جوانی دیار نابێ. نا ناسرێتەوە. قسەشم لەگەڵ بکەن، وەڵامیشیان بدەمەوە، دەنگم نا ناسرێتەوە. ئەوە چەند ساڵێکیشە دەنگیشم گن بووە. زیادە گۆشتەکەی ناو لووتیشم بڕییەوە، هەر وەکو خۆمم، چاك نەبوومەوە.

باش بوو، وا گەیشتمە بەر دەرگا. هەر ئێستا لە دەرگا دەدەم و دەچمە ژوورێ. بۆ نەچمە ژوورێ؟ بەڵام نەء، جارێ لە دەرگا نادەم و ناکەمە تەقە تەق و لە شیرین خەویان ناکەم. بۆ هەڵیان بستێنم؟ بۆ بەم نیوە شەوە زراوبردییان کەم؟ تەقە تەقی دەرگا لە ناکاو مرۆڤ سامگرتی دەکا. ئارامیان لەبەر دەبڕێ. نەء، هەڵیاننا‌ستێنم. با بۆ خۆیان بخەون. لە دەرگا

دانی بۆ چییە؟ یەکێ شارەزای شوێنێ بێ، یەکسەر ڕووی تێدەکا و تەواو. منێکی شارەزای هەموو کەلێن و قوژبنێکی ئەو ژوور و حەوشە، بۆ یەکسەر بە ژوور نەکەوم؟ بەڵێ وا دەکەم. باشترە بە هێواشی بەسەر دیوارەکەوە ئاوای ئەو دیوبم. بە قەڵەمبازێ، خۆم لەکن بەلووعەکە دەبینمەوە. دیوارەکە نەرمە. نابێتە تەپ تەپ و هەرا. بەڵام ئەوەش هەر گرفتە. کێ ناڵێ خراپترم بەسەردا ناشکێتەوە؟ چوزانن منم؟ ئەوە خەراپتر، بە درزم تێ دەگەن. دەکەنە هاوار هاوار. حەقی خۆشیانە بە هەمووشیان شاڵاوم بۆ بێنن. بمکوژن. ئەوسا جارێکی دیش دەکوترێمەوە. تا دەشمناسنەوە هەر خوا دەزانی چەندم تێهەڵدەدەن. وا بزانم لە دەرگا بدەم باشترە. قابیلە دەرگام بۆ نەکەنەوە؟ کە پرسیاریان کرد: کێی؟ دەڵێم منم. هەوەڵ جار خۆمیان لێ ئاشکرا ناکەم. تا باش سەرنجم دەدەن. با بەخۆیان هەوڵ بدەن، بزانن من کێم. هەر دەمناسنەوە، بۆ کوێ دەچن. کە زانیشیان کێم، ئەوا دەبێتە جەژنی هەر دوو لامان. چەند خۆشە! بە گەرمی یەکتر لە باوەش دەگرین. یەکتر ماچ دەکەین! ئەوەی ڕابورد، ڕابورد. ئەوەتانێ لە درزی دەرگاوە دەبینم. گڵۆپەکانی ژوورێ دەسووتێن. چییە؟ وا دیارە هێشتا نە خەوتوون. ئاخۆ سعات چەند بێ؟ درەنگە. بۆ تا ئێستا ماونەتەوە؟ جاران کە من لێرە بووم، هەر ئێواران کەلاواژ دەبوونەوە. تەنیا من تا درەنگ دەمامەوە. تۆ بڵێی نووستبن و لە بیریان کردبێ گڵۆپەکان بکوژێننەوە. با جوان تەماشای ژوورێ کەم. نەء، شتی وا نییە، لە بیریان. نەکردوون. ئەوەتا هەموویانم بە باشی لێ دیارە، هەتا کەلوپەلی ژوورێش بە جوانی دەبینم. لە پەنجەرەکەوە بە باشی دیارن. چونکە پەنجەرەکە زۆر نزمە. تەماشای هەر کوێ بکەی، بە باشی دەبینی. ئەوێهێ مێزە. پێ دەچێ مێزە کۆنەکەی ئەوسا بێ، کە جاران من بۆ دەفتەر و کتێبەکانم خۆم بە کارم دێنا. ئا، خۆیەتی. ئەدی ئەو هەموو پەرداخ و پیاڵە و شووشەواتانە چین، کەوا لەبەر تیشکی ڕووناکی دەبریقێنەوە؟ زۆر سەیرە، وا دیارە

ژوورەکە گۆڕانی زۆری بەسەر داهاتووە! هەر لە بۆیاخ و پەردەی پەنجەرە و دەلاقەکان بگرە، تا دۆڵاب و نوێن و دار و دیوارەکەش. پێشان وا نەبوون. باوکم بە چاکی لێ دیارە. بەهەمان شێوەی جاران هەنیشکی خستۆتە سەر بالیفێ. تەبیعەتێکی سەیری هەیە. ئەگەر وا ڕانەکشێ، ناحەوێتەوە. شووشەی دەرمان و حەبەکانیشی نزیك خۆی داناوە. شووشەیێکی نیمچە گەورە، بە جوانی دەبینم. لەبەر دەمیەتی، لەوانەیە چاوەڕێی کاتی ژەمی حەب خواردن بێ. نازداری خوشکیشم، وا لە لای دەستە چەپی باوکم خەریکی نووسینەوەیە. کتێبێك و دەفتەرێکی لەبەر دەمدایە، جار نا جارێ قەڵەمەکەی دەخاتە دەمی و بیر دەکاتەوە. وا دیارە هێشتا خووەکەی جارانی هەر فڕێ نەداوە. قەڵەم و بیرکردنەوە. بەوە نەبا نەمدەناسییەوە، ماشەڵڵا گەورە بووە، بە بەژن و باڵا هەستاوە. لە نازداریش بە سەرەوە تر، سەرداری برام هەڵترووشکاوە، پشتی لە تەلەفزیۆنە، تەنیا دەستی بەرزونزم دەکاتەوە، ملیشی شۆڕکردۆتەوە. ئەوە ئاوڕی لە باوکم دایەوە، شتێکی پێ گوت. ئەویش هەراش بووە. باش گەورە بووە. دەڵێی زەلامە. نیو مەترێ لە سەردار هەورازتر عەلاگەی جل و بەرگەکانە، کۆمەڵە شەڵوارێکیش بەسەر عەلاگەکەوە شۆڕبوونەتەوە. لچکی چاکەتێکیش لە ژێرەوە سەرنج ڕادەکێشێ. لە چاکەتە شڕە کۆنەکەی من دەکا. بەڵام ئەو نییە. هەیهوو، جا پاش ئەو دە ساڵە چۆن چاکەت دەمێنێ؟ بەڵام بۆ ئەو کات بە هەزار قاپووت و چەتر و شتی دی نە دەگۆڕدرایەوە. کاشکا ئەو شەوەی کە باوکم ئاوارەی کردم لە بەرم بووایە! لەبەرم بووایە خەنی دەبووم. تۆ وەرە بە تاقی کراسێکی تەنك ملی ڕێ بگرە، بزانە چیت لێ دێ؟ بە خوا بابە شەوێکی تووش بوو، ئەهــ لە سەرما و تاریکیش هەر مەپرسە. بایێکی وا توندوتیژیشی لێ دەهات، خوێنی مرۆڤی دەمەیاند. تۆ وەرە لە نیوە شەوێکی وا تووش و نووتەك، پەرەوازەی ڕێ و بانان بە، ئەوسا دەزانی چیت بەسەر دێ؟ ئەگەر پیاوێکی زۆر ئازاش بی، بێ شکە ترس لە

سەر دڵت دەنیشێ. لەبەر ژانی قەبرغەشم نەمدەتوانی بەرێوە بڕۆم. لە بیرم ناچێتەوە. جا چۆن لە بیرم دەچێتەوە؟ ئێستاش کە بە بیرم دێتەوە. سام و ترسی جاران لەشم دەخاتەوە لەرزین.

وا لەبەر چاومە چۆن لە ناو قوڕ و چڵپاوی بەر ئەم دەرگایە دەگەوزیم. هێندەی لە باوکم پاڕامەوە. ئەوەندەی کردمە هاوار هاوار، بێ سوود بوو. ناچار ژێر تیشکی گڵۆپەکەی بەر دەمی ماڵی مام حاجی ئەحمەد. چەند ویستم لە دەرگایان بدەم. بەڵام نەمتوانی، ئاخر نەدەبوو بەم نیوە شەوە خەڵك بێزار کەم. پاشان ئەوانیش لەوێ نەبوون. چونکە کە لە کونی دەرگاکەوە ڕوانیمە ژووریێ، لە ژوورێکی چۆڵ و هۆڵ و تاریك پتر هیچم نەبینی. دنیایێکی کشومات. شەقامەکەی بەرانبەریش، ئاوی تێ وەرکرابوو. هەتا خۆزگەم بەکۆلیتی مریشکیش دەخواست. ئاگر و ڕایەخ و نوێنم بۆ چی بوو.

تا بەرەبەری بەیانی هاتوچۆم کرد. دەم تا دەم، دەمویست لە دەرگای ماڵی خۆمان بدەم. بەڵام کە ژانی قەبرغە و داماڵانی دەموچاوم بە بیر دەهاتەوە، پەشیمان دەبوومەوە. ئەوسا بە دڵێکی نائومێد و پڕ ئازار ڕێگایێکی نا دیارم گرتە بەرو بەرەو جیهانی سووتان و دووری و غەریبی و لە یەك دابڕانێکی دە ساڵی کەوتمە ڕێ.

هەولێر – ١٨/٤/١٩٨٣

# دەمامك

چەند دەقیقەیەك لەبەر دەرگا دۆشدامام. پاش مشتومڕێکی گەرم لەگەڵ خۆمدا، پێم لە جەرگی خۆم ناو تەقەم لە دەرگای ماڵەوە هێنا. هێندەی پێ نەچوو، دەرگاکە کرایەوە. کە دایکم منی بینی شاگەشکە بوو، ویستی هەلهەلەیێك لێدا، بەڵام دەمی تێك ئالاَ، نەیزانی چی بڵێ و چی بکا. تا ماوەیێکی باش بەحەپەساوی لە بنی پێمەوە تا تەوقی سەرم لە بەژن و بالاَم ورد بۆوە، لە ناکاویش بە تاو پەلاماری دام و بەگەرمی لە ئامێزی گرتم. خۆشی نەیدەزانی چی دەکا، هەڵچوو بوو. ماوەیێك دەمی خستە سەرچاوم پاشان گواستییەوە سەر ڕوومەتی لای چەپم، ئینجا لای ڕاست. ماچێ.. دووان.. دە، لە سەرەوە بۆ خوارەوە پێدا هات. حەقی بوو، چونکە ماوەی دوو مانگ بوو، بێ سەر و سۆراغ لێیان دوور کەوتبوومەوە. تا توانی سارد و سڕی ڕوخساری لێستمەوە و گەرمتریش بۆنی کردم. گوێی نەدایە ئەو زامە نەگبەتییانەی وەکو «لەکە» لەو دیو لەم دیوی ڕوومەتەکانم لەنگەریان لێ خستبوو. من بێ دەنگ، ئەو لە من بێ دەنگتر. ئاگام لێ نەبوو براکەشم لە پشتەوە پەلاماری ناو قەدی دام، ئەوانی دیش هاتن، لەلای ڕاست و لای چەپەوە تێم وەرهاتن. کردیانە هەراو بەزمی خۆیان، دەنگی گریان و پێکەنین تێکەڵ یەك ببوون. هەر یەکێ بە جۆرێ هەڵیدەدایێ: خێرێکی گەورەمان لەسەرە، سبەینێ بەرخێ سەر دەبڕین و دەیکەینە خێر.

– مەولوودیش دەکەین.

– کێ دەیگوت چاومان بە تۆ دەکەوێتەوە؟ بەتەمات نەبووین.

– بمانزانیایە لە کوێی دەهاتینە دوات؟

– بۆ خەبەرێکت بۆ نە دەناردین؟ بەزەییت بە دایە بهاتبایەوە.

– ئەدی ئەوە ئەو برینانە چین لە سەر ڕوومەتەکانت؟! خۆ نەسووتان!

– ئەء ئیشی سووتان نییە، ئیشی شتێکی دییە. برینەکان لە برینی چەقینی پارچە ئاسن و وردە شووشە دەچن.

کە گوێم لەو هەمووو ناو و ناونانە بوو. خەریك بوو ببووریێمەوە. نەمهێشت چی دی بدوێن. بە تووڕەیی خۆم لەبن دەستیان دەرهێناو بە ڕاکردن خۆم گەیاندە ژوورەکەی پێشەوە، لە دواوەش دەرگاکەم کلیل دا. ئەوانیش بە دوامدا ڕژانە بەر دەرگای ژوورەکە و کردیانەوە هەرا:

– هەزارانی وەك تۆ هەن، لە تۆش خراپتریان بە سەرهاتووە. شوکری خوا بکە نەمردووی.

ئەوەندەی کردیان دەرگام بۆ نەکردنەوە. گوێم نەدایە نووزە نووز و گریان و پاڕانەوەی دایکم.

(دەرگا ناکەمەوە، لێم گەڕێن، چیدی نایێمە دەرێ، نامەوێ کەس بمبینێ. لە ژووریَ لە برسان بمرم، زگم قۆڕەقۆڕی بێ، دەرگا ناکەمەوە. بۆچی بێمە دەرێ؟ بێمە دەرێ تا پێم پێبکەنن و بە پرسیارەکانتان نەهەنگی ناخم بورووژێنن. هەر یەك دوو ڕۆژی دییە ئێوەش لێم بێزار دەبن و بێز لەو دومەڵانەی سەر سەروسیمام دەکەنەوە. دەرمان و مەرمان و دکتۆرم ناوێ، ئەو زام و دومەڵە پڕ کێم و زووخاوە بە چی چاك دەبنەوە؟! چاك نابنەوە. گوڕیبوون چارەی نییە، دەرمانی لە هەندەرانیش پەیدا نابێ. ئاخۆ خەڵك بمبینێ چیم پێ دەڵێن: مەیموون.. شەمشەمە کوێرە. ئەرێ وەڵڵا، مەیموونم.. شەمشەمە کوێرە. من! من جارێکی دی سەر بە بازاڕ و کۆڵان و جادەکاندا بکەمەوە! نەخێر، خەیاڵتان خاوە، ئەوە

ناکەم. یەکێ ڕووو بە ڕووم بێ چی بکەم، لە کوێ خۆم بشارمەوە، ؟! دنیام لـێ دەبـێتـەوە کـونـە مشك. شوێنـی لاپـەڕ و بـن دیـوارە تـەنـیـاکـانـیش نامشارنەوە. چییە؟ ئەو هەراوهۆریا و گریانەتان لە چییە؟ برسیم نییە، ماندووش نیم، هیچم ناوێ. ڕۆژگار گۆڕاوە. ئیمڕۆ خەڵك شتی جوان و ڕازاوە و لووس و بێ لوچی لا بەنرخە.. شتی پیس و پۆخڵ و پڕ کێم و زووخاوی بۆ چییە. جا چۆن خەڵك بە ئێوە دەمکوت دەکرێ؟ چۆن کاریان بە منەوە نییە؟ وەڵلا دۆڵم بۆ لێدەدەن. دەرگا ناکەمەوە، نایکەمەوە.) سەرم هەڵدەبڕم، بە گومانەوە، لە شتومەکی ناو ژوورەکە وردە دەبمەوە. شتەکان نـائـاسایـی دێنـە بـەرچـاوم، هـەر یـەکـێ چوار چـاوی زەق و پڕ مـەترسی دەگـرنـە خـۆ. قـەرەوێڵـە شڕەکـە و کـۆنـە دۆڵاب و مـێز و کـورسییـە پێچکـە شکاوەکە و نوێنە ڕەنگ تەڵخبووەکان و سندووقە خوار و خێچەکەم لێ دەبنە نەهەنگ و پڵنگ و جانەوەری هەشت سەر و لێم مڕ دەبنەوە. بە گاڵتە پێکردنەوە بزەیان دێتێ. پێ دەچێ پێش ئەوەی من بگەمەوە ماڵێ، لە نێوان خۆیان ڕێککەوتبن، بۆئەوەی بەم شێوە ترسناکە سەرنجم بدەن؟ وا دیـارە دەیـانـەوێ پـەلامـاریشم بدەن. لـەوانـەیـە زانـیـبـیـان کـە مـن تـوانـای بـەرگـریـکـردنم لـە خـۆم نـەمـاوە و نـاتـوانم بـەرپـەرچـی هـێرشبـردن و گەمارۆدانی ئەو هەموو هێزە بدەمەوە! ڕاست دەکەن، جا من پاش ئەو هەموو شەونخونی و ئازار چەشتن و کارەسات و تێهەڵدانە توانای چیم ماوە. بێ هێز لەم دنیایە هەبێ ئەوا من یەکێکیانم. حەقیانە منیان وا بێتە بەرچاو، ڕاست دەکەن و بە هەڵەشدا نەچووینە. چونکە من لەوەتەی هەم، هێندە خۆم بێ تاقەت و بێ ورە و ترسنۆك و ڕاڕا نەدیوە. لەوانەیە ئێستا بە چەپۆکێ وەکو گەڵای دار بە هەوادا بچم و شرپ بکەومە خوارێ.

بۆیە ئەوانیش حەقیانە خۆیان بە گەورە و زەبەلاح و پڵنگ و گورگ و جـانـەوەری هـەشت سەر بـزانـن، مـنـیش بـە کـرمـێکی بـەستـەزمـان و بـێ دەستەڵات. ئەوەتا خۆیان دانووساندووە و ئێستا نا دەمێکی دی، پەلامارم

دەدەن، پارچە پارچەم دەکەن و لەژێر پێیان دەم پلێشێننەوە. قەیدی نییە ڕاوەستن، ڕۆژێ دێ ئێوەش لە ناو خۆتان پێك نایێن، ئێوەش تێك بەر دەبن، گەورەتان بچووکتان دەخوا. ئەگەر زەبەلاحن، لە ئێوەش زەبەلاحتر هەیە، بە منیش تێر نابن بۆیە بە ناچاری گەورەتان بچووکتان دەخوا. تازە لێتان ناترسم، وەرنە پێش، چاوەڕێی چینە؟! ئەدی ئێوە خۆتان بەشت نازانن و لافی گەورەیی لێ نادەن، بۆ دەترسن، بۆ ناوێرن لێم نزیك بنەوە؟! بیر لە چی دەکەنەوە؟ ها، چی دەڵێن؟! چی، گۆشت بە لەشما نەماوە؟ ئێ، بەمن تێر نابن؟! جوانتر لێم وردبنەوە، ڕەقەڵەم؟ وایە، ڕاست دەکەن. باریکەلەیێکی من ئاسای ڕەق و وشك و بێ گۆشتی چاو دەرپەڕیو، هەر ئێسقم ماوە. چی پێ پێك دێ؟ خەیاڵتان خاوە، بە من تێر نابن. بڕۆن یەخەی ئێش و خەم و بێداری و چاوەڕوانی و پارچە شووشە و ئاسن و ئاگر و پووش بگرن. ئەوان دوژمنن، ئەوان دوژمنی گۆشت و سەر و سیما و دڵ و هەناون. هەر ئەوانن چوارشانە و قەڵەو و کەڵەگەت و چاو زەق و ترسناك. چیتان لە من داوە، بۆ ڕاوەستان؟ وا دیارە ئێوەش وەکو ئەوانن، ئا، ئا– ئێوەش ئاسن و شووشە و پرووشکی ئاگرن. بە هەڵەدا چووبووم. ئەوە چییە بۆ ناجوولێنەوە؟ وەرنە پێش. وا دیارە بێزم لێ دەکەنەوە. لێم نزیك بنەوە، ئەوە بەژن و باڵا و ئەوەش سەر و سیما و پرچ و قاچ و دەست و ڕوومەت و نازانم چی و چی. وەرنە پێش، بابە من ڕازیم، ئێسقانەکانیشم ورد و خاش کەن. بمهاڕن، خۆ لەم دەرد و بەڵایە ڕزگار دەبم، ئێوە بمخۆن لەوە باشترە بیر لە تێڕوانینی چاوی زەق و ئەبڵەق و پرسیارە بێ ماناکان بکەمەوە. ئێوە بمهاڕن لەوە باشترە چاوەڕوانی و بێداری و خەم خوێنی لەشم بمخۆنەوە. گاڵتەم پێ مەکەن. بۆ وا تەماشام دەکەن؟ گوێ بگرن با پێتان بڵێم، یەکێ برسی بێ، وا بزانم دار و بەردیش دەخوا. بە پووشکەش ڕازییە. بەڵام وا دیارە لەگەڵ ئێوە کەڵکی نییە. تازە خوێنی خۆتان لە سەر خۆتان، مادام گاڵتەم پێ دەکەن، هەموو شتێکتان بکردبایە، تەنیا ئەوە نەء.

ڕازی نیم. بەهیچم نەزانن، ڕازی نیم بە کەمم بزانن. واهاتم، خۆتان بگرن. هەر ئێستا خاکتان لە توورەگە دەکەم. بەس وا لێم مڕبنەوە. ئەی ئەوە نییە پێم پێدەکەنن و سەرتان لە بن گوێی یەکتر ناوە، پستە پستی چیتانە؟ دە شتێ بڵێن، دەنگ بەرز کەنەوە. گوێم لێ نییە چی دەڵێن؟. دە بڵێن ئەو مەیموونە، ئەو دەعبایە، ئەو گڕووە، ئەو وا لێهاتووە. هەتا پێش یەك دوو مانگ مەیموون و دەعباو شتی دی نەبووم، وایان لێ کردم. تا ئێستاش من بە بیرم نایێ ئەزیەتی کەسم دابێ، نازانم بۆ وام لێ هات و بۆ وا ئەزیەتیان دام؟ ئیتر بەسە لەمەوپاش ئەوەی ئەزیەتم بدا و گاڵتەم پێ بکا، لە سەر دنیای ناهێڵم. بەسە چیدی وا تەماشام مەکەن، بەس دزە نیگام تێ بگرن. پاشان بگاتە گەرووم، دێم هەپڕوون بە هەپڕوونتان دەکەم. وا دیارە بێ سوودە، کڕنابنەوە. وا هاتم، با من پەلامارتان بدەم بەرلەوەی ئێوە پڕم دەنێ. با من پەنجەی تۆڵەسەندنەوە لە چاوتان ڕاکەم. ناهێڵم چیدی بەم جۆرە لێم وردبنەوە. ئەوەی بیگرم نوقەی دەبڕم. هەر ئێستا دەتانکەمە گاڵتەجاڕی ئەو نیوە شەوە تاریك و نووتەکە. دەبێ پەنجەی پەشیمانی بگەزن. دەبێ نینۆك و ڕۆخی خۆتان لە خۆتان بچەقێنەوە. وەکو من پارچە شووشە و پێچکە گیانتان بتەنێ، ئەوسا سەگ ئاسا لە سەر ئەم خاکە ڕەق و تەقەدا دەگەوزن)

کەرتمە شەق و شولاق وەشاندن. وەکو شێت بە شتەکاندا هاتم، ئەوەی هاتە بەر دەستم بە قوربانی ئەو چەند ساتەی هەڵچوونی دڵ و دەروونم بوون. هەر یەکێ بە لایێکدا کەوتن، پەنجەرە ورد و خاش بوو.. کورسییە بێ پێچکەکە کەوتە گۆڕێ. قەرەوێڵەکە کەلەواژ بۆوە، نوێن و چەندەها شتی تریش تێکەڵ یەکتر بوون بی ناز لە سەر شتەکانی دیدا کەلەکە بوون. چەند پارچە شووشەیێك لە دەستم چەقین، خوێن فڕکەی بەرەو خوارەوە کرد، بەڵام گوێم نەدایێ پاش کەمێ بە بێزارییەوە بەرەو دۆلابەکە چووم، دۆلابەکە چەند کۆنە گۆڤارێکی گرتبووە خۆ. هێشتا بە تەواوی کەفی تووڕە

بوو نەکەم نەنیشتبۆوە، بۆیە یەك یەك گۆڤارەکانم هێنایە خوارێ و ئەوانیشم لە پەنجەرە شکاوەکە فڕێدایە خوارێ. بەڵام کە گەیشتمە دواین گۆڤار نازانم چۆن بوو دەستم ڕاوەستا، دەتگوت شتێکی ناوەوەی ڕۆحانی پەلکێشی ئەوەم دەکا کە ئەم گۆڤارە باسێکی تێدایە تینوویەتی دەروونم دەشکێنێ. گۆڤارەکەم ئەو دیو ئەو دیو کرد، پاشان بەرگەکەیم هەڵدایەوە و پێڕستەکەیم خوێندەوە؟ یەك یەك باباتەکانم بە سەرکردەوە. هەستم ڕاست دەرچوو. ئەو بابەتەی کە بە دوایدا دەگەڕام لەبەر چاوم کەوتە سەرەتاتکێ. پەڕەکانم هەڵداوە، بینراییم لە سەر لاپەڕەی «سی» لەنگەری بەست. دەستم بە خوێندنەوە کرد. ڕستەی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەمم ئاسایی تەواو کرد، بەڵام لە ڕستەی پێنجەم چاوم بە ژان کەوت.. ئیتر هێندەی کردم چیترم پێ نەخوێندرایەوە. وشەکان تەماوی و لێك دەهاتنە بەرچاوم. تا دەشهات پتر تەماوی و بچووك دەبوونەوە. پیت خۆی بچووکە، بچووکتریش بێتەوە، ئاخۆ چی لێ دێ، ئاخۆ سەرەوژێر و خاڵ و چوکڵەکانیش لەبەر یەك بێنە دەرێ، چییان لێ دێ! بەرە بەرە ڕەنگیشیان گۆڕا.. سەوز و شین و سوور لەگەڵ چەندەها ڕەنگی تر تێکەڵ بوون، ڕەش، دوایی سوور هەڵگەڕان، تا ڕەنگە سوورەکە بە سەر ئەوانی دیدا زاڵ بوو:

– ئەو ڕەنگە سوورە ئاشنایە بە ڕۆحم؟!

چاوم کەوتبووە سەما و بێ بەزەییانە، دڵۆپ دڵۆپ، لەگەڵ چەندەها پارچە شتی تردا، ڕێچکەیان لە سەرەوە بەرەو خوارەوە بەستبوو. کەواتە ئەو هەموو ئازار و بێداری و چاوەڕوانی و شەونخوونی و کارەساتەی تووشم هاتووە لە چاوی ئەوەوەیە. «ئاگرە، پارچە شووشەیە، ئاسنە، نازانم چییە، ڕقم لێتانە.. ڕقم لێتانە». کونە زەردەواڵەی دەمم ئاراستەی خۆم کرد، ئاراستەی دەوروبەرم کرد. ئەوەی هاتە بەر دەمم نەمگێڕایەوە. نەعلەتم لە خۆم و خەڵك و بوون و هەموو شتێ کرد.«چاوەکانت دەریای وردە ماسی

هیواکانمن، ڕوومەتت چەم و کانیاوی ڕێبوارە ماندووەکانی لێوەکانمن.. داڵدەی حەز و ئارەزووەکانم دەدەن». ئەگەر هەنووکە دەمبینی، چۆن بەر لە هەموو کەسێ، تۆ سڵم لێ دەکەیەوە، لە ترسا ڕوو وەردەگێڕی و هەر هەنگاوێ دەکەیە دە هەنگاو، غار دەدەی، تا لێم بزر دەبی ئاوڕ نادەیەوە. لێم دەترسێی.. بێزت لێم دەبێتەوە. لۆمەت ناکەم. چونکە لە ڕەنگ و ڕوومدا کێم و زووخاو دەبارێ. بەڵام خەیاڵت خاوە، خۆمت نیشان نادەم. ناهێڵم بگەیە ئەو ئامانجە گڵاوە. من ئەوسا ئازاد بووم، ئێستا یەکێکی ترم. هەزارانی وەك تۆ بەڵێنیان دا و پاشان خستیانە ژێر پێ. نەخوازەڵڵا بەڵێن درابێتە یەکێکی وەکو منی پیس و گڕوو. خۆزگە دەتانزانی بە چی دەچم و بوومەتە چی؟! من بوومەتە ئێشکگری ئەو ڕووبارەی خەمی تێدا لە دایك دەبێ، تا هەتا هەتایێ دەمی پێدا بکەم و تا دەتوانم لێی بخۆمەوە. خەڵك حەقیانە ئەگەر ناو و ناتۆرەم بۆ بدۆزنەوە. من لەوەش ناشیرینترم کە چاویلکە و دەمامك و جلوبەرگ بمشارێتەوە. مەحاڵە. ئەوانە توانای شاردنەوەی دیوی دەرەوەیان نییە. ئەوەی دەشڵێ دیوی دەرەوە هەموو شتێ نییە و شت بە یەکگرتنی هەر دوو دیوە، لەم ڕۆژگارە، بە هەڵە داچووە. نەخێر ئیمڕۆ دیوی دەرەوە بەرچاو و سەرنج ڕاکێشە، دیوی دەرەوە و دیوی ناوەوە بوونەتە دوو شتی دژ بە یەك و یەکتر ناگرنەوە. یەکتر ناگرنەوە تا ڕۆژگار و خەڵکەکەی وا بمێنتەوە.

١٩٧٩

## چەند تابلۆیێك

لە ئێوارەوە لەسەریشت ڕاکشاوی و چاوت بڕیوەتە ساپیتەی ژوورەکە. بیرکردنەوەکانت تێکەڵ و پێکەڵن و لە هیچ بەندەرێ لەنگەر ناگرن.

پازدەی مانگ.. دادگا.. گۆڤەندی کورت.. پۆلیس.. دادپەروەر، ئەمانە هەموو لە مێشکتدا زۆران بازییانە. خۆشت نازانی بیر لە کامیان دەکەیەوە.. تەنیا ئەوە دەزانی کە ترسێکی دیار و نادیار، خەریکە گەمارۆی ژیانت دەدا و گۆمی ئاسوودەییت دەشلۆقێنی، شێلو و تری دەکا:

(هەروا بە ئاسانی دەیەوێ بیباتەوە، لێکمان دابیڕێنێ. تا لە ناو دۆزەخی تەنیایی و دووری، ئاگر بەر بێتە سەرتاپام. جا چۆن دەتوانم بێ ئەو بژێم؟ کەی بە دووری و جیابوونەوەی ئەو ڕاهاتووم؟).

گۆڤەندیش بێ من ناتوانێ، ئەویش لە غەریبی و تەنیایی و دووری من ڕا نەهاتووە، جا منداڵی وا توانای بەزم و ڕەزمی ئێرە و ئەوێی لە کوێ بوو؟ کێ هەیە وەکو من نازی هەڵبگرێ؟ کە خۆشیان نەوێ چۆن نازی هەڵدەگرن؟! باوەڕ ناکەم کەسێ هەبێ وەکو من خۆشی بوێ و وەکو من خزمەتی بکا، بچێتە لای ئەوان گڕوو دەبێ. نەء، ناهێڵم بچێتە لای ئەوان، بەیانییان و نیوەڕۆ و ئێواران خۆم خواردنی لە دەم نەپەستم، دڵم ئیسراحەت ناکا. هەموو ڕۆژێ جلوبەرگی نەگۆڕم و هەفتەی دوو سێ جار نەیشۆم، ناحەوێمەوە. نەء، باوەڕ ناکەم لەوێ بحەوێتەوە، گۆڤەندی وا بەناز و ئەوانی وا قینچکە تەنگ، چۆن لەگەڵ یەك هەڵدەکەن؟ پرتە پرت و قینچکە تەنگی ئەوان نەبوایە، بۆ وام بەسەر دەهات. خەتای ئەوانیشی

تێدایە، ئەگەر چی نا ڕاستەوخۆش پێوەندییان بە لێکدابڕانی ئێمەوە هەیە، بەڵام لە سەدا سەد نییە. تاوانباری سەرەکی ئەوە، ئەو تاوانبارە. یەکێ خاوەنی دەنگی خۆی نەبێ، تاوانبارە. خاوەنی کەسیەتی خۆی نییە. بۆ بەگوێی ئەوانی دەکرد، نەیدەزانی وای لێ دێ. تۆ بزانە تووشی چ بەڵایێ هاتم؟ بشمکوژن نایدەمەوە. پاش ئەو هەموو ساڵە، چۆن دەتوانم بێ گۆڤەند بژیم؟ ناهێڵم بیبەنەوە، ئەی ئەمن چیم، خۆ من نەمردووم؟ ئەگەر من من بم، دەزانم چۆن ئەو نینۆکە تیژانەم لە چاوە زەق و مۆنەکەی دەچەقێنم. قوڕاوی ناڕەزایی و دەردە سەری کارە ناڕەواکەشی بە سەردا دەبارێنم. گۆترە نییە، با هەزار پارێزەریش بگرێ، سعاتێ ناتوانێ لێمی دوورخاتەوە.)

جزە جزی مێشێ سەرت پێ دادەنوێنێ. چەند جارێ دەست ڕادەوەشێنی. مێشەکە لە پێش دەمەوچاوت دوور دەکەوێتەوە لەسەر دیوارەکەی بەرانبەرت هەڵدەنیشێ. چاوەکانت بە دوای مێشەکە پەلکێشی سەر دیوارەکە دەبن، چەند هێڵێکی ڕاست و چەماوە و خواروخێچ لەبەر بیناییت قیت دەبنەوە.

هێڵەکان سەرنجت ڕادەکێشن. مێشەکەش بەردەوام ئەم هێڵ و ئەو هێڵ دەکا و لەسەر هیچ کامێکیان تۆتکە ناگرێ. پاشان مێش و هێڵەکان شێوەی سەیر و سەمەرە لەبەر عەدەسەی تەماشاکردنت دروست دەکەن. درێژ و پان و بەرین و خوار و خێچتر دەبنەوە. قاچی مێشەکە لەگەڵ هێڵەکان تێکەڵ یەکتر دەبن. دەبنە زۆر شتی پێك نەچوو. تارمایی ئاساش لەبەر چاوت دەجوولێنەوە. یەك تارمایی، دوو و سێ و چوار و پاشان دەچنە ناو یەك و تارماییەکی گەورە پێك دێنن. کەللەیێکی زل و دەم و چاوێکی زەق و دەرپەڕیو، گوللەی دڵڕەقی و تووڕەیی ئاڕاستەی ناخت دەکا. کۆرپەی هێمنی ناخت بە جارێ دەپێکێ. تارماییەکە بەردەوام

دەجوولێتەوە، دەستی ڕادەوەشێنێ. خەنجەرەکەی دەستی ڕاستی و خەونت لا تێکەڵ دەکا. خەون و ڕاستیت پێ لێك نابێتەوە. لە ترسا سامگرتی دەبی و بە شڵەژاوی، پتر لە تارماییەکە ورد دەبییەوە. ئەو بەڵایە چییە، ئای ئەوە دێتە پێش، وا بەرەولای تۆ هەنگاو دەنێ؟! وا هات، وا گەیشتە بەردەمت. ئەوەتا خەنجەرەکەی دەبریقێتەوە. خۆت لادە، با ورگت هەڵنەزڕێنێ، چەند تووڕە وتوندوتیژە؟ ئەوە بۆ وایە؟ وا دیارە دەیەوێ دوژمنایەتیت بکا. تەماشای کە، ئەدی بۆ وا چاوی سوورهەڵگەڕاوە؟ بە غەزەبیشەوە تێت دەڕوانی. پێ دەچێ بە یەکێکی ئاشنات تێ بگا؟! وا دیارە دەتناسێ. لەوانەیە بتناسێ، لەوانەیە تۆش بیناسی؟! ئەی ئەگەر وا نەبێ، بۆ وا تەماشای دەکا. ئەوەی بتانبینێ، یەکسەر بیری بۆئەوە دەچێ و دەڵێ:

دوژمنایەتییەکی کۆن لە نێوانتانەوە هەیە و لە مێژە یەکتر دەبوغزێنن، لە مێژیشە چاوەڕێی ڕۆژێکی وان، ئەوەی نیوانیان یەك لا بکەنەوە. بۆیە وا بەتاو، یەك و دوو لەبەر دەمت ئامادە بوو، تۆش بە جۆرێکی نا ئاسایی وا شێوای، تێکچووی، تەماشای خۆت کە، بزانە چۆن ڕوخسارت زەرد هەڵگەڕاوە و قاچەکانیشت وەکو بی ناو ئاو دەلەرزن، ئارەقەی ڕەش و شینیشت کردووە؟». بە پەلە و خێرا دەڕوانییە گۆڤەند و زەلامە خەنجەر بە دەستەکە. «هاتووە ئەو ببا».

لێوت دەبێتە تەڵەی تەقیو، بە پچڕ پچڕی، چەند پیتێ، لە دەمت دەردەپەڕن.

«خـــ... ۆ... یــــــــە».

لێت لا دەدا و تاڵووکە بەرەو قەرەوێڵەکەی گۆڤەند دەچێ. پتر دەشڵەژێی، چەند وشەیێکی دی، لەسەر زمانت دەکەونە باڵەفڕێ.

«کێی؟! وەرە بۆ کوێ دەچی؟ چیدی نەچییە پێش، چیت دەوێ»

بۆت تەواو ناکرێ، دەنگی ترپە ترپی هەنگاونانی زەلامەکە، مۆتەکە ئاسا، خۆی هەڵدەداتە سەر سنگت. تۆش بە دوایەوە خۆت وەردەگێڕی و بە ڕاکردن، بەرلەوەی ئەو بگاتە قەرەویڵەکەی گۆڤەند، خۆت دەگەیەنییە ئەوێ. خۆت خوار دەکەیەوە و لەژێر خۆتدا گۆڤەند دەشاریەوە. دەکەونە زۆرانبازی، ئەو بە هەموو هێزێکییەوە تۆ ڕادەکێشێ، تۆش پتر گۆڤەند بە خۆتەوە دەنووسێنی.

«بشمکوژی نایدەمە تۆ، بۆ تۆم بەخێو نەکردووە، ئەی تا ئێستا لە کوێ بووی؟ حەوت ساڵە بۆ نە دەهاتی پرسیارێکی بکەی؟ بەرم دە. کوڕ کوڕی منە، تۆ هیچ مافێکت بە سەرەوە نییە».

بە سەریدا دەقیژێنی، دەکەیە هاوار هاوار، دەنگت ژوورەکە دەشڵەژێنی و هێمنی و ئاسایشی ئەوانەی خەوتووشن تێك دەدا. ئا لەو کاتەدا دایکت لە خەو ڕادەپەڕێ. کە بەم جۆرەش دەتبینێ، واقی وڕدەمێنێ!

«بیسمیللا، بیسمیللا، ئەوە چییە؟! ها چی قەوماوە؟! ئەو هاوار هاوارەت لە چییە. کچێ کڕبەوە، با کوڕەکە زراوبردی نەبێ. کچێ دە وس بە وس. گوتم داخوا چی قەوماوە؟»

وەڵامت پێ نادرێتەوە. دەمت تێك دەئاڵێ، وەکو شێت، لەبەر خۆتەوە دەکەویە وڕێنەکردن. چاوەکانیشت وێنەی کون و قوژبن و دار و دیواری ناو ژووری دەکێشن.

«چی لێ هات؟! یانێ چی! سوێند دەخۆم ئەوە بوو! بەم چاوانە دیتم منی ڕادەکێشا. خۆ کوێر نیم، خەنجەرەکەشی سپی دەچۆوە. ئەو بوو هاتبوو، بە زۆری، گۆڤەند بڕفێنێ و ئەگەر نەشیتوانی بیبا، من بکوژێ، پاشان ئاسانە. خۆ خەون نابینم، خەونی چی؟ یەکێ نەخەوتبێ، چۆن خەون دەبینێ؟»

پاش ئەوەی ژوور و حەوشە و دەرەوە هەمووی دەپشکنی. کە هیچ کەسێ نابینی، هێمن و ئارام دەبییەوە. بۆیە لە سەرەخۆ، بەرەو ژووری، هەڵدەکشێی. گلۆپی حەوشەکەش بە داگیرساوی دەهێڵییەوە. وات پێ باشە، لە ڕووناکیدا دەرزیش دەبینرێ. ئەوسا دادەنیشی و پاڵ بە قەرەوێڵەکەی گۆڤەند دەدەی. هێندەی پێ ناچێ ژانێکی بە تەوژم و بە هێز، وەکو بزمار لە پشتت دەچەقێ، پشتت بێ ئەندازە دێشێ، بەرە بەرە ژانەکەش بڵاو دەبێتەوە. پەراسووەکانت.. قاچت.. سەر شانت.. قۆڵت، پاشان هەموو لەشت دەگرێتەوە. چۆن وات لێ نایێ، یەکێ بە درێژایی شەو بێدار بێت و ترس و گومان چەنگاڵ لە دڵی گیر بکا، چۆن ئازار ئەندامەکانی لەشی، ئەنجن بە ئەنجن ناکا. لە تاو ئێشی لەشت، دەکەویە ئای ئای، بەڵام بێ ئەوەی بهێڵی، دەنگت گۆڤەند بە خەبەر بێنێ. با هەڵنەستێ، با ئەویش بە ئاخ و ناڵە و گریانت نەکاتە هاوار هاوار و زراوی نەڕژێ. دان بە خۆتدا دەگری.

نازانم بۆ وام لێ هاتووە، بۆ لە نێوان هەموو شەوێ، تەنیا ئیمشەو، بەم جۆرە بێ ئۆقرە و سەرقاڵ و دوودڵ و بێ ئارامم؟! هەست بە تەنیایی و نامۆیی دەکەم و ترسیش مۆتەکە ئاسا دەمترسێنێ.»

بە بیرت دێتەوە. پێ ڕاگەیاندنەکەی ئیمڕۆ، کاری تێ کردووی. نزیکی نیوەڕۆ بوو، کاتێ، لە دەرگا درا. کە دەرگات کردەوە، لووتت بە لووتی پۆلیسێکەوە بوو. هێشتا لێت نەپرسیبوو، ئەو هەڵیدایێ:

– ڕۆژی پازدەی مانگ، لە دادگا، سعات هەشت، ئامادە دەبێ! ها ئەوەش پێ ڕاگەیاندنەکە.

– بــــۆ؟!

– نازانم، خۆت بیخوێنەوە، هەموو شتێ تێ دەگەی. لێرەش ئیمزاییێکمان بۆ بکە.

قەڵەمێك و پارچە کاغەزێکی دایە دەستت. بەگومانەوە لێت وەرگرت. بە

ناچاریش ئیمزاکەت بۆ کرد و قەڵەمەکەت دایەوە. بەرە و ژوور بوویەوە، بە دەم ڕۆیشتنەوە، هەموو شتێکت بۆ ڕوون بۆوە. شکاتی کردبوو، گوایە گۆڤەند، ئیتر دەبێ، بدرێتەوە باوکی. دنیا لەبەر چاوت تاریك داهات هێندەی نەمابوو ببووریێیەوە، بە هەزار حاڵ خۆت گەیاندەوە ژوورێ. لەو ساوەش لە داخا نازانی چی بکەی. نازانی نە بگرییێ نە پێبکەنی. هەستان و دانیشتنت ئاسایی نییە. دەم نا دەم دەچییە دەرێ، دەگەڕێیەوە ژوورێ. لەم بەر بۆ ئەو بەر دەچی. تۆتکە ناگری. بە ژماردن بژمێری لەوانەیە چل جار پتریش ئەم جێ و ئەو جێت کردبێ. گۆڤەندیشت بێزار کردووە هێندەی بە توندی بیگریە باوەش و ماچی بکەی و بانگی بکەی. یەك و دوو هەڵیدەمژی، بەگەرمی بە خۆتیەوەی دەنووسێنی. دەم نا دەمیش لەبەر دەمی دەکەیە گریان و نووزە نووز. تۆ بگرییێ، ئەویش بە دواتەوە. کە گوێشت لە دەنگی گریانی دەبێ، وا دەزانی دنیات بەسەر دا، دەڕووخێ. ناچار کڕ دەبییەوە. چیت بە سەرهاتووە؟! ئەو خاو و خلیچکییە چییە؟! ئەوا بۆ وا، دڵت لەخۆ بۆتەوە؟! هەستە بڕۆ لای دکتۆرێ، بزانە چیت پێ دەڵێ.

«تووشی نەخۆشییەکی کوشندە هاتووی. لێدانی دڵت ئاسایی نییە، گەرمایی لەشت لە پلەی ئاسایی بەرزتر بۆتەوە، پێویستە لە نەخۆشخانە بنووی».

هەڵدەستی، هەنگاوێ، دوو هەنگاو؛ قاچەکانت بە گرانی دەجوولێنەوە. ناچار دەوەستی. لەبەر خۆتەوە، وڕێنە دەکەی. لەچی بترسم؟! خۆ بایی ئەوەم تێداماوە بە سەریدا بقیژێنم، یا چەند تۆپەڵە تفێ ئاراستەی سەر و سەکوتی بکەم. نە بە خوا، وا بزانم توانای ئەوانەشم نەماوە. تفیشم پێ قوت نادرێ، ئەو دەرد و بەڵایە چی بە مرۆڤ دێڵێ. وەرە حەوت ساڵ منداڵ بە خێوکەی و ناز و نیعمەتی هەڵگری، ئەوسا یەکێك بێ بیبا. حەوت ساڵ کەم نییە! وەرە حەوت ساڵ لە ناو کۆشێ خەم و پەژارەدا بژی، ئەوەشی بێتە سەر. جا ئەگەر مەرامەکەی بێتە دی، مردنم پێ خۆشترە. نایدەمەوە،

نەبووە و نابێ. هەموو دنیاش کۆبێتەوە خەیاڵیان خاوە. مەسەلە بە لای منداپە. خاوەن ویژدان، ئەوەی تۆزێ بەزەیی لە دڵدا بێ و نەدۆڕا بێ، ڕاستی دەڵێ. برۆ بپرسە، بزانە چۆن وەڵام دەدەنەوە: ئەو هیچ مافێکی بە سەرییەوە نییە، خۆ ئەو بە خێوی نەکردووە. بەڵام دڵی من، وا ناڵێ، دەترسم؛ کابرایێکی دڵڕەق و بێ بەزەییە، هەبووشە، بە پارە، هەموو شتێ دەکا، پارێزەر دەگرێ. لەوانەیە شتی گەورەتریش بکڕێ.

دەرگا دەکرێتەوە. دەچییە ژووری. ژوورەکە هۆڵێکی گەورەیە. بە ترسەوە هەنگاو بەرەو بەردەمی دادوەر و کابرای تەنیشتی دەنێی. لەبەردەم مێزە سێ مەترییەکە، ڕەق ڕادەوەستی. مێزەکە دوو کتێب و چەند فایلێ، کۆمەڵە پەرە کاغەزێکی لەسەر ڕیزکراوە. دادوەر و کابرای تەنیشتی، لە پشت مێزەکەوە، چاو ئەبڵەق، دەڕواننە پێش دەمی خۆیان. لە نیوەی هۆڵەکەش بە دواوە، بە شێوەی کەوانەیی، کۆمەڵێ خەڵك دانیشتوون و بە پەرۆشەوە، چاویان بڕیوەتە دەمی، دادوەر و چاوەڕێی دەست پێکردنی مەسەلەکەن، تینوویەتی مێشکیان بشکێنێ. بەڵام تۆ وا هەست دەکەی کە ئەو خەڵکە بە جۆرێکی نا ئاسایی، تەماشات دەکەن و دزە نیگات تێ دەبڕن. وا دەزانی لەگەڵ دادوەریش ڕێککەوتوون و بە هەموشیان حەز دەکەن، تۆ ژێر بکەوی. ناوێری سەیریان بکەی، چونکە ئەوەندەی دەکەی و دەتەوێ، یەکێ بدۆزیتەوە، بە چاوی دۆستایەتی لە ڕوخسارت ورد بێتەوە، نییە.

بە پەلە، بینایت دەگوازییەوە سەر سەروسیمای دادوەر و ئەوەی تەنیشتی، بە مەزندەی خۆت هەر ئەوانن خاوەن ویژدان و حەق وەرگرەوە. کە گوتیان دادوەر، هەموو شتێ دەبڕێتەوە. کەچی هەر ئەودەم دڵت دادەخورپێ. «تا ئێستا دەموچاوی وا عەبوس و مۆنم نەدیوە».

بە گومانەوە سەیریان دەکەی. دادوەر سەری ڕووتاوەتەوە و کەچەڵێکی، نێوچەوان پانی، کرژی تووڕەیە. بەدزی تەماشات دەکا، ئەوەی دی، تووڕە

و توندوتیژ و سمێڵ درێژ و موو ڕەشێکی کەپوو گەورەیە. لە ترسا ئارەقە دەکەی و تەزووێکی سارد بە لەشتدا دەگەڕێ. ناو هۆڵەکەت لێ دەبێتە زیندانێکی تاریك و تەسك و ساپیتە نزمی بێ پەنجەرە. کە تەنیا لە سەرەوە، لای دیواری دەستە چەپ، کونێکی بچووکی تێدایە. هەموو شت بە لێڵی و شێواوی دێنە بەر چاوت شتەکان سەرەوژێر دەبنەوە. لە نێوان قاچی خەڵکەکەوە دەڕوانییە کونەکەی سەرەوە و چەند وێنەیێك قوڵاب لە نیگات گیر دەکەن. دیمەنەکان نەختێ کەفی هەڵچوون و شێوانەکەت دادەمرکێننەوە. هەر یەکێکیش بە جۆرێ خۆیت نیشان دەدا.

وێنەی یەکەم:

دوو پاڵەوان سواری دوو ئەسپ بووینە و لەکاتی غار غارێندا، یەکێ، رمێکی، ئاراستەی سنگی ئەوەی دی کردووەوسەر سنگی پێکاوە. لە ژێرەوەشیان نووسینێ دەخوێنییەوە.

«بە هێز لەم دنیایە دەژی، بێ هێز، هەمیشە بەزیوە.. مردووە.. تێ هەڵدراوە».

وێنەی دووەم:

منداڵێکی ساوا لەسەر دەستی ئافرەتێکی قژ ئاڵۆزی جلوبەرگ دڕاو، ملی لار بۆتەوە. ئافرەتەکە بەردەوام دەستی دەهەژێتەوە، بەڵام منداڵەکە خەوی لێ ناکەوێ، چاوی زەقە. بە لای لایەش چاو لێك نانێ. دەوروبەری منداڵ و ئافرەتەکەش، وشکانییە و دارودرەخت ڕووتاونەتەوە. کۆمەڵێ گەڵای هەڵوەریویش، بە دەوریاندا، بە هێزی بایێکی توند، لە هەڵبەز و دابەزدان.

ئەویش ون دەبێ.

وێنەی سێیەم:

پیاوێکی ڕیش سپی، خۆی بەسەر گۆچانێکەوە چەماندۆتەوە و بەناو

بیشەڵانێکی چڕ و ترسناکدا ڕێی گرتۆتە بەر. تۆێشە بەرێکی پڕ نانیشی لەبن هەنگڵدا شۆڕبۆتەوە خوارێ. بە پێ خواسیش دەچێتە پێش، باکی بە دڕك و داڵ و چڕی دارستانەکە نییە. متمانەی بە کتێبەکەی لای ڕاستیتی. ناونیشانی کتێبەکە سەرنج ڕا دەکێشێ «ڕاستی بڵێ».

بە خوێندنەوەی ناونیشانەکە خەریك دەبێ، بەڵام ئا لەم کاتەدا دەنگێکی بەرز و بەهێز، پەردەی گوێت دەلەرێنێتەوە. «مــەحکـــەمـــــە».

یەك و دوو ڕادەپەڕی، کە چاو دەکەیەوە، واقت وڕ دەمێنێ. بە حەپەساوی تەماشای دەوروبەری خۆت دەکەی!

«ئەوە چییە، ئێرە کوێیە؟!»

ئەوەتان دایکت و گۆڤەند لە جێی خۆیان لە شیرین خەودان. کەواتە ئێرە دادگا نییە، بەڵکو ژوورەکەی ماڵی باوکتە. کە بۆت ڕوون دەبێتەوە، هەناسەیێکی قووڵ هەڵدەکێشی. لە خۆشییانیش سەر خوار دەکەیەوە، بە سۆزەوە چەند ماچێکی گەرم لە نێوچەوانی گۆڤەند دەکەی. چەند جارێکیش ئەمە دووبارە دەکەیەوە «هەموو دنیاش دوژمنایەتیم بکا، بێ سوودە، کەس ناتوانێ ماوەی یەك دەقیقەش لێمت دوورخاتەوە».

١٩٨٠

**تێبینی:**

١- مەبەست لە لێك ترازان، لێك ترازانی چەند قەوارەیێکی ئەندازەیی نییە، بەڵکو مەبەست لە لێك ترازانی هەڵسوکەوت و ژیانە، تاك و کۆمەڵە، مرۆڤ لە دەوروبەرەکەی، هەر شتێ پەیوەندی بە مرۆڤەوە هەبێ، هەتا ڕۆحیشی.

٢- چەند چیرۆکی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا لەژێر ناونیشانی تر بڵاو کراونەتەوە، هەندێکیشیان کەم و زۆر دەستکاری کراون.

# گەمەی وردە ماسییەکان

# گۆڕ هەڵکەن

کابرا نامۆکە هەر کە گەیشتە ژێر قەدی تەپۆڵکە گردەکە ئیدی لە توانایدا نەما هەنگاوی دی بنێ و سەر بکەوێت. پیرەمێردەکەش بە دوای ئەودا سەقامگیر بوو. هەردووکیان ڕووەو سەرەوە سەریان بەرز کردەوە. گۆڕەکەیان لێ دیار نەبوو. کابرای نامۆ هەر تەنها بە لەش شەکەت و ماندوو نەبوو، بەڵکو مێشك و دڵ و دەروونیشی لەوپەڕی ماندووبووندابوو، سەری لەنێوان جەمسەری بڕیاری سەرکەوتن و سەرنەکەوتندا ئەم بەرو ئەو بەری بوو.

برینێکی سارێژ نەبووش بزمار ئاسا لە ناخی دەچەقی و گینگلی پێدەدا. بە دیار گردەکەوە دۆش دامابوو، هەتا پیرەمێردەکە چەند وشەیەکی کاریگەری ئاڕاستە نەکرد، ئەم لە شوێنی خۆی نەجوولایەوە. پاشان بە پەنجەی شایەتمان ئیشارەتی بۆ سەرەوە بۆ کرد. پەنجەی پیرەمێردەکە بووە ئەو باریکە ڕێیەی لە ئاستیدا بەرەو سەرەوە هەنگاوی شل و خاو

بـنـێت. نـەیـدەزانـی چـۆن ڕوو بـەڕووی گـۆڕەکـە ببـێتـەوە، بـۆیـە دەم نـادەم هـەڵوێستـەیەکی لـە قـەدی گردۆڵکەکە دەکرد، هـەندێ دەوەستـاو ئـاوڕێکی بۆ دواوە دەدایـەوە. وەکو ئـەوەی بیـەوێ پیرەمێردەکە تـەنـهـا بـە سـەر بۆ لـەقـاندن و هێمـا بۆ کردنـەوە وەڵامـی دەدایـەوە.

مـاوەییێکی چـاکی پـێ چـوو تـا کـابرای نـامۆ گـەیشتـە سـەر تـەپـۆڵکە گردەکە، لـەوێ وەستـاو لـە دوورەوە بـەرامبـەر گـۆڕەکـە بـە چـۆك داهـات. هـەڵچوونێکی شێتـانـەش دەستـی پـێ هـەڵبـڕی و کـەوتـە لـە خـوا پـاڕانـەوە، سوجدەی بۆ خـواو خـاك و خـۆڵـی سـەر گـۆڕەکـە بـرد. دەیویست لـە ڕازو نـهێنی ڕاستییـەکـی گـەلـێ گـەورە بگـات کـە تـا ئێستـە پـەی پـێ نـەبـردبـوو. بـە ڕوخساریش گلـەیی لـە هــەمــوو شتـێکـی ئـەم دەشت و دۆڵ و گـردۆڵـکـەو پـیـرەمـێردو قـوتـابـخـانـەو مـامۆستـاکـان دەکـرد. نـەیدەزانـی چـی بکـات و چـی بـڵێت و چـۆن هـەڵسوکەوت بکـات. هیچـی پـێ نـەکـرا جگـە لـەوەی چـەند جـارێ ئـاوڕ لـە دواوە بـداتـەوەو لـە پیرەمێردەکە بڕوانـێ. لـە تـەمـاشـاکـردنـی ڕوخسـاری پیرەمێردەکە شتێکی نـادیـارو نـائـاسـایـی خـوێنـدەوە، نـەیـزانـی نـە گـلـەیـی کـردنـە نـە سـەرزەنشت کـردنـە. تـۆ بـڵێی بـە کـابرایێکـی بـێ بـەزەیی و دڕنـدەو نـامرۆڤـانـەی تـێ بگـات؟ گـوایـە تـازە دێتـە سـۆراغکردنـی ئـەم گـۆڕە بـێ نـازە و پـاش بـەسـەرچوونـی سـێ مـانگیش ئـەوسا ئێرە بـەسـەر دەکـاتـەوە.

کـە پـیـرەمـێردەکـەی وابـیـنـی نـەیـتـوانـی چـیـتـر تـەمـاشـای بـکـات، بـۆیـە بـە نـاچـاری چـاوی بـڕییە کێلـەکان و نیگـای بـەسـەر نووسراوی سـەر کێلی لای سـەری گـۆڕەکـە ڕووا، بـە حـەپـەسـاوی لێیـان وردبـۆوە، وەکـو ئـەوەی لـەوەتـەی هـەیـە گـۆڕو کێلی گـۆڕی نـەبینیبـێ ئـەوهـایـی نووسراوەکانی بـەسـەر دەکردەوە. بـەڵام هێندەی کردی هیچ سـەرو دەرێکی لـێ دەرنـەکـردن، خـوێندەوار بـوایـە بـە تـەواوی دڵنیا دەبوو و دەیزانی ئـاخۆ نووسراوەکـان نـاو و سـاڵی مردن و لـە (دایك بوونی کـوڕەکـەی ئـەون یـا نـەء). بـۆ دڵنیـابوون ویستـی پرسیـار لـە

پیرەمێردەکە بکات، بەڵام گریانی قەتیسماوی قورگی لەگەڵ وشە بەند بووەکانی سەر زمانی تێکەڵ بەیەك بوون و نەیانهێشت هیچ بڵێ.

ناچار سەری لار بووەوەو نائومێد ڕوانییە کۆمەڵە خۆڵەهەڵدراوەکەی نێوان هەردوو کێڵەکان. پیرەمێردەکە کە وای بینی یەکسەر لێی چووە پێش، بە هێمنیش دەستی خستە بن باڵی، ڕاستی کردەوە، هێمنتریش بەرەو گۆڕەکە ڕایکێشا. کابرای نامۆ هێشتا چەند هەنگاوێکی مابوو بگاتە سەر گۆڕەکە دەماو دەم کەوتە سەر یەکێ لە کێڵەکان. لا ڕوومەتێکی زامدار بوو، بێ ئەوەی بە سەر خۆی بێنێ یەکسەر لە تەنیشتییەوە لێی پاڵکەوت، جا زامداربوونی تەنها لا ڕوومەتێکی کەی دەگاتە ئاستی ئازاری دەروونی، تا ئازاری پێوە ببینێ. متەقی نەکرد، چونکە ئازاری کارەساتی بزربوون و بێ سەرو سۆراغ چوونی کوڕەکەی گەلێ کاریگەرتر بوو لە زامدار بوونی هەر هەموو ئەندامەکانی لەشی. پیرەمێردەکە بە پێویستی نەزانی هەمدیسان کابرا هەڵگرێتەوە. وازی لێ هێنا تا بە تەواوی کفتی دڵی دادەمرکێتەوە. لە دڵی خۆیدا گوتی: با تێر کێڵ و گۆڕو خاکی نێوانیان لە ئامێز بگرێت، با تێر تێریش ماچیان بکات، بەڵکو ئێ ئەمە خوایە هەندێ دێتەوە سەرخۆو کارەکە بە بارودۆخێکی دیدا دەسووڕێ. کابرای نامۆ ئاگای لێ نەبوو کەوا هێدی هێدی خوێنی لاڕوومەتە برینداربووەکەی دادەچۆڕێتە سەر خاك و خۆڵی گۆڕەکەو تێکەڵ بە مەرگەساتی تەرمەکەی ژێرەوە دەبێ.

گۆڕەکەی نیشانی نامۆکەیان دا هەر گۆڕ بوو، چونکە لە کێڵە نارێکەکانی بترازێ دەنا هیچی دی لە گۆڕی ئاسایی نەدەچوو: سەر ئەم تەپۆڵکە گردەش نە گۆڕستان و نەجێی ناشتنی تەرم و ئادەمیزاد ناشتن بوو، مەگەر کەسێکی ئاوارەو سەرگەردان وا بەم شێوەیە بگرێتە باوەش.

جاران سەر ئەم تەپۆڵکە گردە تەنهاو چۆڵە لە بەردی ڕەق و دڕك و داڵ

پتر هیچی بەسەرەوە نەبینراوە. هیچ کەسێکیش بە سەریدا ڕانەبووردووە، بەڵام وا ئیمڕۆ دوو زەلام بە سەریەوە وێڵن و بە دوای شتێکدا دەگەڕێن. دەیانەوێ شتێ بدۆزنەوە. تۆ بڵێی بیدۆزنەوە! پیرەمێردێ وەکو ڕێ نیشاندەرو ئەوی تریش خاوەنی تەرمێکی بزربووی سێ مانگ لەمەوبەر.

پیرەمێردەکە دوور وەستاوەو بە حەپەساوی چاوەڕێی کۆتایی هاتنی ئەم دیمەنە جەرگبڕەی نامۆکەو گۆڕەکە خولْقاندوویانە دەکات.

کابرای نامۆ لاتەریب لاشەی سست و ماندووی لە گۆڕەکە نزیك دەخاتەوە، دەیەوێ قەدو باڵای سەرتاپا لە خۆڵە هەڵدراوەکە هەڵسوێ و لە گەڵیا ببێتە یەك. لاتەریب درێژ دەبێ. وەکو ئەمیش بیەوێ ئالەم ساتە پڕ مەینەتییەدا نامۆیانە تەرمە نێژراوەکە ئاسا دوا ساتی ژیانی بکاتە قوربانی مەبەستێکی پیرۆز، ئەوهایی دێتە بەرچاو. بێ دەنگ ڕاکشاوە، نایەوێ ڕاست بێتەوە.

خەمێکی خەست بەر دڵی پیرەمێردەکە دەگرێ. ئەمیش لە ئاست ئەم شانۆگەرییە تاسابوو، نەیدەزانی چی بکات. گریانیش لە ساتێکی وادا دەستەوەستان دەوەستێ. خەریك بوو باوەڕ نەکات ئەمە گۆڕی ئاساییەو زەلامەکەش کابرایەکی ئاساییە. لەبەر چاوی گۆڕەکە شەق بوو. دەرزی برد، تەرمە نێژراوەکە هاتە دەرەوە. بە جلێکی سپییەوە لە گۆڕەکە هاتە دەرەوەو بە سەر خۆڵە هەڵدراوەکە بازی دا. هات بە دیار نامۆکەوە دانیشت، سەری خوارکردەوە. دەمی لە نێو چاوانی نزیك خستەوە، ماچی کرد. کەوتە قسە، نامۆکەی دواند. ئەوسا لە تەنیشتییەوە درێژ بوو، بە جووتە پاڵ کەوتن. ئەمە وای لێ کرد. ئەمیش بچێت لە پاڵ ئەوان درێژ بێت، بەڵام بە دیوەکەی دیدا سووڕایەوە. بۆ ئەوەی پێکەوە دەم بە گوێی خاکدا بنێن و لە ڕازو نهێنی مردن و ئەم گەردوونە بگەن. کابرای نامۆ بێ ئاگابوو، ئەم دیمەنە تەنها لەبەر چاوی پیرەمێردەکە تێدەپەڕی.

پیرەمێردەکەش کە گەیشتە سەر گۆڕەکەو لێی پاڵکەوت. هیچ شتێکی لە مانەی چەند ساتێ لەمەوبەر لەبەر چاوی بوون نەبینی. نەیزانی نەخەونەو نە خەیاڵ. شتێ بوو هات و ڕۆیی. ویستی لە نامۆکە بگەیەنێ و پرسیاری لێ بکات ئاخۆ ئەم مرۆڤە جل سپییەی کە تازە لەبەر دیدەی دەجوولایەوە کوڕی ئەم بوو یا نەء؟ بەڵام خۆ نامۆکە تەرمەکەی نەبینی تا بڕیاری ئەوە بدات کوڕەکەی ئەوە یان نەء؟ پەشیمان بۆوەو ئەمیش بێ دەنگ بوو. ڕاستە ناوی مردوو ساڵی لەدایکبوون و ساڵی مردن لەسەر کێلی گۆڕەکان دەنووسرێن، بەڵام کێ دەڵێ ئەمە هەر هەمان ئەو کەسەیە کە کابرای نامۆ بە دوایدا دەگەڕێ، چونکە هەتا ئێستەش هیچ شتێ نیشانەی سەدا سەدی ئەوە نادات کە ئەمە کوڕی نامۆکەیەو سێ مانگ بەر لە ئێستە بێ سەرو شوێن بزربووەو لێرە نێژراوە. هیچ هێزێکیش نییە مردوو زیندووکاتەوە، تا بە جارێ مەسەلەکە ببڕێتەوەو کابرا بە دڵشکاوی ڕێ و ڕێ نەگەڕێتەوە، ئەگەرچی مامۆستاکانیش هەر هەمان قسەی قادری هاوڕێی شێرزادیان دووبارە کردەوە کە ئەمە فڵانی کوڕی فڵانە. لە نووکەوەش بۆیان گێڕایەوە کارەساتەکە چۆن ڕووی دا. ئەوەتا ئەم پیرەمێردەشیان بە گەڵ داوە، بەڵام ئەم هێشتا هەر باوەڕ ناکات، هەتا جلوبەرگ و سەعات و جزمەکەشیان نایە مستی. ئەم نەیدەویست بیانباتەوە، بەڵام یەکێ لە مامۆستاکان خستییە سەر ئەو ڕایەی بردنەوەی دەبێتە دەرمانی سارێژبوونی برینی دڵی دایکی. ئەویش شتومەکەکانی خستە ناو تورەگەیەك و نایە کۆڵی.

– گۆڕەکە هەڵدەکەنم و هەرچییەکی تێدا مابێ دەیبەمەوە.

– چی، چی دەکەی، گۆڕ هەڵکەندنی چی؟ هیچی لێ نەماوە، ئێستە هەر بە جارێ بۆتە خاك و خۆڵ. گوناحیشە، گۆڕ هەڵکەندن گوناحە.

– ئەگەر ئێسقانیشی لێ مابێ دەیخەمە ناو ئەم توورەگەیەو دەیبەمەوە،

لەوێ گۆڕێکی ڕێکوپێکی بۆ هەڵدەگرم، لەبەر چاومان بێ باشترە، بۆ ئەوەی هەموو ڕۆژێ سەری لێ بدەین و ئاگامان لێی بێ. پاشان دایکی دەحەسێتەوە.

– من لێرە ئاگام لێیەتی، وەکو گۆڕی کوڕی خۆم بێ، ئەوها سەری لێ دەدەم، زۆر ڕێك و پێکیش هەڵی دەگرم، ئێوەش بە پێی توانا وەرنە سەردانی.

پیرەمێردەکە هێندەی کردی نەیتوانی گۆڕهەڵکەنە نامۆکە پەشیمان کاتەوە چونکە ئەمە بریاری ئێستای کابرای نامۆ نەبوو. بەڵکو بریارێ بوو لە ماڵەوە پێش ئەوەی بگاتە ئێرە دابووی، هەرکە گۆڕەکە بدۆزێتەوە یەکسەر هەڵی کۆڵی و ئەگەر ئێسقانیشی مابێ بیباتەوە. بێجگە لەمەش، بەڵکو ئەمە خواشە تەرمەکەی هیچی لێ نەهاتبێ، یا هیچ نەبێ ئەندامێکی مابێ، یانیشانەیێ ببێتە هۆی ناسینەوەی.

گۆڕهەڵکەنەکە خۆی تا ئێستە تەرم شۆرو گۆڕهەڵکەن بوو و خەڵکی دەناشت، کەچی ئەوەتا ئیمڕۆ کار بە پێچەوانەیە، دەبێ ئەمجارە خاکەناسێ بگرێتە دەست و خاك و خۆڵ هەڵبداتەوە، تاتەرمێکی ئازیز لەناو چاڵێکی تەنگ و تاریك دەربهێنێ، ڕاستە حەزی دەکرد یەکێ بێت پێی بڵێ: ئەمە گۆڕی کوڕەکەی تۆ نییە. بەڵام بیگوتایە شێرزاد ماوە دەکەوتە هەڵەکە سەما. جادووکەرو ئەم و ئەو نەما سەری پێ نەکا. هەموو هەر دەیانگوت شێرزاد ماوە. زۆریشی باوەڕ بە خەوێنەرەکە هەبوو. لە هەموویان پتر ئاسوودەیی بە دڵ و دەروونی دەبەخشی. کە نازەنینی کچەزاشی نواند، هەر بە جارێ کەوتە سەر ئەو باوەڕەی کە شێرزاد نەمردووە، ماوەو دەگەڕێتەوە.

نازەنین هەر وەك بە ڕاستی خاڵۆی بە زیندوویەتی ببینێ و بەرامبەری

وەستابێ قسەی لەگەڵ دەکرد. کابرا بەرامبەر ئاوێنەیێك نازەنینی نواند، هێندەشی پێنەچوو بە چەند قسەیەکی سەیر، بە قسەی هێناو گوتی: خاڵۆ ئەوە لە کوێی، بۆ ناگەڕێیتەوە؟ دە وەرەوە، وا ئێمە چاوەڕێی هاتنەوەتین. پاشان پاش ئەوەی نازەنین بە خەبەر هات گوتی: قسەم لەگەڵ خاڵۆم کرد، بەڵام لە شارێکی زۆر دوور بوو، نەمزانی کوێیە، شارێکی زۆر خۆش بوو، دەوران دەوریشی بە چیای سەرکەش دەور درابوو. خاڵۆ سەفەری دەکرد، لێم پرسی کەی دەگەڕێیەوە؟ گوتی: ″جارێ نا، ماوەیەکی دی، کە ئیشەکانم تەواوبوون، یەکسەر دەگەڕێمەوە، جارێ چاوەڕێم مەبن″.

بە قسەی کابرای خوێنەر بووایە دەبووایە ئێستە لە مێژبوو شێرزاد بگەڕێتەوە. کەچی ئەوەتا ئەوا سێ مانگە نە سەری هەیە نە سۆراغ. پێشتر باوەڕی بە قسەی قادری هاوڕێی شێرزاد نەبوو. یا نەیدەویست باوەڕ بکات. ئەم باشتر ئاگای لە مەسەلەکە بوو، بەڕاستیش هەموو شتێکی بۆ درکاند، بەڵام خەریکە ئێستە هەر هەموو شتێکی قادر گوتبووی بە ڕاست بزانێ. پیرەمێردەکە دەیزانی خۆشی بێ و ترشی بێ نامۆکە هەر گۆڕەکە هەڵدەکەنێ و هەرچییەکی لە تەرمەکە مابێ دەیداتە شان و دەگەڕێتەوە. بۆیە هەستایەوە، بە پەلە بەرەو قوتابخانەکە کەوتە ڕێ. هێندەی پێ نەچوو هاتەوە. خاکەناسێکی لە بەردەم کابرای نامۆ دانا. لە جاران هێمنتر ڕاستی کردەوە، بە چەند وشەیەکیش وای لێکرد تا زووە دەستبەکاربێ.

کات بەرەبەری عەسرێکی درەنگ بوو، کابرای نامۆ کەوتە خاکەناس وەشاندن بۆ ئەوەی دوا مەبەست لەم ژیانەی بگەیێنێتە ئەنجام، دوا ماچ و دوا ئامێزیش بکاتە ئاوێزانی چەند ئێسقانێکی ڕووت و کەللە سەرێکی بۆش و بەتاڵیش بنێتە کۆڵ.

١٩٨٦

# شەوێکی تووش

بەس لەم جادە چۆڵ و تاریکە وردبەوە. هیچ کەسێ نابینی.. تەنیا تیشکێکی بازنەیی نیمچە تەماویت لێ دیارە... وا دێتە پێش، لە لایتێکی دەستی دەکا بە دەست یەکێکەوە بێ. ئەویش تیژ هەنگاو دەنێ: بە پەلەیە.. لەوانەیە چەند کەسانێکیشی لەگەڵدابێ، ئاخۆ چییان لێ قەومابێ؟ هەبێ و نەبێ ڕووداوێکی نائاسایی ماڵ بە دەری کردوون، دەنا بۆ بەم ناوەختە خۆیان دەدەنە بەر زەبری نیوە شەوێکی وا تووش؟ ماشاڵڵا نیوە شەوێکی تاریك و نووتەکە، چاو چاو نابینێ. گڵۆپەکانیش کوژاونەتەوە، کەم کەس دەتوانێ بێتە دەرەوە. پیاو دەربکرێ، ناتوانێ چەند بستێ بەرێوە بڕوا. بەڵام کە چارت ناچار بوو و گرفت خۆی لێت مەڵاس دا، دەبێ بە خۆکەوی. بە بیرتە چەند ساڵێ پێش ئیمشەو تۆش هەمان شتت بەسەرهات. بە هەمان شێوە لە نیوەشەوێکی وادا لەگەڵ دایکت پەراگەندەی کۆڵان و جادەکان بوون. بە دوای ئافرەتێ وێڵ بوون بە هاواری ماڵەوەتان بێ. هەتا دۆزیتانەوە تووشی هەزار بێنەو بەردە بوون و ئاوی پێتان چوو. پەلەشتان بوو زوو بگەڕێنەوە. بەڵام پاش چی؟ بریا نەگەڕابانەوە. ئەوەتا ڕێژنەی باران و بایەکی توند سەربان و دارو بەردی دەرەوە دەکوتێتەوە، وا سوولاوکەی خانووەکەتان بە گوڕ دێتە خوارێ، دەنگێ دێ، تۆ لە ژوورەوەی خەریکە گوێت کاس دەبێ. ئەوانەی دەرەوە باشتر دەرکی پێ دەکەن، کەچی نە لە هەنگاونان دەکەون و نە لە سەرماو تەڕبوون سڵ دەکەنەوە. پێ دەچێ مرۆڤی ئازاو بە جەرگ بن، ناگەڕێنەوە. بتدیبانە! ئەوسا هەموو شتێ ڕوون دەبۆوە، لە ڕوخساریان نهێنییەکەت دەخوێندەوە، دەتزانی بۆ وا بەم

تەنگاوییە ملی ڕێگایان گرتووە. بەڵام چۆن بیانبینی؟ بەم تاریکییە و بە تیشکی لایتێ شت نابینرێ. پێ دەچێ چەتریشیان هەڵ نەگرتبێ؟ جا لەکاتی وادا پیاو چی لە بیر دەمێنێ. چەتر بۆ شەوی وا شتێکی نایابە، هەم تەڕ نابن، هەم تەوژمی بایەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە. با و بارانەکەش ڕووی لەوانەو بێ بەزەییانەش سەرو پۆتەلاکیان دەکوتێتەوە.

هێشتا لێرەوە دوورن دەنا بانگت دەکردن، بۆ ئەوەی لێیان بپرسی ئاخۆ پێویستییان بە چەتر و شتی تر هەیە یا نەء؟ ئامادەی هەرچییان بوێ بۆیان هەڵدەیە خوارێ.. بەڵام بە داخەوە. وای دەنا زوو بگەیشتبانە ئاستی ئەم کەلاوە ڕووخاوەی بەرانبەرت، ئەوجا دەتدواندن و ئەوەی دەیان ویست بۆت هەڵدەدان یا دادەبەزیت و بە پێی پێویست یارمەتیت دەدان. تۆ جێت خۆشە. وا لە ژوورێکی گەرم و گوڕدای.... سۆپا دەسووتێ.. نە هەست بە سەرما دەکەی و نە ڕێژنەی باران تەنگت پێ هەڵدەچنێ.. قاپووت و جل و بەرگی ئەستوورت پێ ناوێ.. هەردەمای بتەوێ دەچییە پاڵ ئەرخەوانی خێزانت و خۆت بە بەتانییەکە گەرم دادەپۆشی. قاپووت و جلوبەرگ بۆ ئەوان باشە، بە دەست خۆت نییە لە ناخەوە شتێ پاڵت پێوە دەنێ بیریان لێ بکەیەوە. ئۆتۆمبیلێکت هەبوایە هەر ئێستە دەتگەیاندنە جێی مەبەست، بەڵام ئاخ، نیتە، تەنیا بە وردە شت دەتوانی ئامادەیی خۆت نیشان بدەی، چی تێدایە، لەوە باشتر هەیە هی وا هەن شتی گەورەیان لە دەست دێ و نایکەن. نابووتانە، نەیاندیوە، ئێش و ئازاری ئەم جۆرە شەو و ئەم جۆرە ڕووداوانەیان نەچەشتووە. ئەوە چی بوو نەگەیشتنە ئێرە؟

تەنگاو مەبە، وا لایتەکە خێراتر دێتە پێش.. زۆریان نەماوە، پاش کەمێکی دی دەگەنە کەلاوەکە. تەنگاو مەبە.. ئیشی جادەکەیە.. ماشەڵڵا جادەیەکی دوورو درێژە؟ لە وێوە تا ئێرە هەزار مەترێ دەبێ. کە گەیشتنە ئاستی کەلاوەکە. بەڵکو لەوێ بوەستن. تارماییەکی چاك لەوێ هەیە بۆ

حەسانەوە. ئەوسا تۆش بە ئیسراحەت دەتوانی لایتەکەی خۆت ئاراستەی ئەویٚ کەی. برۆ لایتەکەت بدۆزەرەوە.

نا نا... پێی ناویٚ، تەماشاکە وا نزیك بوونەوە.. وا ڕووناکییەکەش کشایەوە سەر بەژنی یەکیٚ. ئافرەتێکی پیر بەدەرکەوت، جوان لێت دیارە، خۆی لە عەبا پێچاوە.

حەقیەتی، چی بکا.. باران تامڕ بووە دەم و چاوی کوتاوەتەوە. وەکو چۆڵەکەی تەڕبووی لیٚ هاتووە، عەباکەشی بۆتە جلەگا. نە دەبوایە ئەم پیرەژنە بیٚ تاقەتە بە گەڵ خۆیان بدەن! هەر ئێسکە ئاخر پیرەژنی وا چۆن توانای ڕۆیشتنی وا خێراو توندی هەیە؟ شەوی وا مرۆڤی گورج و گۆڵی دەویٚ.

نازانیٚ چۆن بەرگەی ئەم سەرماو بارانەی گرتووە؟

چەتریان پیٚ نییە دەنا وای لیٚ نە دەهات.

کابرای لایت بە دەستەکەت لیٚ دیار نییە، نایبینی. تەنیا گوێت لە دەنگیەتی دەنگی لە دەنگی پیاوێکی گەنج دەکات.

(زووکە دایە، بازوو بگەڕێینەوە ماڵی پوورە ئایشیٚ، دەترسم یەکێکی تر بچێتە دوای. زۆری وەکو ئێمە هەن، گەڕەکەکەش هەر ئەوی لێیە بۆ وەستای، خەریکە دڵم شەق دەبا، واز لە پێڵاوەکانت بێنە، وەختی پێڵاو نییە، درەنگە، با بڕۆین. بەڵام ئەی ئەگەر لە ماڵ نەبوو چی بکەین. ئەوجا کیٚ دەمان گەینێتە نەخۆشخانە، بە ئۆتۆمبیل نەبیٚ نایگەینیٚ)

باش بوو ئەرخەوان خەوی لیٚ کەوت، ئیسراحەتی کرد. بێدار بووایە ئێستە نرکەو ناڵەی ئەویش ژوورەکەی پڕدەکرد. ئەویش بە دەست خۆی نییە، ژانەزگ و سەر ئێشەو ڕشانەوە وازی لیٚ ناهێنن. کیٚ هەیە ئیمڕۆ حەز

بە ئازاردانی لەشی خۆی بکات؟

بابنوێ، هەڵیناستێنم گوناحە، من نەنووستووم با ئەو بنوێ. منیش دەحەسێمەوە، تاقەتم نییە.

بە دیاریەوە ببمە حەسحەس، ماندووم. کە گوێم لە نرکەو ناڵەی ئەو بێ هەر بە جارێ ئارامم لێ دەبڕێ. هەزارەها بیرکردنەوەی ترسناك لە تەلی مێشکم دەدا. پێرێ شەو کە لێم پرسی، وەڵامەکەی سامێکی گەورەی خستە هەناوم (هیچ نەماوە، سبەی یا دوو سبەی) گوتم تازە تەواو دیسان بەزمەکە دەست پێ دەکاتەوە. جارێکی دی دەبمە گەڕیدە و ژانی دی و برینی دی دەکەوێتە لەشم. یا خوا کەس تووشی بەزمی وانەبێ. خوا بکا ئەمانەش وەکو منیان بە سەر نێ و زوو بگەنە جێی مەبەست؟ بەڵکو ئێ زووش ئەم پوورە ئایشێیە دەدۆزنەوە. ئاخۆ دەبێ ئەم پوورە ئایشێیە کێ بێ و ماڵەکەیان لە کوێ بێ؟ خۆزگە بمناسیبایە، ئەوسا بێ منەت دەچووم بە گەڵیان دەکەوتم. نیشانم دەدان. بەڵام لە کوێ بیناسم؟ نەمدیوە.. تەنیا گوێم لە ناوەکەی بووە. یەك دووانێ دەناسم بەو ناوە. بەڵام ئەوان جێی مەرام نین. دوور مەڕۆ پوورم ناوی ئایشێیە، لە کۆڵانەکەشمان ئافرەتێك هەیە. ئافرەتێکی جوان و ڕێك، ڕووی سپی بێ. کاتی خۆی ویستمان بۆ کوڕەکەی خاڵم بیخوازین. ڕێك نەکەوت، پاشان دایانە خزمێکی خۆیان.

کوا پیرەژن و پیاوەکە دیارنین چییان لێ هات؟ نایانبینم. لەوێ نەماون، ئاگام لێیان برا، بیر کردنەوەو لێکدانەوە هەموو شتێکی لەبیر بردمەوە. خەتای پیاوەکەشە، نەیهێشتووە بە باشی پێڵاوەکانی پاك کاتەوە. ئەوەتا بە ئاستەم لایتەکە دیارە. بسووڕێنەوە بزر دەبن، قەیناکا با بڕۆن، بەڵکو زوو ئەم پوورە ئایشێیە دەدۆزنەوە. منیش لێرە نابزوم تا نەگەڕێنەوە. دەمەوێ بزانم چییان بە سەر دێ. هەر بێرەشدا دەگەڕێنەوە. ئێرە لە هەموو جێیەك نزیکترە بۆیان. لەوانەیە ماڵەکەشیان لێرەوە دوور

نەبێت. چونکە هەوەڵ جار کە ڕووناکییەکە بەدەرکەوت لە سەرەتای ئەم جادەیە بەدەرکەوت، بەڵام کێ دەڵێ پوورە ئایشێ دەدۆزنەوە؟ کێ ناڵێ یەکێکی دی پێش ئەوان نەچۆتە دوای. ئەوسا حاڵیان شڕ دەبێ. جا کێ دەیانگەیەنێتە نەخۆشخانە؟ بە قوڕم گرت، بە ئۆتۆمبیل نەبێ نایگەنێ. پاشان ئەگەر وابێ ئاخۆ حاڵی ئافرەتەکەی ماڵەوەیان چۆن بێت؟ ژان گرتن گەمە نییە.. ئەی خوایە ئاگاداری بە! باوەکو دایکی کامەرانی لێ نێ. بە ڕاستی ناخۆشە! هەرچەندی بیری لێ دەکەمەوە سەرم لێ دەرناچێ. ئاو ناخواتەوە. دەترسم بەسەرهاتێ بە سەر ئەوانەش بێ. لە بیرم ناچێتەوە چ ئازارێکم دیت. چیرۆك و سەر گوزشتەی ناو کتێبیش هەر ئەوەندە کار لە خەڵك دەکات. بۆیە پاش ماوەیەکی کەم بەسەرهاتەکەی تووشم هات بووە، هەوێنی تابلۆیەکی ڕەسەن بۆ مەجیدی هاوڕێم، ئاخۆ کاك مەجید چی لە تابلۆکە کردبێ! هەرچی لێ کردبێ حەقی خۆیەتی، چونکە کە تابلۆکەی نیشان دام، بە ڕوویا هەڵخشام، لێی تووڕە بووم، ئەویشم لە خۆ عادز کرد.. بە بیرمە چۆن پرم دایە تابلۆکە، ئەگەر لەبەر دەستی دەرنەهێنابام هەلا بە هەلام دەکرد. (لایبە لەبەر چاوم، من دەمەوێ لە بیرم بچێتەوە، تۆ پتر بۆمی خەست دەکەی. جا من چ پێویستم بە تابلۆ هەیە؟ ڕووداوەکە وا لەناخما خوێنم هەڵدەمژێ).

نازانم بۆ ئیمشەو حەز بە دیتنی تابلۆ دەکەم. حەقمە، برینم کولاوەتەوە. وا بە بینینی ئەم پیرەژنەو ئەم پیاوە بە یادی کۆن و تاڵ دڵم ئاو درایەوە. دەمەوێ ڕەنگ و چوارچێوەو سێبەری وێنەکە ختووکەی هەستم بداتەوە. سبەینێ دەچمە لای کاك مەجید.

داوای لێبووردنی لێ دەکەم. ماڵیان دەناسم، لە گەڕەکی کەسکدەرانە.. ئەو هەمیشە لە ماڵەوەیە.. ناچێتە دەرێ.. جا کەی لە ژوورە تاریك و حەوشە تەسك و بنمیچە ڕووخاوەکەیان دوور کەوتۆتەوە. ئەو ئەوەیە

ژیانی هاوڕێی ڕەنگ و دیمەنی کاریگەرە. باش دەیناسم، بە یەکەوە زۆرمان تفت و تاڵی چەشتووە. بیبینم باوەشی پێدا دەکەم، ئەو لەوانە نییە لە هاوڕێ عادز بێ، تابلۆکەو چەندانێکی تریشم پێشکەش دەکا. ئەوسا کە تابلۆکەم هێنایەوە. لەو سووچە، نزیك وێنەکە هەڵی دەواسم، لە ناوەندی دیوارەکە، بە تەنیشت یەکەوە دیمەنێکی جوانیان لێ دەردەچێ.

ئەوەی مرد... زیندوویێکی لە دوای خۆی بەجێ هێشت، هەر باشە. ئەدی بەوانە دەڵێی چی کە دەڕۆن و هیچ شتێ بەجێ ناهێڵن؟ ئەوەتا کامەران دیارییەکی نایابە بۆم بەجێ ماوە. منداڵێکی چەند جوانە. گەورەبێ کوڕێکی قۆزی لێ دەردەچێ، چاوی شینەو بە چاوی دایکی دەچێ دایکیشی ئافرەتێکی جوان و ڕێکوپێك و ڕەوشت بەرز بوو.

بەڵام کامەران نازانێ دایکی نەماوە. وادەزانێ ئەرخەوان دایکیەتی. با وابزانێ، کە گەورەبوو خۆی تێدەگا. دەزانێ دایکی مردووە. هێشتا بچووکەو تەمەنی نەگەیشتۆتە سێ ساڵ. کە گەورەبوو خۆی تێدەگا لە بیری ناچێتەوە، جا چۆن ئەو هەموو بینەو بەردەیەی لە بیر دەچێتەوە؟ بە خوا ئەویش ئەو دەست و ئەو دەستی دیت، هەر چەند مانگێك لای یەکێك دەگیرسایەوە. مانگێ لای دایکم، دووان لای خوشکم. بەڵام لەوەتی ئەرخەوانم هێناوە، حەساوەتەوە. زۆری خۆش دەوێ. ژنێکی چاکە.. بە منداڵی خۆی دەزانێ. بەڵام کێ دەڵێ کە منداڵی خۆی بوو هەروا دەمێنێتەوە؟

بریا دایکی خۆی بمایە. ئەوسا شتێکی تر بوو. وا لەبەر چاومەو لەناخمدا دەژی. مەجیدی هاوڕێم باش وێنەی لە تابلۆکە کێشابوو. تابلۆکە پانی هەشتا سانتیمەترو درێژایی نەوەت سەنتیمەتر دەبوو. چوارچێوەکەی گەلێ جوان بوو، دارەکەی بە ڕەنگێکی تۆخی مەیلەو زەرد و قاوەیی و بەشێوەیەکی ئەندازەیی ڕێکوپێك کرابووە چەند بەشێ. دارێکی

ئەستووری ڕەگ و ڕیشە چەسپاو لەلای چەپ لقەکانی بەسەر خانووەکی لە قوڕ دروستکراو شۆڕببۆوە.

ڕووتابۆوە. گەڵاکان هەندێ لە دەرەوەو هەندێ بەناو حەوشەکەدا بڵاو ببوونەوە. لە ژوورێکی خانووەکە... ئافرەتێکی کەڵەگەت لەسەر پشت بە چاوی نووقاوەوە ملی بەرەو لای منداڵێکی تازە لەدایکبوو لارببۆوە.

منداڵە دەیڕوانییە ساپیتەی ژوورەکەو چاوەڕێی ئەوەبوو یەکێك بێ ناوکی ببڕێ – لای دەرگا پیاوێك بەرانبەریان بە چۆکدا هاتبوو – پیرەژنێکیش دەستی خستبووە سەرشانی.

## سزاو پاك بوونەوە

ماوەیەکی چاکی پێ چوو تا مەسەلەکە بەوە کۆتایی هات کە ببن بە هاوسەر بە ڕواڵەت وەکو ژن و مێرد بەیەکەوە بەسترانەوە. ئەگەر چی پێش ڕووداوە چاوەڕوان نەکراوەکە بە خەیاڵی هیچ کامیان نەدەهات وابەم شێوەیە لە ژوورێکدا بە تاقی تەنیا بەرانبەر یەکتر دانیشن، چونکە هەر یەکێ بە جۆرێکی جیاواز لە ویتر بیری دەکردەوە. بۆچوونیان لە زۆرشتدا جیاوازبوو.

لە ئەنجامی ئەمەدا جۆرێك لە دژایەتی لە نێوانیان دروست بوو. هەر یەکێ هەوڵی ئەوەی دەدا ئەوی تر بۆی دابهێنێ و تەنیا خۆی ببێتە شۆڕەسواری مەیدان. ڕۆژێ لە ڕۆژان یەکتریان خۆش دەویست، خۆشەویستییەکی پاکی ئەفلاتوونی دوور لە هەموو چڵێسی و شەهوەتبازییەك. بە پێی ئەو پەیمانەی لە ڕۆژێکی ساردی باراناوی لە ژێردار پرتەقاڵەکە بە یەکیان دا نەدەبوایە خیانەت لە یەکتر بکەن و.. بەڵام هێندەی پێنەچوو. شەهوەت سواری سەر ملی یەکێکیان بوو و هەر زوو ناپاکی دەرحەق بەوی تر کردو لە پاکیزەیی شۆردییەوە. کردی بە پەندی زەمانەو گۆبەندێکی خراپی بۆ نایەوە. لەناو خزم و ناسیاودا ئابڕووی برد. ناچاری کرد ماوەی یەك دوو ساڵ خۆی لە ژوورێکدا بپەستێ و گۆشەگیربێ، بەدەم ئازارو برینە قووڵەکانیەوە شەو بداتە دەم ڕۆژ. ڕۆحی بریندار بێت و لە دەرفەتێ بگەڕێ تۆڵەی خۆی بکاتەوە. لە شوێن خۆشەویستییەکەیان ڕقێکی ئەستوور ڕوا... ئەمە وای کرد کچەکە بە دوای پیلان و نەخشەیەکی جەهەنەمی دا بگەڕێت و بۆ تۆڵەکردنەوە دەس بەکار

بێ ئەوەتا لێرە کۆبوونەتەوە. ئیمشەو شەوی یەکەمی بووك و زاوایەتییانە. ئــێوارە پـــاش نـــوێژی شێوان.. بـــە ڕێکـــو پـــێکـــی دوور لـــە هـــەمـــوو ئـــاژاوەنـــانـــەوەیـــەك، ڕووگـــەشانـــە، بـــێ ئـــەوەی شتـــێ بـدرکێنن یـا شتـێ بـە ڕوخساریانەوە دیاربێ.. بەرەو ئەم ژوورە دەست لەناو دەست کشان. بەڵام هەرکە گەیشتنە ژووری و نەگەیشتن وەك دۆمەڵی ئازار لە ناخی کچەکەدا بتەقێ، کتوپڕ ڕەنگ و ڕوخساری گۆڕا. لە ئافرەتێکی دەستەمۆی هێمن و ئارام بوو بە کەسێکی شەڕانی و لە حاڵەتی ئامادەباشیدا خۆی تەیار کرد. وەك پشیلــە خـۆی دانـووسانـد. هـەر بـزانـە شاڵاوی بـرد و بـیـنـەقـاقـای پیاوەکەی گرت.. ئەمێستاکە وا چەند مەترێ نێوانیانە. خەریکە هێدی هـێدی بـۆشایـیـیـەکەی نێوانـیـانـیشیـان نـامێنـێ هـەر بـزانـە لـەیـەك نزیك بوونەوەو شتێ قەوما، ڕووداوێکی سەیر جەستەی ئەم شەوە پیرۆزەی تەنی. ئەم شەوە پیرۆزەی بۆ خەڵکی ئاسایی وەك جەژن وایەو بۆنەیەکە لە ژیاندا یەك جار هەڵدەکەوێ.. کەچی بۆ ئەوان بۆنەیەکە بۆتۆڵەکردنەوەو لەناو بردن. مەیدانێکە بۆ تێکشکان و داتەپین، مەیدانی لە خوێن گەوزاندن و گۆشەگۆشەکردنـی ئـەندامـەکـانی جـەستـەی یـەکێکیـانـە، چاوشکاندنی یـەکێکیـانـە. زاڵ بـوونـی ئیرادەیـەکی تێکشکاوە بـەسەر خیـانـەتکـارێکی ناپاکدا. خوێن نەڕژێ مەحاڵە ڕەگ و ڕیشەی ئێش و ئازارە ڕۆحییەکە هــەڵـبـکـێشرێ... ئـا لـەم شەوە سامـنـاکـە تـاریـکـەدا ئـەستـێرەك دەڕژێ و ئەستێرەیەکی تر بەرەو قووڵایی ئاسمان هەڵدەکشێ.. ئەوەی تادوێنێ لە ژێرەوە خـوێنـــی لـــەشی خـۆی دەخـواردەوە، ئـیـمشەو هـــەوای سەرکـەوتـن هەڵدەمژێ و بەرز بەرز بەرەو بەرزایی دەفڕێ.

ئەوەی تا ئیمشەویش وردو خاش بوو، خەریکە ئیمشەو هەست بە بوونی خۆی وەك مرۆڤێکی خاوەن ئیرادە دەکات و هاوکێشە لاسەنگەکە ڕاست دەکاتەوە.. جەمسەری تاوان و سزا لە ئاستێکدا ڕادەگرێ. پیاوەکەش ئاگای لەوە نییە چ قوڕێکی خەستی بۆ گیراوەتەوە. چۆن بەسەرهاتێ پارە پارەی

دەکا. بەڵکو بیرو هۆشی لە شوێنێکی ترە. بیر لە شتێکی دیکە دەکاتەوە. خەیاڵی لە شوێنێکی ترە، بۆ چەند ساتێ دواتر کێچ کەوتۆتە کەوڵی، بەو بوایە هەر لەگەڵ هاتنە ژوورەوەیان خۆی هەڵدەدایە سەر چوار پایەکەو کۆتایی بە کارە ئاساییەکە دێنا، ئەوسا بە ئیسراحەت پاڵ دەکەوت و دەخەوت. حەز دەکات زوو بگاتە مەرامی دڵ و ئارەزووەکەی بەجێ بگەینێ. شەهوەت سواری سەر ملی بووەو هاکا شالاوی برد. خەون و خەیاڵی هەر لای ڕاکشان و لەزەت و گەوزاندنە. چاوەڕێیە بۆ جاری دووەم پیاوەتی خۆی تاقی بکاتەوە پێشی وایە تازە تەواو. بە ئامانج گەیشت و شتێ لەبەردەم نەماوە.. مەیدانەکەی بۆ چۆڵ بووەو ئەم بێ هیچ بەرگرییەك خۆ بە دەستەوە دەدات و.. سەر بە سەر سینگ و مەمکیدا دەکاو ئەم تاڵە قژە نەرمانەی باوەشێنی بۆ دەکەن. تابەیانیش دەخەوێ و خەونی خۆش خۆش بە ژیانی داهاتوویانەوە دەبینێ.. خەریکە بزەی دێتێ و سمێڵ بادەدا. سات ناساتێ هەڵدەستێ و دادەنیشێتەوە، لە شوێنێ تۆتکە ناگرێ.. نازانێ ئەم بزۆزییەی دەبێتە مایەی ڕیسوابوون و بە فەتارەت چوونی. وا دەزانی سەرکەوتنی یەکجارەکی وەدەست هێناوە، چونکە بە باوەڕی خۆی بە سەر زەحمەتترین کۆسپ زاڵ بووەو شانازی بەوە دەکا؛ دنیا بە هی خۆی دەزانێ. وەك ئەوەی لە دنیادا کەسی دی لەم زۆرزانتر و زیرەکتر نەبێ. هەر زۆرزانی و زیرەکییەکەشی وای کردووە بگات بە ئامانج و پیلانە نەگریسەکەی دژی خۆشەویستترین کەس بەکاربهێنێ.. گوایە بە زیرەکی خۆی توانیویەتی جوانترین و بەفیزترین کچی ئەم شارە دەستەمۆ بکا. نەك تەنیا بەسەر جەستەیەکی نەرم و نیان و ئیرادەیەکی پۆلاین زاڵ بووە. بەڵکو بەسەر نامۆترین بیروباوەڕیشدا زاڵ بووەو ژێرەو ژێر نقوومی کردووە.. پێی وابوو خۆشەویستییەك نییە پێی بگوترێ خۆشەویستی ئەفلاتوونی، ئەمە چ مەنتقێکە، سۆفیگەرانە یەکێکت خۆش بوێ و پێی نەگەی.

لـه دەرەوەی ئـەم خـەیـاڵ و بـیـرکـردنـەوانـە بیری بـۆ لای تـر نـەدەچوو. پێچەوانەی ئەمە لای شەرمەزاری و زەلیلی بوو.. چونکە بەر لە بە ئەنجام گەیاندنی ناپاکییەکەی وەك سفرێکی پاش ژمارە خۆی دەهاتە بەرچاو، کەس بە سەگێکی بەر دەرگاشی نەدەزانی، بەر لەم شەو، یا بەر لەجێبەجێ کردنی پیلانە بەدناوەکەی خۆشی لەو باوەڕەدابوو کە پیاوێکی هیچ و کەم بایەخە، بە دەیەها جاریش لەبەردەم ئەم بەژن و باڵایە چەماوەتەوە لێی پاڕاوەتەوە کە بە جۆرێکی تر سەیری بکا. کڕنوشی بۆ دەبردو دەپاڕایەوە. تا پەیمانی ژوانێکی پێ بدا، ئا ئەو بەژن و باڵایەی ڕۆژێ لە ڕۆژان لەبەر چـاوی وەك قـەڵاو تـەلسمـێکی قـفـڵـدراو وابـوو، هـەمـوو هـەوڵـەکـانـی بـۆ کردنەوەی بە فیڕۆچوون، (ئەوا ئیمشەو بێ کلیل کراوەتەوەو پاش پیلانە نەگریسەکە هاتە لام و لێم پاڕایەوە، دەستی ماچ کردم تا ڕازی بم بیکەم بە هاوسەر، گوتی من کردم تۆ مەیکە، من هەڵەبووم و تکات لێ دەکەم، چیتر ڕیسوام مەکە، بۆ هێندە دڵڕەقی. شتێ نییە ناوی خۆشەویستی دوور بە دوور بێ، ئەفلاتون ڕاستی نەکردووە، تەنیا ڕۆح بەیەك بگات و جەستە بێ بەش بێ...

دوو ئەوەندەی ماندووبوون و شەو نخوونی خۆم ماندووم کردی. بەڕێی ڕاستـدا نـەهـاتـی و نـاچـارت کـردم تـۆڕت بـۆ دانێمـەوە، وا نـەبـوایـە پێوە نەدەبووی.. کەرو ئێستر نەبووم و نیم. کۆر فامیش نەبووم، ئەوەی تۆ دەتگوت ئافرەتی ئاسایی بە خەیاڵیش بەلایدا نەدەچوو، ئاخر کێ هەبوو ئەوە بە مێشکیدا بچێ (خۆشم دەوێی بەڵام بیر لە شووکردن ناکەمەوە، چونکە باوەڕم بە پاکی جەستە هەیە، بیر کردنەوەکانت ئاسایی نەبوون. وەك چۆن خۆشت ئاسایی نەبووی.. ئەو جیهانەی تێیدا دەژیای جیهانێکی خەیاڵی بوو... ئەوکات گاڵتەت بە قسەکانم دەهات و وەکو فیشەکە شێتە بە ڕوومدا هەڵدەشاخای. پێت وابوو جگە لە تۆ کەسی تر لەم دنیایە نییە.

هەتا باوکیشت نەیتوانی ڕازیت بکا، ناچاربووم بە دوای ڕێگە چارەیەك بگەڕێم، شتی پڕو پووچە، پاك بوونەوەو ڕۆح و ڕەبەنایەتی ئەمانە کۆمەڵێ شتی لە عەقڵ دوورن، بیر کردنەوەی وا خەیاڵییە.. لێر دەژیم و تێکەڵ بە هیچ شتێ نابم، خۆم دووره پەرێز گرتووە. نامەوێ لە شتێ نزیك بمەوە پەیوەندی بە شارستانیەتەوە هەبێ.. بیمە بورغی و ئامێر.. ئاخر چۆن دەبێ لێرە بێت و نەبێتە بورغی و ئامێر.. لەگەڵ شتێکدا بژی ئەوا دەکەوێتە ژێر کارتێکردنی. ئەوەی نارازییە بابچێ بۆ خۆی لە ئەشکەوتێکی چۆڵدا بگوزەرێنێ. لە شوێنێ بژی کەس نەیگاتێ، بە گۆشەگیری برۆ کەلاوەیەکی تاریك و هەتا ماویت لەوێ بە دیار دارو دیوارەوە بە چۆك داوەرە،.. شێتە ئەو کەسەی لە نیعمەتی کۆشك و خانوو بەرەی خۆش خۆشدا خۆی بێ بەش دەکا.. لە ئافرەتی جوان و ڕابواردن دوور دەکەوێتەوە.. ئەمن ناتوانم وەك تۆ بژیم و لە ناو بەردی ڕەق و چوار دیواردا خۆم بەند بکەم.

ئەی ئەم هەموو نازو نیعمەتە بۆ کوێ دروست کراون، بۆ لەسەر دۆشەك و چوارپایەو کەرەوێت پاڵ نەکەوم و نەحەسێمەوە، بۆ خواردنی چاك نەخۆم و بە نانە ڕەقە ڕازی بم.

کێ هەیە ئەمڕۆ بەنان و ئاو، عاردی ڕەق و کەلاوە ڕازی بێت. لەبەر فانۆس و چرادا بخوێنێتەوە، هەنگاوی کوێرانە بنێ و بەر پێی خۆی نەبینێ. زستانان بێ گەرمی و هاوینانیش بێ بای فێنك بژیت، بۆیە ناچار بووم بیر لە بارودۆخی ژیانی خۆم بکەمەوە. گۆشەگیری یانی ڕەزیلی و سەرگەردانی، یانێ خۆکوشتن، ئەوسا تۆش نەفرەتت لێ دەکردم... سەرت بۆ لە خەنە دەنام و لە تری سەی دەچووم، بەر نەفرەتی خەڵکیش دەکەوتم، بەخوا بابە ئافرەتێکی گێل و کۆر فام و سەیرو خەیاڵ بەر بڵاو بووی، دەتگوت شەیتان چۆتە بن باڵت. ئەجندە نەقیزەی لێ

دابووی، بۆیە وات بیر دەکردەوە. ئاخر سەر پێچی یاسای سروشت و ژیان و کتێبی ئایینی وا ئاسان نییە. بەڵکو گۆبەندی لە دوایە. ئەوەی تۆ دەتکرد سەر شێتی و لە دین وەرگەڕان بوو. لێکدانەوەکانت سەیرو سەمەرەو جێی سەرسوڕمان بوون. هەروەك لە نێو كۆمەڵگایەكی یۆتۆبیا ئاسا بژیت وابووی. ئێمەت بە کەرو ئێستر دەزانی. بە ناپاك و خیانەت کار ناوت دەبردین. دەتگوت ئێوە ئاژەڵن و بە ئاوی ناپاکی ئاوەگڵ کراون. واتدەزانی لەم کۆمەڵگایەی ئێمە نە ژیاوی و لە هەندەران پەروەردە بووی. تۆ بڵێی ئەوانەی هەندەران وەك ئێمە نەژین. باوەڕ ناکەم ئایینێك هەبێ لەم دنیایە مرۆڤی وەك تۆ قبووڵ بکا. ئەوەی گاڵتە بە نەریتی کۆمەلاّیەتی بکا. بە سەرەڕۆ لە قەڵەم دەدرێ. سەرکێشەو پێویستە قەپۆزی بشکێندرێ. لە هەموو یاسایێکی سروشتی و ئاسمانیدا هاتووە دەبێ کچ شوو بکا و پیاو ژن بێنێ. جووت بن و زاوزێ بکەن. لەو باوەڕەدا نیم لەوەتەی دنیا خولقاوە شتێ دوور لەم یاسایە لە نێوان ئافرەت و پیاودا پەیڕەو کرابێ. ئێستاکەش شتی وا نییەو لە هیچ شوێنێ خیلافی ئەمە نەبیستراوە.. ئەی ژیان بۆ چییە. بۆ خۆشی و لەزەت وەرگرتن و ڕاکشان و....

ئەوەی وانەکا زەوق مردووە، ئادەمیزادنییە، ئامێرە، ڕۆبۆتە. حەزو ئارەزووەکانی هەست و نەستی سەهۆڵ بەندکراوە. هەتا ئاژەڵیش لەم چەمکە بەدەرنییە. بوونەوەری بچووکیش هەمان حاڵەت دەیانگرێتەوە.. جووت بوون لەزەت و خۆشی پێ دەبەخشێ. تۆی بێ بەختیش بە کفرێکی گەورەی دەزانی).

(پاك و پیرۆز وەك منالّی تازە لەدایکبوو. وەك بەفر بەرلەوەی بکەوێتە سەر زەوییەوە بۆ هەمیشە وا دەمێنمەوە، شووکردن یانی پیس بوون، بۆیە شووکردن لە فەرهەنگی ژیانی مندا نییە و نابێ... دەس گەمەو ماچکردن و جووت بوون و پەنجە بەریەك کەوتن دەرچوونە لەو پیرۆزی و پاکییەی

باوەڕم پێیەتی. بە دەست من بێ ناهێڵم کەسێ لەم سەر رووی زەمینە شووبکاو بە جۆرێکی دیکە بجوولێتەوە. بە دەست من بێ ناهێڵم ئافرەتێ یا پیاوێ هەوڵی دی بداو لەم یاسایە دوور بێ، با من ئاسا هەتا ژیانیان ماوە دوور لەیەك بژین و دووراو دووریش یەکتریان خۆش بوێ. بە ڕۆح لێك نزیك ببنەوە. با هەموو کەسێ بە ڕەبەنایەتی ژیان بباتە سەر. من بۆیە ئەفلاتوونم خۆش دەوێ، چونکە ئابەم جۆرە بیری دەکردەوەو باوەڕی بە خۆشەویستییەکی لەم جۆرە بوو. دیکارتیش وەك ئەو هێمای شتێکی پیرۆزی پێ بەخشیوم. ئەوەی ئەو گوتوویەتی. لای خۆم کردوومە بە (جوان و پاکم کەواتە پیرۆزم کەواتە هەم).

ئەگەر لە تواناشمدا هەبێ لە گەرماوێکی گەورەو فراوان سەرجەم مەخلوقاتی دنیای تێ دەئاخنم هەتا پاك نەبنەوە دەریان ناهێنم. پاشان بە ئاوێکی پیرۆز وەك عیسا پێغەمبەر چۆن تەعمیدو پیرۆز کرا ئەوها بۆ پیرۆزکردن و پاك کردنەوە، گڵاوبووەکان دەشۆمەوە. مرۆڤایەتی هەموو دەشۆمەوە. پاکیان دەکەمەوە. وا نەبێ پاك نابنەوە).

ئەمە بەشێکن لە قسە هەلەق و مەلەقەکانت، کە بە دەیان جار بەرگوێمت خستبوون. ئەم قسانەی بە قرۆشێکی سووتاو کەس نەیانیدەکڕی... هەمووی بوونە بڵقی سەر ئاو و کوژانەوە. چەندین کەڕەت دەمگوت ئەمانەی تۆ دەیانڵێی تەنیا قسەی کتێبانن. کوا کێ پەیڕەویان دەکا؟ ئەی بۆ خۆت نەچووی لە ئەشکەوتێکی دوور لە ئاوەدانی بژی. سروشتی ئادەمیزاد وەهایە، حەز بە گۆشەگیری نەکا، دەیەوێ لەناو کۆمەڵگادا بژی. کێ هەیە بە دوای سەرابدا بکەوێ و ژیان لە خۆی تێکبدا. ئەوانەی لە بازاڕ خۆیان بادەدەن، وەك نایلۆن وەهان و بە ئەتەکێت نەبێ ناجوولێنەوە. بەڵام مەبەستیان تەنها خۆ پۆشتەکردنە. ڕەنگە حەقی خۆشیان بێ. ڕۆژگارەکە وەهایە. مرۆڤ ناتوانێ هەڵنەدا خواردنی چاك بخوا یا

جلوبەرگی نایاب بپۆشێ و لەناو کۆشك و تەلارێكدا بە خۆشی ژیان بباتە سەر، ئێمەش وەك ئەوان وەهایـن. مـن و ئـەویش یـەكێكین لەو هـەموو مەردوومە..

ئەتۆ بزانە ها: من لەچی دابووم، بۆچی هەولّم دەدا. من چیم دەگوت ئەو چۆن وەڵامی دەدامەوە. پاك بوونەوەو پیرۆزی چی و تەرەماشی چی؟

هەموو شتێ لەكاتی خۆی و لەوەختی خۆی سەنگی هەیە، بەفر جوانە بەڵام كە خۆر لێیدا دەتوێتەوە. گوڵ دڵگیرو جوان و رەنگینە، بەڵام لەوەرزی تایبەتیدا هەڵدەوەرێ.

(جەستەی ئادەمیزاد دەستی لێ بدرێ دەپووكێتەوەو سیس و لاواز دەبێ) ئەمە قسەیەكی بێ مانایە، گوایە نزیك بوونەوەی دوو جەستە لەیەكتری خانەكانی لەش یەكیان ئەویتر دەخوا. ئەگەر وایە ئەی بۆچی ئەم هەموو حەشاماتە بەیەكەوە لەسەر بستە خاكێ لە دایك دەبن و پێكەوەش دەژین. تێكەڵ بە یەك دەبن و زاوزێ دەكەن و منداڵیان دەبێ..

ڕاستە لە ئاینی عیساییدا ڕەبەنایەتی هەیەو بەشتێكی پیرۆز دەژمێردرێ، بەڵام بۆ ئەوە نییە تا ئافرەت و پیاو لە یەك نزیك نەبنەوە. بەڵكو ڕێگایەكە بۆ نزیك بوونەوە لە خوا. سۆفیگەرێتیش هەمان پەیڕەوكردنە، نەك بۆ مەرامێكی بێ سەروبەری وەك كە ئەو بانگهێشتی بۆ دەكرد... بەرسیسی عابید كاتێ بڕیاری دا بچێ لە ئەشكەوتێ بەگۆشە گیری دوور لە ئاوەدانی خوا بپەرستێ، بۆ ئەوەی بوو تا لە تاوانكاری... كرداری ناپاكانە خۆی ڕزگار بكا. ژیانی خۆی بۆ شتێكی پیرۆزیش تەرخان كرد... بەڵام شەیتان چووە كەولّی و لە ڕێی وەرگەڕاند. تاوانێكی پێ كرد، ئاژەڵیش نایكا. وای لێكرد لە هەموو شتێ ببێ، لە هەردوو دنیا بوو، ژیانی بە فیڕۆ چوو، بەم كردارەشی هەموو شتێكی لە كەدار بوو، وای لێ هات سوجدە بۆ شەیتانیش

نـەرێ. بـەڵام خـۆ تـۆ بـەرسیسی عـابـید نـیت. لـە سەدا یـەکـی ئـەویشت نەکردووە. تۆ تەنیا بە خۆتەوە دەنازی و بۆ ئەوەت نەبوو تا لە خوا نزیك ببیتەوە. ئەگەر من نەبام ئێستا تۆش سوجدەت بۆ شەیتان دەبرد. لەناو ئۆقیانووسێ دەرم هێنای کە نە سەری هەبوو نەبن. هەم تۆ حەسایەوە، هەم دەوروبەر. خۆ مرۆڤ هەتا هەتایێ ناژی و نەمر نییە، خەونێکەو کە بیداربوویەوە ژیان کۆتایی هاتووە. کەواتە شتێکی ڕەوایە مرۆڤ هەوڵ بدا بە خۆشی بژی، بێ دڵی خۆی نەکا. لەزەت لە چی ببینێ با تاقی بکاتەوە، چونکە چارەنووسمان هەر گۆڕێکی تەنگ و تاریکە، ئەوسا لەشمان دەڕزێ و کرم تێمان دەئاڵێ، پێم ناخۆشە ئەو لەشە نازدارەی تۆش بڕزێ و بەرلەوەی خۆشییەك ببینێ لەسەر زەوییەکی ڕەق و تەقدا ڕابکشێ. بەژن و باڵای تۆ ئاسا پێویستە لەسەر دۆشەکی لە ئاوریشم دروستکراودا ڕابکشێ و بـەسەر مـافـووردا هـاتـوچـۆبـکـا. لـەنـاو کـۆشکـی خـاوەن شکـۆکـان بحەسێتەوە. ڕازی بی من ڕازی نیم دارو دیوارو بەرد لە باوەشت گرن. باوەشی من چی بوو چییەتی. چی لەوە خۆشتر هەیە لەباوەشی یەکتر بخەوین. پێکەوە بخۆین و پێکەوە لەسەر چوار پایە ڕابکشێین. (سەر بە سەر سینگی ئەودا بکەم و قژی بەدەستەکانم لوول بدەم) گۆشەگیری و تەنیایی چ لەزەتێکی هەیە... دە توخوا کامیان خۆشترن. گوزەرانی نێوان چوار دیواری تاریك. یا ژیان بردنە سەر لە کۆشك و تەلارێکی شاهانە. من نامەوێ وەك ئەو بژیم، حەزم لە چی بێ تامی دەکەم و لە دەرفەتان پاز نـادەم. ئـەوەی گـەرەکـمـە بـە ڕێگـای جـیـاواز وەدەسـتـی دێنـم. لـە پـێنـاو خۆشکردنی ژیانی خۆشمدا هەموو شتێ دەکەم. بە دەیەها جار ئەمەم بۆ ئەویش دووبارە کردۆتەوە، تێکۆشاوم تێم بگات بێ سوود بووەو لە کەلی شەیتان نەهاتۆتە خوارێ. بۆیە ناچارم هەم دیسان لەم کاتە بە دواوە سەر لە نوێ دەست پێ بکەمەوە، تابزانێ ژیان چ خۆشییەکی تێدایە و چ لەزەتێ لە بەیەك گەیشتن هەیە. جاری یەکەم ڕەنگە بارودۆخەکە هەندێ

گران کەوتبێتەوەو هیچ لەزەتێکی نەدیبێ. بەڵام لەمەودوا هیچ بەربەستێ نییە لەبەردەم تێکردنی حەزەکانمان..

زۆرم گوت، خۆشی بێت و ترشی بێت لەمن پتر نابێ بۆ کەس بی. گاڵتەی بە قسەکانم هات، وای زانی پیاوێکی بێدەسەڵاتم و بە ئاسانی قووت دەدرێم. وای زانی بە ئاسانی دەستبەرداری دەبم. سەڵماندم کە هەرشتێ بمەوێ دەیکەم. ئەوا کردیشم. ئەوساش بێ هێز نەبووم، بەڵام لەبەر هەندێ هۆی تایبەتی ڕێگام بە خۆم نەدەدا خیانەتت لێ بکەم.. بەژن و باڵای تۆ چاو کوێری کردبووم. نەمدەزانی قازانج و زەرەر لە کوێیە. بەڵام ئەو کاتەی کتوپڕ بۆم دەرکەوت کە تۆ بە پیاوم نازانی و گاڵتەم پێ دەکەی. منت خۆش ناوێ و پێم ڕادەبوێری... ئەوسا بیروڕام گۆڕاو بڕیارم دا بە هەرشێوەیەك بێ دەبێ بەسەرتدا زاڵ بم و دەستەمۆت بکەم. جا ئەمە چۆن مەیسەر دەبێ ئەمەم لا گرینگ نەبوو.

ئێستاش لام گرینگ نییە. مادام لە هەموو بارێکدا بۆ من بووی. ئەوا دنیاش، نەك تۆ، بەهی خۆم دەزانم. ئەوەی مەبەستم بوو واهاتە دی و بیروباوەڕەکانی تۆش بە دۆزەخ.. ئەوەتا خۆم لە سەرووی تۆوە دەبینم و تۆش لەبەر چاومدا بچووك بوویتەوە. پەڕو باڵت نەماوەو تێك شکاوی.. گرنگ نییە ئێسکم گران بووە یا ڕەزاقورس، بەژن و باڵام کورتە یا درێژ، باریکم یا قەڵەو.. نان نانەو ئەمڕۆ لە خوانە.. ئەوەتام جوان لێم وردبەرەوە..

دەزانم ئەوانە لای تۆ هیچ نین، جا بەفیزێکی ڕۆح گەورەی وەك تۆ کەی خەڵکی بە هیچ زانیوە. پێت وابوو تۆ بوونەوەرێکی پیرۆزی و نابێ کەس لێت نزیك بێتەوە. تۆ وەرە هێندە بە پیرۆزی خۆت بنازی، خەڵك بە هیچ نەزانی و هێندە بەگژ خەڵکدا بچیتەوە.. دڵی دەیەهات لەخۆت دەرەنجاندو باکت بە دڵ شکانی خەڵك نەبوو.. واتدەزانی خەڵك لە دارو بەردو خۆڵ

دروست کراوەو تۆش لە شتێکی دیکە. چ جیاوازییەك لە نێوان من و تۆدا هەبوو. لە گۆشت و ئێسقان خولْقاوین و هەمان چارەنووس چاوەڕێمانە. مەسەلەی جوانیش ئەوا شتێکی دیکەیە. ڕەنگە تۆ جوان و قەشەنگ و ڕێکوپێکتر بووبی لە هەندێ ئافرەتی تر بەلاّم پیرۆز نیت. ئەوەی لەگەلّ باوکتیشت کرد منداڵیش ئەمە ناکا. ئەو ئازارەی تۆ بەباوکت گەیاند مەگەر دوژمن بە دوژمنی بگەینێ.. باوکت لەشەرما بۆی نەبوو بێتە ناو خەڵك، چونکە هەر ڕۆژێ ناو و ناتۆرەیەکیان بۆ دەدۆزییەوە. بە خەفەتان باوکتت کوشت و کردت بە پەندی زەمانە. دایکی ڕەحمەتیشت لە داخی تۆ سەری نایەوە. من نەبووام. تۆ بزر بوو بووی بووم بە بەلەمی ڕزگاربوون بۆت و ژیانتم کڕییەوە، کەواتە لەمەودوا بۆ خۆت بزانە چۆن دەژیت و... با لەمەودوا وەك دوو هاوسەری خۆشەویست، وەك دوو مرۆڤی ناو یەك کەژاوە بژین، لە خۆشی و ناخۆشیدا لەگەڵ یەك بین. بابین بە یەك جەستەو لەناو یەکتردا بتوێینەوە. ئافرەت و پیاو دەبێ بۆ یەك بن و پێکەوە بژین، خۆشەویستی و عەشق و سووتانی دووری چ لەزەتێکی هەیە. لێك دابڕان یان بەیەك گەیشتن. وانەبوایە نە فەرهادو نە سیامەندو نە مەجنون بۆ شیرین و خەج و لەیلا هەوڵیان دەدا تاپێیان بگەن. وەختی خۆشی پیاوو ژن یەك پارچە بوون، پاشان لێك ترازاون، بۆیە ئێستەش هەردوولا هەوڵدەدەن بگەنەوە یەك. منیش هەروا بووم بۆیە وا بە دواتدا وێڵ و سەرگەردان بووم، ڕێگا چارەی جیاوازم هەڵبژارد تا پێت بگەم و بتگرمە باوەش، وا نەبووایە دەچووم بۆ خۆم بە دوای شتی تردا دەگەڕام و خۆم تووشی ئەم گێرمەو کێشەیە نەدەکرد. پیلانم نەدەگێڕا تا بەتۆ بگەم کەچی تۆ هەر گوێشت لێ نەبوو، لە ئاشێکی تردا باراشت لێ دەکرد. من لە خەیاڵێ بووم تۆش لە خەیاڵێکی دی.

سیحربازو شەیتان و مرۆڤی ئاسایی چاوی پێت بکەوێ دەستبەجێ

عەشق دەدا لە کەللەی و بە  هەردو کێوان دەکەوێ. ئەوەبوو وەك پووش ئاگریشت لە من بەردا. لەناو بەرداشی ئازاردا هاڕیمت، وەك گەڵا وشکت کردمەوە. گوایە منت خۆش دەویست، بەڵام وانەبوو، بەڵکو تەنیا قسە بوو و بەس. گاڵتەت بە هەست و نەستەکانم کردو منیش درەنگ پێم زانی. زوو بمزانییایە زووتر پیلانەکەم دادەڕشت و زووتریش بە ئەنجامم دەگەیاند. واش ڕیسوا نەدەبووم. وام نەکردبایە ئێستەش لە ژێر قورسایی ئازارو خۆ بەکەم زانیدا دەمناڵاند. ئێستە ئەوا خۆم بە پیاوێکی گەورەو ئازا دەزانم، لەو ساوە ئارامم و حەساومەتەوە، تۆشم ناچار کرد بە پێی خۆت بێیتەلام و بپاڕێیتەوە. چەند خۆش بوو کاتێ هاتیە لام و لێم پاڕایەوە تا قبوڵت بکەم. ڕازی بم بتکەمە هاوسەر. وەك خۆت نەمابووی ببووی بە کەسێکی جیاواز لەوەی هەبوو، بیرو باوەڕت گۆڕابوو. ئەو کچە نەبووی کە جاران بەلالووتی وەڵامت دەدامەوە. منیش کەیفم بەخۆهات و شانازیم بەخۆکرد کە شتێکی وام کردووە. تۆ دەستەمۆ بکەم. منیش وەك تۆ هەوەڵ جار گرانم فرۆشت و خۆم هاویشتە سەرپشت، تا ئەو کاتەیش بە چۆکدا نەهاتی و دەست و پێمت ماچ نەکرد ڕازی نەبووم. توخوا دە خۆت بڵێ ئەوەی من کردم زیرەکی و زۆرزانی نەبوو، زیرەك بووم و ژێرم خستی. هەم تام و لەزەتم لێت وەرگرت و هەم بەسەرتا زاڵ بووم.

ئەوکاتەی تەواویش بووم پێم سەرزەوی نەدەگرت. خەریك بوو باڵم لێ بڕوێ و بەرەو ئاسمان بەرزبوومەوە. گەورەتربووم، بەرەو قووڵایی ڕۆیشتم. ئیتر دۆڵ دڕا و تەقەی بڕا، تۆ دۆڕاندت و من بردمەوە. بەڵام مرۆڤ بۆ خواش بڵێ، ئێستەش حەزم لێیە لە تەکتدا درێژ بم و دەست و پەنجەکانم لەناو قژتدا بێنم و لەسەر سنگتا بخەوم. ئەو جوانییەو شۆخییەی پیاو مەست دەکا، ئەو ناسکییەی پیاو بەدەست خۆی نییە بیری لێ نەکاتەوە، دەم نەنێتە ناو لێوەکانت. ئێستەش هیچی وا نەبووە، من دە

ئەوەندەی ماندووبوون و ئەزیەتدانی تۆ، ماندووبوون و ئەزیەتم کێشا. پاك لە پاك. هەردووکمان بەرامبەر بووین، گوێی مەدەرێ دەبا هەر لە ئێستەوە دووبەدوو دانیشین و پرۆژەی دوارۆژی ژیانی خۆمان دابڕێژین، ئیتر با بەس بێ و ببڕێتەوە، چونکە ئیمشەو وەختی گلەیی و گازەندە نییە. شتی ترمان لە پێشە، شەوی ئەوە نییە بە قسەی قۆڕی بەرینە سەر. شەو شەوی دەست لەملانێ و... با ئەوەی پێویستە بێ گرفت جێبەجێی بکەین، ئەوسا هەرچی بڵێی وادەکەم، پەشیمانی لە بە ئەنجام گەیاندنی پیلانەکە دەردەبڕم. پێ لەوە دەنێم کە ناپاکیم دەرحەقت نواندووە.. ئەگەر ڕازی بی هەر ئێستە لەبەر دەمتدا، سەد جاری دی بۆت دێمە سەر چۆك.. دەبمەوە ئەوەی جاران، وەك جاری جاران هەڵمسووڕێنە. چیت دەوێ وا دەکەم، بەڵام با نەختێ ڕاتمووسم... چونکە لەزەتی دنیا لە لەش و لاری تۆدا کۆبۆتەوە. حەقم بوو بۆ ئەم بەژن و باڵایە شێت بووبووم. خەڵکی تریش حەقی خۆیان بوو بۆ پرچ و لەش و لارت شێت ببن..

نازانم بۆ ڕووت لەولا کردووەو ئاوڕێکمان لێ نادەیەوە. قورقەپت لێ کردووەو نازانم بیر لە چی دەکەیەوە. دەشتێ بڵێ و ناوی خوای لێ بێنە. وەرە پێش و بابڕێتەوە. تازە شتێ نەماوە چاوەڕێی بین، ئەوەتا ژن و مێردین و لەمن پتر کەسی ترت نییە، بە تەمای هیچی دی مەبە. نازانم بۆ هەرکە ڕوومان لە ژوورێ کرد کتوپڕ گۆڕای. بە دەمی خۆت گوتت لە هەموو هەڵسوکەوتەکانی پێشووم پەشیمانم. گوتت ئێستە شووکردنم لائاساییە. ئەوسا لە شووکردن دەترسام، بەڵام ئێستە نا. (ئافرەت بۆ شووکردنە) بە دەیان جار لەبەر دەممدا ئەوەت دووبارە دەکردەوە. کۆجۆنۆ، کۆنۆ، نازانم چی، دیکۆڕا، دیکاردۆ، دیکۆرت، نازانم چی، (شووکردن تاوان نییە) ئەمانە چەند وشەیەك بوون، مەراقم بوو لە دەمی خۆتەوە بیانبیسم. تا ئەوکاتەیش گوێم لێیان نەبوو، نەحەسامەوە. وات پێ گوتم،

لێم نزیك مەكەوەو پەنجەو لەش لە لەشم مەخشێنە، گلاو دەبم.. قسەی بێ مانا بوون. ئەمڕۆ ڕۆژی لێك نزیك بوونەوەیە. ڕۆژی پاڵكەوتن و دەست لەملانێیە. ڕۆژێكی چەند خۆشە، شەوێكە لە بیر ناچێتەوە.. كوڕە دەبا بڕوا، با هەرچی دەڵێ بیڵێ. تازە هیچت پێ ناكرێ. ناتوانی سەرپێچی فەرمانەكانم بكەی... بە پێی هەموو شەرع و یاسایەكیش تازە حەڵاڵی خۆمی.. ئەوەتا بە تەنها لە ژوورێكین. كوێم بوێ دەست لەوێت دەدەم، لە بنی پێتەوە تا تەوقی سەرت موڵكی منی، كەسێكی دیكە مافی بە سەرتەوە نییە و نەماوە، لە جیاتی جارێ سەد جار پەنجە بەناو قژتا دەگێڕم و دەتلێسمەوە، ماچت دەكەم و ڕات دەمووسم، چۆنم بوێ وات لێ دەكەم. لە سەر زگ یا لەسەر پشت، بتەوێ یانەتەوێ، ئەگەر ڕازی نیت بڕۆ سەرت بدە لە بەردی ئەلحەد. خەریكە لە خۆشییان دەبوورێمەوە. نازانم نە پێبكەنم نە دەست بەسەما كردن بكەم ڕەنگە جارێ زووش بێ، بەڵام من تەنگاوم و كێچ چۆتە كەوڵم. كەواتە با لێی نزیك بمەوە، سەیری كەن، بزانن ئەو قژە خورماییەی لەبەر تیشكی ڕووناكی گڵۆپەكەدا دەتروسكێتەوە.. تۆ بڵێی چ شتێ وای لێ كردبێ وا لووس لووس خۆ بنوێنێ.. ئەدی ئەم ڕوخسارەی بۆ ناڵێی كە هەر لە ڕوخساری مانگ دەكا. ئاخۆ چ خۆشییەك دەمگرێ كاتێ دەمم دەخەمە سەر ئەم لێوانەی كە هەر لە لیمۆ یا نارنج دەكەن، چ لەزەتێ لە مژینیاندا هەیە. ئەی بۆ ئەو هەرمێیانەی سەر سنگی ناڵێی، ئەوێ وڵاتێكە بێ كۆتایی، جیهانێكە خەوتنی تێدا نییە، ئەوەی لە وێدا بخەوێ، تا ئەبەد خەوی نایێ، ئەوێ باخچەیێكە پڕ هەنارو ترێ و هەرمێ، ئەگەر هەر لەوێش دوا هەناسە بدەم پێم خۆشە، گۆڕێكی بچووك بۆ خۆم لەوێ لێدەدەم و بە تاڵە مووێ قژی خۆم دەشارمەوە. لە جیاتی خۆڵ فرمێسكی چاوی بەسەر خۆمدا دەكەم. هاتۆتە سەرم هەر ئێستە خۆم فڕێ دەمە نێوان هەردوو مەمانی، ڕایدەكێشمە ئەوێ و ئیتر تەواو، قابیلە چی دەقەومێ. بە پێی نووسراوی دادگا، فلانی كچی فلان ژنی فلانە

کەسە. کەواتە بۆ خۆم لەوێ لەنێوان هەردووکیان پاڵ دەکەوم، بەڵام نەء. باجارێ لەوە گەڕێم، هەندێ شتم هەیە حەزدەکەم پێی ڕابگەیەنم، چەند قسەیەکەو پێویستی بە پەیمان، بڕیاری تایبەتی هەیە، چونکە ژیانی هاوسەرێتی ڕۆژێك و دوو ڕۆژ نییە. بۆیە حەزدەکەم هەم من پەشیمانی خۆم لە ئەنجامدانی کارەکە دەربڕم هەمیش ئەو لەگەڵمدا ئاشت بێتەوە، بەڵام دەترسم بورەوژێ و کۆنە کا بە با بکاتەوە.. دەترسم هەنگاو بە هەنگاوی دانانی پیلانەکەی خۆمی بۆ بکەم. دەترسم پێی بڵێم باوکیشت لە کارەکەدا بەشدار بوو. بە ڕەزامەندی ئەویش پیلانەکەم جێبەجێ کردووە. کەواتە با واز لەم شتە بهێنم و نهێنییەکە وەك خۆی بمێنێتەوە.. گرنگ ئاشکراکردنی نهێنییەکە نییە بەڵکو ئەوەی دی گرنگترە، پێم وایە خۆشم ناتوانم ڕێ لە حەزە خەفەبووەکانم بگرم، ڕەنگە خۆم پێ نەگیرێ، کەواتە با تا زووە بچمە پێش و ڕایکێشم... بیخەمە ژێر خۆم و ئەوسا تا مڕ دەبم بای باڵی خۆم دەدەم، ئەی بۆ چیم هێناوە. تا وام لێ کرد بۆ من بێ، خەریك بوو ژیانم لەسەر دابنێم... بۆ مەیسەر بوونی ئەم کارەش هەوەڵ جار بە قسەی خۆش دڵی ڕازی دەکەم، بەخۆشی دەیدوێنم، بەڕوویدا دەتریقێمەوە. وای لێ دەکەم ئەویش پێبکەنێ. پاشان هەموو شتێ ئاسانە. بەقسەی خۆش مار لە کون دێتە دەر.. واشی لێ دەکەم خۆی داوای ئەوەم لێ بکا چیتر باسی ڕابردوو نەکەم و لە بیر خۆمانی ببەینەوە. من دەیبوورم و ئەویش دەبێ بمبووری، جا بۆ نەمبووری و نەیبوورم، ئەی چۆن ژن و مێردێکین، ئەی تادوا هەناسە لەگەڵ یەکدا ژیان نابەینە سەر. کەواتە پێویستە بیر لە ڕابردوو نەکەینەوە.

هەندێ جار من لێی دەپاڕامەوەو هەندێ جاریش ئەو، هەندێ جار من سوجدە بۆ بەژن و بالآی ئەو دەبەم و هەندێ جاریش ئەو.. بەڵام نازانم بۆ هێندە خۆم بێ هێز دێتە بەرچاو، ناتوانم لێی نزیك بمەوە، قاچەکانم

بەدوامدا نایێن. هەست بە دڵتەنگی دەکەم. دەڵێی قاچم لەسەر ڕووبەری ئەم ژووره نییه. هەست دەکەم هیچ نیم. کە لێی نزیك دەبمەوه وادەزانم بچووك دەبمەوه. کە دووریشم هەست بە گەورەیی دەکەم... ترسێ بەر دڵی گرتووم و نازانم بۆ وام لێهاتووه. لەوەتەی هاتووینەتەوه ژووری.. لا لووته، ڕووی لەم لاکردووەو نایەوێ سەیرم بکا. تەنیا لە ژێرەوه دزەنیگام تێ دەگرێ. دەترسم وەك جاری جارانی لێ بێ و بە هیچم نەزانێ. ئەوسا بەزم و ڕەزمێکی دیکەم بۆ سازبکا. ئاسایی نایێتە بەرچاوم. وەك ئەوەی بووبێتەوه تەڵەسمە سیحراوییەکەی جاران و قفل درابێتەوه، وادێتە بەر چاو.. وەك ئەوەیش ئەمجارەو دەیەها جاری تریش من دۆڕابم و من بدۆڕێنم واخۆم دەبینم.

پیاوەکە بەترسەوه لە ئافرەتەکە دەچێتە پێش و لە تەنیشتی دادەنیشێ. ماوەیەك بە دیاریەوه بێ دەنگ بێ ئەوەی بجووڵێ قرم قەپی لێ دەکا. دەمی وەك تەڵەی تەقیوی لێ دێت و ناوێرێ هیچ بڵێ. ئافرەتەکەش بە تووڕەبوونەوه سەیری دەکاو خۆی دوور دەخاتەوه. ڕووی بەرەو ئەودیو وەردەگێڕێ. پاش کەمێکی دی زۆرانبازییەکی سەیر لە ژوورەکەدا دەست پێ دەکا.

شتێ دەقەومێ... لێدانی دڵی ئافرەتەکە ئاسایی نییه، سەرێ دێنێ و سەرێ دەبا، بیر لە چۆنیەتی شالاو بردن و ڕاوەشاندنی چەقۆکەی ژێر دۆشەگەکە دەکاتەوه، مێشکی ماندوو بووه هێندەی بیر بکاتەوه. چەند مانگێکە خەریکی سازدانی پیلانێکە دژی ئەو پیلانەی ئەوی تێوەگلاند و گیرۆدەی ئەم ئازاره ڕۆحییە گەورەیەی کرد. بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕێ. تۆڵەی خۆی بکاتەوه، ئەوەتا هەر ئەم مەبەستەشە لێرەی پەستاوەو بەم شەوەی گەیاندووه. تا گەیشتۆتە ئەم شەویش کوێرایی چاوی داهاتووه، ئیمشەو گرینگترین ساتە لە ژیانی، مانەوەی لەسەر ئەمە وەستاوه.

پیلانەکەی بە ئەنجام بگەیەنێ.. یا دەبێ پیلانەکەی بە ئەنجام بگات یا دەبێ بمرێ. هەرچ کاتێ دەستوبردی کردو شالاوی برد. وەك مرۆڤێکی جیاواز لەوەی کە هەیە، زیندوو دەبێتەوە، دەبێتە مرۆڤێکی خاوەن ویست و بە جەرگ. چاوی بە بالای پیاوەکەدا هەڵدەواسێ، بیر لە شتی تر ناکاتەوە. لەوپتر هیچی دی نابینێ. گوێی لەوە نییە ئاخۆ پیاوەکە چ دەڵێ و چ ناڵێ. لە دنیایەکی تردا، لە خەیاڵێکی دیدا دێت و دەچێ. پیاوەکەش لە خەیاڵێکی ترە. ئافرەتەکە بە شڵەژاوی ڕوو وەردەگێڕێ دەست درێژ دەکا چەقۆکە لە بن دۆشەگەکە دەردێنێ، کە لە کاتی هاتنە ژوورەوەیان لەوێی دانابوو. لە هیکرا ڕای دەوەشێنێ و سنگی کابرا دەپێکێ. خوێن لە شوێن لێدانی چەقۆکە فرکە دەکا. چەند جارێکی دیش چەقۆکەی ڕادەوەشێنێت، پاشان بەرەو دواوە دەکشێتەوە. خۆ دەگەینێتە بن دیواری نزیك دەرگای ژوورەکەو پاڵ دەداتەوە.. ڕادەکشێ و چاو دەبڕێتە لاشەی کابرا، ئەو لاشە زل و زەبەلاحەی چەند ساتێ بەر لە ئێستە بەخۆی و بەسەرکەوتنەکانی دەنازی و پێی وابوو ئیتر تەواو. ئافرەتەکە وەك ئەوەی لە شەڕێکی زۆر گەورە گەڕابێتەوەو سەرکەوتنی زۆریشی بە دەست هێنابێ. یا تازە لە مردنێکی محەقەق ڕزگاری بووبێ، ژیانێکی تازەی بۆ خۆی خوڵقاند.. دەمارەکانی مێشکی هێدی هێدی هاتنەوە شوێن خۆیان. هەستی بە حەسانەوەیەکی گەورە کرد، ئارام و هێمن بوو، دەتگوت قورساییەکی زۆر قورس لەسەر سنگی لاچووە. بۆیە وابەرەو سەرەوە هەڵدەکشێ.. ئیتر تەواو کۆتایی بەشانۆگەرییە تراژیدییەکە هات.. بوو بە پاڵەوانێکی مێژوویی و لەمەودوا لە داستانەکاندا باسی لێوە دەکرێ. ئیتر وەڵامی ڕاست بۆ ئەو هەموو وتارانەی لە ئاستیان دۆشدادەما. دۆزرانەوە ئێستە دەتوانێ وەك دیکارت بڵێ: «من جوان و پیرۆزم. کەواتە هەم و بۆ گەورەیی خۆم دەژیم، لە پێناو خۆمدا جەنگاوم، بۆ پاکی خۆم تێ کۆشاوم» تازە ئاسوودەو کامەران تا دواهەناسە بە خۆشی دەبەمە سەر. تاك و تەنیا دەژیم.. لە

کەس نزیك نابمەوە. ناشهێڵم کەسێ گەمە بە ویست و ئیرادەم بکا، بەسەر بیروباوەڕەکانم زاڵ بێ، یا بۆ لەزەت وەرگرتن دەسخەڕۆم بکا.. بۆچوونەکانی خۆم ڕاستن و ئەوەی تر هیچ، ئەوەتە بۆ جاری دووەم وا لە دڵمدا سەر هەڵدەدەنەوە. پاکی و پیرۆزی دوو وشەی بایەخ دارن و مەحاڵە دەستبەرداریان بم.

چونکە لەشی ئافرەت پاك و پیرۆزە نابێ گلاو بکرێ.. وەك بەفر وایە، وەك گوڵ جوانە. ئەوەی پاکی و پیرۆزی لا نەبێ ڕیسوای دنیا و قیامەت دەبێ وەك مرۆڤێکی خاوەن ویست و شکۆمەن، پتر بۆ چەسپاندنی ئەم باوەڕە تێ دەکۆشم. ئیمشەو پاڵەوانەکانی دنیا گشتیان بێن زۆرانبازیم لەگەڵ بکەن باکم پێ نییە...

بە ڕقەوە سەرنجێکی پڕ مانای ئاڕاستەی پیاوەکە کرد، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان خۆشی دەویست، بەڵام خیانەتی لەگەڵ کردو بوونی خستە ژێر پێ. ڕێزی خۆشەویستییەکەی نەگرت و بە پیلانێکی فێڵبازانە، جەستەی لەکەدار کرد. لەناو خەڵکدا ڕیسوای کرد.. کردی بە پەندی زەمانە. وەك ئەوەی دوژمنێکی زۆر گەورە بووبێ ئێستە لە هەموو کەسێ پتر رقی لێی دەبێتەوە، بەو بێ نەیبینێ، بەو بێ بەمردوویەتیش لەبەر چاوی نەبێ، پێی وابوو بەم جۆرە نەبێ، یا ئەگەر وای نەکردبایە تا ماوە ئیسراحەتی نەدەکرد. مێشك و جەستەی، ڕۆحی نەدەحەسایەوە، ڕێزو حورمەت و گەورەییشی بۆ نەدەگەڕایەوە. (بە شێت و کەم عەقڵ لە قەڵەمت دەدام، گاڵتەت بە بیروباوەڕەکانم دەهات، وات دەزانی وا بە ئاسانی وەك بەرزەکی بانان بۆی دەردەچی. منیش ئیتر تەواو خۆم بە دەستەوە دا، یا سەر هەڵدەگرم و گۆشەگیری هەڵدەبژێرم یا دێم لێت دەپاڕێمەوەو چیتر بیر لە گەڕانەوەی کەرامەتی خۆم ناکەمەوە، نەتزانی بۆ تۆڵە سەندنەوە هەموو شتێ دەکەم، دێمە لات و لێت دەپاڕێمەوە. تا قبوڵم بکەی ببمە سەگی

بـەرقـاپـی بـاوكـە خـوێڕیـیـەكـەت.. وات دەزانـی ئـیـتـر تـەواو كـەوتم و هـەسـتـانـەوەم بـۆ نـیـیـە، وردوخـاش بـووم و نـەمـام، بـووم بـە ئـامـێرێكـی بەردەستی تۆ، هەرچ وەختێ بتەوێ بمسووڕێنی. من پلاك و سویچ و قفڵ نیم. من مرۆڤم هەست و نەست و بیرم هەیە، بیردەكەمەوە، هەست بە ئێش و ئازار دەكەم شتی ناڕەوا كارم تێ دەكا، بەڵام بیروبۆچوونم لەگەڵ خەڵكی تردا جیاوازە، ئاساییە حەزو ئارەزووەكانم لەگەڵ خەڵكی تردا یەك نەگرێتەوە.

هیچ كەسێ كۆپی كەسێكی دیكە نییە، كەواتە بۆ كتومت وەك یەكێكی تر وابم، هەركەسێ مافی ڕەوای خۆیەتی هەڵگری هەر بیرو باوەڕێ بێ. لە پێناو ئەو بیرو باوەڕەشدا تێ دەكۆشێ و ئازار دەچێژێ. هەوڵی ئەوەش دەدا سەربكەوێ. كـەواتـە مـنـیش لـەوە پـتـرم نـەكردووە. مـافـی كـەسیشم نەخواردووە. تەنیا ویستوومە وەك خۆم دەمەوێ وابژیم، تۆو كەسانی دی چ كارتان بەسەر منەوە هەبووەو هەیە بۆ دەتویست خاوەنی خۆم نەبم و دەتـویست بـە هــەر شێوەیــەك بــێ تـێكـم بشكـێنـی. شووكـردنـی مـن یـا شوونەكردنم چ لە مەسەلەی ژیانی ئێوە دەگۆڕێ. تا پیلان لە دژمدا بگێڕن. مەسەلەی پاكی جەستەو پیرۆزی شتێكە تایبەت بە خۆم، من رقم لەوەیە پیاو دەستگەمەو نازانم چی و چیم لەگەڵ بكا. باوەڕم بە پاك بوونەوەو پاك ڕاگرتنی جەستەوە هەیەو لێی پەشیمان نابمەوە. زۆرجار لە ئەنجامی تەوقە كردنیشدا هەستم كردووە ناڕەحەت دەبم، وەرس بووم و ئۆقرەم لێ هەڵگیراوە. مەسەلەی ڕابواردن و لەزەتیش ئەوا هەر مەپرسە. بۆیە تا پێم كراوەو ئێستەش هەرچی پێم بكرێ. لەم شتانە دوور دەكەومەوە... هەر زووش لەوە گەیشتم ئەو تەنیا منی بۆ ڕابواردن و لەزەت وەرگرتن دەوێ. نەك هەركاتی خۆی. بەڵكو بەر لە چەند ساتێكیش هەمان شتم لە چاویدا خوێندەوە، دەمزانی هەمان شت لە مێشكی دایەو بیر لە چی دەكاتەوە، لە

چـاوەکـانـیـدا شەهـوەت دەبـاری. گـڵاوی دەپـژانـدە سەر لـەش و لارم، بـە خـەیـاڵـی خـاوی خـۆی وای دەزانـی ئـەو ئـافـرەتـە داتـەپـیـوەم کـە پـاش ئەنجامدانی پیلانەکەی چوومەلای و لێی پاڕامەوە ئێستەش بە هەمان شێوە، دەتگوت سەگێکی برسی هـارە بۆیـە وا پڕی دامـێ. جاران کە بە مرۆڤم دەزانی. خۆشم دەویست، وەك فریشتەیەك سەیرم دەکرد.

بەڵام نەمزانی گورگەو لە پێستی مەڕدا خۆی حەشارداوە... بێ شك قۆڵی دەیانی تری وەك منی بە قسەی لووس بڕیوەو من نایزانم. لای خۆی گوایە خوا پەرست و پاك و بێگەردبوو باوەڕی بە دواڕۆژ هەبوو. بەمە هەزارانی لـە خشتـە بـردووە. زمـان لـووسی درۆزن. وەك ئـەوەی لـەگـەڵ شەیـتـانـدا پەیمانی بەستبێ. ئا بەم جۆرە ڕێی لە خەڵك بزر دەکردو دەیخستنە ناو قوڕو چڵپاو، چاڵی بۆ هەڵدەکەندن.

دەتگوت مـفیستۆیـە. ئـەو مـفیستۆیـەی پـەیمانـی لـەگەڵ شەیتاندا بەست. هەڵسوکەوتی ئەویش زۆر نزیك بوو لەو، نهێنییەکی گەورەش لە نێوان ئەم دووانەدا هەیە.. بەڵام خۆشی بکوژێ ناگا بەگۆتەی بلیمەت.. بەلای منەوە نابێ ئەو وەك خزمەتکارێکی گۆتەش حیسابی بۆ بکرێ.. چونکە هیچی هیچە.. چڵێس و بۆگەن و هیچ لە بارنەبووە. (ژن و پیاو لە سەرەتای دروست بوونیانەوە یەك بووینە، بەڵام پاشان لێك جیاواز بوونەتەوەو بوونەتە دوو لەت، بۆیە ئێستەش وابە دوای ئەوەدا دەگەڕێن تاببنەوە یەك) ئـەمـە قسەیـەك بـوو بـەدەیـان جـار وەك قـەوان بـۆمـی دووبـارە دەکردەوە، کەچی من پێم قسەیەکی بێ مانا بوو. ئەمە قسەی ئەفسانە کۆنەکانەو فڕی بە سەر ڕاستییەوە نییە. دیارە کاتی خۆی بە مشار لێك کراونەتەوە. وەك ئـەوەی تـەختـەبـووبـن و ئـێستـەش بـە چـەکوش و بـزمـار بـەیـەکەوە بنووسێنەوە، دە کەوایە من ئەمەم ناوێ، نامەوێ میخ بەند بکرێم. لە قاڵبی ژن و مێردایەتیشدا بەند بکرێم. کە ئەم ویست گوریس دەخرێتە ملم

و ڕامدەکێشن.. کەواتە من ئەمەم ناوێ.. با پەتی ژن و مێردایەتی نەمخنکێنێ.. با گڵاو نەبم و پۆخڵەواتی چەندەها ساڵی لەمەوبەری کەسانی دی بەسەرمدا نەڕژێ. خۆم بە شتێ نابەستم باوەڕم پێی نەبێ.. جیاوازییەکیشم لەگەڵ خەڵکانی دیدا ئالێرەدایە، هەرچ کاتێکیش بریندار کرابم درەنگ برینەکانم سارێژ بوونەتەوە، یا یەکێ خراپەیەکی دەرحەق کردبم بە تایبەتی خراپەیەکی لەم بابەتەی ئەو، ئەوا لە بیرم نەچۆتەوەو هەوڵیشم داوە تۆڵەی لێ بکەمەوە..

زۆر شت هەن لەبیرکردنەوەیان زەحمەتە یا هەر لە بیر ناکرێن.. ئەو خراپەیەی تا سەر ئێسقان ڕۆ دەچێ بیرچوونەوەی مەحاڵە.. بەڵام هەرچ کاتێ تۆڵەی ئەم خراپەیە سەندرایەوە، ئەوا مرۆڤ ئیسراحەت دەکا.

پێش ئەوەی چەقۆکە ڕاوەشێنم، خۆم بە نەبوو دەزانی. زەلیل و کەم و هیچ لە بارنەهاتوو. تا ئەو ڕادەیەی ڕقم لە خۆشم دەبۆوە، بەڵام لەوەتەی لاشەکەیم خەڵتانی خوێن کردووە، وا خەریکە جارێکی دیکە لەدایك دەبم. لەخۆشییان واخەریکە دەکەومە سەماکردن.. سەمای سەرکەوتن دادەبەستم، خۆم و کەل و پەلەکانی ژوورەوە، خۆم و چوارپایەکە، خۆم و چەقۆکە دەکەوینە سەماو تابەیانی لە سەما کردن ناکەوین. ئەوەتا برینەکانم سارێژبوونەتەوە. هەست دەکەم گەورەو بە هێزم. با بمبینێ چۆن سەمایەك ساز دەکەم و چەند کەیف خۆشم..) ئافرەتەکە هەڵدەستێ و لە شوێنی خۆیەوە دەکەوێتە سەما کردن. ئەوسا بەرەبەرە لە جەستە گەورزیوەکەی بەرامبەری نزیك دەکەوێتەوە. ماوەیەك تێی دەڕوانی و ئەوسا بە دەوریدا دەسووڕێتەوە. چەند جارێ ئەم دیو ئەو دیو دەکاو بەسەریدا پاز دەدا. ڕادەوەستێ و بە وردی و بە ڕقەوە لێی ورد دەبێتەوە. قاچی بۆ پێشەوە درێژ دەکا، تا سەر سنگی دەبات و دەیهێنێتەوە جێی خۆی. پاشان بە قاچەکەی تری هەمان کردار دووبارە دەکاتەوە. هەم دیسان بۆ پێشەوەو

دواوە، تەنیشتەکانی، بە جۆرێکی تر لەش و لاری دێنێ و دەیبات. چەند جارێ دێتە ئەولاتر، خۆی خوار دەکاتەوەو لێوی دەبزوێنێ.. گۆرانییەکی بە جۆش بێ مۆسیقا، لەسەر ئیقاعێکی شێتانە دەچڕێ. بە ئیقاعی دڵ و دەروون و ناوەوەی، ژوورەکە دەخاتە سەما.

بە ئیقاعە شێتانەکە جوانترین جوولانەوە بە پنتۆمایم بەرجەستە دەکا.. وەك باڵێی هاوچەرخ هەست و نەستەکانی دەردەبڕێ، بێ ئەوەی ماندووبێ. گەرمترو بەجۆشتر خۆی هەڵدەدا.. سەماکەی چەشنێکی تازەیە لە سەما کردندا.

وەختی خۆشی کاتێ هێشتا ئەم نەگریسە ژیانی لێ تاڵ نەکردبوو، بەم جۆرە، هەست و کەیف سازی بەرامبەر ژیان و بیرو باوەڕەکانی دەردەبڕی. زۆرجار بەرامبەر ئاسۆی ژیانی خۆی دۆشدادەماو دوایش دەکەوتە گۆرانی چڕین، سەمای دەکرد. ئیمشەویش بەم جۆرە بەختەوەری خۆی دەردەبڕێ. لە جاران پتریش بە گەورەیی خۆی دەنازێ. لە جاران ڕشتترە لەسەر وتەی (من پاك و پیرۆزم کەواتە هەم، من جوانم کەواتە هەم) هەستی دەکرد ئیمشەو پاکترو پیرۆزترو جوانترە، وایدەزانی وەك بەفر سپی و وەك گوڵ جوانە.. چەشنی چەشنی لوئلوئەیەك. شەوقی بە ژوورەکەدا بڵاو کردۆتەوە. لە دڵی خۆیدا دەیگوت: ئەوەی دەیەوێ با عاشقم بێ و بۆم بسووتێ.. بەڵام با لە دوورەوە مامەڵەم لەگەڵدا بکاو لێم نزیك نەبێتەوە.. ئەو خۆشەویستییەی من باوەڕم پێیەتی خۆشەویستییەکی ڕۆحی پیرۆزە. ئەوەی ڕۆژێ لە ڕۆژانیش ویستبێتی بەنیازی خراپ لێم نزیك بێتەوە. بە دەردی ئەم گەڵحۆیە دەچێ. بەگوێی منی نەکرد، شەیتان چووە کەوڵی و خراپەیەکی گەورەی دەرحەق بە منی گەورە پێ کرد. وای لێ کرد لەبەرچاوم سووك و چرووك بێ.. وای لێهات پیلان بگێڕێ و حەز بەژێرکەوتنم بکا. چاڵێکی قووڵی بۆ هەڵکەندم، بەڵام گرینگ کۆتاییە،

هـەتـا ئـەگـەر بـە قـوڕو چڵـپـاویش هـەڵاتـبـم، هـەتـا ئـەگـەر پـاش پـیـلانـەکـە ئـازاریشم چەشتبێ، ئێستە برینەکانم سارێژ بوونەتەوەو لەمەودوا بۆ خۆم ئـارام لە کونجێ دەژیم. دەیگوت ڕقم لەو کەسەیە بڵێ شووناکەم یـابیر لە شووکردن ناکاتەوە. ئەو کچەی بۆم دانەهێنێ. دەیکەم بە پەندی زەمانە، وەك دوژمنێ تەماشای دەکەم و پیلانی لە دژدا دەگێڕم. بەڵام من تەواو لەو جیاواز بووم. جاران پێم وابوو، ئێستەش هەروا.. شووکردن یانی مردن.

یانێ تاوانەوە. ئەوەی شوودەکا. وەختێ بە خۆی دەزانێ پیردەبێ و ئەوسا سوێبوونەوە دادی نادا.. بەڕای من شوو کردن ئافرەت زووتر پیر دەکا. کەواتە با شوو نەکات و وەك خۆی بە پاکی بمێنێتەوە. کە پاکیش بوو پیرۆزی وەدەست دێنێ. بە هۆی ئەویشەوە شاخ و کێو و ئەو بستە خاکەی بە سەریدا ڕادەبوورێ پیرۆز دەبێ، جەستەی پاکی ئەو پیرۆزی بە دنیا دەبەخشێ. ئەگەرچی بە دەگمەن هەن ئەمەیان لا ئاسایی بێ، زۆربەش بەم وتانە ڕازی نین. بە دەیەها جاریش بە ڕوویان داداومەتەوە کە ئەمەی دەمگوت لە مرۆڤی عاقڵ ناوەشێتەوە، ڕەنگە بەشێت و کەم عەقڵیش لە قەڵەمیان دابم. وایان دەزانی ئافرەتێکی لەخۆ بایی و بەفیزو ڕۆح گەورەم ئەویش هەمان بیروڕای هەبوو، هاوتەمەنەکانیشم زۆر ڕقیان لێم دەبۆوە.. بەڵام من گوێم پێ نەدەدان و بەهیچیشم نە دەزانین. ئێستەش نە ئەوان و نـە ئـەویش بـە هـیـچ دەزانم. ئـەوەتـا دووپـاتم کردەوە کە ئـەو هـیـچ نـییـە، جـارانـیش لام هـیـچ نـەبـوو، ئـێستـەش هـەروایـە. ئـەوەتـا وەك بـەرخـێکـی بەستەزمان لەبەر دەممدا کەوتووەو کەسێ نییە هاواری بۆ ببا تا ڕزگاری بکا. پەشیمانیش نیم لەوەی کردوومە، لەوەی گوتوومەو دەیڵێم و دەیکەم. ئەوەی کردیشم شتێکی ڕەوا بوو بۆ سڕینەوەی جێ پەنجەی تاوانێ کە نەدەبوایە بکرێ. بە دەست خۆم نەبوو دەبوایە وابکەم. بە پێی لێکدانەوەی

خۆشم هەڵە نەبووم و هەڵەش نیم. من خۆم بە تاوانبار نازانم خەڵکی دیکە با چۆنی لێك دەدەنەوە با وابکەن. ئەگەر تاوانبارو مرۆڤ کوژ، سەرەخۆرە هەبێ. هەر ئەوەو هەر ئەو بووە. کە واشم کردووە. پێم وایە ئەمە ئەوپەڕی ئازایەتییە.. شتێکە پێویستە بنووسرێتەوە، یا لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا بگێڕدرێتەوە. با بیکەن بە پەندو عیبرەت بۆ کەسانی وەك ئەو. ئەویش کە تا ئێستە نەدەوێرا لە خۆی بدوێ پاکاری وا ئەنجام بدا با لەمەوپاش نەترسێ. دۆزینەوەی کەسێتی مرۆڤ شتێکی فرە پێویستەو با خەڵك هەوڵی ئەوە بدا خۆی بدۆزێتەوە. ئەوەی پێشی ناخۆشە ئەوا کەیفی خۆیەتی. گرینگ نییە. گرینگ ئەوەیە نەمهێشت وا بە ئاسانی بێ سزادان دەربچێ. نەشم هێشت ویستم بخرێتە ژێر پێی ناپاکێ. ئێستە پتر شانازی بەوە دەکەم کە خاوەنی بیرو ڕەوشتێکی پۆلایین بووم و کەسێ نەبووە وەك خۆم بێ ئێستەش کەسێ نییە من بێ. من خۆمم و کەسیش نییە من بێ. دوێنێ و پێرێ وا نەبووم، ئیمشەو بەرەو بەرزایی بەرز بوومەتەوە. بە هەوڵدان گەیشتمە ئامانج، ئێستە هەموو کەسێ دەزانێ من کێم و بۆچی هەم، ئەوەی نەشزانێ کێیە، بزرە دۆڕاوە، هیچە.. چەند خۆشە ئالەم کاتەدا کۆمەڵێ مرۆڤی دیکە لێرەبان تا بزانن چ کارێکم ئەنجام داوە.. با دەرگاکە بکەمەوەو هاوار بکەم، با خەڵکی دی بێن و بمان بینن، با بەچاوی خۆیان سەیری هەردووکمان بکەن، ئەوسا چی دەڵێن با بیلێن، زۆر زۆر دەڵێن: ئافرەتێکی نائاساییە، شێتە، سوپرمانە.. تۆ بڵێی ئەو چۆن لە خۆی بروانێ، گەورە، بچووك. نەء ئەو گەورە نییە و بچووکە، لە دەنکە گەنمێ بچووکترە. بەم بارودۆخەیش کە تێیدایە، هیچی ناو هیچانە، ژیانم خۆش نەویستبایە ئەوم نەدەکوشت. بەڵکو خۆم دەکوشت. گەلێ جار بیرم لە خۆکوشتن کردۆتەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی خۆم بە حەق دەزانی و ئەویش بە تاوانبار. بۆیە بڕیارم دا بژیم و تۆڵەی خۆشم بکەمەوە.. لە هەر کوێ بێ، ژیان خۆشترە، کوێی ناخۆشە.

دارستـان و ئـەشکـەوت، سیبـریـا، ئـەفریقیـا، زیندان، کۆیلایـەتی لـەوە خۆشترە لە حەسرەت شتێکدا، بێ ئەوەی تاوانێکت کردبێ سەر بنێیتەوە، داخ و حــەسرەتــێ بــتــکــوژێ.. ژوورێکــی بــچــووکــی بــێ دەرگـا، تــەنـیـا پەنجەرەیەکی هەبێ. با شوێنی جوولانەوەی لە یەك دوومەتر زۆرتر نەبێ.. ساپیتەی نزم و بنمیچی نەوی.. ئەم لاشەیەم بگرێتە خۆ، ڕازیم، بەلام ڕازی نیم و ڕازیش نەبووم حەسرەت بمکوژێ..

دواجار قاقا پێکەنی و پڕ بە ژوورەکە هاواری کرد.

لەگەڵ هاوارکردندا هەرچی جوێنی پیس هەبوو ئاراستەی جەستە لە خـوێن گـەوزیـوەکـەی کرد: سەگی سەگ بـاوك، پیسی نـاپـاك، تـاوانبـاری سەردەم، بەزەییم پێت نایێتەوە، وەرە دان بە تاوانەکەتدا بنێ و بڵێ بچووك و بەزیو بووم و ئێستەش بەزیوم، بڵێ تۆ گەورەیت و بەهێز و پیرۆزو پاکی و من ناپاکیم دەرحەق کردی.. ئەوسا لە چاکەی خۆم سبەینێ دەتبەمە گۆڕستانێك و وەك مرۆڤ دەتشارمەوە، دەنا پارچە پارچەت دەکەم، بەم چەقۆیە هەناوتی هەڵدڕی. ئەندامەکانت هەڵدەپاچم.. کە وا نەکەی، نە بەشداری لە پرسەت دەکەم و نەبە ئادەمیزادیشت دادەنێم.. چی، ئێ، گوێم لێ نییە، ئێ باشە ئەوەم پێ خۆشە. منگە منگی ناوێ. ئەگەر وا نەکەی هەر لـێرە پـارچـە پـارچـەت دەکـەم و پـارچـەکـانت لـە پـەنجـەرەوە فڕێ دەدەمـە خوارێ، با سەگ بتخوات.. جا تۆ چیت ماوە، هەر ئەوەتا دەجووڵێیتەوە.. دوا هەناسەت نزیك بۆتەوە..

لـە کـاتـی قسەکردنـی ئـافرەتـەکـەدا، پیـاوەکـە ئـاوزەنگـی دەدا، وڕێنـەی دەکرد، لەبەر ئێشی ئەندامەکانی لەشی نەیدەزانی چی بکات، بەردەوام و بێ پسانەوە دەیگوت: ئاخ، خەریکە دەمرم، ئێرە کوێیە، من کێم. ئەم ژوورە بۆ وا لەبەر چاوم تاریك داهاتووە، ئەو شتانە چین وا لەبەرچاوم بە خوارو خێچی دێن و دەچن.. تۆ کێی و بۆ بەسەر سەرمەوە وەستاوی، تۆ لە کوێی،

کوا ناتبینم. ئەی ئەو خەڵکە بۆ وا سەما دەکەن، زەماوەندی کێیە، کێ ژن دێنێ، پرسەی کێیەو کێ مردووە، من یا تۆ..؟ جا توخوا ئەمە شوێنە سەمـای تـێدا بـکـەن، ژوورو شاییـیـان کـەی گـوتـوە" بـڕۆنـە دەرێ و لـە گۆڕەپانەکەی بەردەمی ماڵی باوکم، ئەوێ باشترین جێیە، ڕاوەستن منیش دێم و سەما دەکەم، حەزم لێیە منیش زەماوەند بگێڕم هەڵپەڕم، ماندوو نیم، بۆ من چیم لێ هاتووە، ڕاست دەکەی، ئەو خوێنە؟

پیاوەکە بێ ئاگایە لەوەی بەرەبەرە ئەندامەکانی لەشی سست و خاو دەبـنـەوە، ئـافـرەتـەکـە دەکشێتـەوە دواوەو دوور دەکـەوێتـەوە. هـەم دیسان دەچێت پشت بەو دیوارە ڕەق و تەقە دەدا کە پێشتر پشتی پێ دابوو و چاو دەبڕێتەوە لاشە لە خوێن گەوزیوەکەی چەند ساتێ بەر لە ئێستا خەونی بە باوەشی گەرمی ئەوەوە دەبینی.

حوزەیران ١٩٨٦

# تارمایی

کاتێ یاساوڵەکە بە ژوور کەوت، دڵم داخورپا، زانیم خەبەرێکی نا ئاسایی پێیەو دەیەوێ بڕیارێکی کتوپڕی ئەنجوومەنی بەناو باڵای بەندیخانە بەیەکێ بگەیەنێ، بە واتایەکی دیکە بڕیارەکە بەو بگەیەنێ. چونکە لەوەتەی هاتوومەتە ئێرە نەمبینیبوو ڕۆژێ نێرراوێ وا بەپەلە بە ژوور کەوێ و لە هەمان کاتدا بڕیارێکی وا لەگەڵ خۆی بێنێ کە لە ئەنجوومەنی باڵاوە دەرچووبێ. نێرراوەکە لە نزیك دەرگاوە کەوتە خوێندنەوەی بڕیارەکە. ئەوانەی ژوورەوە هێشتا بەشی زۆریان لە نێو نوێندا خۆیان گرموڵە کردبوو، بەڵام کە گوێیان لە دەنگی نێرراوەکە بوو، وەك دەرزی بکرێت بە لەشیان، لە شوێنی خۆیان ڕاپەڕین و بەرزەپێ وەستان. بە حەپەساوی گوێیان موت کرد. نەك هەر ئەوان، بەڵکو منیش و (ئەوانیش) سەرمان لەم بڕیارە کتوپڕە چاوەڕوان نەکراوە سوڕما، چونکە باوەڕمان بەوە نەبوو ڕۆژێ لە ڕۆژان پاش ئەو هەموو ساڵە دوورو درێژە لێپرسراوانی بەندیخانە بیر لە شتێکی وا بکەنەوە، نەك هەر باوەڕمان نەدەکرد بەڵکو هەر بە خەیاڵیشماندا نەدەهات، بەڵام تازە شتەکە وا کەوتەوەو سبەینێ بڕیارەکە جێبەجێ دەکرێ.

ئەو ئێرە جی دێڵی و منیش ناچار دەبم وەك سێبەر بەدوای کەومەوە. لە چارەم نووسراوە دەبێ بۆ هەمیشە وەك تارماییيەك بە دواوەی بم، تازە کار لەکار ترازاوە، دەبێ خۆم بۆ کێشەیەکی سەختتر لەوەی ئێرە ئامادەکەم، چونکە ململانێی دەرەوە کاریگەرو دژوارترە لە سەرجەم ململانێکەی ئەم کۆڵیتە تەنگ و تاریکە.

ئەوەتا کردیان بە ڕاست و هەر بزانە پاش چەند سەعاتێکی دیکە وەك باڵدارێك بێ و دەرگای قەفەسی بۆ بکەنەوە لە ماوەی چاو ترووکانێك لەبەر چاو ون دەبێ، ئەگەر بکرێ نەك لە دەرگا بەڵکو هەر لەپەنجەرەکانەوە دەچێتە دەرێ. کە نێرراوەکە لە خوێندنەوەی بڕیارەکە بۆوە من ئەوکات لە سووچێکی ژوورەکە یا هۆڵە پێنج مەترییەکە وەك جاڵجاڵۆکە لەناو تەونێکی ئاڵۆز خۆم گرمۆڵە کردبوو. دوور بە دوور ئەرکی چاودێری کردنیم گرتبووە ئەستۆ. لە مێژیش نەبوو لە مەیدانی دژایەتیکردنی کشابوومەوە، بە تەماش نەبووم بەم زووانە بێمەوە گۆڕەپانی زۆرانبازی، چونکە هەم ماندوو ببووم و هەم بێزار ببووم،

ماندوو بێزار لەوەی تا ئێستا هیچم لەگەڵی پێ نەکراوە، بەڵام کە گوێم لەم بڕیارە ناوەختە بوو یەکسەر لە نێو تەونەکە ڕاپەڕیم و وەك مریشکی کڕکەوتوو سەرم بەرز کردەوە، ڕوانیمە خوارەوە، ئۆقرەم لێ هەڵگیراو کەوتمە خۆ. بێ ئارامی پەردەی بەسەر ناخم دا دا، ئەویش وەك قەدو گەڵای دار بەڕووێك بێ بووژایەوە.

ژوورە پێنج مەترییەکەی ساڵانێکی دوورو درێژ مەیدانی هەڵبەزو دابەزێکی سەخت و دژوارمان بوو، لە شێوەی لاکێشەیەکی خوارو خێچ بە چەند ژووری دیکەوە گەیندرابوو. زنجیرەیەك ڕێڕەویش ژوورەکانی بە چەندین گۆڕەپانی ڕووبەر جیاواز دەگەیاند. تەنیا ژوورەکەی ئێمەی تێدا بووین بە ڕێڕەوێکی باریکی تاریکیدا نقووم ببوو. بە دەگمەنیش نەبوایە ڕووناکی بە ژوورەکەمانەوە نەدەبەخشی. ئەمڕۆ زیاد لە پێویست ترووسکایی بەسەر دیوارە ڕەش داگەڕاوەکان و بنمیچی ژوورەکەوە دیار بوو، وەك ترووسکایی چاوی ئەمی بە سەردا پەخش بووبێ ئەوها دەهاتە بەرچاو، ئەو چاوانەی هەمیشە کزو کەم بینا دیاربوون، وا ئێستە بەژن و باڵای هاوڕێکانیشی نقومی چەپکێ تیشکی درەوشاوە کردووە. کەی وەك

ئـەمـڕۆ شادو کـەیـفـخـۆش بـووەو ڕوخساری وا لـە نـێو کـامـەرانـیـدا گەشاوەتەوە، ئەوەتا چاوەکانی گەش گەش دیارن، وەك دوو ئەستێرەی شەوقدار ئاڕاستەی ڕێڕەوەکە کراون، قووڵ دەڕوانن و بە ناخی نادیاریشدا دەچنە خوارێ. کەچی من لە نێو گێژاوی بیرکردنەوەیەکی قووڵدا دۆش داماوم، نازانم چی بکەم. بە دوای کەنارێ دەگەڕێم نازانم لە کوێیە مێشکم جەنجاڵە. تا ئێستە بەلەش بووبووم بە بەردو تارمایی، ئەوا مێشکیشمی هاتە سەر. کتوپڕ بەلەمێکی ڕزگاربوون لەم پەیدا بوو و سبەینێ لەگەڵ گەردی بەیانی خۆی دەخاتە سەر پشتی، دوور دوور دەڕوات. لە دەرەوەش پـەردە لـە سەر کـارەسات و سەربـووردەی ژیـانـی هـەڵدەدرێتـەوەو دەبێتـە بیرەوەرییەك. بیرەوەرییەکی تاڵ یان شیرین، گرینگ نییە. لە ناچاریدا وام بە خەیاڵدا هات بڕیارەکە هەر لە خۆیەوە نووسرابێتەوەو پەیوەندی بە ئەندامانی ئەنجوومەنی بەندیخانەوە نەبێ. یا لە خۆیەوە پەڕە کاغەزێ چووبێتە بەر قەڵەمی یەکێ و ئەمیش بێ سەیرکردن بەنووکە قەڵەمێ ئیمزایەکی کردبێ. یان وەك سیحر لە ئەندامێ یا قەڵەمەکەی کرابێ و بـەسیـحـریش کـاغـەزەکـە چـووبـێتـە دەست یـاساوڵـێ و ئـەمـیش هـێزێکـی سیحراوی پاڵی پێوە نابێ و لەم هۆڵەش هەر بە دەنگێکی سیحر ئامێز کەوتبێتە خوێندنەوەی. ئەی ئەگەر وا نەبێ بۆ هەتا ئێستاکە یەکێ بیری لـە بـڕیـارێکـی وا نـەکـردەوە. ئـەمـێستـاکـە بـەم ئـاسانییـە بـڕیـارەکـە دراو تـەواوبـوو. پـێش ئـەمـڕۆ نـەك هـەر شتـی وا مـەحـاڵ بـوو ببـێ. بـەڵکو بـیر کردنەوە لێی و گوێ گرتنیش لە وشەیەکی وا بە کوفر دەزاندرا. پێش ئەمڕۆش ئەم بە دەیان جار داواکاری بە دوای داواکاری دەخستە بەردەم لێپرسراوان و هەوڵی بێ وچانیشی بۆ گوێ گرتن لەم داواکارییانەی دەدا. کەچی نەك هەر گوێیان بۆ نەگرت، بەڵکو تا توانییان تێیان هەڵداو یەك دوو جاریش ڕایان پێچایە ژووری تاریك و تەراش، ئەمیش بەناچاری ملی کەچ کردو لە بیر خۆشی بردەوە کە وشەیەك هەیە ناوی (ئازاد بوونە).

تا شەو ڕاکشا ئەو چاوەڕێ و من بە دیاریەوە. بە دیار بەژن و باڵای دۆش دامابووم و سەرقاڵی ڕێگەیەك بووم هەم جەنجاڵی مێشکمی پێ بڕەوێنمەوەو هەم بە هۆیەوە بتوانم ڕێ لە بڕیارەکە بگرم تا بە ئەنجام نەگات.

ئەم شەو وەك چۆن ئەو خەوی لێ نەکەوت، منیش هەروا، ئەو بە دیار بۆشایی شیشەکانەوە دیدی بەو دیو سپاردبوو و وەك چۆن گوڵ بە تیشکی هەتاو پێ دەکەنێ ئەمیش بە ڕووی ژوورو دیوارەکاندا دەخەنییەوە، ئەو بەژن و باڵایەی لە ژێر باری ئەشکەنجەو ئازارێکی بێ پایانەوە چەمابۆوە، ئەمێستاکە وا ڕاست بۆتەوەو بەرزەپێ بە سەر خاکەوە وەستاوە. ئەو چاوانەی تا دوێنێ مەترسی کوێربوونیان لێ دەکرا و ئەمشەو وەك مانگ ترووسکایی بەسەر زەویدا دەبەخشن. جەستەی بۆتە لێزمەیەك لە نووری پیرۆزو لەنێو لێزمەکەشدا هیوایەکی پیرۆزو گەورە دەبریسکێتەوە، چرۆیێکە، قۆزاغەیێکە، خەریکە دەپشکوێ، بۆیە ناچار بووم تەونە ئاڵۆزەکە لەسەر خۆم لادەم و هەڵی پچڕم. دابەزیمە نێو کۆمەڵێ جەستەی ماندوو و شەکەتی کۆست کەوتووی ژێر چەپۆکی ڕۆژگار، بە نێویاندا تێپەڕیم و خۆم گەیاندە سووچەکەی بەرامبەری. بڕیارم دا هەر لە ئێستەوە دەستبەکاربم و ئامادە بم بۆ گێرمەو کێشەیەکی تر. کە ئەم پێخەفەکەی پێچایەوە زانیم کات لە وەختی دیارکراو نزیك کەوتۆتەوەو پاش کەمێکی دیکە یەکێ دێتە دوای، ئەمیش بەهەمان شێوە بە نێو جەستە ماندووەکاندا بەرەو دەرگا ئاسنینەکەی دەرەوە دەکەوێتە ڕێ. کەواتە دەبێ منیش پتر لێی نزیك بکەومەوە، هات و ڕوومەتی خستە سەر شیشە ساردەکان. شێ و ساردی شیشەکان وەك خوناوێ تێکەڵ بە وشکی دەم و چاو و ڕوومەتەکانی بوون، چاوی بڕییە ڕێڕەوەکە. ڕێڕەوەکە لەبەر دیدەیدا ڕووناك دیاربوو، شەیدایانە ڕوانییە سووچە تەنیاکەی لەوێوە سێبەری

بـەژن و بـاڵای پـاسەوانـەکـانـی لـێ دەردەکـەوت. ئـەو سووچـە ئێستـە نـا کـەمـێکـی دیکـە مـژدەی ڕۆژێکـی نـوێی لـێ دەردەکـەوێ. ئـەم لـە ڕۆژی لەدایکبوونەوە نزیك دەکەوێتەوە منیش لە مردن. سبەینێ بۆ ئەم وەك لەدایکبوون وایەو بۆ منیش ماندوو بوون و هیلاکی و هەوڵدانێکی پڕ کۆسپ و دەردە سەریترە. ئەو دارودەوەن و سروشتی ڕەنگین و ڕووناکی و ئاوو هەوای پاك چاوەڕێی دەکەن. من تا سبەینێ بۆ ئەم سەرکەوتنەو بۆ منیش ژێرکەوتن. ئەو بە هەورازی باڵابووندا سەردەکەوێ و منیش پتر بۆ ژێرەوە دادەبەزیم. کە لێکم دەدایەوە دەهاتمە سەر ئەو باوەڕەی ئەمجارە دوا هەوڵدانمە یا دەبێ بۆ هەمیشە هەر لە ژێرەوە بمێنمەوە یا دەبێ لە نووکەوە دەست پێ بکەمەوە، وازهێنانیشم یانێ پاشگەزبوونەوە لەو بڕیارەی کە نیوە شەوە شوومەکە لەگەڵ خۆمدا دام. پەشیمان بوونەوەم یانێ مۆرکردنی بوون بە تارمایی بوونی خۆم بە دە پەنجە مۆر بکەم.

٢

چـەنـدیـن ساڵ پـێش ئـەمـڕۆ بـووم بـە تـارمـایـی و لـە شەوێکـی ئەنگوستەچاودا خواوەند نەفرەتی لێ کردم. خواوەند نەفرەتی هەمیشەیی لێ کردم و لەبەر دیدی هاوەڵ و دایك و باوك و خوشکەکانم دیار نەمام. چوومە ژێر زەوی و لە سووچی تەنیاو کەلاوەی رووخاو و گۆڕستانەکاندا خۆم حەشاردا. لە نێو تاریکیدا ون بووم و ئەوێ بووە شوێن مەنزڵگای هەمیشەییم. شێوەو ڕوخسارم لە شێوەو ڕوخساری ئادەمیزادی ئاسایی ناچێ و وەك یەکەمین ناشیرینی ئەم سەر زەمینە بم خەڵك خێسەم لێ دەکەن، سەرو کەللەم سەرو کەللەی دێو و درنجێکی زەبەللاحەو منداڵ و ئافرەت لە زەبەللاحیم دەترسن، هەریەکێ چاوی پێم بکەوێ لە زلی و زەبەللاحیم دەرەوێتەوە. خەڵك بە ڕقەوە سەیرم دەکەن. هەر لە دوورەوە هەست دەکەم ڕقیان لێمە. بۆیە منیش ناچارم ڕقم لێیان بێتەوە. جارێك

دووان نییە تا بڵێم شتێکی ئاساییە و ڕۆژێکەو دەبڕێتەوە. ڕۆژێ و دووان و سییان بووایە قەی ناکا. زۆرم چاوەڕێ کرد وابێت، هەم من ڕزگاریم دەبێ و هەم ئەوانیش کەچی وانەبوو، ڕۆژان ڕۆیشتن، نە من هەستم کرد گۆڕانی لە تێڕوانینی خەڵك بەرانبەرم هەیەو نە ئەوانیش وایان نیشان دا کە نیازێکی وایان هەیە بۆیە بڕیارم دا منیش ڕقم لێیان بێتەوە، کە ئەوان دوژمنایەتیم بکەن. بۆ منیش وانەبم، کە ئەوان لچ و لێوم بۆ هەڵێنن و بە شێت و جنۆکەو مڵۆزمم ناو بنێن، بۆ من وا نەبم. وام لێ هات و دوژمنایەتی خەڵك بووە کردەوەیەکی هەمیشەییم. مەحاڵە بتوانم دەستبەرداری بم، بەتایبەتی لەگەڵ کەسێکی دیاریکراو. ناتوانم وانەبم. تا پێشم بکرێ هەوڵی لەناوبردنی دەدەم. توندترو کاریگەرتر دەچمە وێزەی و پتر ئەزیەتی دەدەم، وەك چۆن ئەو لە نیوەشەوە شوومەکە لە دواوە باسکی تێوەرینام و زەبرێکی وای لێ دام. کردمی بە تارمایی و بەم ڕۆژەی گەیاندم لەوساوەش تا ئێستە وەك سێبەر بە دواوەیم و لەدەرفەتێ دەگەڕێم تا زەبرێکی کاریگەرتری پێ بگەیەنم. بەڵکو ئێ ئەمیش وەك من دەبێتە تارمایی و لە ژێر ئەم زەبرەشدا دەنووشتێتەوە، پەکی دەکەوێ و وەك من لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا وەدەردەنرێ. وەك ئاژەڵ بم و هاتبم پایەو مەنزڵی ئەو داگیربکەم. نیوەشەو لە پشتەوە پەلی گرتم بە پاڵەسووان لە کۆشك و تەلاری مرۆڤایەتی فڕێی دامە دەرەوە. دەرگاکەشی خڕ لەسەر داخستم و بۆم نییە جارێکی تر بچمە ژوورەوە سالآنێکی دوورو درێژە سەگ ئاسا تێ هەڵدراوم. گوفەك و ژێرخانەکان و زێراب و تونێل نەبێ بۆم نییە بەلایدا بڕۆم، منیش لە بری ئەم کارەدا بڕیارێکی وام داوەو هەرگیز لێی پەشیمان نابمەوە. تاپێم بکرێ ئێش و ئازاری پێ دەگەیەنم. لە دەرفەتێکی واش دەگەڕێم لە دواوە دەست و مەچەکی توند شەتەك دەم. وەك چۆن ئەو بە خەنجەر کەوتە گیانم و پارچەی کردم. سەری بڕیم، لووت و گوێچکەی لێکردمەوە. هەوەڵ جاریش ئەندامی نێرینەی لێکردمەوە. ئەنجا پەنجەو

نینۆك و قۆڵ و باسك و قاچ و پرچ و لێوم، لە پاشدا گۆشتی لەش و جەستەی سەرتاپا هەڵپاچیم و تەنیا ئێسقانی هێشتمەوە. دواجاریش پارچەکانی کۆکردمەوە لە نێو ئەو گۆڕەی بۆ ئافرەتێ هەڵکەندرابوو، شاردیەوەو خۆڵی بەسەر پارچەکانمدا کرد. ئەو ئافرەتەی تا لە ژیاندابوو هیچ هەوڵێ نەما لەگەڵی نەدەم بۆم دەستەمۆ نەبوو: ناچار بە مردوویی ویستم لەگەڵی جووت بم ئەو شۆخەی بە مردووییش پەلکێشی نێو گۆڕستانی کردم و ئێوارە ڕایکێشامە ناو گۆڕستانەکە. ئالوودەی کردبووم و چەندین ساڵ خەو و خۆراکی لێ حەرام کردم، وەك لە ئەزەلەوە بۆم نووسرابێ گێچەڵێکی وا بێتە سەر ڕێم و نەتوانم بە سەریدا زاڵ بم یا بەپیلانێکی دیاریکراو لە نێو بازنەیەکی تەسکدا پتر نەتوانم بجووڵێمەوە.

لەپشت کێلە بەردێ چاودێری دەکردم و هەرکە کاریش گەیشتە سەر بە ئەنجام گەیاندن، شالاوی بۆ هێنام. بەدوای ئەمیشەوە خواوەند لە ئاسمان دابەزی و نەفرەتی لێ کردم، کردمی بە تارمایی. لە چارەم نووسرابوو ببمە تارمایی و هەربەم دەردەوە سەر بنێمەوە. شەو و ڕۆژ هەر تارمایی بم. نان و خۆراك بخۆم هەر تارمایی بم. ئەی ئەگەر وانەبێ بۆ وا لەناکاو یەکێ لێم پەیدا ببێ و پەلم بگرێ. بەو شێوە ئاژەڵییە پارچە پارچەم بکات و بمخاتە نێو گۆڕ. چۆنی زانی من هاتوومەتە نێو گۆڕستان و مەبەستم چییەو دەمەوێ چی بکەم. بۆ گیانم ببێتە ڕۆحێکی هەمیشە ئازار چەشتوو. کۆڵێ ئازار بخرێتە سەر شانم و سیزیفانە بڕیار دراوە بەرەو سەرەوەی بەرم. لە سەرمە دابەزم و سەرکەومەوە.

دڕندانە لەگەڵم جووڵایەوە، ئەگەر چی گوناهەکەی من گوناهێکی بچووك نەبوو؛ بەڵام تۆ بڵێی هێندە بهێنێ لە تۆڵەی ئەم کارەدا بکرێمە تارمایی و وەك سێبەر بە دوای بکوژەکەمدا بم؟

## ٣

که تارماییيەکە بزربوو ڕۆحم لە گۆڕەکە هاتە دەرەوەو بە پەلە بەرەو ماڵ بوومەوە. لە ماڵەوەش وەك مرۆڤی زیندووبم وا جووڵامەوە. باوکم ئاگادار کردەوە کە تووشی چ گۆبەندێ بووم و چیم بەسەردا هاتووەو کێش وای لێ کردووم. نیوە شەو باوکمم بە دوای خۆم دا و لە دوای ئێمەش چەند زەلامێ هاتن گۆڕەکەیان هەڵدایەوەو پارچەکانی لەشمیان کۆکردەوەو لەنێو تورەگەیەکدا دایاننام. باوکم خستمیە کۆڵ و زەلامەکان بەدوامانەوە بوون. جارجار لە باوکم وەریان دەگرتم و بەنۆرە تا نزیك ماڵەوە هەڵیان گرتم. هێشتا فرسەتێ مابوو بگەینە بەر دەرگا. دەنگی دایکم و خوشکەکانم گوێ لێ بوو. هاوار هاوارو نووزەنووز کۆلانی پڕکردبوو. لەگەڵ دەنگی ڕۆڵە ڕۆ و سنگ کوتان و قژ ڕنینەوەی دایکم خۆشم گریام. خۆشم بۆ خۆم گریام. دانیشتوانی نێو کۆلان سەرتاپا لەبەر دەرگای ماڵەکەمان کۆببوونەوە لەبەر قەرەباڵغی دەرگا دیار نەبوو. مقۆ مقۆیێ بوو نەبێتەوە. گەورەو بچووك، ئافرەت و پیاو وا تێك قژقژابوون، دەرزیشت بهاویشتایە نەدەکەوتە سەر زەوی. هەندێ بە دەنگی نزم دەدوان و هەندێ هاواریان دەکرد. لێرەو لەوێ لە مەسەلەی کوشتن و جۆری کوشتنەکەم دەدوان، هەندێ دەیانزانی بۆ کوژراوم و ئافەرینیان بۆ بکوژەکەم دەناردو دەیانگوت: دەستی خۆش بێ، لە کوڵ کۆلانی کردەوە. هەندێکی دیکە پێیان خۆش بوو کوژراوم، بەلام لە جۆری کوشتنەکەم ڕازی نەبوون و بکوژەکەمیان بە درندە لە قەڵەم دەدا، گوایە نابێ مرۆڤ وەك ئاژەڵ سەرببڕێ.

هەر چۆنێ بوو باوکم درپی بە خەڵکەکەی بەر دەرگا ڕو بردمیە ژوورەوە. لە ژوورەوە بە زەحمەت توانی دامنێتە سەر زەوی، دایکم کە چاوی بە توورەگەکەی سەر شانی باوکم کەوت، لە هورژمی گریانێکی وای دا

حەوشەکە لەگەڵی هەژایەوە، لەگەڵ گریانەکەشدا خۆی هەڵدایە بەر دەست و پێی باوکم و کەوتە ڕنینەوەی قژو سەرو چاوی. تا دایکم بەخۆ هاتەوە خوشکەکانم لە نێو خۆیاندا شاردمیانەوە. هاوارو فیغانێ بوو نەبێتەوە.

هێندەی دایکیشم کردی خەڵك نەیانهێشت لە نێو توورەگەکە دەرم بێنن. جۆری شۆردنەکەشم لەگەڵ مردووی ئاسایی جیاوازی هەبوو. هەر لە نێو توورەگەکەوە ئاویان بەسەر پارچەکانمدا کرد. کەس زاتی ئەوەی نەکرد هەر جارەی پارچەیەکم دەربێنێ و بمشوات. مردوو شۆر بانگ کرابوو، بەڵام ئەمیش نەیدەوێرا دەرم بێنێ. نەك هەر نەیدەوێرا ئەمە بکات، بەڵکو نەشیدەتوانی تەماشام بکات. یەك دووانێ هەر نەیدەوێرا ئەمە بکات، بەڵکو نەشی دەتوانی تەماشام بکات. یەك دوانێ بە چاوی نووقاوەوە سەری توورەگەکەیان گرتبوو. ئەمیش لە دوورەوە ئاوی بە سەردا دەکردم. کە بەئاو شۆردرام. لە نێو دارەبازێ دانرام و هەر بە توورەگەوەش کفن کرام ئەوسا پارچە پارچە لە ناو توورەگەکە ڕێکیان خستم و لە نێو کفنەکە بە درێژی ڕیزکرام.

بە مەزەندەش سەرو قاچمیان لە شوێن خۆیان دانا. ئەوسا لەسەر شێوەی مردووێکی ئاسایی خرامە سەرشانی چەند کەسێك و بەرەو مزگەوت بەڕێ کەوتن، لەوێ مەلایەك لە سەری خوێندم، ئینجا هەم دیسان هەڵیان گرتمەوە، کە گەیشتینە ناو گۆڕستان، گۆڕەکەم ئامادەکرابوو، هێندەی پێ نەچوو خستمیانە نێو گۆڕەکەو خۆڵیان بەسەردا کردم. پاش هەموو شتێکیش باوکم تێر تێر لەسەر گۆڕەکەم گریا. هەتا یەك دووانێ نەهاتن و لە دواوە دەستیان نەخستە بن هەنگڵی هەڵنەستایەوە. بە زۆر هەڵیانستانەوەو بە زۆریش بەگەڵ خۆیان دا و بردیانەوە ماڵەوە. لە ماڵەوە پرسەی سێ ڕۆژیان بۆ دامەزراندم. کە پرسەکە بڕایەوە من بوومە تارمایی و ڕۆحم لە نێو گۆڕەکە هاتە دەرەوە. هەمدیسان گەڕامەوە ماڵەوە. چەند

ڕۆژێ بێ ئەوەی دایکم و باوکم بمبینن لە کەلێنێ لە ماڵەوە خۆم مت کرد. لەژێر ساپیتەی ژووریّ کڕکەوتم، ئاگام لە هەموو هەڵسوکەوتێ بوو. گوێم لە هەموو قسەیەك بوو. لە نێو دڵیان دابووم، شەوان دەچوومە خەونی هەردووکیان.

دوای یەك دوو مانگ چووم خەبەرم لە بکوژەکەم دا و بە گرتنم دا. بکوژەکەمیان گرت و لە بەندیخانەدا توندیان کرد. کە حوکمیشی بەسەردا درا ئیتر منیش بە یەکجاری بارەگام پێچایەوەو دەرەوەم لە خۆم حەرام کرد. وەك ئەو چوومە نێو بەندیخانەو لە شێوەی تارمایی کەوتمە دوای. لەوساوە ڕۆژێکم نەبواردوەو هەمیشە لە دەوروبەری بووم و بەپێی توانا چوومەتە وێزەی. شەو و نیوەشەو خەو و خەونم لێ حەرام کردووە، لە وەخت و ناوەختدا ئەزیەتم داوە، لە نێو بازنەی بیرکردنەوەو دڵ و دەروونیدا بووم. لەبەر چاوی دابووم، لە پشت و لە پێشەوەی، لە تەنیشتەکانی، لە سەرەوەی، لە نێو مێشکی، لە جەستەی، لەبەر قاچی، لەبەر دەم و چاوی دابووم. خەو و خۆراکم لێکردۆتە ژەهری مار. لەوانەیە ئەو لە بیری نەمابێ کەی هێنراوەتە ئێرە، بەڵام من لەبیرم ماوە کەی بوو و بۆچی و لەبەرچی، لەبیرم ماوە چ شەوێکی کپ و تاریك و بێ دەنگ بوو. چ شەوێکی ترسناك بوو. کاتێ لە گۆڕەکە نزیك کەوتمەوە سەگیش لە دەرەوە نەبوو. دنیا کشومات و چرپە چرپ نە دەهات. من ئەوسا مرۆڤ بووم و بە فرمانی شەیتان بەڕێوە دەچووم، ئاگام لەوە نەبوو ئەوەی دەیکەم گوناهێکی گەورەیە، شەیتان بۆ گەیشتن بە مەرامێ منی کردبووە پردو ڕێگاو بە سەرمدا تێ دەپەڕی. زاتی خۆم مردوو و لە نێوزاتی شەیتاندا دەژیام، کە شتێکم دەکرد تەنیا بەناو من بووم، لە ڕاستیدا شەیتان بوو دەیکرد. بێ ئەوەی هەست بە بەزەیی بکەم و ویژدانم بجووڵێ، مەبەستەکانم بەجێ دەگەیاند.

ئـەوەی دواجـاریش بـە ئـەنجامـم گـەیـانـد لـە هـەمـوو مـەبـەسـتـەكـانـی دی گڵاوتر بوو، نـامرۆڤـانـەتر بوو. لـەوانـەیـە لـە شوێنی تریشدا کرابێ، بـەڵام بـە دەگمـەن دانی پێدا نراوەو گوناهباریش تووشی گۆبـەندێکی لـەو جۆرەی مـنـی تـێ ئـاڵاوم بـووە. گـونـاهـکـار نـەنـاسراوەو خـواوەندیش دەمـودەست نـەفرەتی لێ نـەکردوەو نـەبووە بـە تـارمـایی و جنۆکـە. بـەم شێوەیـەش ڕیسوا نـەکراوە.

نـەفـرەتـی هـەمـیـشـەیـیـم لـێ کـراو بـوومـە مڵۆزم و چـوومـە سـەر سنگـی بـکـوژەکـەم لـەوساوە یـەخـەگـیـری بـووم و ئـەوەتـا بـەم ڕۆژەم گـەیـانـد. زنجیرەیەك ململانێ و گرفتی سـەخت بـەو ڕۆژەی گـەیاندین، هـەرجارەی یـەکـێکـیشمـان بـەزیـون، ئـەوەی شـەکـەت و مـانـدووش بـوایـە لـەمـەیـدان بـۆ مـاوەیـەك دەکشایـەوە کـە دەشحـەسایـەوە دەهـاتـەوە مـەیدان و دەکـەوتـەوە ململانێ و زۆرانبـازی، ئـەو بـە جۆرەهـا شێوە هـەوڵی داوە لـە خۆیم دوور بخاتـەوە. جارێ بـە نووشتـەو جارێ بـە دوعـاو بسم الله و نـاو و شێوە سووتـاندنم، تـا بـۆی کراوە بـەرگری لـە خۆی کردووە، من تـا مرۆڤ بووم لـە بسم الله و نـاو و شێوە سووتـاندن نـە دەترسام، بـەڵام لـەوەتـەی بوومـەتـە تـارمـایی زەندەقم لـەم کـارانـە دەچێ و پـەرێشان دەبم، مـاوەیـەکـی چـاك نـاوێرم توخنی کـەوم. هـەرکـاتێ نووشتـەکـەی لـە مل کـات مـاوەیـەك لێی دوور دەکـەومـەوە تـەنیا لـەدوورەوە وەك چاودێرێ لـە سووچێ چاودێری دەکـەم.

بـە نـاچـاری بۆ مـاوەیـەك مـەیدانی دژایـەتی کردنیم چۆڵ دەکرد. هـەر چ کـاتـێکـیش زانـیـبـامـایـە دیـار نـەمـاوم نـووشتـەکـەی فـڕێ داوە، دەستـم بـە ئـەزیـەتدانی دەکردەوە، کـە ئـەو دڵنیـا دەبوو دیـار نـەمـاوم نووشتـەکـەی فڕێ دەداو منیش دەهـاتمـەوە مـەیدان و شاڵاوم بۆ دەبردەوە. ئـەمشـەویش کـە زانیم بڕیـاری ئـازادکردنی ڕاستـە و هێندەی نـەمـاوە ئێرە جێ بێڵێ، نـاچـار

بووم تەونەکەی سەر لەشم هەڵدڕم و دابەزم، کە داشبەزیم هەوەڵ جار هەر بۆ گاڵتە پێکردن لە شێوەی تارماییەکەی جاران خۆم نیشان دایەوە. جەزرەبەدان و ئەزیەتدانیم بۆ ئەو دیو هەڵگرت. چوومە بەر دیدەی، چەند مەترێ دوور لەو هەڵترووشکام، بەرەبەرە هەست و بیرو هۆشم بۆ خۆم بەکێش کرد. ترووسکایی چاوەکانیم لەسەر جەستەی خۆمدا جێگیر کرد. چاوی لەسەر بەژن و باڵامدا چەسپ بوو، کە سەیریشی کردم قاقا بە ڕوویەوە پێکەنیم و زمانم لێ دەرهێنا، لە پاشدا لچ و لێوم لێ هەڵێناو لێی مڕ بوومەوە. دواجار بۆ ئەوەی دڵنیای کەم کە ماوم و وازم لێ نەهێناوە پتر خۆم لێ نزیك خستەوەو بە تووڕەییەوە تەماشایەکم کرد. بە دەستیش هەڕەشەم لێ کرد. بە پەنجە ڕاوەشاندن ترسێکم لە دڵدا ڕواند، بەڵام نەمزانی بۆ بایەخێکی وای پێ نەدام و دەرکەوتن و هەڕەشە کردنەکەمی بەهەند هەڵنەگرت و بە هیچی نەزانیم. لە داخا تووڕەبووم و بڕیارم دا ڕێگە چارەی جیا جیای لەگەڵ بەکاربێنم. هەر لە فڕوفێڵ و ئەزیەتدانی جەستەییەوە تا سیحر لێکردنی.

هەوەڵ جار بڕیارم دا لە شێوەی دڕندەیەك خۆمی نیشان دەم. دەمزانی پیاوێکی جەربەزەو چاو قایمەو بە ئاسانی بۆم داناهێنی. گوتم ڕەنگە خۆم بکەم بە دەیناسۆرو ماموس ئەوسا لێم بترسێ و هەترەشی لە زەبەللاحی و ناشیرینیم بچێ. نەمزانی بە دەیناسۆریش لە شوێن خۆی نابزوێ و هەڕەشەشم لێ دەکا، تاقیکردنەوەکانی پێشووترم بۆی دەرخستبووم بە چی وەرس و بێزار دەبێ، بۆیە بەشێوەی دیکە خۆم گۆڕی، لە بوونەوەری بچووکەوە پێداهاتم، خۆم کردە زەنگە سوورەیەك و چووم بەلاڕوومەتێکم وەدا. دوایی وەك مارو دووپشك لێی چوومە پێش و دەوریم تەنی، لە هەرچوار لاوە بە قاچی هەڵگەڕام و خۆم لەناو قەدی وەرێنا، سەرم بەرز کردەوە پێی وەبدەم، نووشتەیەکی نیشان دام، نەمزانی چۆن،

لـه پـەلـە پـەلـیـیـان لـە نـاو قـەدی بـوومـەوەو شرپـەم لـێوەهـات، بـوومـەوە تـارمـایـی. مـاوەیـەكـیش چـاوەڕێم كـرد ئـەوسا توانـیم لـێی نـزیك بمەوە، ئەمجارە وەك بزن مشك و سەگ و گورگ و شێرو پڵنگ، ئەوانەی ماون و ئەوانەی نەشماون واخۆم نیشاندا، هەرچی ئاژەڵی وشكانی و ئاوی هەیە تـێم بـەردا، لـە هــەر چـوارلاوە دەوریـم دا، بـەڵام ئـەو وەك پـاڵـەوانـێكـی ئەفسانەیی بێ لە یەك كاتدا زەبری كاریگەری لە هەر هەمووومان وەشاندو بەسەر یەكیدا خستین، دواجاریش وەك ئاژەڵێكی ئەفسانەیی سەردەمی كۆن خۆم خستە بەر دیدەكانی، ڕووبەری ژوورەكەم كردە ئۆقیانووسێ و لەنێو ئۆقیانووسەكەدا سەرم بەرز كردەوە، وەك ئادەمیزادێ كە نیوەی ئاژەڵ بێ، هەمدیسان گوێی پێ نەدام. بۆیە ناچار خۆم كردەوە تارمایی و لە نێو بازنەی بە تارمایی تەنراو تەنگەوتاوم كرد، هەر لەناو بازنەكەشدا دادگـایـێكـی كـاتیـم بـۆ دامـەزراند. دادوەرو شایـەدو دانیشتوان هـەر خـۆم بـووم، بـە حـوكـمـی هـەمـیشەیـی و سەرپـەڕاندنـی دڵـم ئـاوی نـەخواردەوە، بـڕیـاری بـوون بـە تـارمـایـی بـوونـیـم دەركـرد. وەك چـۆن لـەنـیوە شەوە شوومەكەدا بڕیاری بوون بە تارمایی من دەركرا ئەوا منیش بڕیارمدا ئەویش وەك من ببێ بە تارمایی، لە ژێر چاودێری و ئەمری منیشدا بجووڵێتەوە. وەك شاگردێ هەرچی بڵێم نابێ سەرپێچیم بكات. بڕیارەكەم بە دەنگی بەرز خوێندەوە، بەڵام لە كاتی خوێندنەوەیدا نەمزانی لە كوێوە شاڵاوی بۆ هێناوم، كەوتمە بەر زەبری هێزێكی توند وەك كەرتە شاخێ بكەوێتە سەرم خۆی هەڵدایە سەرم. خۆم لە بن دیوارێ دۆزییەوە. كە بەرەو ڕووشم هـات خـۆم هـەڵـدایـە ژێر بـنـمـیـچـی ژوورەكـە، دەستـی درێژكـرد دامبەزێنێ، دەستی پێم نەگەیشت. تووڕەبوو، كە وام بینی قاقا پێكەنیم، وەك جاری جاران بەرامبەر یەك هەڵترووشكاین هێندەشی پێ نەچوو ئەم كشایەوەو چووە بەرانبەر ڕێڕەوەكە چاوی بڕیەوە سووچە تاریكەكەی لە وێوە یاساوڵەكان دەردەكەوتن. منیش كەوتمەوە چاودێری كردنی.

هەمدیسان کردمیەوە چاودێرو حەسحەسەکەی جاران، هەمدیسان کارو کردەوەم بۆوە چاودێری کردنی هەڵسوکەوت و جووڵانەوەی، ئەوەتا وەك پشیلەیەك بەرامبەری دانووساوم، لە بەژن و باڵای دەڕوانم و هیچم پێ ناکرێ، بەدیاریەوە هەناسەی سارد هەڵدەکێشم، خەواڵوو ماندوو، لەش داهێزراوو مێشك جەنجاڵ چاوەڕێی دەرفەتێکی ترم شاڵاوی بۆ بەرم، ئەمجارەش بۆی دانەهێنام و ناچاری کردم لە مەیدانی دژایەتی کردنی بکشێمەوە، لە کاتی کشانەوەیشمدا، وەك سەربازێکی بەزیو بم، لە دواوە شاڵاوی بۆ هێنام نەمزانی لەکوێوە خۆی هەڵدایە سەرم، چاپوك نەبوومایە زەبرێکی کاریگەری لێ دەدام، کە خۆشم هەڵدایە ژێر بنمیچەکە، بووە دیوارێکی پۆڵایین و لە ناوەندی ژوورەکەدا چەقی، ڕەگ و ڕیشەی بە ناخی زەویدا کوتا، وەك دار گوێز دێتە بەر چاوم، تا ڕەشەبای هاریش نەتوانێ هەڵی تەکێنێ، بڕیارە نائاساییەکەی دوێنێ ئێوارە بۆی بوو بە ئاوی زیندووبوونەوەو بووژاندییەوە، قەدو باڵای چرۆی دەکردو گەڵاکانی کەوتنە بەرتیشکی هەتاو، هەتاوێکی سیحراوی گەرمایی خستەوە نێو لەشی و جۆش و خرۆشی سەردەمی گەنجێتی پێ بەخشرایەوە، دارێکیش تێر ئاوبێ وشك بوونەوەو هەڵتەکاندنی دژوارو زەحمەتە، نەك هەر ئەمە، بەڵکو نەبەردانەش بەرگری لە بوون و مانەوەی خۆی دەکا. جارجارە ڕەنگە هێرشی توندیشم بۆ بێنێ. لەوەتەی لێرەین، هیچ کاتێ ئازایەتی و ورەبەرزی پێوە دیار نەبووە. بەم شێوەیەش ڕەنگ و ڕووی خۆش نەبووەو هەستی بە گەورەیی نەکردووە، سەرکەوتنیش بەم جۆرە بە ڕوخساریەوە دەرنەکەوتووە، بەڵام خەیاڵی خاوە، ڕەنگە واش هەست بکا ئیتر ناتوانم بچمە وێزەی و بە یەکجاری لە مەیدان بکشێمەوە، ئەگەرچی ئەمشەو هەست بە ماندوو بوون و بێزاری دەکەم، بەڵام نەبەزیوم و سرەوتیشم بۆ نییە، تا بۆم دانەهێنێ. بەردەوام هێرشی بۆ دەبەم و هەڕەشەی نەمانی لێ دەکەم، لە نێو تەونی جاڵجاڵۆکەو بن دارو ئاسمانیش بم لە ئان و ساتی

خۆیدا دێمەوە مەیدان، لە دەرەوە بە خۆشی نەوێرم، زەفەر بەهاوسەرو خزم و ناسیاوەکانی دەبەم، زەفەر بەمان ببەم یانێ زەفەرم بەو بردووە، ئێستە باوابێ ئیمشەو لە دوو جیهانی جیاوازدا دەژین، بارودۆخەکە گۆڕاوە من لەشم داهێزاوەو ئەو چوست و چالاك، ئەو ورە بەرزو من ورە نزم، من هەست بە داتەپین دەکەم و ئەو بەرزە پێ وەستاوەو چاوەڕێی یاساوڵەکەیە بێتە دوای، ئەو لە ساتی لەدایکبوون نزیك دەبێتەوە، وەك منداڵێك لە نێو زگی ڕۆژگاردا لە دایك دەبێ و من بە پەیژەیێکی دیکە دادەبەزم، هەست دەکەم جەستەم وردوخاش بووەو ناتوانم بەپێوە بوەستم، هەرکە مژدەی ئازادبوونی پێ بگات، وەك ئاسك و ئەسپە شێ بەسەر خاکەوە هەنگاو دەنێ، منیش خاو و خلیسك دەبمە سێبەرێکی هەمیشەیی بەژن و بالای، نازانم بەم ناوەختە ئەم بڕیارە نەگریسە چی بوو، لە ناکاو وەك تۆپێکی قورس کەوتە سەرسنگم، لێرە بمایە ڕەنگ بوو بتوانم ڕۆژێ لە ڕۆژان نهێنی و تەلیسمەکە بدۆزمەوە، لە ماوەی چاو چوقانێکدا، بەسەر پەیژەی بووندا سەرکەومەوە، هەوەڵ جار لەشێوەی بنچکە گیایێ شین دەبووم و دەبوومە زیندەوەر، پاشان تەیرو ئەوسا ئاژەڵ، دواجاریش وەك ئادەمیزادێ دەکەوتمەوە سەر زەوی و بە نێو دارو دەوەن و دەشتایی و.... لە نێو ئافرەت و منداڵ و ... لەنێو.... دەچوومەوە ماڵەوە، دەچوومەوە باوەشی دایکم، وەك جاری جاران لە ژوورێکدا دەخەوتم، خەونی ئادەمیزادانەم دەبینی، وەك ئادەمیزاد پێدەکەنیم و دەگریام، خواردنی ئادەمیزادیشم دەخوارد... ئەی خواوەندی هەمیشە زیندوو، ئەی پەروەردگار، بمکەوە ئادەمیزاد، پەشیمانم لەو کردەوەیەی کردوومە، ئەوەی کردم بەدەست خۆم نەبوو، شەیتان پێی کردم، هەبوونی شەیتان یانێ، تەڵەکەبازی و گوناحکردن و چڵێسی، ئەی خوای گەورە مەهێڵە وەك داشی دامە یاریمان پێ بکات، یا هێزێکی وامان پێ ببەخشە تا نەتوانی زەفەرمان پێ ببات، کە ئەم هێزەشت پێ ڕەوا نەبینین، خەتای ئێمە نییە، بمانبەخشە ئەمشەو هەست دەکەم بەژن و

بالاّی ئەم وەك كەرتە شاخێكی لێ هاتووەو وەك ترۆپكێ سپی دەچێتەوە، بەسەر زەویدا داكوتراوە، ڕمانی دژوارو ئەستەمە، نارمێ. گەنج دێتە بەرچاو، مەگەر لە دەرەوە بتوانم زەفەری پێ ببەم، مەگەر بارودۆخێكی تایبەتیم بۆ بڕەخسێ یا بارودۆخ بگۆڕێ، ورە بەرنادەم و نابەزم، لە دەرەوە سەرلەنوێ دەست پێ دەكەمەوە. مەسەلەكە وا كەوتمە مەیدانی زۆرانبازیمان بۆ دەرەوە بگوازینەوە، زۆرانبازیش بەزیو و سەركەوتووی تێدایە، هەڵبەزو دابەزی تێدایە، هەمیشە هەروا بووە، لە زۆرانبازیدا یەكێ دەبەزێ و یەكێ سەردەكەوێ. بۆ من و ئەویش هەروایە، یەكێمان دەبێ سەربكەوێ و ئەوی دیكەش ببەزێ. یەكێكمان دەبێ وەك ئادەمیزاد بژی و ئەوی دیكەش وەك تارمایی و جنۆكە لە تاریكیدا بژی، یەكمان تارمایی بێ یەكمان ئادەمیزاد. یەكمان لە نێو تاریكی و یەكمان لە نێو ڕووناكی. ڕەنگە جێگاكانمان بگۆڕێ. بە هەوڵدانێك و دووان و سێیان من ببمەوە ئادەمیزادو ئەویش تارمایی، من خۆم نەم ویستووە ببم بە تارمایی و لە قوژبن و بن دەرگان بكەوم. مۆریشم نەكردووە تا دنیا ماوە تارمایی بم، ڕەوای حەق نییە بۆ هەمیشە لەنێو تاریكی دابم، بۆ لە ڕووناكی بێ بەری بم، بە دەست خۆم بێ لە ئێستە درەنگتر نییە خۆم دەكەمەوە ئینسان و دەچمەوە نێو كۆمەڵگای مرۆڤایەتی. ئەگەر مەسەلە بودجەش بێ، ئەوا بودجەی خۆم داوە، بارمتەیەك بوو تەواو، نیو سەدە بارمتە بووم، هەرچی ئازارو دەردەسەری هەیە بینیومە ماندوو بووم و شەونخوونیم بینیوە، كوێرایی چاوم داهاتووە، تێ هەڵدراوم، قاچی ڕۆژگار جەستەی كوتاومەتەوەو زامداری كردووم، نیو سەدەیە فڕێ دراومەتە نێو كەلاوەو لە بن كێڵە قەبرو گۆڕستان و كون و قوژبنی ژێر زەوی، هاوار دەكەم و دەپاڕێمەوە سوجدە بۆ خواوەند دەبەم و دەنووزێمەوە، تابمكاتەوە مرۆڤی جاران، گوێم بۆ ناگرێ، وەك ئەو بڕیارێكی تایبەتیم بۆ دەرنەچوو. ئەوەتا ئەو ئازاد دەكرێ، هەرچەند سەعاتێكی دیكەو ئێرە جێ دێڵێ، زۆری

نەماوە بەئاواتە هەمیشەیییەکەی بگات، ئەوەتا خواوەند گەنجییەتی پێ دەبەخشێتەوە، بۆ منیش بڤەیە باسی.... دەبێ هەر تارمایی ملۆزم و مۆتەکەبم، ئەی خواوەندی گەورەو میهرەبان، ئەمە کەی ڕەوای حەقە، بۆ ئەو ئادەمیزاد بێ و من جنۆکە، ئەو پاك بێ و من چڵێس، ئەو خۆشەویست و دڵ ئارام و دلۆڤان، من ڕق هەڵگرو دلڕەق، ئەو ئاسایی و من نائاسایی، ئەو قسە نەرم و دەم بە پێکەنین و من نا، ئەو چەند سەعاتێکی دیکە ئادەمیزادێ دێتە دوای و لێرەی دوور دەخاتەوەو لە دەرەوە سۆزو عەشق و پاکیش باوەشی بۆ دەکەنەوە، منیش ڕق و تووڕەیی، نەك هەر ئادەمیزاد، بەڵکو هەرچی بوونەوەری سەر زەمین هەیە نایەوێ سەرو کەللەو چارەم ببینێ، ناشیرینێکی وەك من ڕەزا قورسێکی وەك من، بە بەرد بارانکردن و پەلکە شفتی پێشوازی دەکرێت. خەڵك حەقیانە لێم بترسن، نازانم چی بکەم، ناچار کراوم ڕقم لە خەڵك بێتەوەو ئەزیەتیان بدەم. کە ئادەمیزاد لەگەڵم وابێ. ناچارم منیش وابم، لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی تر خۆم بگۆڕم. جارێ زیندەوەرو جارێ ئاژەڵ. گاهـ زل و گاهـ بچووك. گاهـ پەڕو باڵم هەبێ و گاهـ ڕووت و قووت بەسەر زەویدا بڕۆم، جارێ تووك و خوری لەشم داپۆشێ و جارێ پێستی ئاژەڵ. هەندێ جار لەڕو لاواز هەندێ جاریش قەڵەو و گۆشتن، زەبەلاح و گەورە وەك کەرکەدەن. بچووك وەك مێرووڵەو مارمیلۆك، وەك زەنگە سوورەو مارو گۆلك و پشیلەو سەگ، وەك دێوو درنج و کوندە پەپوو قەلەڕەشی گۆشت خۆر، خراومەتە لیستی زیندەوەرو ئاژەڵ و باڵندەو لەگەڵ ئەوان پۆلێن کراوم: شوێنم زبڵخانە و زۆنگاو و گۆماوی بۆگەنەو لە ژێرەوە دەژیم، نادیارم، لەوەخت و ناوەختدا دێمە دەرو بە گژ جەستەی هەرچی ناوی ئادەمیزادە دادەچم، بە تایبەتی ئەو کە سالآنێکی دوورو درێژە وەك مۆتەکە بەسەر سنگیەوەم، لە خەون و بێداریدا، لەنێو جل و بەرگ و لەش و سەرو ڕوومەت و ژێر نینۆك و خوێنبەرو خوێنیدا بووم، لە نێو دڵ و دەروون و مێشکیدا بووم، لە نێو گوێ

و كونـه لـووتـی دابـووم، لـەنـێو قـاپـی خـواردن و پـیـاڵـەو پـەرداخـی چـا خـواردنـەوەی دابـووم، نـەمـهـێشتـووه تـێر بـخـەوێ و قـونجرکـەم لـه پـێستـی گرتووه، وەك کێچ و ئـەسپـێ بـه پـێستـی هـەڵگـەڕاوم و خـوێنم هـەڵمژیوه، بـەرەو مێشك و نـاوەوەی هـەڵکشاوم. دەیەهـا جاریش لـه شێوەی شـەیتـان و ڕێوی فێڵباز خۆم نیشان داوه، بۆ ترساندن و تۆقاندنی شاڵاوم بۆ بردووەو گەمارۆم داوه، بـه حـەق و نـاحـەق چـوومـەتـه وێزەی. لـەمـەو دواش هـەروا دەبم، لــه دەرەوەش دەرفــەتم بــۆ ڕێك بـکــەوێ وازی لــێ نــاهــێنـم. زەبـری کوشندەتری لێ دەوەشێنم، خۆ ئـەگـەر لـه دەرەوه بمتوانیـایـه کـۆشك و تـەلاری مێشکی بـەسـەردا بڕووخێنم. دەیەهـا جـار چـاکتر؛ خـۆ ئـەگـەر بمتوانیـایـه مێشکی بشۆرمەوه بـه هـەزارەهـا جـار بـاشتر، کـه نـەیمـەوه ئـەوەی جـاران و کـەسێ نـەبـێ خـۆشی بـوێم و چـاوی بـەزەیـیـم تـێ ببـڕێ، کـه خـواوەنـد پـەشیمـانـیـم قـبـووڵ نـەکـات. نـاچـارم مـنـیش وەك شـەیتـانـێ بـوونـی خـۆم بچەسپێنم، لێره دوور کەوێتەوه ماندووبوونی ئەو هەموو ساڵەی ئێرەم بـه فـیـڕۆ دەچـێت. کـەواتــه دەبـێ وەك کـووچ کـووچـه بـه دوایدا بکـەوم و بـۆ هـەرکوێ بڕوا لـەگـەڵی بڕۆم. پێم بکرێ نـاهێڵم چاوی بـەکـەس و کـاری بکەوێتەوه، نـاهێڵم وەك مرۆڤێکی ئـاسایی بژی. شـەو و ڕۆژ، لـه خـەون و خەیاڵیدا ئامادە دەبم، تا لـەبیری نـەچـێ هـەم، پێم بکرێ تووشی نـەخۆشی وەرەم و ئیفلیج بوونی دەکەم، تا نەتوانێ لـەنـاو نوێن هـەڵستێتەوه، زمـانـی نەگەڕێ، کەڕو لاڵ بێ، کوێرو شێت و بێ چاره بێ، دەست و پـەنجـەی مووی لێ بێ، کۆت و پێوەندو مەچەکی شتەك بدا، تەنیا بژی، کەس و کاری نەبن. نەکەس هەبێ گوێی بۆ بگرێ نەکەس ببینێ و هـاوڕێی نـەبن، دوژمنی زۆر بن. خـەڵك قێزی لـێ بکـەنـەوه، بۆگـەن بـێ، جـەستـەی مێروولـەی تـێ بئـاڵـێ، هێندەی چـەنگێکی لـێ بێتەوه، ساڵ دوازدەی مـانـگ لـه نێو چـوار دیواردا بـژی و کــەس سـەردانــی نــەکـات. گـورگ و پـڵـنگ دەوری بـگـرن، لـه نـێو ئـەشکـەوتی دوور لـه ئـاوەدانی. لـه نێو ڕنوه بـەفردا ڕێ بزرکـا، بـەفر جـەستـەی

داپۆشێ، لە ژێر سەرماو سۆڵەی زستان ڕەق بێتەوە، هاوینانیش لە ژێر قرچەی گەرمادا لەشی ئارەقە دەربکا، ڕەنگ زەردو مێشك جەنجاڵ و ئاڵۆز، گرانەتێ بگرێ، وڕێنە بکا. کرمی بێ و کرم بە لەشیا هەڵبگەڕێ، پیس و پۆخڵ جل و بەرگ دڕاو و قڕێژاوی و پێخواس و ڕووت و ڕەجاڵ، وەك گەڵای دارێکی ڕزیو ئەندامەکانی، پرچی، برۆی، سمێڵی، هەڵوەرن، ئاوات بە مردن بخوازی و نەمرێت. بێز لە خۆی بکاتەوەو نەمرێ، ئاوات بەوە بخوازێ ببێ بە تارمایی و ئاژەڵ نەمرێت. بە زنجیرەیەك گۆڕانکاری بەردەوامدا بڕوات و نەمرێت، لە بوونەوەرێکی باڵاوە ببێتە بوونەوەرێکی سەیرو عەنتیکە، بەژن و باڵای نەگونجاو و سەرو پرچ و ڕوخساری ناتەبا دەربچن، گوێچکەی قیت و سەرو کەللە زل و کەچەڵ و لچ شۆڕ، دوو شاخ لە نێو چەوانی هەبن. ڕووتەڵەو لاواز بێ. قاچی چل گەز درێژو نینۆکەکانی هێندەی بەژنی درێژ بێ تەبەشی حەوت مەتر پان بێ. وەك من لە پەیژەی باڵا بووندا دابەزێ و لە ژێر زەویشدا درنجێ باڵبەستی کات، حەوت تەبەقە بە ژێر زەویدا بیباتە خوارێ، حەفتا ساڵ، بەندی کات، حەوت دێو پاسەوانی بن، وەك من چۆن بۆم نییە سەرکەومەوە، ئەویش وابێ، هەوڵدانەکانی بە فیرۆ بچن و بەردەوام لە یەکەم پەیژەدا بمێنێتەوە، وەك من نەتوانێ لە شوێنی خۆی ببزوێ. هەمیشەش زەوی مقناتیز ئاسا بەرەو خوارێی بکێشێ و لە من خراپتری لێ بێ، وەك چۆن من لە جیاتی ئەوەی بەرەو سەرەوە بڕۆم بەرەو خوارەوە پتر دادەبەزم، پتر لە زەوی دەچمە خوارێ، بچووك دەبمەوە، شێوەم نالەبارترو ناشیرینتر دەبێ، ئەویش هەروا، هەرچیش بکەم لە تارمایی پتر نیم، لە جنۆکەو ملۆزم پتر نیم، لە شەیتان و گوناهکار پتر نیم، لە تاشە بەردو ئاسن پتر نیم، ڕووخێنەرو تێکدەر پتر نیم، لە کێچ و ئەسپێ و جاڵجاڵۆکەو دووپشك و مارو ورچ و دڕندە پتر نیم، لە ڕێوی و چەقەڵ و کوندەپەپوو قەڵەڕەش پتر نیم، جەستەم مردووە، زمانی ئادەمیزادم لە بیر چۆتەوە، دەنگم وەك

لـوورانـدن وایـه، حـەپـە حـەپـی سەگ و مـیـاوەمـیـاوی پشیلـەو قفـە قفـی قەڵەڕەشە، ئەدگارو کردەوەم هی گورگ و دڕندەیە، بۆ گۆبەندو گێچەڵ نانەوە خولقاوم، لە پیلان و نەخشەنانەوە و ئازاردان و قەپ گرتن پتر نازانم جەستەم نادیارەو هەم، بێ بایەخم کەچی هەم. ئەو گۆبەندانەیش کە ناومەتەوە پتر بەڵای بۆم ناوەتەوە، تووشی گێرمەوکێشەی سەختی کردووم بوونم بووە بەهیچ، بەسفرێکی گەورەو بەرەو عەدەم گەڕاومەتەوە یانێ بۆتە نەبوون، لەنەبوونیش کەمترە، لە هیچ هیچترە. هەوڵدان و ماندووبوونیشم لە پێناو گەڕانەوە و باڵابووندا هەر هیچ بووە، بوونمە بۆتە یارییێکی منداڵانە، یاری ڕاکێشانی کورسییە، گرەوێکە بێ ئەنجام، بەڵام بڕیارێکە داومەو پاشگەزبوونەوەی بۆ نییە، دەبێ یەکێکمان سەر کەوێ، ساڵانێکی دوورو درێژە، نیو سەدەیە هەردووکمان ڕاکێش ڕاکێشمانە، ئەو سەرێکی گوریسەکەی گرتووە منیش سەرەکەی تر، ئەو دەیەوێ بەرەو دەرەوە ڕایکێشێ منیش بەرەو ژوورەوە، ئەو بەرەو ڕووناکی منیش بەرەو تاریکی، گوایە خەریکە من ببەزم و ئەو سەرکەوێ، کەچی لە ڕاستیدا هەردووکمان نە سەرکەوتووین و نەبەزیویشین، ئەو وادەزانێ ئیتر تەواو جارێکی دیکە چارەی من نابینێ و ئیمشەو دوا شەوی ململانێ و کێشەکەمانە، کەچی وانییە، چونکە من ناتوانم دەستبەرداری بم، بە دەست خۆم نییە، ناتوانم بەگژیدا نەچم، ملکەچی یاسایەکم بۆم نییە لێی لابدەم، هێزێ پەلکێشم دەکا. تەلەسمێکەو شکاندنی زەحمەتە، کە نەبمەوە ئادەمیزادەکەی جاران هەم و نیم، بەزیو و سەرکەوتووم، تا ئەویش وەك منی لێ نێ هەروا دەبین و کێشەو ململانێمان نابڕێتەوە.

# دروشمی میم و لام

ئێوارە بە ناچاری خۆت کرد بە کۆلانێکی تەسك و بن بنەست. بەڵکو ئێ ئەم خێوە نەگریسە بە ڕواڵەت مرۆڤەی لە بەیانییەوە وەك سێبەر بە دواوەتەوەیە لە کۆڵت بێتەوە، بەڵام کاتێ لە ناوەندی کۆلانەکەدا ئاوڕت دایەوە، بینیت ئەویش بە هەمان شێوە خۆی بە کۆلانەکەدا دەکات. هەر بزانە گەیشتە سەر سەرت و ئەوەی ڕووی نەداوە ڕوودەدات. کارەساتێ گۆمە مەنگەکەی نێوانتان دەشڵەقێنێ. گۆبەندێ ئەم ناوە دەتەنێ و...

خەریکە ترسێکی تۆقێنەرو گومانێکی ئازاربەخش وەك مار بەدەوری جەستەو ڕۆحتدا لوول دەخوا. لە شپرزەییدا نازانی بەرەو کام لا بڕۆی و سەر بەکام لادا بکەی، تۆ بڵێی چی لێت بوێ و بۆ بەم شێوەیە خەریکە ئاسوودەییت لێ تێك بدا؟ هەبێ و نەبێ بە ئاشنا و دۆستێکی خۆیت دەزانێ. بۆیە وا لە دوورەوە بۆت دەخەنێتەوە. لەوەتەی کەوتۆتە دوات بزە مانا بەخشەکەی سەر لێوەکانی نەکوژاونەتەوە. تێڕوانینیشی هەمان تێڕوانینی بەیانییە زووەکەن. کاتێ بۆ یەکەم جار چاوتان بەیەك کەوت و بەژن و بالاو شێوەو ڕوخساری یەکترییان بەسەر کردەوە. وەك دوو مرۆڤی ئاشنا یا دوو دوژمنی باوە کوشتەی یەکتر لە چاوی یەکتر ڕامان، جارجارە گرژو مۆن و جار جارەش هێمن و ئارام و دەم بە پێکەنین، لە ڕەنگ و ڕوخساری یەکتر وردبوونەوە، وەك کامێراو بلاجکتۆر چوونە ناو جەستەو بوونی یەکترو وێنەی یەکترتان کێشا. هێڵ و بەهاو دوورییەکانی بەژن و بالای یەکترتان خوێندەوە.

که گازینۆکەشت جێهێشت بە دزی خۆت نایە پەنای ئەپارتمانە دوو نهۆمییەکە. نەوەك بە دواتدا بێت. بەڵام بێ ئاگا بووی لەوەی ئەو لە تۆ هۆشیارترو بەئاگاترە. بێ ئاگا بووی لەوەی بە نیازو مەرامەکانی ناوەوەشت دەزانی. دەزانێ کەی دەتەوێ بڕۆی و ئارەزووی کوێ دەکەی و بە کوێدا دەڕۆی و بەرەو کوێ دەچی. وەك ئەوەی هەستی بۆنکردن و نادیارو نەنووسراو و بیرکردنەوەی نادیاریش بخوێنێتەوە. یا هەستی شەشەم و حەوتەمی هەبێت، پاش چەند چرکەیەك ئەویش بە هەمان شێوە گازینۆکەی جێهێشت و وەك شوون هەڵگر کەوتە دوات.

کە لە فلکەکەش سووڕایتەوە ئەوسا هەستت کرد یەکێك بەدواتەوە هەنگاو دەنێ، زانیت ترپە ترپێ لە دواتەوە دێت، زانیت ترپەترپی هەنگاونانی ئەوە، لەو پتر کێ هەیە بەم قرچەی گەرمایە، بەم ناوەختە، لەم جادە چۆڵ و هۆڵە ئەو هەموو ماندووبوونە بچێژێ و بەرەو نادیار بڕوات، زانیت لەو پتر کەسێکی تر نییە، چونکە بە دەیەها شتێکت بە دەوروبەری خۆتدا نەبینی، شەقامەکان چۆڵ و هۆڵ بوون، بێدەنگیش خامۆشتری کردبوون، هەتا چۆڵەکە بەدەرەوە نەبوو، شەقەی باڵی باڵندەش نەدەبیسترا، ورشەی باشت گوێ لێ نەبوو، گەڵاکان نەدەجوولانەوە، ئاسمان لە نێو سەرابی گەرمادا لێڵ دەهاتە بەرچاو، ئەم دیو ئەو دیوت خامۆش و، لە نێو باوەشی تەنیاییدا کڕکەوتبوون، لە دواوەش جگە لەو شتێکی دی بە دەرەوە دیار نەبوو.

بە درێژایی ڕێگا خەیاڵێ، بیرکردنەوەیەك گەماڕۆی دابووی، بیرت لە نیازی ئەم بە دواکەوتنەی دەکردەوە، دەتگوت تۆ بڵێی بۆ بە دوام کەوتبێ، چی لێم دەوێ؟

ترسێ تێکەڵ بە گومانیش جارجارە لە ناختا سەری هەڵدەدا، دڵت دادەخورپا، هەنگاوەکانت سست و خاو دەبوونەوە، شتی عەنتیکەو سەیر بە

مێشکتا دەهات، بەرچاوت لێڵ دەبوو، نەتدەوێرا ئاوڕ بۆ دواوە بدەیتەوە، دەترسای نەوەك کتوپڕ لوولەی دەمانچەیەك گڕ بداو خڵتانی خوێن ببی، ئەگەر ئاوڕیشت بدابایەوە ئەوا خێراو بەتیکە چاوێ تێت دەڕوانێ. کە دەشوەستای ئەویش بە هەمان شێوە دەوەستا خێرا بڕۆیشتبای ئەویش خێرا دەبوو، سەبرت بکردایە سەبری دەکرد، بە قەد ئاوڕدانەوەکانیشت بزەی مانا ئامێزی ئاڕاستە دەکردی، کە دوایین جاری ئاوڕت لێ دایەوە تەواو ئەوەت لاچەسپا کە نهێنییەك لەم هەموو بینەو بەردەیەیدا هەیە، دڵنیا بووی لەوەی ئەم خێوە نەگریسە شتێکی لەبن سەردایەو تۆ نایزانی. ئێستە نا دەمێکی دی ڕێڕەوی ژیانت بە ئاڕاستەیەکی تردا دەڕوا، ژیانت دەگۆڕێ. دەتکا بە یەکێکی تر، یا دەمریت و لەسەر ڕووبەری ئەم کۆلانە چۆڵ و تاریکەدا لە خوێنی ئاڵدا دەتگەوزێنێ. جەستەت لەو گۆڕە دەکەوێ و قوڕو چڵپاو دات دەپۆشێ، دەبی بە پەندی زەمانە. کەس بە هاناتەوە نایێت، کەسێ نابێ ئەرکی هەڵگرتنەوەت بکێشێ. یا وەك پەرداخ و شووشە وردو خاشت دەکا، وەك ئاو دەتکێیە ناو جۆگەلە ئاوی نێوان ماڵەکان. کە بیرت بۆ ئەم دوو ئەنجامە ڕۆیشت، لە ناوەندی کۆلانەکەدا بڕستت لێ بڕاو لە تواناتدا نەما چیتر هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێی. ماسوولکەکانت خاوتر بوونەوە، وەك بتێ لە شوێنی خۆتدا چەقی. بەناچاری داهاتیەوەو سەرت لەناو هەردوو قاچتدا شاردەوە، شەرمت لە خۆ کردەوە، لە شەرما ئارەقەی ڕەش و شینت دەرکرد، ویستت شپرزەیی و نائارامی و شەرمی سەر ڕوومەتەکانت نەبینێ، کە سەریشت بەرز کردەوە، ناچار بووی خۆت بە وێنەو هێڵ و شتە عەنتیکەکانی سەر دیواری ڕیزە خانووەکەی بەرانبەرت خەریك بکەی، ئەو وێنەو هێلانەی شپرزەترو بێ ئۆقرەتریان کردی، لە شپرزەیی شپرزەتر بوون. ئەو وێنانەی لە زۆر شت دەچوون و لە هیچیش. ئەو وێنەو هێلانەی ڕەنگە لە کاتی ئاساییدا، لە کاتی ئاسوودەییدا بۆ خەڵکانی ئاسایی و ئاسوودە ئارامبەخش بن، مانای هەمەچەشن

ببەخشن، دەربڕی زۆر مەبەستی شاراوە بن. بەڵام بۆ تۆ هیچ مانایەکیان نەبوو، بەڵکو ئازار بەخشتر بوون. وەك ئەوەی ئەو چوار گۆشەو بازنەو تیرەو نیوە تیرە یەکتر بڕانەی لە هەندێ شوێندا هاوتەریب بەرەو سووچی دواین خانووبەرە درێژ دەبوونەوە. لە هەندێ شوێنیشدا تێك دەئالآن و تێك دەچڕژان هەرواو لە خۆڕایی لێرەدا کێشرابن، ئەوها هاتنە بەرچاوت. چونکە تۆ نەهێندە پەرۆشی مانا بەخشین و نەهێندەش پەرۆشی لێکدانەوە بوویت. ماوەی ئەوەت نەبوو بیر بکەیتەوەو بزانی بۆچی کێشراون، مەبەست لەو یەکتر بڕین و ئاڵۆزیەیان چییە. نە پڕژایە سەر ڕاڤەکردنیان، تۆ جگە لە شێوەو ڕوخساری کابرا دەمامکدارە ورگ زلەکە هیچی ترت لەبەرچاو نەبوو، بیرت لە شتی تر نەدەکردەوە. سەرقاڵی ئەوە بوویت بزانی ئەو کابرایە کێیەو بۆ وا کەوتۆتە دوات. لەو پتر هیچی ترت بە خەیاڵ و مێشکدا نەدەهات. بیرکردنەوەکانت لە یەك خاڵدا دەخولانەوەو دەتویست بزانی ئەم نەگریسە چی گەرەکەو نیازی لەو هێنەو منهێنە چییە. بۆ وا سەیرت دەکاو بۆ وا سێرەی لە بەژن و باڵات گرتووە، بە ئامان و زەمان چاو لە چاوت دانابڕێ. جادەو کۆڵان و قەیسەری و ناو بازاڕ نەما لە شاردا بەدواتدا تەی کا. وەك پشیلە و مشکتان لێهاتووە، ئەو بۆتە پشیلەو تۆش مشك. ئەوەی ئەو دەیکا لە یاریی ، گەمەی منداڵان ناکا. گەمەیەك نییە دڵخۆشکەر بێت، گۆبەندێکەو وردە وردەو هێدی هێدی داوە دەزووەکانی بۆت چنیوە، تۆڕێکەو خەریکە پێوەی دەبی، تەڵەیێکەو هەر بزانە قاچتی خستە نێوان تەلە باریکەکانی. دڵنیای لەوەی خۆڕا نییە ئەو هەموو ماندوو بوونە بداتە بەر قاچەکانی، ورگنی وا زل و زەبەلاح بۆکاری وا نەبێ کەی لە توانایدا هەیە بەرێوە بڕوات، ئەو ئاسا هێندە تەپ و تەمبەڵ و تەوەزەڵن، مەگەر پاڵنەرێ هێزێ پاڵیان پێوەبنێ ڕاست بنەوە. مەرامێکی گلاو بە پێوە ڕایانگرێ، چڵێسەیەك، کردەوەیەکی قوڕ بە چۆڵەوانییەکیان نەسپێرێ، ئەوانە هی ئەوەنین وا چوست و چالاك و

خۆشڕۆبن، بێ شك ئەم كابرا ورگنەش نیازێکی شاراوەی لەبن سەردایە، هەم خۆی گیرۆدەی دوای سەرابێ کردووەو هەم تۆوی ترس و گومانێکی نادیاری لەناخی تۆدا چاندووە، ئەو هەموو ترس و گومانە سەرە خۆرەی لە بەیانییەوە دەمی ناوەتە هەناوت و خوێناوت دەخواتەوە.

ئەوەتا خەریکە لێت نزیك دەبێتەوە، بێئەوەی بترسێ یا بزانێ چ کاردانەوەیەك بەرامبەری دەنوێنی (ئەمە خوایە زوو تێ پەڕێ و ملی بەلایەکدا بشکێنێ، کەچی وا لە دووری چەند مەترێکەوە دوور لە تۆ وەستا، هەم دیسان ڕووی چاوەکانی لە تۆ کردو شوژن ئاسا ئاراستەی کردیتەوە، ئەمجارە چاکتریش سێرەی لە بەژن و بالآت گرت. چاویشی لە دووڕ چاوت نا. ماوەیەك تۆش بە هەمان شێوە سەرو کەللەو ڕەنگ و ڕوخساری ئەو دەپشکنی، وەك ئەو چاو دەبڕیتە دووڕ چاوی، تۆش وادەکەی، وەك وێنەگر. بەهاو ڕێکوپێکی و ڕەنگ و دووری نێوانتان هەڵدەسەنگێنن، دووری و نزیکی، ماوەی نێوانتان سێبەرو بۆشایی ئەودیوتان، فەزای دەرەوەو ئاسمانی ناوەوەتان بەسەر دەکەنەوە. هێڵ و چەمکە هونەرییەکان، ڕوومەتتان، لێوتان، لووتتان، سەرو قژو پرچتان دەخەنە بەردەمی زومی نیگا تێکگیراوەکانتان، ڕەسمێك و دووان و دە. نیشانە تایبەتییەکان، مانا شاراوەکان، نهێنی ناوەوەتان دەرناکەوێ، لە گۆشە نیگای جیاوازەوە، نزیکتر دوورتر لە نێو چوارچێوەیەکی گونجاوتر، ڕووخۆشتر، تووڕەتر، دەست هەڵبڕین و نیگا گۆڕینەوەی جۆراوجۆر، دادت نادات، ناچاری هەم دیسان مێشکت بگوشی و بە دیوی ناوەوەی خۆتدا شۆڕببیەوە، پەنا دەبەیە بە ڕێگا چارەی جیاواز، بەڵکو ئێ ڕێگا چارەیەکی گونجاو بۆ ئەم بارودۆخە نائاساییە بدۆزیتەوە. کەچی گشت ڕێگاکان بە بن بەست دەگەیشتن، بڕیارت دا تا هێزت تێدایە هەڵێی، تێت تەقاند، کۆڵانەکە گەڕاندتیەوە، چونکە لە بیرت چووبوو کۆڵانەکە بن بەستە.

ئەمجارە هاتیە سەر ئەوەی ڕوو بە ڕووی ببیەوە، ئێرە بکەیە مەیدانی جەنگێکی خوێناوی، یا خوا بەتۆی دەدا یا بەو، پیاو هەرجارێ دەژی و هەر جارێ دەمرێ، کەواتە با ئەمجارەش مەردانە بژیت، مردن هەر مردنە. پیاوی ئازاو ترسنۆکیش دەمرن، مردنیش زۆر جۆری هەیە، مردن لە پێناو شتێکی پیرۆزدا. مردن لە مەیدانی جەنگێکی ڕەواو شەرەفمەندانە، جوانترین جۆری مردنە، ئەم جەنگەی تۆش لە پێناو مانەوەیە، بەرگرییە لە خود، خودێکی پاك و مرۆڤانە، خودێك کە تا ئێستە نەتدیوە غەدر لە کەسێ بکا، خودێك هیچ کاتێ نامەردی نەنواندووە، کارێکی ناڕەوای دەرحەق مێرووڵەیەکیش نەکردووە. نە دیتی و نەناسی، ئەم کابرایە خەریکە شەرت پێ دەفرۆشێ، خەریکە دەتکا بە تەیرێکی باڵ شکاو ڕاوت دەکا، لە خت و خۆڕایی خەریکە بوون و سەروەری و خودە پاکەکەت لەناو دەبا، خەریکە دەتخاتە ناو تەڵەییێکی نەگریسەوە، گەنجێکی وەك تۆی ڕێکوپێکی کەڵەگەت، خێر لە خۆ نەدیو، تازە بنی سمێڵت داناوە، تازە هەست بە گەنجێتی خۆت دەکەی، تازە خەریکە تامی ژیان دەچێژی، لە مێژیش نییە، خۆزگەو ئاواتەکانت بە چرایەکی گەشت دەسپێرن، تەنیا چەند مانگێکە عاشق و شێت و شەیدای کانیاوی پاك و قژی ئاڵتوونی و چاوی جوان بووی، تەنیا ماوەیێکی کورتە. کچە شۆخێکی جوانکیلەت بۆ خۆت دەستنیشان کردووە تا تەمەنێکی دوورو درێژی پڕ لە کامەرانی لەگەڵدا بەریتە سەر، کەچی ئەو دەیەوێ لەو هەموو خۆشییەت بکات، نامەردانە سەر بنێیتەوە، لە خوێنی ئاڵدا بتگەوزێنێ، کەسێ نەبێ بێتە سەر تەرمەکەت، کەسێ نەبێ بتگەینێتە نەخۆشخانە، هەواڵێکی دایکت بزانێ، خەبەرێکی ئەم کارەساتە تراژیدییەی پێ بدا، باوەشێکی بە سۆز نەبێ لە ئامێزت نێ، سەرت بخاتە سەر ڕانی و بتلاوێنێتەوە، سەردوولکە بەسەر لاشە لە قوڕو لیتە هەڵاتووەکەتدا بڵێ. کە بیرت لەم لایەنەی ژیانت کردەوە تەواوێ خەمبار بووی، خەم بووە تارایێکی ڕەش و خەمپۆشی

کردی، چی دەبوو ئێستا ئەگەر ناسیاوو ئاشناو خزم دەربچووبایە، ناچار بووی بەوە دڵی خۆت بدەیتەوە، بەڵکو ناسیاو بێ و تۆ لە بیرت نەمابێ، یا ئەو تۆ بناسێ و دۆستی باوکت، برات خزمێکی نزیکت بێ. هاتیە سەر ئەو باوەڕەی لێی بپرسی.

ڕووی دەمی لێ بکەیت و نەرم و هێمنانە بیدوێنی، بەڵام کە ئاوڕت دایەوە کابرا لەوێ نەمابوو، وەك تارمایی بێ لەبەرچاوت دیار نەبوو، خۆی لەناو کەلاوە داڕماوەکەی بەرانبەرت شاردبۆوە. لەوێ خۆی لە بۆسە نابوو، کەواتە نە ئەویان دەرچوو نە ئەمیان، چونکە گەروا بوایە خۆی لێت نەدەشاردەوە، ئەگەر وا بوایە چۆن وا بەم شێوەیە دەبووە سێبەرت و ئەم کۆڵان و ئەو کۆڵان بە دواتدا دەهات، هەرزوو خۆی پێت دەناساندو خۆی ئاشکرا دەکرد. سەرو کەللەی وا، ئەتواری ناشیرینی وا، کەی هی ئەوەیە پیاو دۆستایەتی و ئاشنایەتی لەگەڵدا بکات، سەرو پۆتەلاکی وا هەر لە پیاو کوژو جەردەو ڕێگر دەچێ، ئەو تێڕوانینە سیحر ئامێزانەی ئەو، ئەو چاو داگرتن و ئیشارەت و پەنجە ڕاوەشاندنەی هی داخ لە دڵ و دوژمنێ دەکەن، تیر ئاسا بە سەر دڵ و دەروون و سنگتدا تێ دەپەڕن.

پاش ئەوەی بەنێو یادگارەکاندا شۆڕبوویەوەو چەندین هاوڕێ و خزم و ناسیاوت هێنایە بەرچاو، قووڵ بە دیوی ناوەوەتدا پێ مەلەت کرد، گەیشتیە ئەو ئەنجامەی بەهەڵەدا چووی، نەتۆ دەیناسی و نە ئەویش، لە دڵی خۆتدا گوتت: من ئەو کەسە نیم وا بە ئاسانی قووت بدرێم، خەیاڵت خاوە، نە دۆستم و نەناسیاوت، نە خزمێکی نزیك، هیچ دوژمنایەتیەکیشم لەگەڵ تۆدا نییە، دڵنیام لەوەی بە هەڵە نەچوویم، تکایە وازم لێ بهێنە.

نەختێ بەرەو پێشەوە هەنگاوت نا. لە ئاستی کەلاوەکەدا تیکە چاوێکت تێ بڕی، ماوەی چرکەیەکیش لە شوێن خۆتدا نەجوولای. چاوت لە چاوی بڕیەوە. بە تووڕەیی سەیرت کرد، ئەوسا لە کەڵەگەتی و بەژن و باڵاو

ڕوخساری وردبوویەوە، لە ڕەنگی قژو سمێڵ و لووت و بڕۆکانیت ڕوانی، بە دوای نیشانەیەك گەڕای ببێتە هەوێنێ. سەرەداوێك لەم هەموو بارە ئاڵۆزە تێکئاڵاوەی نێوانتان بگریتە دەست، ئەدگارێ تینوێتی ناخت بشکێنێ. بێ سوود بوو، ئەمجارە ڕووی دەمت تێ کردو پڕ بە کۆڵانەکە بە ڕوویا هاوارت کرد، گوتت و گوتت، دڵت ئاوی نەخواردەوە، شاڵاوت بۆ برد، بەڵام لە نیوەی ڕێگا ساتمەیەکت کرد، سەرت بە دیواری کەلاوەکە کەوت. خوێن فیچقەی کرد، ئەم ناوە پڕ بوو لە خوێن، بە زەحمەت ڕاست بوویەوە، بە زەحمەتیش سەرت پێ بەرز کرایەوە بەزەحمەتیش چاوت بڕیە ئاست ئەو شوێنەی ئەوی لێ وەستابوو. کەچی هەم دیسان لەوێ نەبوو، بەڵکو لەو دیو کەلاوەکە دەنگیت بیست، دەنگی پێکەنینێ هاتە بەرگوێت، کە چاوت بڕیە شوێن پێکەنینەکە، ئەو وەك نە بای دیبێ نە باران، بەرزتر پێکەنی، قاقا پێکەنی پاشان خێرا بەرەو ڕووت هات، بەرەو ڕووی تۆ هەنگاوی نا. تیژ بە تەنیشتتدا تێپەڕی، لە سووچی دوایین خانووشدا ئاوڕێکی لێت دایەوە، بە گاڵتە پێکردنەوە دەستی هەڵبڕی، ئیشارەتی بۆ سووچە تاریکەکەی ناو کەلاوەکە بۆ کردی، هەروەها ئیشارەتی ئەوەی پێدای کە بە دوایدا بڕۆی، بەڵام تۆ نەتزانی نیازی چییەو لە ئیشارەتی هەوەڵین جار سەرت سوڕما، تێی نەگەیشتی. ئەو سووچەی کە ئەو پەنجەی بۆ هەڵشەقاند سووچی خانووێکی دیوار داڕماو بوو. کەلاوەیەك بوو، تاریك و ترسناك، هەر لە دوورەوە سامی بەسەر دڵ و دەروونەوە دەنیشت، لادیوارێکی داتەپیوی بە چەندین بەرد داچنرابوو، بەرەو باکوور بە دیوی ژوورەوەدا دەیڕوانی، لەو دیویش گۆڕەپانێکی پان و پۆڕی پڕ زبڵ و تەنەکەو بەرمیل و وردە ئاسن پاڵی بە دیوی دیوارێکی نیمچە ڕێکوپێکدا دەدا. بۆدییەکی تەفلیش کراویش هەستی هاموشۆکەرانی دەورووژاند. پێ دەچوو جگە لە منداڵە چەقاوەسووەکانی گەڕەکە نزیکەکانی شار کەسی تر نەوێرێ سەر بێرەدا بکات، هەمدیسان ترسێ، گومانێ، بەهێزتر لەوانەی

پـێشوو بـە ئـاسمـانـی دڵ و دەروونـتـدا ڕەت بـوو، هـاتـیـیـەوە سەر سفـر، هەمدیسان بە دیوی ناوەوەی خۆتدا شۆڕبوویەوە، وەهم و خەیاڵت لا تێکەڵ بوون، ڕاستی و نادروستی، نیازومەرامەکانی، دوا ئەنجامی ئەم فڕکان فڕکانێیەت لا ئاڵۆزتر بوون. هەتا بە دیوی دەرەوەی خۆشتدا هاتی، لە قوڵە پێتەوە، تا تەوقی سەرت تاقیت کردنەوە، قژت، بڕۆکانت، برژانگ و گوێکان و لاجانگ و چاو و گلێنەو سەرشانەکانت و سەرسنگ و قۆڵ و باسك و ناو قەدو زگ و پاشکۆ و لوولاق و چۆك و پەنجەی دەست و پێیەکانی خۆتت پشکنی، قۆندەرەو کراس و پانتۆڵ و قایش و زنجیری پـانـتـۆڵ و نـاو گـیـرفـانـەکـانت بـوونـە جـێ سەرنجدانـی دەست و پـەنجەو چاوەکانت، بە دەست لێخشاندن و سەرنجدان و تێڕامان و تێوردبوونەوە بەسەرت کردنەوە، گومانت لە جەستەو جل و بەرگ و پێڵاوەکانت کرد، گوتت نەوەك بەیانی زوو کاتێ لە ماڵ هاتیە دەر بەنارێکی، بە قژی شانە نەکراو، بەکراسی ئوتوو نەکراو هاتییە دەرەوەو بە خۆتت نەزانیبێ. یا لە ڕێگـا بـەر لـەوەی خـۆت بـەگـازیـنـۆکـەدا بکـەی شوێنێکت دڕابـێ. کـەچـی وانـەبـوو، وەك چـۆن ڕۆژانـی پـێشوو ڕێکـو پـێك بـووی، ئـێستـاش هـەروا، پـۆشتـەو پـەرداخ، قـژ شانـەکـراو، قـۆنـدەرە بـۆیـاخ کراو، شتێکی سەرنـج ڕاکێشیشت لە خۆتدا شك نەبینی تا ببێتە شوێن سەرنجدانی خەڵك. جاران چۆن بووی ئێستاش هەروا. سەقەت و کوێرو شەلیش نەبووی، سیمات سیمای مرۆڤێکی ئاسایی بوو، شتێ نەبوو نەشیاو و بەرچاوبێ. کە بۆ سێیەمین و چوارەمین جاریش دەستی هەڵبڕی، بەشێوەیەکی بەرز دەستی بەرزکردەوە، وەك ئەوەی شێوەی چەند پیتێکی یەکتر بڕ دروست بکات، ئەوها دەستی چەپی خستە سەر دەستی ڕاستی و لەشێوەی ×ی بیرکاریدا نواندی. نیازی گەیاندنی مەبەستێکی دیاربوو دەری ببڕێ. بە دڵنیاییەوە چەند کەڕەتێ ئەم نەخشە سەر سوڕهێنەرەی لەبەردەمدا دووبارە کردەوە، ئەم ئیشارەتە هێما ئامێزە، لە تێڕوانینە ڕەمز ئامێزەکانیشدا دەردەکەوت

کەچی تۆ تێیان نەدەگەیشتی. وەك دروشمێکی دیارکراو نیشان بدا. یا ئەندام بێ لە کۆمەڵەیێکی دیاریکراو. ئەم×ش دروشمی ئەم کۆمەڵەیە دیار کراوە بێ، لە شێوەی ئەوی تریش بۆ دواوە، پەنجەکانی هەردوو دەستیشی بەشێوەیەکی سەیر نیشان دەدا.

کتومت مێشکت بۆ شتێکی بێزەوەر جووڵا. وات زانی بەرانبەر یەکێ لە خاوەن دروشمە تایبەتەکاندا وەستاوی. کە تا ئەم کاتەش بیرت بۆ ئەم لایەنە نەدەچوو، تازە بیرت بۆ ئەوە چوو. کە ئەم ورگ زلە سمێڵ فشە شێوەو ڕوخسار تایبەتییە لە جووڵانەوەو هەڵسوکەوتەکانیدا، لە ئەندامی یەکێ لە کۆمەڵەیەکی دیاریکراو دەچێ. ئەم ئەندامانەی دەمێ بوو لە چایخانەو شوێنە لا تەریکەکاندا بڵاو ببوونەوە، لە ناو شاردا شوێنی تایبەتییان هەبوو، چڵێس و سەر بە گۆبەند بوون، لە خت و خۆڕایی گۆبەندیان بۆ خەڵك دەنایەوە لە سووچە تاك و تەراکان، لە چۆڵەوانییەکان، لە پەناو پەسیوەکاندا جووت جووت، ناو بەناو دەردەکەوتن و ماوە ماوە دەنگ و گۆی دەرکەوتنیان بڵاودەبۆوە، وەك مێمڵ و ڕێوی و چەقەڵ، وەك مارو دووپشك بە خەڵکیان وەدەدا، تۆڕیان بۆ خەڵك دەنایەوەو کاری خراپیان ئەنجام دەدا.

بە تەور دەکەوتنە گیانی خەڵك و ئەندام بە ئەندام جەستەی بەستەزمانەکانیان هەڵدەپاچی، پاشان ئێسقانەکانیان لەناو توورەگەیەك دەناو نیوەشەوان لە یەکێ لە جادەکانی ناوشاردا فڕێیان دەدا. وەك وێنە گرێکی کارامە بێ و ئەویش دیمەنێکی جوان. هەندێ جار دەهاتە پێش و هەندێ جار لە دوورەوە زومی کامێراکەی لەو دەکرد. کە ڕاشی لە لەقتەکە نەبایە. چەند هەنگاوێ بەرەو دواوە دەکشایەوەو لاونیو چەند مەترێ بەلاتەنیشتێکدا دەچوو. دووری نێوان خۆی و کامێرای چاوی بە میلیمەتر دەژمارد. ئاستی ڕووناکی دیاری دەکرد، فەتحەی زوومەکەی

بەپێی سێبەری سەر دەم و چاو و بۆشایی و فەزای پشتەوەی دەکردەوە، ئەوسا لەقتەی جۆراوجۆر، لە دوورەوە، لەنزیکەوە، لەقتەی پان یان لەقتەی درێژ، ڕاست و لاتەنیشت. بەپێوەو بە دانیشتنەوە وێنەی دەگرت. وەك ئەوەی کردبێ بە مۆدیلی جل و بەرگ یا بۆ نواندن لە یەکێ لە شانۆگەرییەکان ئەکتەر هەڵبژێرێ وا دەجووڵایەوە. یا نێچیرێکی دەست کەوتبێ و بیەوێ کتوپڕ ڕاوی بکات. تۆ بڵێی تۆی بەکام جۆرە نێچیر شوبهاندبێ، ئێستە ڕەنگە لە دڵی خۆیدا دڵی بەوە خۆشبێ کە نێچیرێکی قەڵەوی دەست کەوتووەو زۆری نەماوە بکەوێتە تەڵەوە. ئەوەتا لە حاڵەتی ئامادەباشیدایە و هەر بزانە دەستی نایەبەر پەلاپیتکەی تاپڕەکەوە.

تەواو هاتیە سەر ئەوەی کە ئەم خێوە، مێردەزمەیە. ڕاوچییەکە جا هەر جۆرە ڕاوچییەك بێ گرینگ ڕاوچییەو بڕایەوە. مەرج نییە تەنیا ڕاوی باڵندەو تەیرو تواڵ بکات. مەرج نییە ئەوەی بکەوێتە دوای ڕاوچی پەڕو باڵ لە لەشیدا هەبێت. ڕاوچی واهەن دڕندەش ڕاو دەکەن، هی واش هەن مرۆڤیش ڕاو دەکەن، مێروولەو مریشك و قازیش ڕاو دەکرێن، لە هەموو حاڵەتەکانیشدا ئەوانە زوو پێوە دەبن کە گێل و گەوج و کۆر فامن. خۆش باوەڕن. لە دڵی خۆتدا گوتت: خەیاڵت خاوە، من نێچیرێکی وا ئاسان نیم و زەحمەتە قوت بدرێم، بۆ ئەوەیش ئەو مەرامە گلاوەی ئەویش زیندە بەچاڵ بکەیت. هەمدیس بە تووڕەیی تێت ڕاخوڕی، گوڕو تینی پڵنگ ئاسات وەبەر خۆت نا و کتوپڕ خۆت گەیاندە شوێن وەستانی ئەو، کەوتییە مست وەشاندن.

ڕاست و چۆپی بەردەوامی خۆتت کۆتایەوە. بێ هۆش و مەست بووی، نەتدەزانی ئەوەی بەر زەبری دەستەکانت دەکەوێ کێیە. چییە دارە، دیوارە، ئادەمیزادە.

(لەت و پەتت دەکەم، قورقوشم دەخەمە دەمت، بەم پەنجانە چاوت

هەڵدەکۆڵم، دەتکەم بە پەندی زەمانە، وەك نەفرەت لێکراو لەبەر دەروازەی شاردا هەڵت دەواسم)

تا شل و کوت بوویت دەستت ڕاوەشاند. تك تك ئارەقە لە دەم و چاوتدا هاتە خوارێ، ماندوو شەکەت بەلایەکدا کەوتی. ئاگات لەوە نەبوو هەم دیسان کابرا لەبەردەستدا ڕایکردەوەو ئەوەتا بە گاڵتە پێکردنەوە سەیرت دەکا. نەتزانی ئەوەی چەند ساتێ لەمەوبەر دەتکوتایەوە دیواری کەلاوەکە بوو، نەك کابرا. ئاگاشت لەوە نەبوو پەنجەکانت لە نێو خوێندا مەلە مەلیانە. نەپرژایە سەر ئێش و ئازاری پەنجەو پەڵە خوێنەکانی سەر دەستت. کابرا گاڵتەی بەم گاڵتەجاڕی و جووڵانەوەیەی تۆ دەهات. ڕژدتر دەبوو لەسەر ئیشارەتدان و دەست هەڵبڕینەکانی، پتر پێی لەسەر هێماکردن و مەبەستەکانی دادەگرت. ئەمجارە بەشێوازی تریش خۆی نیشاندای. خۆی بە حەزیاو ماری حەوت سەرو کوندە پەپۆ و قەلەڕەش و پشیلەو گیانداری خورافی و عەنتیکە نیشان دا. هەرچی گیانەوەرو ئاژەڵی سەیرو سەمەرە لەم دنیایە هەبوو ئەوەبوو. خێو و دێو و درنج و مێردەزمەو دەیناسۆرو مێمڵ و نازانم چی و چی بۆت دەهاتن لە ماوەی چرکەیەکدا بە دەیەها شێوە دەگۆڕا. لە ترسا هەڵاتی، نەتدەزانی بەرەو کوێ ڕابکەی، لە سەری کۆڵانەکە بایدایەوەو بەرەو ژوورەوە ملی پێوەنا، تۆ بڕۆ ئەو بە دواتەوە، ها لێرە ها لەوێ، نەتدەزانی چەندی پێچوو تا گەیشتنە دووریانێ. لە دووریانەکە گەیشتە سەرت، کە شاڵاوی بۆ هێنای ئیتر ئاگات لە دنیا بڕا، وەك ئەوەی پەڕو باڵت دەرکردبێ، هەر هێندەت زانی لەبەر چاوی خۆتدا بەرەو ئاسمان بەرز دەبییەوە، بووی بە پەڕەسێلکەیەك و ڕووەو گەرمیان گەڕایەوە، کۆچ و کۆچبارت تێك ناو بەرێ کەوتی، کوێستانی ئەم ساڵت دادینەدایت. بەفرو بارانێکی زۆر کەوتبوو، زستانی ئەمساڵ، بەهاری ئەمساڵ لە زستان و بەهاری ساڵانی پێشوو نەدەچوو، بە واتایەکی دی، دنیا لە نێو بەستەڵەکی سەختدا مت بووبوو و نەیدەوێرا سەردەربهێنێ. گیاو گوڵ و گەڵای دارو

درەخت لـە سەرمـا سەریـان نـابـووە دەمـی زەوی و نـەیـانـدەتـوانـی مژدەی ڕۆژێکی تـازە بـە دنیا ببەخشن، کە وەئاگا هـاتی، خۆت لـە گازینۆیـەك بینی لەسەر کورسییەك پاڵ کەوتبووی. ڕوخسارت پەڕیبوو، ڕەنگت وەك پەلکی سپی هـەڵگەڕابوو. بـە زەحمەت هـەناسـەت بۆ دەدرا، ڕوومـەتت ئـاوی شەرمی لێ دەتکا. نەتدەزانی چۆن ئەم هـەست بەشەرمکردنەت بشاریتەوە. تـازە نـاتوانی بـە هـەراوزەنـا، بـە گردکردنـەوەی خـەڵك لـە خۆت ئـەم کـارە بـە ئەنجام بگەیەنی و چارەسەری بۆ بدۆزیتەوە. بەتۆ بوایە هـەرایەکی سەیرت دەنایەوە.

لە نـاوەندی گازینۆکەدا تەپڵی شاهـانەت لێ دەدا، جاڕی ئەوەت دەدا، کە لە شوێن و کـاتـی دیـاریـکـراودا فـلانـەکـەس لـە سێدارە دەدرێ. ئـەوەی دواش بـکـەوێ خـۆی بـەرپـرسـیـارە. لـەبـەر دەرکـی سەرا قـەنـارەیـەکت دامـەزراند، سەعات دەی بەیانی ڕۆژی پێشتر. لە دادگایەکی تایبەتیدا حوکمی لەسێدارە دانـیت مـۆر کـرد، خـۆت و سێ دادوەر بـوون. لـەبـەردەم ئـاپـۆڕەی خـەڵکدا حوکمەکەت خوێندەوە.

١– بەنـاوی گەل. لە بەرواری ٢٠ی بەفرانبـاری سـاڵی ٧٨٧ پێش زاییندا.

تـاوانبـار: قەلەڕەشی کوڕی کوندەبۆ بە تـاوانی ئەندامێتی لە کۆمـەڵی ×ی سەر بە کۆمەڵی ئاژەڵان، بەپێی مـادەی ملیۆنێك و نۆ سەدو نۆوەدو نۆ هـەزار، بـە سزای لە سێدارەدان حوکم درا.

شوێنی لە سێدارەدان دارستـانی بەر دەرکی سەرایە. کـاتی لە سێدارەدانیش سەعـات ١٠یە.

٢– ئەگەر بـەم جۆرە سزایە قـایل نەبوو ئـەوا وەك مـەڕ پـارچە پـارچە بکرێ و لە نێو مـەنجـەڵێکدا سـەرو پێی بکوڵێندرێ. دەشبێ دوو شەو و دوو ڕۆژ لـە نێو ئـاوی پلە ٢٠٠٠ بمێنێتەوە، تـا ئەوکاتەی گۆشت و ئێسقـانەکـانی دەبن بـە شلەیەکی لیخن.

لەنێو خەیاڵێکی سەیردا لە شایی و کەرنەڤاڵی گەمەی مەرگێکی نائاساییدا لە هەڵبەزو دابەزێکی سەیر دابووی، ئاگات لەوە نەبوو هەم دیسان کابرا هاتووەو بەرانبەرت لەسەر کورسییەك لە گازینۆکەدا وەك تۆ دانیشتووە، کتومت وەك تۆش دەجووڵایەوە، دەتگوت خۆتی. کە سەرت بەرز کردەوە وەك ئاوی سارد بە لەشتدا بکرێ ڕاچڵەکای. تەواو ورووژای. بەرزە پێ وەستای، بەڵام نەتتوانی بجووڵێی. دەتگوت لە ژێرەوە بە کورسییەکە بەسترایتەوە. لە داخا هاوارت کرد، هاوارێکی تاساو لە گەرووتدا بەرز بۆوە، هاوارێکی پڕ ڕق و کینە، دوژمنکارانە کە کەفێکی خەستی بە دەمدا هێنا. دەمت، لێوەکانت پڕبوون لە کەفی سپی، بەرچاوت تاریك داهات، ئەوسا بەسەر مێزەکاندا کەلاواژ بوویتەوە.

١٩٩٠

## پێشبینی

بەدەم ڕێوە بیری لە وتە ترس ئامێزەکانی نازەنین دەکردەوە، لەکاتی هەنگاونانیدا قاچەکانی تێك دەئالان، هەستی دەکرد هێدی هێدی ماسوولکەکانی لەشی خاو دەبنەوەو ناتوانێ بە پێوە بوەستێ. ماندوو و شەکەت و مێشك جەنجاڵ لە شوێنی خۆی چەقی، نەیتوانی لەژێر تارمەکەدا وەك شەوانی پێشوو هەنگاو بنێ. بەڵام بۆ ئەوەی پتر هەست بە ئاسوودەیی بکات، ویستی بە هەرجۆرێك بێ خۆ بگەیەنێتە ئەو شوێنەی شەوانە دەیکردە سەنگەر بۆ چاودێری کردن و لەوێوە هەر چوار کەناری دنیای بەسەر دەکردەوە، ورد و درشتی دەپشکنی. بە مەزەندەی خۆی ئەوێ باشترین جێگە بوو بۆ پارێزگاری لە خۆکردن و چاودێری کردنی هەر هەڵسوکەوتێکی نا ئاسایی، کە ڕەنگە ئێستە نا دەمێکی کە ئاسوودەیی بخاتە مەترسییەوە، لەوێش نەبوایە ئارام نەدەبوو و جۆرێك لە نائارامی تووشی دەهات، بەڵام لە چەند هەنگاوێ پتر نەیتوانی بچێتە پێشەوە. ناچاربوو لەژێر تیشکی گڵۆپەکاندا خۆی مات بدا... تا تاقەتی ئەوەشی نەبوو چاوببڕێتە دەوروبەری خۆشی و ئاگاداری خشپەخشپی بوونەوەرە بچووکەکانیش بێت.

لە بارودۆخێکی وا نائاسایی نەبوایەو وتە ترس ئامێزەکانی نازەنین کاریان تێ نەکردایە دەیتوانی هەست بە نزمترین دەنگ بکاو لە بچووکترین شت ڕابمێنێ. وەك دووربین چاو بگێڕێ و گوێ هەڵبخا، نەوەکا پیاو خراپێ، دزو جەردەیەك، دڕندە ئاسا شاڵاو بەرێ ئاژاوەیەك بنێتەوە.

بۆ خۆ ڕزگارکردن لەم نائارامییەی وەك تۆڕ لە ڕۆحی وەرهاتبوو،

هەوڵی دا چاو هەڵببڕێ و سەیرێکی خێرای دیوارە ڕووخاوەکەی قەڵاو کەلاوەکانی تەنیشتی بکا. کەچی نەیوێرا بە چاکی بیانپشکنێ، ئەم جارە خۆی بە ژماردنی دارتەلەکانی بەرامبەری خەریك کرد، بەڵام خراپتری بەسەر هات. دەتگوت دارتەلەکان سەری ئادەمیزادی زل و زەبەلاحن واهاتنە بەرچاوی. وەختابوو زەندەقی بچێ. بۆیە هەر زوو چاوی لە ئاستیاندا داخست. پتر کەوتە نێوان بەرداشی ترسی دەوروبەرو پێشبینییەکەی نازەنین و پێکەوە گەمارۆی ڕۆحیان دا.

پێی وابوو دەربازبوون لە یەکێ لەم دوو ترسانەش یانی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەویتر. دارێکی بە دەستەوە هەردوولای بە ...بوو.

دواجار بەتەواوی وتەکانی نازەنین کاریان لە کەللەی سەری کردو بە دیوی ناوەوەی خۆیدا شۆڕیان کردەوە. دەتگوت خەوێنەرێکی مغناتیسی وشەی ئیحا بەخشی بە گوێدا دەچرپێنێ. هێدی هێدی. پێڵووی گران بوون.. چاوی لێك ناو ڕەنگ و ڕوخساری گۆڕان.. لە ترسی ڕوودانی کارەساتێ ڕەنگی وەك پەلکە پیاز سپی هەڵگەڕا. دڵ تەنگ بوو، وەك خێو دەستی لێ وەشاندبێ بە ترس و لەرزەوە کەوتە ورێنەکردن. کێ لەو باوەڕەدا بوو مرۆڤێکی ئازاو چاو نەترسی وەك ئەو بەم کتوپڕیە بگۆڕێ و ببێ بە ترسنۆکترین بوونەوەری سەر ئەم زەمینە. ئەو مرۆڤە بێباکە نەبوو شت بە هەند هەڵنەگرێ و بایەخ بە شتی لابەلا نەدات. ئەو مرۆڤە نەبوو گوێ لە قسەی خەڵك نەگرێ. وەك چۆن ئێوارە گوێی لە نازەنین نەگرت. ئێوارە بێ بە زەییانە نازەنینی – جێ هێشت و هیچ گرینگییەکی بە خەون گێڕانەوەکەی نەدا. نەیویست بزانێ خەونەکەی چی دەگەیەنێ و بیری لەوە نەکردەوە ددان کەوتن یانێ چی. بە تایبەتی کەوتنی ددانی پێشەوە، ئەوا ئێستە خەریکە لەوە دەگات ددان کەوتنی مرۆڤێکی نزیك لە

خۆی یانی مردنی خۆی یا کەسێکی زۆر نزیك لە خۆی.

کە بیری لە مردن کردەوە. وەك بی ناو ئاو لەشی کەوتە لەرزین، ئارەقە بە ڕوخساریدا هاتە خوارێ، مەشکە ئاسا هەژایەوە.. هەستی کرد ئیتر تەواو بووەو ناتوانێ بەرێکوپێکی کاری شەوانەی ئەنجام بداو بەرەنگاری هەر پێشهاتێ ببێ کە ڕەنگە لە ئەنجامی پێشبینییەکەی نازەنین تووشی بێ. ئەوەندەی هەوڵیشی دا مردنی خۆی یا منداڵێکی لە دڵ و دەروونداا، لە کەللە سەریدا وەدەرنێت و چیتر بەلایاندا نەڕوات، بێ سوود بوو. بەڵکو تا دەهات مێشکی جەنجاڵتر دەبوو و پتر بە لێکدانەوەو ڕاڤەکردنی خەونەکە خەریك دەبوو. دەیویست تێ بگات و بزانێ چی دەگەیەنێ، پێشبینییەکە چییەو کەی ڕوو دەدات و چی دەقەومێ. ئەو دەگرێتەوە یان یەکێکی نزیك لە خۆی. تۆ بڵێی ئیمشەو بە سەلامەتی دەربچێت و بگەڕێتەوە لای منداڵەکانی.... ئەگەر چی لەمەوبەر هیچ کاتێ باوەڕی بەوە نەبوو خەون ڕاست دەربچێ و وشەیەك هەبێ ناوی پێشبینی بێ، چونکە پێی وابوو بوونەوەر نییە لەم دنیایەدا خەون نەبینێت. ڕەنگە لە سەدا یەکی خەونەکانیش ڕاست دەرنەچن، بەڵام ئەمێستاکە ئەوا خەریکە دێتە سەر ئەو باوەڕەی نەوەدو نۆی خەونەکان ڕاست دەردەچن و خەونەکەی نازەنینیش لەم چەمکە بەدەر نییە. ددان کەوتنی نازەنین یانی مردنی خۆی یا مردنی کەسێکی زۆر نزیك.

خۆی بە تەنیایی دوای نیوەشەوەکە سپاردو بە دەنگێکی نووساو سورەتی ئەلفاتیحای خوێندەوە... قول هوەڵلاشی بە دوادا گوت. جارێك و دووجار دووبارەی کردنەوە.

بە خوێندنی سورەتەکان نەختێ هاتەوە سەرەخۆ. ئارام بۆوە، وردە وردە کەوتە خۆ جوولاندنەوە... بە گرانی ڕاست بۆوەو بە زەحمەت چەند هەنگاوێ لە شوێن دانیشتنەکەی دوور کەوتەوە. ماوەیەك لە ژێر

تـارمـەکـەدا کـەوتـە هـاتـوچـۆ. . دواجـار ڕووەو قـەپـەنـگـی دوکـانـەکـان وەرسووڕا. بـەڵام وێنـەیـەکی عـەنـتـیکـەی سەر قـەپـەنگـەکان ڕووی بـەرەو منـارە بـەرزەکـەی تـەنیشتی پـێ وەرگێڕا. کە لـە تـارمـایییەکی زەبەلاحی نێو چـاڵـێکـی قـووڵـی تـاریك دەچوو.... هـەمـدیسان چـاوی داخست و ڕوانـییـە بـەردەمی خۆی. بیری کردەوە خـاڵێك بۆ دەست پێکردنی لەمەودوای دەست نیشان بکا. وەك ئەوەی دوو هێڵی یەکتر بڕ بە جووڵانەوەی قاچەکانی بکشێ یـا پلانێك بۆ ئەنجـامدانی کارێکی گرینگ دابڕێژێ.

یەکسەر دەستی کرد بـە هێنـان و بردنی قـاچـەکانی. ئـەوسا چوار جار لـە خـاڵە دەستنیشـان کراوەکە ویستی هـەنگاو بنێ و هـەر چوار لای خۆی بـەسـەر بـکـاتـەوە. کـەچـی وەك پـەیـکـەر بـە نـاوەندی خـاڵـەکـەوە نـووساو نـەیتوانی قـاچـەکانی بـەرز بکاتـەوە. نـاچار بوو هـەمدیسان بڕوانێتە دیوارە ڕوخـاوەکەی قـەڵاو کەلاوەکـانی تـەنیشتی، بـەترسـەوە تێیـان ڕامـا. لـە وردو درشت ورد بۆوە. گوێی بۆ ترپـە ترپ و هـاژو هوژی ڕەشـەبـاو سامنـاکی نیوە شەوەکە هـەڵخست. گشت هـەستـەکانی کردن بـە گوێ و چـاو و تیژ چـاوی تێ بڕین، بـەڵام ئـەمجـارە نـەك بۆ چـاودێری کردن و ئـەنجـامدانی ئـەو کـارەی پێی سپێردرابوو، بەڵکو بۆ بەدیهاتنی پێشبینییەکەی نـازەنین و ڕوودانی ئـەو کـارەساتـە چـاوەڕوان کراوەی خـەریکە هـەموو ژیـانی دەخـاتـە مـەترسی و بوونی وەك ئـافـەریدەیەکی زیندوو لـەسەر ڕووی دنیـادا دەسڕێتـەوە. بـە مـەزەندەی خۆی ئـەو شوێنـانـە سـەرچـاوەی لـە دایکبوونی خێو و دێو و درنجـەکان بوون. سـەرچـاوەی نـەهـامـەتی و پێشهـاتـە نـادیـارەکان بوون. ئـەو مـەترسییە زەندەق بـەرەی ئێوارە نـازەنین بـاسی لێوە کرد، ڕەنگە ئێستە نـا کـەمێکی تر ڕووبدات و بیکا بـە پـەیکـەرێکی بێ گیـان....

لـە ترسـانـا چـاوی نووقـاندو نـەیتوانی چیتر بڕوانێتە شوێنە تـاریکەکان.

پاشان لە شوێنی خۆی دانیشت و مشووری ئەوەی خوارد تفەنگەکەی

سوار بكات. بەم كرداره ویستی نەختێ ترسەكەی برەوێنتەوە. سێرەی لە هیچ برِی و بێ ئەوەی شوێنێكی دیاریكراو بپێكێ پەنجەی بە پەلاپیتكەی تفەنگەكەوە نا. بەچەند تەقەیەك بێ دەنگی شەقام و كۆلانەكانی رەواندەوە. بەلام كاتێ روانییە شوێن دەنگدانەوەی تەقەكان، هیچی بەدی نەكرد، بەرچاوی لێل و تەماوی دیار بوو. ماوەیەك لە هیچی روانی و ئەوسا كەزانی سەدای تەقەكان هیچ ئەنجامێكی دیاریكراویان نەبوو، كەوتە بیركردنەوە، بەلام بیركردنەوە زۆرتر لە سنووری دیاریكراوی خۆی مرۆڤ گوماناوی تر دەكاو ترسی پتر دەكات. لە نێوان دەیەها خەیالی عەنتیكەدا گینگل دەدا. ترسێ كە تا ئەم كاتە بەشێوەیەكی كاریگەر كاری تێ نەكردبوو...

ئەمێستاكە وا وەك تۆرِ بەسەر جەستەو رۆحیدا دێت و دایدەپۆشێ.

لە خالێكی دیاریكراودا بەندی دەكاو ناهێلێ لە چوغزی خالەكەدا پتر بروات.. وەك ئەوەی پێشبینی و خەونەكەی نازەنین سیحر بن یا سیحربازێ سیحر بەسەر رۆحیدا بخوێنێ. بەرە بەرە كەوتە ژێر كاریگەری وشەكان. كتوپریش كەوتە نێو دنیایەكی سیحر لێكراو و رووداوی سەیر سەیری بینی. كارەساتی زۆر پەنجەیان لە بینەقاقای گیركرد. جارێ خۆی بینی كە لە نێوان بەرداشێكی گەورەدا دەیهارِن و وردە ئێسقانەكانیشی دەخەنە ناو ئاگرێكی بێ ئامان. قرچە قرچی توانەوەی رۆنی سەر پێستی لەشی رۆژە رێیەك دەرِۆیشت. جارێكی دیش كۆمەلێ دەعبای سەیر كە هەر لە دەعباكانی ناو ئەفسانە كۆنەكان دەچوون شالاویان بۆ دێناو پریان دەدانێ. هەندێ جاریش بەدوو گوریس بە هەوادا بەرزیان دەكردەوەو دەیانبردە سەر شاخێكی هەزار بە هەزار، لە دواوە پالیان پێوە دەنا تا بكەوێتە ناو دلۆپێكی قوولی بێ كۆتایی و هەپرِوون بە هەپرِوون بێت.

لەشكری واهیمە بواریان نەدا بیر لە شتێ بكاتەوە یا مشووری شتی تر

بـخـوا. بـە کـۆمـەڵ واهـیـمـەی سـەیـر سـەیـری بـۆ دەهـات و شەپـۆڵـە نـووك تیژەکانی دەرزی ئـاژەنیـان دەکرد.

نەیدەزانی بەکامیان ڕابگا و کامیان ڕاو بنێ، بە هیچیان ڕانەگەیشت، دایهێناو خۆی دایە بەر گێژاوی شەپۆڵەکان. گێژاوەکە لوولی دا؛ نە پرژایە چاودێری کردن، تا خۆشی لە بیر کرد، لە بیری نەما بۆچی هاتۆتە ئەم شوێنە لاتەریك و تەنیایە و بەم نیوە شەوە تووشە، لە کەش و هەوایەکی وا بەفراویدا بەتاقی تەنیا لێرە چی دەکات. بۆ لە ماڵەوە نییە. کوا نازەنین و مـنـداڵـەکـانـی. جـلـوبـەرگـی وا لـە قـوڕولـیـتـە هـەڵـهـاتـوون و پـرچـی تـەڕو خۆڵاوییە... هەناوی کوتە کوتی بوو، ترسێ سەرتاپای جەستەی داگرت.

دێوێ وەك مار لە ڕۆحی وەرهات، ڕەنگ و ڕوخساری هەر لە مردووی دەکرد... دەم نادەم لە ترسا ڕادەچڵەکا...

– ئـیـمشەو هـەست دەکـەم کـارەساتـێ ڕوودەدات، دڵـم خـەبـەری پێداوم ڕووداوێ لە ئەوکم دەئاڵێ و دەرباز بوونم بۆ نابێ...

– لە خەونمدا ددانی پێشەوەم کەوت. تکات لێ دەکەم مەچۆو بە تاقی تەنیا جێمـان مەهێڵە. کێ ناڵێ ئەو ترسەی نازەنین باسی لێوە دەکرد ئـیـمشەو نـابـێ بـە ڕاستـی و خـۆی یـان کـەسێکـی لـە خـۆی نزیك تـووشی کارەساتێ نابێت. نەیدەزانی وشەکانی نازەنین لە کوێوە سەرچاوەیان دەگرت و لەکام کانیاو هەڵقوڵاون.. ئەوەتا ئێستە خەریکە بەبیری دێتەوەو بە چاکی وێنەی نازەنین لە کاتی دەربڕینی قسەکاندا دەبینێ.. چۆن وەك بی ناو ئاو هەڵدەلەرزی. هەر ئەوەتا دەنگی دەبیسترا، بە ترسەوە قسەی دەکرد، بە پەشۆکاوی لەبەر دەمیدا وەستابوو و لێی دەپاڕایەوە کە نەڕوات و جێیان نەهێڵێ. بەڕەنگی پەڕیوەوە هەوڵی پەشیمان بوونەوەی دەدا. دەتگوت خێوێ دەستی لێ وەشاندووە... بەزەحمەت دەیتوانی بدوێ... بە

زەحمەت دەجووڵایەوە... لە شتێ دەدوا نەیدەزانی چییە، بە واتایەکی دیکە خۆی نەیدەویست گوێی لێ بگرێت یا بیر لە مانای وشەکانی بکاتەوە. چونکە باوەڕی بەوە نەبوو شتێ هەبێ ناوی پێشبینی بێ. بەڵام ئەوەتا ئێستە دێتە سەر ئەو باوەڕەی کە ڕەنگە پێشهاتێ ڕووبدات و خەونەکەی نازەنین بە ڕاست دەربچێ. خۆشی نەیزانی بۆ بە گوێی نازەنینی نەکردو خۆی تووشی بارودۆخێکی واگوماناوی کرد.

کەللە ڕەقی بوو یان دەبەنگی، مز کرابووە گوێی و توانای بیرکردنەوەو ڕاڤەکردنی نەبوو.

لە ناوەڕۆکی وشەکان نەگەیشت. ئایندەی نازەنین و منداڵەکانی بە نادیار سپاردو لە خۆ بایی بوو.. بڕیاری دا بێتە ئێرەو خۆی تووشی ئەم هەموو ئێش و ئازارو چاوەڕوانی و ترس و تۆقینە بکات. دەبەنگ نەبووایە هەر ئەوکات تێ دەگەیشت. خەون بینین و ددان کەوتن چ دەگەینێ. ئەو گومان و ترسە پەردە پۆشەی دەری دەبڕی، چ ئایندەیەکی نادیاری بۆ دیاری کردووە.

ئێستە لەوە ناگات چ هێزێ بوو وا بەپەلە پەلکێشی ئەم تاریکستانە چۆڵ و هۆڵەی کرد... بوو بە گیاندارێکی ماڵی و بێ ئەوەی پەت بخرێتە ملی بە دوای حەزێکی جێگیر بووی ناو ناخی کەوت و خۆی بە تاریکی دیوارە ڕووخاوەکانی قەڵاو کەلاوەکانی تەنیشتی سپارد.

خۆی بە ڕەشەباو سەرماو بەفرو بۆران سپارد. چارەنووسی خۆی خستە بەردەم چەپۆکی دڕندەیەك و چاوەڕێیە هاکا چڕنووکی لە ئەوکی گیر کرد. هاکا چەقۆیەك. تەقەیەکی وێڵ هاتە سەر ملی و سەرسنگی پێکا. پارچە پارچەی کردو ئەندامەکانی فڕێدایە بەردەم گورگێکی هار، لەوەش ناگات بۆ کاتێ نازەنین باسی ددان کەوتنەکەی دەکرد دەمی دڕواو کرد

لەبەردەمی دۆشداما. نەیتوانی هیچ بڵێ دەتگوت ئیفلیج بووە یان لاڵە. پەیکەر ئاسا مات بوو. هێزێ نەبوو وەك ئێستە بیخاتە سەر ئەو باوەڕەی کە ڕەنگە ئیمشەو کارەساتێ ژیانی بخاتە مەتارسییەوە. شتێ ڕووبدات. خۆی بمرێ یا منداڵێکی. هێندە بیری کردەوە، تا کەللە سەری قورس بوو، مێشکی ماندوو جەستەی شەکەت. پێڵووی بەگرانی هاتوچۆی دەکرد. ئەو خەیالآنەی ئەو بە تەکیاندا دەڕۆیشت، خەیاڵی سەیرو سەمەرە بوون، ئەو بیر کردنەوانەی ئەو بیری لێ دەکردنەوە بێ جەمسەر بوون. نەیدەتوانی لە شوێنێ بگیرسێتەوە. ئەو شوێنانەی سەریشی پێدا دەکردن شوێن و شاری ئەفسانەیی نەبینراو بوون، ئەو کەسانەیش کە دەیدواندن. بەشێوە ئاشناو ئاسایی دەهاتنە بەرچاوی، بەلآم لە مانای وشەکان نەگەیشت، لە خۆبایی بوو، بەلآم بە جەستە بوونەوەری خەیاڵی و ئەفسانەیی بوون.

خزمەکانی ببوون بە مرۆڤی ئەفسانەیی و ناسیاوەکانی، ماڵە دراوسێکانی براو خزم و منداڵەکانی خۆشی هەروا، کەسێ نەبوو بیلاوێنێتەوە یا دڵی بداتەوە. چاوی ناوەوەشی کەوتبووە کار و دووربین ئاسا، بە هەر چوار کەناری نزمترین دەنگ گوێ قولآغ دەبوو، کەچی جگە لە سامی نیوە شەوە ڕۆح بەرەکە هەستی بە هیچی دیکە نەدەکرد، تەنیا دەنگی سەگوەڕی ئەو دیوی قەلآی دەهاتە بەرگوێ، تەنیا تارمایی دەهاتنە وێزەی و خەونەکەی نازەنین وەك بازنەیەك لە جەستەو ڕۆحی وەردەهات.

ددانە کەوتووەکەی نازەنین وەك لیبۆك بە بەردەمیەوە دەکەوتە یاری کردن، لەسەر شەقامەکەی بەرانبەری پاڵەوانێتی دەنواند. خۆی بە جۆرەها شێوە دەگۆڕی.. دەبووە هەر هەموو شتێ...

بست بەبستی ئەم ناوە شارەزابوو، هەر لە بن دیوارە ڕووخاوەکانەوە بگرە تا دوورترین شوێن و نزیکترین مەنزڵگە. بە پێی ئەو ئەزموون و

ماوەیەی لە پیشەکەیدا هەیبوو. شارەزای گشت لایەنێکی دەوروبەرەکەی بوو، ئامێر ئاسا چاو و ئەندامەکانی دەجوولان.

بە کارامەیی کارەکانی ئەنجام دەدان، لە وەتەی بیری دێ ئەمە کارو پیشەی بووە، ئێشك گرتن و چاودێری کردن ببوون بە بەشێك لە ژیانی. بە دەیەها کەڕەتیش شەوی لەم شەو ترسناکتری بەڕێ کردبوو، ناخۆشی پتری تووش هاتبوو، کەچی وەك ئێستە ئەوها گیرۆدەی ترس و هەڵتۆقین نەهاتبوو. وا نقومی ناو ئۆقیانووسی وەهمکردن و خەیاڵبازی نەبووبوو. بیری نایەت هیچ شەوێ ترسابێ و تارمایی و خێوی لێ پەیدا بووبێ. یا دنیا لەبەر چاوی وا تاریك و تۆقێنەر خۆی نواندبێ. مرۆڤ و شتی ئاسایی لێ بووبێ بەشەبەنگ و دێو و درنج. گەڕەك و کۆڵانەکانی لەبەر چاو ڕەش داگەڕابێ. پیاوێکی ئازاو بەجەرگ و جەربەزە بوو، نەدەترسا، لە چاوی ماریش نەدەگەڕایەوە.

بەم خاوو خلیسکییە، وەك کەسێکی نەخۆشی زراو ڕژاو، داتەپیو نەهاتبووە بەرچاو. وا مات و مەلوول و خەیالاوی سەوداسەر خۆی گرمۆڵە نەکردبوو، وەك ئیمشەو هەستی بە ماندوو بوون و ترس نەکردبوو، ئەوەتا خەریکە دەبووریتەوەو توانای نییە بەپێوە بوەستێ، هەست دەکا نەخۆشەو حەز بە پاڵکەوتن دەکات. پێی خۆشە ڕاکشێ. چاو بنووقێنێ و ئاگای لە دنیا نەمێنێ...

بۆی ناکرێ بیرو مێشکی لە خاڵێك کۆبکاتەوە. جگە لە وەهمکردن و گومان و ڕاڕایی و بیرکردنەوە لە پێشهاتەکە ناتوانێ بەلای شتی دیدا بڕوات. شوێنێ نییە داڵدەی ئەو جەستە خاوەی بدات، ڕەنگێ نییە ئەم تاریکەی لەبەر چاو بسڕێتەوە. دەنگێ نییە ئەم دەنگە ناسازەی بۆ بگۆڕێ بە دەنگی گۆرانی و دەنگی سەگوەڕی لەبەر گوێ لاببا، ماددەیەك نییە ئەو بۆشاییەی ڕۆحی پڕبکاتەوە.. جاران گاڵتەی بەسەرماو بەفرو بەستەڵەك

و گەرمای هاوین و تاریکی و خێوو دێو درنج دەهات. وشەیەك نەبوو لە فەرهەنگی ژیانیدا ناوی گومان و ڕاڕایی و ترس بێ.

کەچی ئێستە وا خەریکە دەبێتە ترسنۆکترین بوونەوەری سەر ئەم زەمینە. وا خەریکە لە ترسی پەیدا بوونی دێو و درنج زەوی شەق بکاو خۆی تێ بپەستێ. جاران وەك پۆلا لەبەردەم ڕەشەبا دەوەستاو باکی بە برسیەتی و ماندوو بوون نەبوو. وەك مرۆڤێکی نا ئاسایی لەگەڵ ڕووداوی نائاساییدا دەکەوتە زۆرانبازی. نادیار کاری تێ نەدەکرد. جاران بەوە ناسرابوو کە بەزەبری دنیاکانی ژێرەوە ناچەمێتەوە. خەڵك پێیان دەوت: کەڵەگا– کەڵە کێوی...

کێ هەیە تاریکستان و ڕەشەبا نەیکا بە خەڵقەندەیەکی بەستەزمان، کەم کەس هەیە تا سەر بتوانێ بەرگەی گورگە هارەکان بگرێ، تارمایی نەیکا بە سەراب، وەك مشار نەچێتە سەر جەستەی و ئێسك و پروسکی نەشکێنێ.. کەسێ نەبوو لەم وەحشیەتە ڕزگاری کات و بەباوەشێکی ئارامی ببەخشێ. شتێ نەبوو خەم و پەژارەو ترسی ناو ناخی بڕەوێنێتەوە.

هێزێ نەبوو بیکاتەوە مرۆڤە ئازاکەی جاران تا چوست و چالاك، تا هەمدیسان بوێرانە بکەوێتە ئێشك گرتن و چاودێری کردن.

بوێرانە تفەنگەکە بخاتە سەرشانی و ئامادەی بەرەنگار بوونەوەی هەر کارێکی خراپ بێت کە لە ناکاو ڕوودەدات.

پاڵە پەستۆی ترس لە هەر چوارلاوە شاڵاوی بۆ دێناو توند دڵی دەگوشی. پەنجەی گومانیش لە ڕۆحی گیر دەبوو، ئەو پێشبینییەی نازانێ کەی بە ئەنجام دەگات. عزرائیل ئاسا خەریکی ڕۆح کێشانی بوو. هەستی دەکرد زەمەن لای ناجووڵێ و لە شوێنی خۆی وەستاوە. بەڵکو وای دەزانی کات هەمان ئەو کاتەیە کە هاوڕێکەی بە جێی هێشت. بە تەنیایی و

سامناکی نیوە شەو و بیرکردنەوەی سەرشێتانەی سپارد. بەتارمایی و ڕووداوی سەیر سەیری سپارد. کردییە نێچیرێکی بێ پەڕو باڵی باڵ شکاو و لە نێوان بازنەیەك لە ترس و گومان و ڕاڕایی بەندی کرد، کردیە پەندی زەمانە، ناچاری کرد وەك ئادەمیزادێکی بێ حەزو ئارەزوو، بێ ویست و ئیرادە حیساب بۆ بێ هێزترین هێز، بۆ کورتترین زەمەن بکات. وەك نەعامە سەر لە نێو کۆشیدا بشارێتەوە. بە دەیەها جاریش سەر بە سەر کاتژمێرەکەی دەستیدا شۆڕبکاتەوەو بیەوێ زوو بەیانی بیخاتە باوەشی ئارامی و هەر چوار کەناری ڕۆحی لە نێو شەوقی پیرۆزدا نقووم بکات، دنیا تاریکەکەی ڕۆحی، ناوەوەی لەگەڵ شەفەقدا زەماوەندی ڕزگار بوون بگێڕن. ئەوسا بێ ترس بگەڕێتەوە ناو ماڵ و منداڵەکانی.

نازەنین لە باوەش هەنگاو لەسەر سنگ و مەمەکانی سەر خەوێ بشکێنێ. کەسێ نەبێ لە خەوە پەمەیییەکانی بکا.

بەڵام ترپە ترپی هەنگاو نانی یەکێ ئا لەم کاتەدا سەری پێ بەرز کردەوە، لە شوێنی خۆی ڕاپەڕی و هەستایە سەرپێ.

وەك چۆڵەکە ملی درێژ کردو خێرا بە دەوروبەری خۆیدا ڕوانی....

ماوەیەك خۆی لە بۆسە نا. کە هیچی نەبینی، هەمان ئەو خەیاڵانە گەمارۆیان دایە کە چەند ساتێ پێش ئێستا گەمارۆیان دابوو، پەیوەستی هەمان ئەو بیرکردنەوانە بۆوە کە لە ئەنجامی پێشبینییەکەی نازەنین پێش ئێستا دێت. ئەو پێشبینییە ناچاری کرد بە سەرجەم ژیانی ڕابردووی خۆیدا بێتەوە. لە هەوەڵ ساتی هاتنە ئێرەی تا ئێستە پێدا هات، سوێی لەو هەموو ماوە دوورو درێژە بە فیرۆ چووەی ژیانی خۆی بۆوە کە جگە لە ئێشك گرێکی بەستەزمانی بێ ویست و ئیرادە هیچی تر نەبووەو ناشبێ بەشتێکی دی. وەك مرۆڤێکی دەبەنگی تێنەگەیشتوو نەیزانیوە لە دەرەوەی

پیشەکەی ئەو چیتر هەیە. نەیزانیوە خەڵکی دی چۆن دەژین. چ خۆشی و لەزەتێك لە ژیاندا هەیە. بیری نایەت ڕۆژێ لە ڕۆژان سەفەرێکی کردبێ جگە لە ژێر تارمەو دیوارە ڕووخاوەکەی قەڵا هەندێ کۆڵان و شەقامی تری نێو شارەکەی خۆی بە شارێکی دیکە شاد بووبێ. یا وەك خەڵکی ئاسایی شەوێك لە شەوانی ژیانی، مەگەر بە دەگمەن لە تەك ماڵ و منداڵەکانی شەوی کردبێتەوە. یا چووبێتە یانەیەك، یا سەردانی ماڵە هاوڕێیەکی کردبێ، لە بۆنە تایبەتییەکاندا خواردنێکی بەتام و لەزەتی دەرخوارد منداڵەکانی دابێ. وەك خودا پێداوەکان دەستە جلێکی گرانبەهای لەبەر کردبێ و منداڵەکانی پۆشتە بووبن. یا بەدیار تەلەفزیۆنێ دانیشتبێ و بیری لە شتێ کردبێتەوە، لە بوون و دەوروبەری ڕامابێ، تا بزانێ ژیان مانای چییەو لە دەرەوەی کارو پیشەکەی ئەو چ پیشەی دی هەیەو خەڵك چۆن گەیشتوونەتە ئاستێکی بەرز. بۆ هەندێ کەس لەزەت و خۆشی لە ژیان وەردەگرن و هەستیارترن. بۆ سەختی ژیانیش بواری هەندێ تر نادات بە بچووکترین حەزو ئارەزووە خەفە بووەکانیان بگەن.

مرۆڤێ ئەمە ژیانی بووبێ و هەموو ژیانی لەگەڵ تاریکی و تفەنگ و تەنیایی و چاودێری کردن بە درێژایی سەدەها شەو بردبێتە سەر، هاوین و زستان، بە سەرماو گەرما، ئاخۆ چ جۆرە مرۆڤێکی لێ دەکەوێتەوە، هەستەکانی چۆن دەبن، مەودای بیرکردنەوەکانی تا کوێ بڕ دەکەن.

بەڵام ئەوەتا خەریکە لە دوا ساتەکانی ژیانیدا هەست بە گۆڕانێ دەکا. گۆڕانێ کە ڕەنگە سەراپای ژیانی بگۆڕێ بەلایەکدا بیبات نازانێ کوێیە. تووشی چ پێشهاتێ دێت، پێشهاتەکەش چی لێ دەکەوێتەوە. ئایا پێشبینییەکەی نازەنین بەسەر دنیاوە دەیهێڵێ، یا نە. نەیدەزانی بۆ چارەنووس واگیرۆدەی دەستی ئەم پیشە نەگریسەی کردووەو بۆ وەك

ڕاوچی لەگەڵ شەوە زەنگ و تاریکی شەو تا بەیانی، لەگەڵ تارمایی و دڕندەو پیاو خراپاندا ڕۆژ دەکاتەوە. بۆ بۆ پیاو کوژو خراپەکاران خۆ لە بۆسە دەنێ و ئەم ئەرکە قورسە تەنیا بەم سپێردراوە. ڕەنگە جاران ئازایەتی لە زۆر بۆنەدا نواندبێ و هەستی بینین و بیستنی لا بەهێز تر بووبن. بەڵام وەك کەسێکی هەست ناسك و دڵۆڤان خۆی نەبینیوە، بیری تیژی بەلایدا گوزەری نەکردووە.

کەچی وا ئێستە بە پێچەوانەی لێهاتووە. بۆتە مرۆڤێکی ترسنۆك، گوماناوی، چاوی کزبووەو وەك کوێرو لاڵ هەڵسوکەوت دەکا. ناوێرێ ئازایانە بڕوانێتە بەردەم خۆشی. بەڵام مەودای بیرکردنەوەکانی فراوانتربوون. هەستی ناسك بووە، بیر لە زۆر شت دەکاتەوە، خەیاڵ بۆ زۆر لادا دەیبا، خەریکە لە هەندێ شت دەگا کە جاران تێیان نەدەگەیشت. ببێ بە چۆڵەکەیەکی بەستەزمان و چاوەڕێی چەقۆی ڕاوچییەك بکا تابیخاتە سەر ملی و سەری ببڕێ. یا گوللەیەك بەر سنگی بکەوێت و دەمودەست کەلەواژی بکاتەوە. ڕاوچییەك کە نازانێ لەکوێوە خۆی لە بۆسە ناوە، لە کام لاشەوە گوللەکە دەیپێکێ. لە ئاسمانەوە پڕی دەداتێ یا لەسەر زەوی. هەستی دەکرد ئەمە دوا مەنزڵگای تەمەنیەتی و گەیشتۆتە دوا قۆناغ. زۆری نەماوە لە شاخێکی هەزار بە هەزاردا بخرێتە خوارێ..

ئێسك و پرووسکی هەریەکێ بکەونە لای. ئەوسا شتێ نییە نازەنین بۆی بکا بە سەرگوزشتەی یادگارییەکانی، جگە لە تاڵی و چەرمەسەری چ شتێکی تر هەیە بۆی بکەن بە پێشەنگی یادگارییەکان. مرۆڤی بە ساڵاچووی خاوەن ئەزموون و شارەزای وا هەن، بە هەزارەها یادگارییان هەیە، وەك کۆگای بیرەوەری وان. دەیەها کردەوەی چاکیان هەیە تا ناوبانگی پێ دەربکەن. کەچی ئەوێکی ئێشکگر، وا بەناو ساڵیشدا دەچێت شتێ نییە پێی بناسرێتەوە.

تەنیا یەك كە بە ئایندەیەكی گەشی بگەیەنێ، كە وەك ترووسكایی و هیوایەك تاریكستانی ڕۆحی ڕووناك دەكا، كامەرانی كوڕیەتی... چەند حەزی دەكرد بەر لەوەی سەر بنێتەوە. كامەران/ ببینێ بگات بە شتێ و لە سایەیدا نازەنینی دایكی بحەسێتەوە. بێ ئۆقرە، نا ئارام ڕوانییە ئاسمان، ئەگەرچی هیچ ڕووناكییەكی لە ئاسماندا نەبینی و هەر چوار كەناری دنیا لە ناو تاریكیدا مەلەی دەكرد.

بەڵام وەك ئەوەی چاوەكانی كامەران دوو ئەستێرەی گەشبین وا لە قوولاییدا دەدرەوشانەوە. كامەران بە سواری گالیسكەیەك بەرەو ڕۆژهەلات تێدەپەری. بەرەو تەلارێ دەڕۆیشت كە لە شووشە دروست كرابوو. تەلارێ بێ پایە لەسەر ڕووی ئاسماندا شۆڕ كرابۆوە. بە دیتنی كامەران و تەلارەكە تەواو دڵی كرایەوەو ئارام بوو. ناو دڵی وەك ڕۆژی ڕووناك، ڕووناك بۆوە. خەمەكانی لە ژێر تاڵە تیشكی چاوەكانی كامەران چەشنی بەفر توانەوە.... قەدەرێ بە خەیاڵی كامەڕان و دوا ڕۆژی كامەران خەریك بوو. بەڵام لە ناكاو ئەمجارە بە تەواوی سەرما كاری لە ئەندامەكانی كردو برستی بڕی. كە هەستیشی بەخۆ كرد چاوەكانی هەر ئەوەتا دەجوولانەوە، دڵ تەنگی بەجارێ گەماڕۆی دا، دڵتەنگییەك كە هەر لە نائومێدی دەچوو، نەیتوانی هەستێتەوەو خۆی گەرم كاتەوە. ئەگەر چی ڕەنگە لە شەوێكی وا سەرما خۆ گەرم كردنەوەش دادت نەدا.

مەگەر لە ژوورێكی گەرمی داخراودا لە بەرانبەر سۆبەیەكی داردا خۆت لەژێر لێفە پەستابێ، جا لەم ساتە ناسكەدا سۆبە لەكوێ بێنێ و چۆن دەگاتە ماڵەوە، بەم بێ تاقەتییە چۆن خۆی دەگەیەنێتە باوەشی نازەنین، چونكە چاكترین شوێن بۆ حەوانەوە باوەشی ئافرەتە.

چەند خۆش بوو ئێستە ئا لەم ساتە ناهەموارەدا ئافرەتێ وەك نازەنین لە ئامێزی نێت و زیندووی كاتەوە. هێدی هێدی گەرمایی لەشی ئافرەتەكە

گڕ بداتەوە ئەندامەکانی و ڕاستی کاتەوە. پاشان دەستی بگریّ و بەرەو ماڵ بیباتەوە، بیداتە دەست نازەنین و منداڵەکانی. تا لەم دیو و لەو دیویدا کۆببنەوەو بکەونەوە سەرە دیقانیّ...

ئێوارە نازەنین زۆری هەوڵدا جێیان نەهێڵێ. وتی: خۆ دنیا کاول نابێت، بەم سایەقەیە بۆ کویّ دەچی. دنیا خەریکە شەختەبەند دەبیّ. خەڵك وا لە ژوورەوە گەرم نابنەوە...

چۆڵەکەی دەم سواندە بەستوویانەو تف هەڵبدەی دەبێتە شەختە، سواندەکانیش چلوورەیان کردووە. چۆن پیرێکی بیّ تاقەتی تۆ ئاسا بەرگەی ئەم سەرمایە دەگریّ. تو سەری ئەم منداڵانە ئەگەر جێمان بهێڵی. دڵم خەبەری پێداوم، ئیمشەو کارەساتیّ ڕوودەدا، دەترسم شتیّ بقەومیّ و شتێکت بەسەر بیّ، لە خەونمدا ددانی پێشەوەم کەوت و پاشان ڕەشەباو زریان لەو شوێنەی تۆ ئێشکی بەسەرەوە دەگری هەڵی کرد. زریانیّ هات و لوولی دای، نەك تۆ بەڵکو باڵەخانە و منارە و قەڵاشی لەگەڵ خۆیدا برد. دوێنیّ شەو لە خەونما ئاگردانێکی پڕ پۆلووم بنی کوێر دەکرایەوە، چەقۆیەکم دیت دەچووە سەر ملی بەرانێکی کێوی، بەرانەکەش تۆ بووی. خوێنی تۆشم بینی لە جەستەدا دەچۆڕایەوە.

ئەم دەڤەرەی نزیك ماڵی ئێمەش کەوتبووە ژێر پاڵەپەستۆی دەریایەکی هەڵچوو.. شەپۆڵی خوێن هات و لوولی داین. داری حەوشەکەمان بەهەوادا چوو. منداڵەکانمان تا قەبرستان نەگیرسانەوە. کوندە پەپوویەك لە کاولگەکەی نزیك دیواری قەڵا دەیخوێند. ڕەنگە ئەمە دوا جارمان بێت یەکتر ببینین. تەماشای لەشم کە چۆن دەهەژێتەوە.. دڵم زۆر تەنگ بووەو نازانم ڕوو لە کویّ کەم. کەی ڕەوای حەقە کۆشیّ منداڵ بە ئارەزوویەکی منداڵانە، بە کەللە ڕەقی و ساتیّ لە ئازایەتی ببەخشی، ئاخر ئێمە لە تۆ پتر کیّ شك دەبەین، کە شتیّ قەوما هانا بۆ کیّ ببەین،...

بەگوێی نازەنینی نەکردو لە جاران زووتر ملی ڕێی گرت.تەنیا قسەیەك کە وتی ئەوەبوو، مردن بە دەست خوایەو ترسی ناوێ، وتی خەم مەخۆو بێ خەم بۆ خۆت بنوو، منیش لەگەڵ گەردی بەیانی بەساغ و سەلامەتی لەناوتانم. چونکە پێی وابوو ئەگەر لەماڵەوە بمێنێتەوە ئەوا دەبێ تا سبەینێ گینگل بدات. خۆی بخواتەوەو دڵی هەر لای قەڵاو کۆڵان و شەقامەکان بێ. نەیدەتوانی فرمانی دڵی فەرامۆش کات و بڕیاری مانەوە بدات. بەدڵ شکاوی نازەنینی جێ هێشت و بەرەو باوەشی دیوارە ڕووخاوەکەی قەڵاو ژێر تارمەو کەلاوەکان هات. ئەوانی کردە هاوڕێ و هاودەم. وایزانی قەڵا قەڵغانی خۆپاراستن و دەرمانی مانەوەیە بۆی، وایزانی ئەگەر شتێ بقەومێ بەردو کەرپووچەکانی بە هانایەوە دێن، لە خوا دەپاڕێتەوە کە سەلامەت دەربچێ، دەیگوت: بە سەدەها شەوی لەوە ترسناکترم بەڕێ کردووە، بەفری سەر بەکڵاوەش باریوە، کەوتوومەتە ناو گێژەلۆکەی تۆقێنەرتر. دنیا لە ژێر بەفردا دیارنەماوە، زریان و لافاو کاریان تێ نەکردم و هیچم لێ نەهاتووە، لە ئێشك گرتنی خۆم نەکەوتووم. ئیمشەویش پشت بەخوا هیچم لێ نایێ و بەسەلامەتی دەگەڕێمەوە. بە تەواوی بەناو قووڵایی جەستەو ڕۆحی خۆیدا ڕۆچوو، لەناو خەیاڵی خۆی و بێ دەنگی و ترسناکی نیوە شەوەکەدا نقووم بوو. لەناو گومان و لێکدانەوەی وشەکانی نازەنین پێ مەلەی بوو. هێندە بیری کردەوە، بێ ئاگا بوو لەوەی سەرما چ کارێکی بە جەستەی کردووە. دەست و پەنجەو قاچی چییان بەسەر هاتووە. بێ ئاگا بوو لەوەی خەریکە خوێن لە دەمارەکانیدا دەمەیی. نەیدەزانی وا لە دوا هەناسە نزیك دەبێتەوە. هەستی بەوە نەدەکرد.. خەریکە لەشی هێدی هێدی لەکار دەکەوێ و پێی نازانێ. تا بەرە بەری بەیانی بوو بە پەیکەرێکی بێ گیان و دوا هەناسەی دوور لە باوەشی نازەنین دا.

١٩٩٨

# بزربوون

لە تەنگاوی زۆر بیرکردنەوەتدا نەگەیشتییە هیچ ئەنجامێ: بە ڕاستە ڕێکاندا سەرکەوتی، کوێرە ڕێکانشت بە سەرکردەوە. نەگەیشتییە هیچ، بوویە میوانی ترۆپکەکانیش، بە دوای چرایەکدا وێڵی شاران بووی، وەك ئەوەی لە شوێنی خۆتدا سووڕ بخۆی، جارێ نەبوو خۆت لە شوێنی تردا ببینی، یا بە دەوری بیرکردوەنەوەی تر و خەیاڵی تردا بسووڕێیتەوە. بۆ هەر کوێ دەڕۆی، سەر بە کام کەناردا بکەی، هەمان زریان لوولت دەدا. داوە دەزووی بیرکردنەوە ئاڵۆزەکانی ناو مێشکت پێ لێك ناکرێتەوە، سەوداسەری خەیاڵی سەیر و سەمەرەی و لە سەر جێگاکەتدا ئۆقرە ناگری. گاهـ ڕادەکشێی و گاهـ بەرزەپێ دەوەستی، خێرا و گورج و گۆڵ، کتوپڕ بەرەو نادیار ڕادەکەی، بە دوای سەراب و تراوێلکە، دەشت و دەر تەی دەکەی. ئەمجا بە هەمان خێرایی دەگەڕێیتەوە هەمان شوێن.. هەندێ جار بیر لە گۆڕانێکی کتوپڕ دەکەیەوە کە جەستە و بوونت بگۆڕێ، بتکا بە مرۆڤێکی ئاسوودە و ئۆقرە گرتوو، لە باوەشێ هێمن و ئارام بۆ خۆت بۆ هەمیشە کڕ بکەوی، لە ناو کەژاوەیەکی دوور لە ژاوەژاو و تێك قژقژانی ئەو ئافرەت و منداڵە چەتوونانەی ڕۆژ نییە سەر بە ماڵەکەتا نەکەن، بخەوی، یا وەك مرۆڤەکانی سەردەمی کۆن ژیانت ئاوێتەی سیحر و موعجیزە بێت، یا وەك ئەوانەی خواوەند نەفرەتیان لێ دەکات تۆش ببی بە باڵندەیەك یا ئاژەڵێك و بۆ خۆت لە نێو رەوی باڵندە و گارانی ئاژەڵان بە سەر لقی دارێ یا باخچەیەکی ئاژەڵان بگوزەرێنی. ئەوەت پێ باشترە ببی بە بوونەوەرێکی بەستە زمان و لە دەرەوەی کۆمەڵگای مرۆڤدا بژیت، نەوەك لە دۆزەخی رۆح و تاریکستاندا، لە

جەنگەڵستانی دڕندەی دوو پێدا ژیان بە سەر بەری، چی لەوە خۆشترە دوو باڵ لە لەشتدا بڕوێ و سووك بە ئاسماندا بفڕیت، بەرز بەرز بە ناخی ئاسماندا بڕۆیت. بە سەر دەشت و چیاکاندا بسووڕێیتەوە. کامە شوێن دوورە بۆ ئەوێ بڕۆیت. هەرچ کاتێکیش ویستت بەرەو ئەو شوێنە لە شەقەی باڵ بدەیت کە کارەساتەکە تێیدا ڕووی دا.

گرینگ کۆتایی بەو هەموو ئێش و ئازارەی ناو ناخت بێت، ئەم چاوەڕوانییە جەرگبڕە خەمناکەی وەك کفن لە بەژن و باڵات ئاڵاوە بدڕێ، ئەو هەموو شەونخوونییە تاکەی بچێژی و لە پای چی هەمیشە چاوەکانت خەواڵۆبن، ناو دەمت تفت و تاڵ و خواردنت بۆ قووت نەدرێ، لە جیاتی نان تاڵاوی مەرگ بچێژی، تاقەتت نەماوە چیتر وەڵامی پرسیاری خەڵك بدەیەوە. خۆ تۆ پڕۆگرامی پرسیار و وەڵامدانەوەی پەردەپۆش نیت.

ئەو پرسیارانەی گومانیان لێوە لە دایك دەبێ، ئەو پرسیارانەی جەرگبڕن، دەرزی و مەقەسن، ناخت دەرزی ئاژەن دەکەن و دەتبڕن. دەتکەن بە پارچەی بچووك و فڕێت دەدەنە بەردەمی سەگە هارەکانی دۆزەخ، ئەو گومانانەی وەك جڕوجانەوەر تێت دەئاڵێن و قەپت لێ دەگرن.

بە درێژایی شەو سەگ وەڕو لوورە لووری گورگ گوێت پێ هەڵدەخەن و گوێ بۆ سەدای لەبن نەهاتوو شل دەکەیت، بۆت نییە و پێت ناکرێ گوێ بۆ شتی تردا بگری، شەوەهاش تارمەییەك یاریی بە هەست و نەستت دەکات. تارماییەکی ئاشنا بە ڕۆحت، وەك فەرزەندەیەکی زیندوو لێت نزیك دەبێتەوە. لە بەرامبەرتدا قاقا پێ دەکەنێ. جارجارەش باوەش بە یەکتردا دەکەن و لە ئامێزی یەکتردا دەخەون. کە بێداریش بوونەوە سەرگوزشتەی ژیانتان بۆ یەکتر دەگێڕنەوە. بە دەم گێڕانەوەی دەنگ و باسی ئەم چەند مانگەی دوور کەوتنەوەشتان بە دەیەها پڕۆژە بۆ چۆنیەتی ڕزگارکردن و زیندوو بوونەوەی ئەو دادەڕێژن.

ئەوسا پەیمانی ئەوەش بە یەکتر دەدەن کە هەتا هەتایە دڵسۆز و بە وەفاو بە ئەمەك بن بۆ یەکتر، زەرەر بە یەك نەگەیێنن. لە ئەنجامی دووبارە بوونەوەی دەیەها کەرەتی ئەم کردارەشدا هێندە متۆی ئەم دیمەنانە بوویت و هێندە حەز بەو کارە دەکەیت، خەریکە خۆشت ببی بە تارمایی. حەزت لێیە هەموو شەوێ تا بەرەبەیان قسە لە گەڵ سێبەر و گەڵا و دەرگا و پەنجەرەکاندا بکەی. تێر دەردی دڵی خۆتیان بۆ هەڵڕێژی.

ڕازونیازیان لە گەڵ بگۆڕیتەوە. حەز دەکەی باوەڕ بە پاساو هێنانەکانت بهێنن، لێیان دەپاڕێیەوە کە هەر هیچ نەبێ ئەوان بە تاوانبارت نەزانن. چەند خۆشە ئەگەر تەنیا بۆ یەك تاقە جاریش بێ تارماییەکە گیانی وەبەر بهاتایەوەو لەبەر دەمتدا بوەستایە. تۆش وەك مرۆڤێکی ڕۆح لەبەر لە گەڵیدا بدوێی و پێ بکەنی. دابنیشێ و گوێ بۆ سەربوردەکانی ژیانت بگرێ. نەك وەك تارمایی. تەنیا بە خەیاڵ و جەستەیەکی مردوو ختۆکەی چاوت بدا. بەڵام کە مرازی حاسڵ نەبێت ناچار، گەڵاکان، دەرگاکان، پەنجەرە و شووشە، شیشەکان بە زیندوو بزانی و لە گەڵیان بدوێی، بە هاوڕێ و هاودەم بیانژمێری، دەردی دڵی خۆتیان. نهێنییەکانی ژیانتان بۆ باس بکەی و لەبەر دەمیان وەك ئافرەتێکی کۆس کەوتوو بدەیە پڕمەی گریان. حەقی خۆشتە لە قەرەباڵغی و تێك قژقژانی منداڵ و ئافرەتەکان بێزار ببی، ئەوانەی هەموو ڕۆژێ هەر لە بەیانییەوە بۆ پرسە و هەواڵ پرسین و دڵدانەوە دەڕژێنە حەوشەکەتان، دەنگی گریان و قیژەقیژ، سینگ کوتان و واوەیلا تێکەڵ بە سەدای گوێکانت دەبن. تێکەڵ بە ناخی بریندارت دەبن. تۆ خۆت دڵ پڕ حەسرەتی و ئەوانیش پتر بێزارت دەکەن. ماڵەکەتان وەك هەراجخانەی لێ هاتووە. ئەوانەی دەیانناسی و ئەوانەی نایانناسی ڕۆژ نییە نەتخەنە نێو بازنەیەك پرسیاری بێ سەروبەر و گوماناوی. هەست دەکەی پرسیارەکانیان سەر ئێشە و گومانی پترت بۆ

دەخولقێنن. دەتخەنە ناو گێژاوی خۆ بە کەم زانین. خۆ بە تاوانبار زانین. هەست دەکەی تۆ بوویتە شتێکی بێ بایەخ و لە مرۆڤایەتی شۆراویتەوە. خەریکە قەرەوێڵە و دۆلاب و کورسی ئاسا هەراجت دەکەن. بۆیە وا دەوریان تەنیوی. وەك مار لە ڕۆحت وەر هاتوون، بۆ هەر لایەکیش بڕۆیت وەك دیوارێ لەبەر دەمت ئامادەن و ناهێڵن لە بازنەکەی دەرکەوی، سنوور بەزاندن حەرامە و پیرۆزی بارودۆخەکە دەشکێ، پیرۆزی پرسەکە لەکەدار دەبێ، نەك هەر حەوشە بەڵکو ژوورەکانیش جمەیان دێ، پرسەی وا دوور و درێژ لە مێژوودا کەم وێنەیە، پرسەی ئاسایی سێ ڕۆژ و چوار ئەو پەڕەکەی با هەفتەیەك بخایەنێت، پاشان هەموو شتێ کۆتایی دێت، کەچی ئەوەی ئێوە درێژترین پرسەیە و لە پرسەش ناچێ، نەوەد ڕۆژی بێ کەم و زیاد. ئەمەیە حاڵ و گوزەرانتان. مەگەر شەو نووستنان کەمێ ماڵەکەتان بحەسێتەوە. ئەمەش قەیناکا. ئەی ئەو هەموو دەنگ و باس و خواسانەی ڕۆژانە وەك تۆپەڵە قوڕ بە ڕووتدا دەدرێن. نازانی بە کێ باوەڕ بکەی و هی کامیان بە هەند هەڵگری. کێ ڕاست دەکا و کێ نا. کامیان بکەی بە خاڵی دەست پێکردن و کامیان بە خاڵی کۆتایی. هەنگاوی یەکەم لە کوێوە دەست پێ بکەی و لە کوێش ئەم مەرگەساتە کۆتایی پێ بێنیت، چونکە هەریەکێ لە گۆشەنیگایەکەوە دەڕوانێتە ڕووداوەکە و لێکدانەوەی جیاوازی هەیە.

ئەوسا وەرە ئەو هەموو لێکدانەوەیە تاوتوێ بکە و بزانە کامیان ڕاستن. نازانی مشووری چی بخۆیت، گوزەرانی خۆت و منداڵەکانت یا ئەو هەموو بارگرانییەی لە ئەنجامی ڕووداوەکە کەوتۆتە سەر شانت. دەستی دایکی بێگەردت شکاوە، دەنا دەتزانی چۆن هەڵسوکەوتت دەکرد و چ هەڵوێستێکت دەنواند. ئاخر دڵ ڕەنجاندنی دایکێکی کۆست کەوتوو گوناحێکی گەورەیە. یەك دوو ڕۆژ لەمەوبەر کە هاتنە دوات بۆ ئەوەی بچی

گۆڕێ بۆ مردوێکیان هەڵکەنی، پێت گوتن: ئاشنایەتیم لەگەڵ هەنسکدان و گریان و واوەیلای خەڵکدا نەماوە، خۆم بوومەتە ئەوانە، ناتوانم هەتا بۆ خۆشم بگریم. گوتیان: خەم هەر خەمە، ئەگەر خەمی خۆت بێ یا هی خەڵك. گوتیان: کۆست کەوتن بۆ هەموو غەریبی و دووره وڵاتییە.

گوتت: سووتانی من لە سووتانی هەمووتان بە سوێترە. خەمی من بۆتە پۆشاکێك و لە جەستەمدا ئاڵاوە، ژانی من بە ژانترە لە ژانی....

هەر ئەو دەمیش لەبەر چاویان بە چۆك داهاتی و داتە پرمەی گریان. خۆت بە پێوە نەگرت و پاڵکەوتی. کە جێشیان هێشتی هێندەی تر کرووزایتەوە، ئازاری ناخت پتر بوو، برینەکانت وەك دوومەڵ تەقین. خوێنیان دەرکرد. مێشکت کاس بوو، بیرکردنەوەو خەیاڵی سەیر بە کەللە سەرتا وەربوون، بەرەو دواوە گەڕاندتیانەوە.

بۆ مەڵبەندی لەدایکبوون و مەنزڵگای باو و باپیرانت گەڕایتەوە، شوێن، گوندێکی بنار شاخی سەفینە، خۆت و ئەوان، دایکت و باوکت، هەتا باپیرەشت زیندوو ببوونەوە، وەك جاری جاران تۆ منداڵ بوویت و بە سەر شانی باوکتەوە بووی، ترێتان دەڕنی، جارجارە هێشووە ترێیەك دەکەوتە سەر پشتت و چەند دەنکێ بە سەر قژی ئاڵۆسکاوتدا دەهاتە خوارێ. لە چاوترووکانێکدا کۆمەڵێ وێنەی جۆراوجۆر خۆ دەئاخننە ناو کەللە سەرت و زووش ون دەبن، دەبن بە خەون، دەبن بەو خەونانەی زۆر زۆر لات لە ڕاستییەوە نزیکن، دەبنە چەند تاشە بەردێکی ناو ڕووبارەکە. دەبنە پسوولە و ناونیشانێکی ون، سەعاتێك و خاڵێکی سەر چەناگە، ئەو خاڵەی بە دەیەها جار لێوت خستۆتە سەری و تێر ماچت کردووە، بە ڕوومەتە چرچ و تێك قۆپاوەکەتدا نووساندووتە. ئەو خاڵەی وەك ئاوێنەیەك بۆ تۆ وابوو، تا هەموو جیهانی لە نێودا ببینی. هەر لە خانووە قوڕینەکەی ماڵی باوکت و کۆڵان و سەر جادەو ئەوسا شارۆچکەو ڕەزو باخەکان، پێ

دەشتەکان، شاخ و کێوە سەرکەشەکان، ئاسمانی ساف، هەورو باران و بەفر بارین، سەوزایی بەهاران لەوێوە بۆت دەردەکەوتن، لەوێوە دیار دەبوون. منداڵی خۆت، زیندوو بوونەوەو یادگارییەکانی باوکت، دەربەدەری و کۆچ و کۆچبار تێکنان، ئاوارەبوونی دەیەهای وەك ئێوە، هەڵاتن و بە شاخ هەڵگەڕانی سەدەها، ئاودیو بوون، لێك دابڕانی دایك و منداڵ، بەجێمانی پیرەمێرد و پیرەژنەکان. خەزانی خەڵقەندەی وڵاتەکەت، کەوتن و هەستانەوەو گۆڕی بێناز و ڕەش داگەڕانی پێ دەشتەکان. گەڕانەوەو ئاوارە بوونی دەیەها جاری خەڵکی وڵاتەکەت، لەوێوە دەهاتە بەرچاو. ئەو خاڵە نەبوایە زەحمەت بوو وا بە ئاسانی و تا ئێستا بە پێوە خۆ ڕابگری، کەچی ئەوەتا لە چاوترووکانێکدا وەك دەنکە مروارییەك کەوتە ناو ئۆقیانووسێ و بزربوو. نازانی لە کوێیەو بۆ کوێ چوو، زەوی قووتیدا یا ئاسمان.

ئەمێستاکە تەنیا دەنگێکە و بەس، تەنیا نووزانەوەیەکەو بەس، ئەوەتا لە دوورەوە گوێت لە هاوارێکی تاساوە، هاوارێکی جەرگبڕ دنیای خستۆتە شین و واوەیلا. دنیای کردۆتە خەزانێکی تەمەن درێژ و زەحمەتە بەم ئاسانییە ئەم وەرزی گەڵاڕێزانە ببڕێتەوە، ئەوەتا دار و بەردی وڵاتەکەت، قژی دەڕنێتەوە، فڕندەکان پەڕەمووچ هەڵداوێن و خۆ ڕووت دەکەنەوە، بەفر ئەم ناوەی داپۆشیوە، دنیا وەك شەوەزەنگ وایە.

خۆشت مەلێکی بەستەزمانی و بوویتە مامە خەمەی حەوت کێشوەری دنیا، وەیشوومەیە وەیشوومە.

نازانی کەی شەو دێت و کەی ڕۆژ هەڵدێت.

نازانی چۆن دەخەویت و چۆن بیردەکەیەوە، بیرکردنەوەکانت بێ سەر و بەرن، ڕەشەبایێ لوولی داوی و ژیانت دۆزەخێکە بۆ خۆی، نازانی چ

خەون و خەیاڵێ سەر بە مێشکدا دەکەن. نەك هەر ئەوە، بەڵکو خەریکە خۆشت دەبی بە تارمایی. ئەو شتانەی تۆ دەیانبینی و هەستیان پێ دەکەی نەك هەر چاوی ئاسایی و مرۆڤی ئاسایی نایانبینێ، بەڵکو نەبیریان لێ دەکاتەوەو نە بە بیریا دێن، ئەو شتەی تۆ دەربارەی مەرگەساتەکە دەیزانی ئەوان نایزانن. نازانن مەرگەساتەکە چۆن ڕووی دا و کەی دەستی پێکرد، پاشان چی قەوما، چونکە هەندێ شت هەن مرۆڤ هەتا بۆ خۆشی ناتوانێ بیانڵێ.

وەرە بە بەرچاوتەوە، کەسێکی زۆر نزیك لە خۆت، ئازیزێ، خۆشەویستێ، کوڕپەیەك ئاوزینگ بدا دەسەڵاتت نەبێ ڕزگاری کەی. وەرە جگەر گۆشەیەك لەبەر چاوتدا دڕندە پارچە پارچەی کەن و نەتوانی ببزووی، کە کەوڵی کەن نەوێری ببزووی، کە ئەندامەکانی یەك یەك بخەنە بەردەمی یەکتر، کە ئێسقانەکانیشی بڕننەوە نەوێری ببزووی. ئەمە چ مەرگەساتێکە. کە نەتوانی گۆڕێ بۆ تەرمەکەی هەڵکەنی، کە هیچ شتێ نەبێ بیخەیتە ناو گۆڕ، ئەی ئەمە مەرگەسات نییە، ئەوکات نەتوانیت ڕزگاری کەیت و نەتوانیت ببزووی، نەتوانیت بگری، بە دەیەها شەو بەدەم پەڵە خوێنێ لە سەر زگ ڕاکشای و دەمت نایە لێوی شوێن پەڵە خوێنەکان، خوێناوی خاکت هەڵمژی، بێهۆش کەوتی، کە لە چۆڵەوانی مایتەوە، ڕیش و سمێڵت بستێ دابەزی، کە هاتیتەوەش بە دەست ڕیشت هەڵگرتبوو، ببووی بە دەروێشێکی ئاشنای کێو و دارستانەکان، بست بە بستی کێوەکان شارەزا بووی. لەگەڵ دار و درەختەکانی ئەوێ لەگەڵ کانیاوەکانی ئەوێ، لەگەڵ ئەشکەوتەکانی ئەوێ، هاوڕێ و هاودەم بووی، ئەوا خەریکە هەمدیسان بڕیاری ئەوە بدەیت کە بچیتەوە لایان، هەر لەو شوێنەی کارەساتەکەی لێ ڕوویدا! کوخێ دروست دەکەیت و بۆ هەمیشە لەوێ دەمینێیتەوە، تا بۆ هەمیشە شوێن پەڵە خوێنەکان لەبەر

چاوت بن و دواجار تۆش ببی بە پەڵە خوێن و لە هەمان شوێن بڕژێی.

هەتا ڕوحیشت بۆن و بەرامەی خاك و خۆڵی ئەوێی بە سەردا بپژێ.

تا لەوێ خاك و خۆڵ خۆشترین گۆرانی بۆ ماندووبوونت بچڕن و تۆش ئاوازدانەرێکی کارامە بی، کارامەترین نەی ژەنی ئەم سەر زەمینە بوویت، ماوەی ٢٥ ساڵ ئاشنای بەرد و خانوو و گەچ و شووشە بوویت، جوانی و ڕێکوپێکی لەگەڵ ڕۆحتا تێکەڵ بووبوون، ئاشنای خانووبەرەی سیحر ئامێز بووی، لە ماوەی ئەم تەمەنە درێژەشتدا هیچ شتێ هێندەی کارەساتەکە کاری تێ نەکردی، باکت بە ماندوو بوون و پیری و شەونخوونی نەبوو، تەنیا بە جیابوونەوە لە ئاشنا و خۆشەویست و ئازیزان خەم دایدەگرتی و سوێت بۆ دوورییان دەبۆوە، بەڵام ئێستا لە تواناتدا نەماوە نەك بۆ خەڵك، بەڵکو بۆ ئازیزترین کەسیش ئەم کارە بکەی، ئەوسا بوایە دەتتوانی بە جوانترین شێوە جوانترین خانوو دروست بکەی، بە شێوەیەکی ئەندازەیی هەڵیبچنی، بەڵام ئێستا دەستت ناگرێ، ئەم عەشقەی جاران لە فەرهەنگی تەمەنتدا شۆڕاوەتەوە.

١٩٩٢

# گوناه

## ١

لە ناکاو کۆمەڵێ ناحەز هاتن و گومانێکی سەرە خۆرەیان لە دڵتدا چاند. گومانێ کە گۆبەند و کارەساتێکی گەورەی بۆت نایەوە، ژیانتی نقوومی نێو دوودڵی و ڕاڕایی کرد. دڵت کرمێ بوو. هەتا وای لێهات هەست بەوە نەکەی کە بوونەوەرێکی ڕاستەقینەی. وات لێهات بە گومانەوە بڕوانیتە دار و درەخت و گشت بوونەوەرێکی ئەم جیهانە، گشت بوونەوەری ئەم سەر زەمینە بە ناپاك و چڵێس و ئادەمیزادەکانیش بە دووڕوو، دڵڕەش بزانی... وەك دوژمن و خراپەکار دەرحەق بە هەردووکتان تەماشایان بکەی.

چونکە لە وەتەی کارە دڕندانەکەت ئەنجام داوە، وا دەزانی دار و دیوار و پەنجەرە، ساپیتە و دەرگای ژوورەکانیش پەنجە لە ڕووبەریان ڕوواوە و بە ڕقەوە پەنجە بۆ تاوانبار کردنت هەڵدەشەقێنن. بە تاوانبارت دەزانن. دەرەوە و ژوورەوە بۆ تۆ هەر وەکو یەکن. ئاسمانیش وێنەی ئەوی تێدا دەردەکەوێ و بە ڕووتدا هاوار دەکات و پێت دەڵێ: تاوانبار، دڕندەی خوێن ڕێژ، خوێن مژترین مرۆڤی ئەم سەردەمە، تاوانبار ترین ئادەمیزادی ئەم دنیایە. ئەو دنیا پڕ سیحر و جوانییەی بۆ پاکیزەکان خوڵقاوە، نەك بۆ تۆ. هەی نەفرەت لێکراو. بڕۆ بەر نەفرەتی دنیا و قیامەت کەوی.. ئاخر چۆن دڵت هات جگەر گۆشەیەکی بەستە زمان بەم شێوە دڕندانەیە هەڵپاچی، ئاخر ئەو وەك فریشتەیەکی پاك وابوو، گوڵێ بوو، پیرۆز، وەك پەرستگاکان. درەختێکی بەردار بوو لە ناو دەیەها دڕکی ژەهراویدا ڕوا بوو. دە بچێژە ئەو تاڵاوە

دۆزەخـیـیـەی خـۆت بـۆ خـۆتت گرتـۆتـەوە.. تـۆ کـەی هـی ئـەوەی خـواوەند بـتـبـەخشیّ؟ کـیّ هـەیـە بـەوە قـایـل بـیّ گـونـاهـکـاریّکی گـەورەی تـۆ ئـاسا ببەخشیّ؟؟ خواوەندی میهرەبان و بەخشندە ئەوانە دەبەخشیّ کە نیاز پاکن و لە بیّ ئاگاییەوە کارەساتیان لە دەست دەقەومیّ.. نەك بیّ ویژدانیّکی وەك تۆ کە لە ئەنجامی بیرکردنەوەیەکی زۆر کارەکەت ئەنجام داوە.. لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەشدا لە عاقڵ عاقڵمەندتر و هۆشمەندتر بووی. لەوەش بە ئاگابووی بۆ ئەم تاوانە دەکەی و بۆ چی دەیکەی. خوا لەوانە خۆش نابیّ کە پاش تاوتوویّ کردنی دەیەها پیلان بڕیاری گونجاو لە کـاتـی دیـاریـکـراودا دەدەن، تـاوانـکـردن بـەرانـبـەر نـزیـکـتـریـن کـەس و خۆشەویستترین کەس لە خۆیان. بە چەند قسەیەکی پڕوپوچ، بە فسکە فسکی چەند ناحەزیّ، چەند بەکرۆکەیەك هاتن و لەبن گویّتیان خویّند. تا دوا دواش وازیان لیّت نەهیّنا. تۆش ناپاکانە پاکیزەیی ئەوت خستە ژیّر پیّ و لە بەرەبەیانی ڕۆژیّکی تەم و مژاویدا بە پەل بەستراوی بەرەو شویّنیّکی دووره شار ڕاپیّچت کرد، شویّنیّکی ترسناك و چۆڵ و هۆڵ، شویّنیّکی دوور لە ئاوەدانی، چەقۆی گومانت خستە ملی و پاشان لە شاخیّکی هەزار بە هەزاردا خستتە خواریّ، ئاخر چۆن دڵت هات ئەم لاشە نەرم و نیانە، ئەم باڵا بەرز و شیّوە جوانە، ئەم بوونەوەرە پاکیزەیە وا بیّ ویژدانانە بەرەو دۆڵیّکی ترسناك ڕەوانە بکەی، تا لەویّ هەپڕوون بە هەپڕوون ببیّ. هەر ئەندامیّکی بکەویّتە شویّنیّ، جانەوەر لە دەست و قاچی بئاڵیّ و قەپی لیّ بگریّ. ئەوەتا ئیّستا پەشیمان بوویتەوە. نەك هەر ئیّستا، بەڵکو دەمیّکە ژەهـری پـەشیمـانـی دەنـۆشی. هـەر لـەو کـاتـەش کـە پـەشیمـان بـوویـتـەوە بـە دەیەها جار بە قەدی شاخەکەدا هەڵگەڕاوی.. سەرما و سۆڵەت چەشتووەو لە ئەشکەوتەکاندا ماویتەوە، دەستە و ئەژنۆ تا بەیانی بە دیار تاشە بەردەکاندا ڕووەو ئاسمان لە خوا پاڕایتەوە کە لیّت خۆش بیّ. کەچی خوای گەورە قایل نییە بتبووریّ.

٢

لەوێ لە کونی ئەشکەوتێکدا،

لە باوەشی تاشە بەردێکدا بە چۆك داهاتم

گوتم: ئەی یەزدانی پاك

بەر نەفرەتی ناپاکم مەخەو بمبەخشە،

قایل نەبوو بمبەخشێ.

ئادەمیزاد بووم کردمی بە ئاژەڵ، دوو گوێچکەی درێژ لە شوێن گوێیەکانمدا ڕوا.

لە سەر چوار پەلدا کەوتمە سەر زەوی،

دەمم بوو بە قەپۆز.

ئاژەڵ بووم کردمی بە باڵندەیەکی گۆشت خۆر،

کەوتمە ناو تووك لەشمی داپۆشی،

دەمم وەك دەنووك درێژ بوو.

پاشان بووم بە مارمیلۆك و کەوتمە کونە دیوارێ،

تەونێکی ئالۆزیش لە لەشم ئالا،

تا هەتا هەتایە لەوێ بمێنمەوە.

کە مارەمیلۆکیش بووم کردمی بە مارێکی نەفرەت لێکراو و لەشم لە پوولەکە وەرهات.

بوومە پاسەوانی گۆمە ئاوێکی لیخن.

کە گیاش بووم لە دەم زێرابەکاندا شین بووم.

هێندەی کردم نەبوومەوە ئادەمیزاد.

دڵم وەك شووشە وردوخاش بوو،

دڵم پڕ بوو لە ڕقی بۆگەن،
کەوتمە ژێر پێی گیانداری لە خۆم پیستر،

بۆ هەمیشە دۆناودۆن بووم، خواوەند لێم خۆش نەبوو. چەند شەوێ پاش دۆناودۆن بوونم، پاش نیوە شەو، لە ناکاو هاوارێکی تاساو لەبەرەدم کانییەك هەستا.

تا دەهات نزیك دەبۆوە. وەك دەنگێکی ئادەمیزادانە دەیقیژاند.

باسی ئەو دەنگ و باسە هەڵبەستراوانەی دەکرد کە کاتی خۆی بە گوێمیاندا دەچرپاند.

لە نووکەوە بە درۆی دەخستنەوە. دەیگوت: ئەوەی بە تۆیان دەگەیاند هیچ پەیوەندییەکی، چ دوور و چ نزیك بەوەوە نەبوو. هەمووی درۆو بوختان بوون. کۆمەڵێ شت بوون و خۆیان دروستیان کردبوون تا لە یەکتان بکەن. تۆ کۆستت کەوێ و ئەویش ناموراد لە کێوان سەر بنێتەوە. ناحەزان دڵیان پڕ لە قینی ڕەش بوو، ویستیان بەم کارە تۆڵەی رام نەبوونی لێ بکەنەوە. ویستیان هەم تۆ، هەم ئەویش بەم دەردە ببەن.

تۆ بە دەم ئازارەوە لە دەم ئەشکەوتێ، دوور لە ئاوەدانی، بەرامبەر سامناکی ئەم کێوە هەزار بە هەزارە تا دنیا دنیایە چاو لەوێ بی.

کەسێ نەبێ ئاوڕێکت لێ بداتەوەو سەرنجێکی ئادەمیزادانەت بدات. بە مەخلوقێکی نەفرەت لێکراوت بزانن. نەك ئادەمیزاد. بەڵکو دارو بەرد و ئاسمان و باڵندە و ئاژەڵیش بە نەبووت بزانن. پەنجەی تاوانت بۆ درێژ بکەن. بە گێل و کوێر فامێکی دڕندەت دابنێن.

بووی بە مامە خەمەی هەر حەوت کێشوەری دنیا.

نە بۆت هەیە ببیەوە ئادەمیزادەکەی جاران و نە ئەویش دەگەڕێتەوە. بەم شێوەیەی ئێستات لە تواناتدا نییە تۆڵە لە ناپاك و ناحەزانت بکەیتەوە.

ئێستا ئەگەر خواوەند لێت خۆش بوایە دەتزانی چیت دەکرد، چۆن نهێنییەکت ئاشکرا دەکرد. بەم کارەش هەم کوڵی دڵی دایکی دادەمرکایەوەو هەم تۆش دادەسەکنای.

هەر چۆنێ بووایە دایکی دەهاتە شوێن ڕوودانی کارەساتەکەو لە جیاتی قژ و چاو و کەللە سەر و ئێسقانەکانی، هەندێ وردە بەرد و چەند بنجە گیاییێکی دەخستە ناو توورەکەیەك و دەیدایە کۆڵ. پاشان بە شێوەیەکی ڕێکوپێك دەیشۆرد و کفنی دەکرد. ئەوسا لە گۆڕێکدا بۆ خۆی هەمیشە مت دەبوو، بەڵام ئێستا مەگەر لە خەودا تارماییێکی سپی پۆش، لە سەر شێوەو ڕوخساری مرۆڤێکی ئاشنا و زیندوو، کتومت وەك ئەو، بەژن و باڵا و قژێکی خورمایی ببینێ.

یا بە خەیاڵ بیخولقێنێ و لە گەڵیدا بکەوێتە ڕازونیاز گۆڕینەوە. تۆش وەك تاوانبارێ لەبەردەمی بوەستی و ئەویش وەك دادوەرێك پرسیارت ئاراستە بکات.

ناچاری لێی بپاڕێیتەوە تا وەك جاری جاران تاڵەمووی قژە خورماییە ئاڵۆزەکەی بخاتە ناو پەنجەکانت و تۆش هێدی هێدی بۆی شانە بکەی.

کەچی ئەو ڕازی نابێت وەك جگەر گۆشەیەك لە باوەشتدا کڕ بکەوێ و چاوی ماندووی لە نێو هێلانەیەکی ئارامدا لێك بنێ.

حەز بەوە ناکات بە خەیاڵیش بۆ دنیای ئەوسا، بۆ منداڵی بگەڕێتەوە. نایەوێ لەگەڵ باوکێکی بێ ویژدانی وەك تۆ بگوزەرێنێ. بچێتەوە ناو باخ و باخاتی گوندەکەتان. ئەو گوندەی کەوتۆتە قەد چیایەکی سەرکەش،

گوندی پاکیزە ڕوخسار گەشەکان. ئەو گوندەی مەڵبەندی پەری و ناسکە کێوییەکانە، مەملەکەت و داڵدەدەری بێ نەوایانە. ئەو گوندەی گەڵای درەختەکانی بۆتان دەکردە چەتر و ڕایەخ. تا جەستەی شەکەت و ماندووتان لە باوەش بگرێ. ئەو گوندەی جۆگەلەکانیشی دەتانیشۆردەوە.. تا بە پاکیزەیی، لە ژێر ئاسمانی بێگەردا تێکەڵ بە پاکیزەیی فریشتەکان ببن. تا لە باوەشی دایکێکی بەسۆز و میهرەبانیدا خەون بە دوا ڕۆژێکی پڕشنگدار ببینن. بەڵام مخابن بەم کارە چەپەڵە دڕندانەیەی کە کردت هەم خۆت و هەم ئەویشت لەو دنیایە سیحر ئامێزە کرد. تۆ ژیانت بوو بە تاریکستان و دۆزەخ و ئەویش لەو جوانییە، لەو سۆز و خۆشەویستییە دابڕا.

٣

ماندوو شەکەت بوویت و لە تواناتا نەماوە ئێش و ئازاری تر بچێژی. هەست دەکەی ئاگرێکی بە سۆ لە گیانت بەربووە و خەریکە دەتسووتێنێ. لە حەژمەت ئەو مەرگەساتە کەم وێنەیەی خۆت ئاگردانت بۆ دامەزراند. هێندەی نەماوە یەکە یەکەی ئەندامەکانت ببنە خۆڵەمێش.

وەك پەرداخێ وردوخاش بوویت.

لە هیچ شوێنێ ئۆقرە ناگریت.

نازانی بەرەو کام بەندەر بەڕێ بکەوی. بێزار بووی. سەرەتا لە کوێ بووی ئێستاکەش هەر لە هەمان شوێنێ و کونجێ، ئارامگەیەکی ئارام بەخش لەم دنیایە پان و بەرینەدا شك نابەیت. کەنارێکی ئاسوودە نییە داڵدەی ڕۆحی زامدارت بدات. ئەو شوێن و جێگایانەش کە دەستنیشانیان دەکەیت، ئەو خەیاڵانەیش کە بە دەوریاندا دەسووڕێیتەوە، ئەو

بیرکردنەوانەیش کە بە کەللە سەرتدا تێدەپەڕن ناتگەیێننە هیچ.

چەند خۆش بوو ئێستا کانیاوێ هەبووایە تا جەستەی پڕ گوناهت بشواتەوە. ئێستا لە هەر کوێ پیاو چاکێ، مەزارگەیەك شك بەریت دەچووی لەبەر دەمیدا سوجدەت دەبرد.

تا شەفاعەتت بۆ بخوازێ، بەڵکو ئێ خوا لە گوناهەکەت خۆش بێ. پاڕانەوەی خۆت دادت نادات، هەست ناکەیت خوا بە سوجدە بردنی خۆت لێت ببووریێ، ئەو دنیا خۆشەی بۆ خەڵك مەنزڵگای ئارامییە، گۆڕەپانی کارکردن و هەست بە خۆشی کردن و جوانییە. بۆ تۆ جگە لە تاریکی پتر نییە. تاریکستانێکە بێ ڕووناکی.

بۆ تۆ لە کونێکی تەنگ پتر نییە، ئەو کونە بچووکەیە کە تەنیا وێنەی یەك ڕووداوی تێدا نیشان دەدرێ. وێنەی گوناهێکی ڕەشی تێدا دەبیندرێ، ئەو ڕووداوەی لە کاتێکی وادا ڕووی دا هەستەکانت بەنج بووبوون، مردوو بوون و وەك کوێر و لاڵ ئەنجامت دا، بیرت لە دوا ئەنجامی نەکردەوە، نەتزانی ویژدان دەتکا بە گەمەیەکی منداڵانە و خەڵك گاڵتەت پێ دەکەن، ماری پەشیمانی لە ناخت وەردێ و ئازارت دەدا، دەبێتە بزمار و لە جەستەت دەکوترێ. نەتزانی و بێ ئاگابووی لەوەی بە کام کەلاوەو تاریکستانت دەگەینێ. دەتخاتە ناو تاریکستانی ڕۆحێکی ماندوو، دەشتکات بە باڵدارێکی باڵ شکاو و وەك مەلی پەڕاگەندە لقی دارێ نابێ لە سەری هەڵنیشی. ئەو گوناهەی بەرامبەر پاکیزەترین ئافرەتی ڕووی سەر ئەم زەمینە، لە بەرە بەیانی ڕۆژێکی نیمچە سارد و باراناویدا، لە سەر ترۆپکە شاخێکی دوور لە ئاوەدانی بە ئەنجامت گەیاند، گوناهێکی گەورەبوو، وا بە ئاسانی خوا لێت نابووریێ، ڕەنگە نەك هەر خواوەند بەڵکو خۆشت لە خۆت نەبووری. کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەت لە بیرە چۆن گەڵای دارەکان قژیان ڕنییەوە، بەرد و تاوێرەکان لە داخا وردوخاش

بوون، باڵندەکان پەڕەمووچیان بە لەشەوە نەماو هەڵوەرین. کانیاوەکان کوێر بوونەوە. ئاسمان پەنجەی تاوانبار کردنی ئاراستە کردی.

کازێوە بێزاری دەربڕی. سەر لەبەری زیندەوەرەکان، ئاژەڵەماڵی و کێوییەکان لە دۆڵەکاندا مانیا گرت. ئەو کات هەرچی بوونەوەر لە دۆڵەکاندا هەبوون هاتنە لات و لێت پاڕانەوە. نەکەی ئەم گوناهە گەورەیە دەرحەق بەم فریشتەیە بکەی. گوتیان گوناهکردن دەرحەقی مانای گوناهـ کردنە دەرحەق پەرستگا پیرۆزەکان، دەرحەق بە پیاو چاك و ئاسمان. کەچی بە گوێت نەکردن، ئەو کات پەشیمان نەبوویەوەو لە کەلی شەیتان نەهاتیە خوارێ. کەللە ڕەق و کۆرفام و دەبەنگ بووی. تۆ کەی هی ئەوەی گوێ لە ئامۆژگاری بگری. تا کاری دڕندانەو تاوان کردن هەبێ، کەی بەلای چاکدا ڕۆیشتووی. ئاخر هەر هیچ نەبووایە گوێت بۆ دەنگی نووساوی ئەو، بۆ هەنسکدان و لێ پاڕانەوەی ئەو بگرتایە. هەتا بواری ئەوەشت نەدا پارێزگاری و داکۆکی لە خۆی بکات. کێ دەڵێ ئەوەی گوتیان ڕاستە؟ کێ دەڵێ ئەوەی ئەوان هەڵبەستراو نەبوو؟ ئەوەتا ئێستا بۆت ڕوون دەبێتەوە کە لە سەدا یەکی شتەکان ڕاست نەبوون. بۆیە وا ئەم ئەشکەوتەت لێ بۆتە قەفەسێکی تەلبەندکراو و لە بەندیخانەی ڕۆحدا دەژی. لە توانایدا نییە لە چەند مەترێکی نێوان دەرگا و ژوورەوە پتر بڕۆی.لە هەراو زەنای ئافرەت و منداڵە دۆناودۆن بووەکان بێزاربووی، مێشکت کاس بووە. لە ژاوەژاوی هاتوچۆکەران، ئەوانەی بۆ سەرەخۆشی سەردانت دەکەن، جاڕس بووی، چونکە هەست دەکەی بۆ ئەوە هاتوون تا بەرد بارانت بکەن. هاتوون پەردە لە سەر نهێنییەکی گەورە لابەرن. ئەو پرسیارانەی لێت دەکەن، گەلێ ئازار بەخشن، دەبنە مار و لە ناخت دەئاڵێن. ئەو پرسیارانەی ورووژێنەری گومانی ترن. گومانی پەردە پۆشن. ئەوان ئاگایان لە ئازارەکانی پاش ئەنجامدانی تاوانەکە نییە.

نازانن لەو ساوە ژیانت چۆن دۆزەخێکە، چۆن ژەهرێ بەر بۆتە هەناوت و چەند ئازار بەخشە. نازانن چ نهێنییەکت لە ناخدا حەشار داوە. بۆشت نییە بۆ خەڵکی دەربڕی. لێرە لەو تاریکستانەی خۆتت تێدا بەند کردووە، بەرامبەر چیا سەرکەشەکە. ڕوو لە دۆڵەکە، چاو لە ڕێ چاوەڕێی تارمایییەك دەکەی بگاتە جێ و وەك کەسێکی زیندوو لێت بێتە پێش. خۆی هەڵبداتە باوەشت و لە ئامێزتدا فرمێسکی گەرم ببارێنێ، تۆش هێدی هێدی قژی دابهێنی، ئەوسا بۆ هەمیشە لە باوەشی ئەودا چاو لێك بنێی.

١٩٩٢

## وێنە ئاوەژووەکان

ئەو دیمەنانەی لەبەر چاوی بەرجەستە دەبوون، دیمەنی ئاسایی نەبوون بەڵکو کۆمەڵێ دیمەن و تابلۆی سەیر و سەمەرە بوون. لە شاشەی تەلەفزیۆنەکەی بەرامبەری نیشان دەدران. ئەویش بێ ئەوەی مەبەستی بێ یا بیەوێ بزانێ دیمەنەکان بۆ نیشان دەدرێن و چ مانایەك دەبەخشن. ماوەیەکی چاك بە دیاریانەوە دۆش داما.

بەڵام کاتێ جووتە پێڵاوێکی نەختێ گەورە شاشەکەی پڕ کرد. وەك دەرزی بکرێ بە لەشیدا کتوپڕ هەستایە سەرپێ و بە تاو بەرەو تەلەفزیۆنەکە چوو. ماوەیەك هەر بە پێوە لە پێڵاوەکە ڕاما و ئەوسا چوار مەشقی لە شوێنی خۆی دانیشت. کە جووتە پێڵاوەکە بوو بە دوو جووت و سێ و چوار و شەش جووت حەپەسانێکی سەیر دایگرت، پێی سەیر بوو ئەو هێندە پێڵاوە بە تەك یەکەوە هەنگاو بنێن. پێڵاوەکان وەك مێرووڵە بن وا قەتارەیان بەرەو نادیار بەستبوو و بە قەدی هەورازێکی ڕکەوە بوون. هەورازەکە هەورازێکی سەخت و دژوار دەهاتە بەرچاو. لە ژوور پێڵاوەکانیش کۆمەڵێ چیلکەداری تەڕ و گەڵای وشك هەڵاتووی هەڵوەریو، چەند کۆڵکە دارێ، ئاگردانێکی پڕ خۆڵەمێش کە تازە خەریك بوو دەکوژایەوە. چەند ئێسقانێکی ڕووتیش لەمدیو و لەودیوی ئاگردانەکەدا پەرت و بڵاو کرابوونەوە. جارجارە دەردەکەوتن و ختۆکەی چاوی ماندوویان دەدا. لە قەوارەو جۆری پێڵاوەکان حەپەسابوو. ئەو هەستە مت بووەی دەمێك بوو لە دەفەی سنگیدا مت بوو بوو. چاوەڕێی دەرفەتێکی وابوو تا سەر دەربهێنێ. بە تەواوی دڵتەنگ بوو، نەیدەزانی ئا بەم ناوەختە

ئەو هەمموو ئێسقانە لەوێ چی دەکەن و ئاگردانەکەش بۆ وا کۆربۆتەوە.. نەشیدەزانی وێنەکان بۆ وا هێندە سەیر و زل و تەماوی خۆ دەنوێنن، بۆ کەسێ دیار نییە و تەنیا پێڵاو بە ڕێوە دەڕوا، تەنیا پێڵاو بێ ئەوەی لە پێی کەسێکەوە بن بە هەورازێ هەڵگەڕاون. لە کوێش بارگە و بنە هەڵدەخەن. بۆ کوێ دەچن و لە کوێ هاتوون؟ تۆ بڵێی تەنیا پێڵاو پەڕاگەندە بووبێ، تەنیا پێڵاو و بەس، یا مەسەلەکە شتێکی دیکەیەو ئەو نایزانێ، هەبێ و نەبێ نهێنییەك لە گۆڕێدا هەیەو هێشتا نەخراوەتە بەردەمی، دیمەنەکانی مار ئاسا لە هەست و نەستی وەرهاتن، دڵ تەنگیان کرد. هەناسەی سوار بوو و بە زەحمەت دەیتوانی بە سەر ئاڵۆزی مێشکیدا زاڵ بێ. بە زەحمەت دەیتوانی بگەڕێتەوە دنیای ژوورەکەو لە خەیاڵە بەربڵاوەکانی ڕزگاری ببێ. ئەو تێکەڵ و پێکەڵییەی لە نێوان هەستی بینین و هەستی بیرکردنەوەیدا دروست بووبوو، سەراپا وێنەکانی لا ئاوەژوو دەکردەوە. بۆی قوت نەدەدرا پێڵاو وا گەورەو زەبەلاح بێ. پێشی سەیر بوو دیمەنی وا عەنتیکە لە شاشەی تەلەفزیۆن نیشان بدرێ. بە ئاستەم پێڵووی پێ دەجوولا و بە ئاستەم دەیتوانی هەستەکانی لە خاڵێکی دیاریکراودا کۆ بکاتەوەو بڕوانێتە پێڵاوەکان. یا هێڵ و ڕەنگ و دوورییەکان لە یەك گرێ بدا و ئاستێ بۆ تێگەیشتن دیاری بکات. تەنیا گێژاوی وەهمێ. گەورەو سەیر بە لوولدراوی بەرەو نادیاری دەبرد و نەیدەزانی ئەو وەهمە خەیاڵئامێزە بەرەو کوێی دەبا. لای ئەو نەبوایە ڕەنگە بە جۆرێکی زۆر ئاسایی بکەوتایەتەوە. ئەو دیمەنانەی لەبەر دیدی مرۆڤی ئاساییدا چەند دیمەنێکی ئاسایی بوون. کەچی بۆ ئەو وانەبوون. بۆ ئەو تەنیا یەك شتیان دەبەخشی و یەك بیرەوەری تاڵیان لە مێشکدا دەبزواند، ئەویش ئاوارە بوونی منداڵەکانی و بێ سەر و شوێن چوونی تاقە براکەی بوو. کە لە شەوێکی ئەنگوستە چاودا ڕەشەبایەك هاتو لوولی دان. بەرەو شوێنێکی بردن نازانێ کوێیە. بۆ چەند ڕۆژێ لەمەوبەر دەیانگەڕاندەوە، دەیانبردەوە

بـەر زەبـری ئـەو زریـانـە مـەرگ ئـامـێزەی ژیـانـی هـەزارەهـای خستبـووە مەترسییەوە. ئەو دەنگ و باسە ئازار بەخشەی چەند ڕۆژێ بەر لە ئێستا لە ناو کووچە و کۆڵانەکانی شاردا بڵاو ببۆوە کە کارەساتێکی جەرگبڕ، مەرگەساتێ بەرێوەیە ڕەنگە هیچ کەسێ نەبوێرێ.

لە ناوەوەش شتێ دەیبزواند، دەنگێ بە گوێیدا دەیچرپاند کە گۆبەندێکی دیکە گەمارۆی گشت بوونەوەرێکی ئەم دەڤەرە دەداو نە منداڵ و نە ئافرەت و نە پەککەوتە نابوێرێ. جا کێ لە توانایدا هەیە ڕێ لە پەتایەکی وا کوشندە بگرێ. هەر ئەو دەنگ و باسەش بوو ناچاری کرد، کە بڕیاری ئەوە بدا چیتر سەر بە جیهانی دەرەوەدا نەکا. نەوەك پتر بورووژێ و پتر ئازار بچێژێ، ڕۆحی بریندار بکا.

دیمەنـەکـان خـەریك بـوو ئـاوا دەبـوون و دەبـوونـە چـەند خـاڵێکی زۆر بچووکی نێو چوار چێوەیەکی ناڕێك. بیلبیلەی چاوی ئەویش لە گەڵ خاڵەکاندا لە بەرز و نوی بوونەوە دابوو، ئاگای لەوە نەبوو دەوروبەری دیمەنەکان پڕ بوون لە قاچی ناوەنجی و کورت و خەریکە وەك چەند خاڵێکی لێڵ شاشەکە پڕ دەکەن.

لە ڕەنگی ئاسماندا زانی، کات ئێوارەیەکی نەختێ درەنگە و بارانیش بە توندی ڕوومەت و پرچی زەوی و پێڵاوەکان دەکوتێ. ئاڵۆزیان دەکات. وێنەکانی ئاست بینینی ئەویش تێکەڵ و پێکەڵ تر دەکات. ڕەنگ و هێڵ و چوار چێوەکان دەکا بە یەك و ئاسمان و زەوی و دیمەنەکان لە ئاستێ جێگیر دەکا، شتی سەیرتریان لێ دەخولقێنێ، چوارچێوە بازنەییەکانیش دەقلیشێنێ و تابلۆکان تەنیا بە هەڵواسراوی بە ڕووبەری ئاسمانەوە جێ دێڵـێ: ئـەو هـارمـۆنـیـەت و گونجانـەی لـە نێوان بـەهـاو هـێڵـەکـانـدا هـەن نـایـانـهێڵـێ و، وەك چەند جەستەیەکی مردوو دەیانخاتە ناو قوڕ و لیتاو و ژێر قـاچـی کـۆمـەڵـێ ئـاژەڵی دڕندەوە. دڕندەکـانیش لە داخـا خۆ لـە قوڕ

هەڵدەکێشن. وەك ئەوەی دەستێ بە ئەنقەست ڕەنگ و چوارچێوە و هێڵەکان لە یەك بترازێنێ. پاشان تێکیان هەڵبشێلێ و شتی سەیریان لێ بخولقێنێ، ئەوهایی ئاوێتەی یەکتری دەکردن. بە ئاوەژوویی نیشانی دەدان. تا نەك شتی جوانتریان لێ دروست بکا. بەڵکو کاڵتر و ناشیرینتر بیانخاتە بەر دیدەی ئەو و هەزارەهای وەك ئەو.

ئاگای لەوە نەبوو دەوروبەری دیمەنەکان پڕ بوون لە منداڵ و ئافرەت. ئافرەتێك دوو منداڵی بە باوەشەوە بوو یەکێ ساواو ئەوی تر نەختێ هەراش. یەکێ زیندوو و ئەوی دی خەریك بوو دوا هەناسەی لە ئامێزی ئافرەتەکەوە دەدا.

ئافرەتێکی دی و دووان و پەنجا و هەزار ئافرەت، منداڵێك و هەزارەها منداڵ، ساوایەك و هەزار کۆرپە، گوێ درێژێ، کۆمەڵێ سەگ و پشیلە و ئاژەڵ و مریشك و دارستانێ، پارچەیەك پەڕۆ، شەرواڵێکی دڕاو، جەمەدانییەك و چەند لاشەیەکی لە خوێن گەوزیو، گۆڕێکی تەنیا، کێوێکی ڕەشدا گەڕاو. خەمێك و هەزار زام، دڵێك و هەزار خەنجەر، کۆمەڵە بەردێك و دوو ڕێگە، یەکێ بۆ سەرەوە دەکشا و ئەوەی دی بەرەو ژێرەوە دەچوو. ڕێکەوت و ڕووداوێکی سەیریش ئەمانەی کردبووە هاوڕێ و هاودەمی یەکتر. کردبوونی بە میوانی هەورازێکی سەخت و دژوار و بەرەو نادیار ملیان دەنا.

کە ویستیشی بە بیر و بۆچوونێکی ماقووڵ ڕاڤەیان بکا. ڕاڤەکانی کرچ و کاڵ دەرچوون، ناماقووڵ بوون.

لە نێو وەهم و خەیاڵی ناماقووڵدا نقووم بوو، کەوتە ناو گێژاوێك و لوولی دا.

کەللە سەری قورس و گران بوو، پێڵووی داکەوت.

بە نیازی حاڵی بوون پتر لە تەلەفزیۆنەکە چووە پێش... کەچی دەتگوت خەوێنەرێ ئیحای خەوتنی پێ دەدا. هێدی هێدی خەو بەری چاوی گرت. بێ دەنگ قاچی درێژ کرد و پاڵکەوت.

ئاگای لە دەوروبەر بڕا. تەنیا دەنگێکی نزمی ئیحابەخشی دەبیست کە دەیگوت بنوو، ئێستا خەوت لێ دەکەوێ، وا خەوت لێ کەوت. چاوت جوان بنووقێنە، جوانتر ڕاکشێ.

با ماسولکەکانت خاوتر بن. لە ئاکامدا خەوێکی قووڵ بردیەوە. نەیزانی چەند خەوی لێکەوت. بەڵام کە وەئاگا هات خۆی لە ناو شاشەکەدا بینی. وەك پێڵاوەکان بە هەورازەکەدا هەڵگەڕاوە: لەو دیوی پێڵاوەکانیش دەنگی هاواری دایکی دەهاتە بەر گوێی.

دەیگوت: گورگ و پێڵاو، وشتر و پێڵاو، پێم سەیرە وشترە بە چیا وەبێ– پێڵاوی وشترانی، گورگانی، سەگی هارن و بەم ناوە وەربوون. نەمزانیوە پێڵاو لمووزی هەبێ.

هەبێ و نەبێ سیحر بازێ سیحری لێ کردوون و کردوونی بە پێڵاو، بە هیچ. دیارە پێڵاوەکان چەند مرۆڤێکی چڵێس و درۆزن و تەڵەکەباز بوون و خوا کردوونی بە پێڵاو. بەر نەفرەتی خوا کەوتوون. دە بیخۆن دەی، حاجی لەقلەقیش کاتی خۆی مرۆڤ بووەو لە خراپی خۆی خوا کردوویەتی بەو حاجی لەقلەقەی بە سەر منارەکەوە هەڵدەنیشێ.

خەریك بوو باوەڕ بە قسەکانی دایکی بهێنێ. بەڵام کە پێڵاوەکانی دەبینی لەبەردەمی بەرز و نوی دەبوونەوەو خۆشڕەوانە هەورازەکەیان دەبڕی، دەهاتە سەر ئەو باوەڕەی کە هەبێ و نەبێ چەند کەسێك بە سەر ڕووی هەورازەکەوە هەنگاو دەنێن. چونکە ماقووڵ نییە پێڵاو هەروا بێ ئەوەی لە پێی کەسێکەوە بێ بە ڕێوە بڕوا. دیارە کۆمەڵێ ئادەمیزاد لە

کاتێکی وا ناسکدا کارەساتێ پەڕاگەندەی هەردو کێوانی کردوون، ناچار بوون گوند و زێدی باب و باپیرانیان جێ بهێڵن، ناچار بوون پشت لە هەموو شتێ بکەن و وەك کۆچەر جگە لە چەند پێویستییەك هیچی تر لەگەڵ خۆ نەهێنن. ماڵی دنیا لە ڕۆژێکی وا تەنگانەدا شتێ نییە. گرنگ سەر سەلامەت بێ و وەك ئەوەی دەتەوێ وابژی، ئەوی تر وەك چڵکی دەست وایە دێت و دەڕوا. هێندە لە دیمەنی پێڵاوەکان ورد بۆوە تا چاوی ماندوو بوو. بەڵام کە قاچی چەند زەلامێکی بە تەك خۆیەوە بینی. ئەوسا باوەڕی بەوە هێنا کە بۆچوونەکانی ڕاستن و پێڵاویش بە پێی مرۆڤدا نەبێ بە ڕێوە ناڕوا. بۆی دەرکەوت کە پێڵاوەکانیش وەك مرۆڤ ئاوارەبوون، خۆشی وەك ئەوان ئاوارەیەو بە هەورازەکەدا سەردەکەوێ.

وەك ئەوەی بووبێ بە یەکێ لە وێنە نیشان دراوە ئاوەژووەکانی ناو شاشەکە، ئەوها لەبەر چاوی خۆیدا بەرجەستە ببوو، بەژن و باڵای وەك بەژن و باڵای زەلامەکان کورت دەبیندرا، کۆمەڵێ پێڵاوی هەمە جۆریش بە دوروبەریدا پەرت و بڵاو ببوونەوەو بە تەکیەوە هەنگاویان بەرەو نادیار دەنا. نەیدەزانی بەرەو کوێ دەڕواو لە پای چی وا بەم هەورازەدا هەڵگەڕاوە. بۆ قۆشمەی مان و نەمانیەتی. ماندوو شەکەت هەنگاوی دەنا، جل و بەرگی لە ئارەقە هەڵاتبوو، ڕەنگ زەرد و ڕوخسار خەماوی، نە دەنگێ نە چرپەیەکی دەهاتە بەر گوێ، ئەوانەی تریش لەو بێ دەنگتر بوون. ورتە لە دەمیانەوە نەدەهاتە دەر. چەندین جار ڕووی دەمی لەوانەی تەنیشتی کرد و ویستی بیاندوێنێ، کەچی کەسێ وەڵامی نەدایەوە. تەنیا سەدای دەنگی خۆی لە دەرەوە دەنگی دەدایەوەو ئاودیوی ئەو دیو دەبوو.

کە سەداکەش دەگەڕایەوە تێکەڵ بە کۆمەڵێ دەنگی ترەوە دەبوو. کە سەری بەرز کردەوە، هەورازەکە بە هەزاران مەتر درێژتر خۆی دەنواند، نێوان خۆی و ترۆپکی هەورازەکەش درێژتر، تا چاو بڕ دەکا هەر پێڵاو بوو بە

قەدی هەورازەکە نووسابوو. وەك پنتی بچووك، مێرووله، ئاژەڵی کێوی، گورگ خۆیان نیشان دەدا. لە نیوەی ڕێگاشەوە دایکردە باران و بەفر و ڕەهێڵە. گێژەلۆکە لوولی دان و لە یەکی دابڕاندن. هەر یەکێ کەوتنە لایێ. بەرچاوی لێل و تەماوی دیار بوو، چاو چاوی نەدەدی. هیچ دیار نەما. تەنیا مایەوە.

بە زەحمەتیش قاچی پێ بەرز دەکرایەوە. لە نیوەی ڕێ قاچێکی ڕۆ چووە ناو چاڵە بەفرێ و هێندەی کردی نەیتوانی قاچی دەربێنێ. ڕوومەت و سەر لووتی سوور هەڵگەڕا. سەرمایەکی تیژ گەمارۆی دا. تەزووی سەرما هێدی هێدی ئەندامەکانی لە کارخست. تا وای لێهات نەتوانێ چیتر بجووڵێ. ئا لەو کاتەدا ئاواتە خواز بوو ئاگرێ لە ئاسمانەوە یا لە ژێر زەوییەوە دابگیرسێ و لەم کارەساتە ڕزگاری بکا.

بەفری چاڵەکە بتوێنتەوەو گەرم و گوڕی بە ئەندامە سڕبووەکانی ببەخشێ و ڕاستی کاتەوە. لە ناو چاڵە بەفرەکەدا تەنیا چاوی دیار بوو، کوسکە کوسکی چاوی دەهات، سەرمای بوو. پێی وابوو ئەمە دوایین ساتی ژیانیەتی. شەهادەیەکی بە حەقی هێنا، هەر چۆنێ بوو ڕووەو قیبلە خۆی وەرسووڕاند و ڕوانییە ترۆپکی هەورازەکە، لە دوورەوە ئاگرێکی بینی، مەشخەڵی بەرەو ئاسمان ڕۆیشتبوو، ساتێك و دووان چاوەڕێی کرد. تا لە ناکاو هەستی کرد، ئاگرەکە بەرە بەرە لێی نزیك دەکەوێتەوە. کە ئەمەی بینی فەرەحناییەك بە لەشی داهات. لە خۆشییا بێ هۆش کەوت. نەیزانی چەند وا مایەوە. کە وەئاگا هات خۆی لە نێو کوخێکی گەرم و گوڕدا بینی، بەرامبەر ئاگردانێك درێژ بووە. پۆڵوی ئاگر لە دوورەوە دەبریسکایەوە، لە ژوور سەریشی پیرەمێردێکی ڕیش سپی نوورانی دانیشتبوو و پەرۆیەکی سەوزی بە سەر ناوچەوانی دادەهێنا. لەبەر خۆشیەوە قسەی دەکرد. لە دوعا و نزا و پاڕانەوەی دەکرد. لە کونی دەرگەی

کوخەکەشەوە کۆمەڵێ زەلام و ئافرەتی بینی، نەشارەزایانە ڕێیان دەبڕی. هەندێ جار ساتمەیان دەکرد و بەردەبوونەوە. هەندێ جاریش تاشە بەردێ لاشەی ماندووی یەکێکیانی دەگرتە باوەش. منداڵێ دەکەوت و بە زەحمەت ڕاست دەبۆوە. ئەو دیو نادیار بوو، لێڵ و تەماوی دەینواند، نەیاندەزانی چ شتێ چاوەڕێیان دەکات، سێبەرێ نەبوو لە ژێریا بحەسێنەوە. کەلاوەیەك نەبوو بیانگرێتە خۆ، دنیا کشومات و ئاسمان تەماوی، باران دەیکوتانەوەو پەناگەیەك نەبوو پەنای بۆ ببەن. لە نوێنی گەرم و ژوورەکان ماڵئاواییان کردبوو و سەڵت و قووت هاتبوونە دەر.. کە ڕوانییەوە دیمەنی ئاپۆڕە قەتار بەستووەکە، لەو دیو دوو دوو، سێ سێ، ئاوا دەبوون و لەو دیو هەورازەکە دیار نەدەمان. لەگەڵ ئاوابوونی جەستەی دوا کەسدا، هەستی کرد ئەویش ئاودیو دەبێ. بە دوای دوو قاچی درێژ و باریکدا هەنگاوی دەنا. بەڵام کە سەری هەڵبڕی. تەنیا خۆی بینی بە قەدی هەورازەکە ماوە. کەسێ بە دەوریەوە نەمابوو. ڕەشەباکەش تا دەهات پتر شالاوی بۆ دێنا، لە ناو قوڕ و لیتەدا هەنگاوی دەنا. تەنیا ترپەی هەنگاونانی خۆی دەهاتە بەر گوێ، بە زەحمەت گەیشتە سەرەوە. لەو دیودا وەك شانە مێرووله خەڵك تێك قژ قژابوون. تا چاو بڕ دەکا منداڵ و ئافرەت پاڵ کەوتبوون و بە قاچی بڕاوەوە خەریکی زۆرانبازی بوون، لە پشت ئەوانیشەوە دوو زەلام و ئافرەتێك بە دیار تەرمێکەوە وەستابوون. کە لە تەرمەکە نزیك کەوتەوە منداڵێکی ساوای دیت. دایکی توند باوەشی پێدا کردبوو. دوو زەلامەکەش هەوڵی ئەوەیان دەدا ئافرەتەکە لە تەرمی منداڵەکە دوور بخەنەوە. کەچی بۆیان نەدەکرا، تا دواجار ئافرەت و منداڵەکە غلۆر بوونەوە و بە بەرچاوی دوو زەلامەکەدا بە ناو قووڵایی بەفردا ڕۆچوون. بێ ئەوەیش کەسێ هەبێ یا کەسێ بتوانێ ڕزگاریان بکا، بەرە بەرە لە ناو بەفردا دیار نەمان.

١٩٩٣

# گەمەی وردە ماسییەکان

١

ئەو نیگایانەی لە بۆشایی نێوان ئاسمان و زەویدا تێك دەچرژێن، لە ئاست جەستەی من و ڕۆحی هەرێزدا دەبن و بە کۆمەڵێ تاڵە تیشکی پیرۆز و وەك شەوقێکی زەردی ئاڵتوونی بە سەر گۆڕەکانەوە پەرش و بڵاو دەبنەوە، راڕەوە تاریکەکانی گۆڕستانەکە دەکەنە ڕۆژی ڕووناك، پاشان بەرەو بەرزایی هەڵدەکشێن و لە قووڵایی ئاسماندا دەبنە ئەستێرەیەکی پڕشنگدار.

ئەو ڕێگایانەی لە نێوان جەستەی من و ڕۆحی هەرێزدا، لە نێوان گۆڕی هەرێز و نیگا خەمبارەکانی ئارێز و فرمێسکە پەنهان و گەرمەکانی کارێزدا بەرەو باخچەکانی بەهەشت دەچن. لەوێ دەبن بە ڕەوێ باڵندەی خوایی و هەمدیسان ڕەو بۆ سەر گۆڕستانەکە دەکەنەوە. لە ڕۆژهەڵاتدا گۆڕێکی بێناز هەیە و ئافرەتێکی ڕەشپۆش کردوویەتییە دوا مەنزڵگای پاڕانەوە. ئافرەتەکە سەری بە هەردوو کێڵەکانی ژوور سەری کردووە. باڵندەکان ماوەیەك بە ئاسمانی سەر گۆڕ و ئافرەتەکەوە دەسووڕێنەوە. باڵندەکان هەر کە گەیشتنە بەردەم میحرابی پەرستگا پیرۆزەکەی ڕۆژهەڵاتی گۆڕستانەکە پەڕ و باڵیان لە نووری پیرۆز هەڵدێ.

نزیك پەرستگاکە دوو منداڵ، دوو کۆرپەی گەورە، هێندەی ئادەمیزادی ئاسایی بە سەردەمدا لە سەر گۆڕی باوکیانەوە کەوتوون. زەمانێکە خەویان لێکەوتووە و دەستێکی نەرم، نەرمتر لە ئاوریشم خەریکە قژیان دادەهێنێ، بە دوای باڵندەکانیش پۆلێ پەپوولەی ڕەنگاوڕەنگ لە باخەکانی بەهەشتەوە دێن. بە سەر سەری دوو منداڵەکەوە، ماوەیەك دێن

و دەچن و ئەوسا بۆن بخوورد بە سەر گۆڕەکاندا دەپژێنن.. لەگەڵ بۆن بخووردا تەمێکی سپی، سپی تر لە جەستەی پەرییەکان، جوانتر لە کەفی دەمـی ئـەفـرۆدێتـی شۆخ و شەنگ، بـێگـەرد تـر لـە کـازیـوەی بـەیـان لـە ڕۆژهەڵاتدا، لە بەرزترین لووتکە شاخی وڵاتی پەرییان بە شێنەیی دێت و وەك پۆشاکێکی زەردی سپیباو بەسەر جەستەی منداڵەکانەوە دەلەرێتەوە، هەرکە ئاگری فرمێسکی منداڵەکانیش بە دەرکەوێ دەبێتە شەونم و تك تك دەڕژێتە سەر قژ و جەستەی ئافرەت و خاك و خۆڵی گۆڕەکەوە، دادەچۆڕێتە سەر گوڵە باخە پەرش و بڵاوەکانی ژوور سەری مردووەکان.. لەم دیو و ئەم دیوی گۆڕە بێ نازەکە، لە شوێن هەر دڵۆپە شەونمێکدا کانیاوێك هـەڵـدەقـوڵـێ، ئـەو کـانـیـاوانـەی ڕۆحـی هـەریـزیـان لـە ئـامـێز نـاوەو لـە نێو جەستەی ئەودا تواونەتەوە. ئەو کانیاوانەی لە لووتکە بەفراوییەکانی بەهەشتەوە هەڵدەقوڵێن و وەك ڕووبار بۆ ناو گۆڕستانەکە ڕێ دەبڕن، تا لـەبـەردەم پـەرستـگـا و مـەزارە پـیـرۆزەکـانـی نـاو گۆڕەکـان ببن بـە چـەند تاڤگەیەکی هەڵماوی و دنیا بشۆنەوە. تا بە سەر بەژن و بالای هەریز و دوو منداڵەکە و خاك و خۆڵی گۆڕەکەدا ببارێن.. تا ناو گۆڕستانەکە هەڵم ڕشێن بکەن و ڕاڕەوە تاریکەکانی دابپۆشن. ئەو ڕووبارانەی لەبەردەم هەر گۆڕێکدا هەزار لقیان لێ دەبێتەوەو لقێك سەر بە باخچەیەك دەکات، هەر لـقـێك دارستـانـێك دەژێنێتـەوەو مـردوویێك زیـنـدوو دەکـاتـەوە. مـنـداڵێك لـە باوەش دەنێ، دوا جاریش بە سەر ناخی من و ئافرەتەکەدا ڕادەبوورن.

بـریـنـەکـانمـان، جـەستـەمـان، ڕۆحـمـان سـارێژ دەکـەن و لـە چـوار ڕیـانـی بـەرانـبـەر دارستـانـەکـەی پـیـاو چـاکـێ ساڵـەهـایـە کـردوویـەتـیـە شوێن پاڕانەوە، بۆ ناوەندی گۆڕستانەکە پێچ دەخۆنەوەو لەوێ یەك دەگرنەوە، دەبن بە پەلکە زێڕینە و بۆ قووڵایی ئاسمان بەرز دەبنەوە.

## ٢

وەك ئـەوەی دوو ئـەستـێرەی پـڕشنـگـدار بـە سەر گـۆڕەکـەوە داگـیـرسـابـێ، شەوقـێکـی پـیـرۆز بـۆ سەروو هـەڵـدەکشێ. ئـاسمـان یـەك پـارچـە دەبێتـە چراخـان و ڕووناکی دڕ بەڕاڕەوە تـاریکەکانی نـاو گۆڕستانەکە دەدا.

کە دوو کۆرپە نزیك گۆڕەکەی هـەرێز لە دایك بوون. شەوقێکی پیرۆز، پیرۆزتر لە پەرستگاکان. پیرۆزتر لە میحرابەکان ئەم ناوەی پڕ نووری پیاوچاکان کرد. گۆڕستانەکە بەرگێکی پیرۆزی ئاڵتوونی پۆشی.

ئـافرەتـە ڕەشپۆشەکەش لە پوولەکەی زەرد و سپی هـەڵهـات و جەستەی بوو بە تەیرێکی باڵ سپی. ئەوسا لەودیو گۆڕە بێناز و تاك و تەراکەوە، لەودیو جەستەی دوو منداڵە نووستووەکە. دوو کانی هەڵدەقوڵێن و وەك دایکێکی میهرەبـان، بەسۆز و پەنجەی نەرم دوو منداڵەکە لە ئامێز دەنێن، دوو منداڵەکە ڕووت و قووت چەشنی دوو ماسی لە ناو کانییەکاندا ئەم سەر و ئەو سەر دەکەن. خۆ لە ئاوی پیرۆز وەردەدەن، جوان خۆ دەشۆن، کە پاکیش بوونەوە خێرا و بەلەز دێنە دەر و بەرەو پەرستگاکە دەڕۆن، لەوێ خۆ دەهاوێنە سەر شانی پیاو چاکەکەی لە سەر بەرماڵی نوێژ کردندا زەمانێکە لە هۆش خۆی چووە. کە بە خۆش دێتەوە هێمن و میهرەبانانە دوو منداڵەکە ڕادەژێنێ و لە ئامێزیان دەنێ.

گـوڵاوێکـی پـیـرۆز بـە سەر قژ و جـەستـەیـانـدا دەپـژێنـێ. گـوڵاو بـارانـیـان دەکات. لە ئاوی گوڵ و مسك و عەنبەر، لە ئاوی پیرۆزیان هەڵدێنێ. ئەوسا دەیانخاتە سەر پشتی ئەو ئەسپەی لەبەردەم پەستگاکەدا لە پێشوازیدا وەستـاوە. ئـەسپـێ کـە لـە کـاتـی دوور کـەوتـنـەوەیدا جوانتـر خـۆ دەنوێنـێ.

ئەسپەکە دەڕواو دەڕوا، ئەو ڕووبەرەی لە تاریکیدا ڕۆحی هەرێز خۆ لە ناو قەدی وەردێنێ بەلەز ڕوومەتی ماچ دەکا، ڕایدەموسێ، وەك منداڵ کوڵمەکانی هەڵدەمژێ، ئەو ڕووبەرەی لە ڕووناکیدا منداڵێکی شمشاڵ بە دەست پاسەوانی دەکا. ئافرەتێ لە دوورەوە، منداڵێ لە نزیکەوە چاوەڕێی ئەوەن کۆترە شینەکانی بەهەشت کۆتایی بە وەرزی کۆچکردنی خۆیان بهێنن بگەڕێنەوە باوەشی، چاوەڕێن کەمانچەیەکی لە زێڕ دروستکراو لەگەڵ خۆیان بهێنن و بیکەنە دیاری دەستی دوو منداڵەکە. چاوەڕێن ڕەوێ پەڕەسێلکە بە ئاسمانی گۆڕستانەکە وەربن و نزیك دەرگا خۆ بخەنە ناو لەپی منداڵە چاو شووشەییەکان. نزیك پەرستگاکە لە ژێر تارمەکەدا تارماییەکی نەختێ زەلام چاوی بڕیوەتە منداڵەکان. ئەو منداڵانەی لەشیان کافوور و قژیان تەلی کەمانچە و لێویان سێوێکی سووری قورمزییە. تارماییەکی نەرم وەك پەمۆ سەری ناوەتە سەر سنگی ئافرەتێك و وەك ئالایەك بە سەر سەریەوە دەپرووشێ.

ئافرەتێکی ڕەنگ سپی سوور باو، لەوەتەی دنیا دنیایە ئاوی زیندوو بوونەوە بە گوڵە شەوبۆکان دەبەخشێ. ئەوێی کردۆتە مەنزڵگا، ڕوخساری گوڵ پژێن و شەونم پژێن کردووە. ئەوێ وێستگەیەکی هەمیشەیی لا تەریکە و ئافرەتی ڕۆح ماندووی تێدا دەحەسێتەوە.

باخچەی شەوبۆ و گوڵە باغ و پەپوولە بەهەشتییەکانە، منداڵ پاسەوانی دەکا. لەوێدا منداڵەکان چاوەڕێی گەڕانەوەی پەپوولە و پەڕەسێلکە بەهەشتییەکانن. ئەوێ شوێن سوجدە بردن و شوێن نزا و تکا و پاڕانەوەی دڵ شکاوەکانە. لەوێدا ئافرەتە ڕوو زەردە لێو بەبارەکان، خۆ لە ناو کانی لە بخوورد دەنێن و بە بخوورد خۆ دەشۆن و مەلە دەکەن. بخوورد بە سەر قژ و گۆنا و جەستەی کافووریان دەپژێنن.لە ناو قژ و ڕووبار و بخوورد وەك ماسی سەما دەکەن و هەڵدەپەڕن، زەماوەند دەگێڕن و شمشاڵ دەژەنن.

## ٣

دوو منداڵ و فریشتە و ئەسپەکە ماسی لە بخوورد دەخۆن و بخوورد دەخۆنـەوە، پـەپـوولـەی ڕەنـگـاوڕەنگ و گـەڵای لـە بـخـوورد سێبـەریـان بـۆ دەکەن. لە دارستانەکانی بەهەشتەوە بای بەهەشت دێت و گەڵاو بۆن و ئاوی زیندووەکانی بۆ زیندووبوونەوەی مردووەکان دێنن. بۆن بخوورد چوار کەناری دنیا پڕ عەشق و خۆشەویستی دەکات و خەم و پەژارە لە سەر ڕوخساری ئـافـرەتـە ڕەشپـۆشەکـان ڕادەمـاڵـێ... خـەم و پـەژارە لـە سەر ڕوخساری ئافرەتە ڕەش پۆشەکان دەرەوێنێتەوە. ئەوانەی حەسرەت بۆ دووری و کۆست کەوتن دەچێژن. ئەوانەی ساڵ دوانزەی مانگ لە نێو کوورەی ئاگردا دەسووتێن و دەبن بە خۆڵەمێش.

بۆن بخوورد سەرتاپا ئاسمان و ڕاڕەوەکانی بەردەم پەرستگاکە بۆن پـڕژێن دەکـات. بـە سەر دار و درەخت و گـوڵ و قـەبـرەکـانـدا دەبـارێ. زیندەوەرەکان خۆ لە ئاوی بخوورد هەڵدێنن.

ئەو ئەسپانەی لە بەهەشتەوە دێن، ئەو پەڕەسێلکانەی لە گەرمێرستاندا دێن، بەلەز، خۆ لە ناو پەرستگاکە دەنێن. هەر کە پیاو چاکەکەی ژوورەوە لە ناو ئاوی پیرۆزیان دەنێ. بەرەو ناو لەپی منداڵەکان دەچن. دێن و خۆ لە ئامێزی ئافرەتەکە نزیك دەکەنەوە. ئەو منداڵانەی بە دیار ئینجانەیەك گوڵـە نـاز نـاز فـرمـێسك دەڕێژن و چـاوەڕێی گـەڕانـەوەی دایکیـانن. ئـەو ئافرەتانەی بە دیار گڵکۆی گوڵە نازنازدا بە چۆك داهاتوون و چاوەڕێی زیندوو بوونەوەی پیاوەکانیانن.

پـەڕەسێلـکـەکـان هـەرکـە گـەیشتن یـەکسەر دەچـنـە سەر شانـی مـنداڵ و

ئافرەتە ڕووو زەردەکانی کە لە ژێر سێبەری دار چنارەکان پاڵ کەوتوون. ئەو دار چنارانەی سێبەریان بۆ گشت مردووەکان کردووە. ئەسپەکان بەر لەوان گەیشتوون و دەرگاکانیان خستۆتە سەر پشت، تا فریشتەکان، ئەو فریشتانەی بە دوای پەپوولەکاندا خۆ دەخزێننە ناو گۆڕستان و ڕۆحی مـانـدووی هــەرێزیـان لـە کـۆڵ نـاوە تـا ئـەرکـی کـردنــەوەی دەرگـای گۆڕستانەکە نەکێشن. هێندەی پێ ناچێ یەك پارچە گۆڕستانەکە دەبێ بە پەرەسێلکە و ئەسپ و فریشتە لە ئاسمانەوە دەبارێنە سەر گۆڕەکان و بخوورد و گەڵا و چەپکە گوڵ دەکەنە دیاری بۆ ڕۆحی هەرێزی هاوسەرم. گۆڕەکەی بە گوڵ و بخوورد دادەپۆشن. پاشان پەرەسێلکەیەك دادەبەزێتە سەر گۆڕەکەی و لە تەك کێلی ژوور سەری هەڵدەنیشێ.

بە پەڕەمووچێ ناوی خۆی و ساڵی لە دایکبوون و ڕۆژی کۆچکردن و کاتی دابڕانی لە ڕەوی باڵندەکان لە سەر کێڵەکەی بەردەم ئارێز و کارێزدا دەنووسێ. پەڕەمووچەکەش چەشنی نووکی نەورەس وەها دیارە. نووکێ کـە لـە سوورێکـی تـۆخـی قـورمـزی دەچـێ. لـە دەریـای سپی پشت چیـای ئارارات کۆمەڵێ نەورەس دێن و ڕەنگەکانی پەلکە زێڕینە لە گەڵ خۆیان دێنـن و پـاکـتـریـن دڵـۆپـە ئـاوی دەریـاکـە بـە سەر خـاك و خـۆڵـی سەر گۆڕستانەکەدا دەبارێنن. بۆشایی نێوان ئاسمان و زەوی ڕەنگی پەلکە زێڕینە دەپۆشێ و دەوروبەری گۆڕەکان ڕەنگاوڕەنگ دەبن. وەك کراسێکی گـوڵ گـوڵـی. سوور و شین و زەرد، سەوز و مـۆر لــەبــەر جـەستـەی کـێلـە قەبرەکان بکەن ئەوها لە ڕەنگی پەلکە زێڕینە وەردێن. هەر چوار دەورم ڕەنگی پەلکە زێڕینەی پۆشیوەو پەلکە زێڕینە وەك کڵۆ بەفر دەبارێتە سەر گـۆڕەکـان. کـڵـۆ بـەفـری ڕەنـگـاوڕەنگ لـە ئـاسمـانـەوە دادەبـارێتـە سەر گۆڕستانەکە. سێبەرێکی ڕەنگاوڕەنگ بە سەر جەستەی ئارێز و کارێزدا دێت و بەژن و باڵایان لە پەلکە زێڕینە وەردێت، کێلە قەبرەکان زەرد و

سوور و شین و سەوز خۆ دەنوێنن.

هەموو پێنج شەممەیەك. کە سەردانی گۆڕی هەرێزی هاوسەرم دەکەم کۆمەڵێ نەورەس بە سەر گۆڕەکاندا دەبینم، چەند دانەیەك بخوورد بە دەنووکیانەوەیەو ئەم سەر و ئەو سەر دەکەن. هەر کە تەواو لە گۆڕەکان نزیك دەکەونەوە. دوو دانە بخوورد هەڵدەدەنە سەر گۆڕێك و ئەوسا بەرز دەبنەوە. منیش ئەو بخووردانەی لە باخەڵی پاڵتۆکەمدا حەشارم داوە، دەردێنم و لەگەڵ دوو دانە بخووردەکانی دیکە، لە سەر گۆڕی هەرێزدا دایان دەگیرسێنم. لە ناوەندی گۆڕەکە ڕێك لەو شوێنەی ناو قەدی هەرێزە... لەوێ گڕیان تێ بەردەدەم و خۆشم لە ژوور سەری بە دیار بخووردەکانەوە پاڵ دەدەمەوە. کپ دەکەوم و چاو دەنووقێنم. بۆن بخوورد و گوڵە شەوبۆکان هەڵدەمژم. بە بۆن بخوورد تینوویەتی ناخم دەشکێنم و مێشکم ئاو دەدەم. وەك ئەوەی جگەرە بکێشم مژ لە بۆنی بخوورد دەدەم.

مێشکم، دڵ و دەروونم بە بۆنی بخوورد دەحەسێتەوە، لەشم پڕ بۆنی بخوورد و گوڵە شەوبۆ دەبێت، وەك سەرخۆش بەلادا دەکەوم و خەیاڵ دەمباتەوە، بێ باڵ بە ئاسماندا بەرز دەبمەوە. بەرەو جیهانێ دەچم نازانم کوێیە، لە مەملەکەتی سەرابدا دەژیم و بە دیوی ناوەوەی شتەکاندا شۆڕ دەبمەوە.

چەند سەعاتێ لە سەردابەکانی ڕۆحمدا دەگوزەرێنم، لە سەردابەکانی ژێر گۆڕەکەی هەرێزدا دەچمە خوارێ، قەدەرێك لەگەڵ ئێسقان و کەللە سەر و کفن و دارەبازەکاندا دەژییێم، دەبمە هاوڕێی مردووەکان. دواجار لە پاڵ دارەبازەکەی هەرێزی هاوسەرمدا بڕستم لێ دەبڕێ و پاڵ دەکەوم. ئەو دارەبازەی دووجار تەرمی هەرێزی لە باوەش گرت و دووجار خرایە سەر شانی کۆمەڵێ زەلامەوە، ئەو دارەبازەی دووجار بە کۆڕەوێکی شکۆدارانە بەرەو گۆڕستان بە ڕێ کراو تەرمی هەرێزی بۆ گۆڕستان هەڵگرت، هەرێز

دووجار خرایە گۆڕ و دووجاریش زیندوو بۆوە. دارەبازەکەی هەرێز وەك خۆیەتی و هیچی لێ نەهاتووە، نە ڕەنگی گۆڕاوەو نە دارەکەی. تەرمەکەش هەر وایەو نەڕووتاوەتەوە. ئێسقانەکانی بەدەر نەکەوتوون. تا ڕەنگی کفنەکەش وەك خۆی سپی دەنوێنێ.. تەنیا لە هەندێ شوێندا کونی بچووك بچووکی تێکەوتوون. هەرێز بۆگەنی نەکردووەو بۆنێکی خۆش لە دارەبازەو تەرمەکەی دێت. بۆنی لە بۆنی گوڵەباغ و مسك و عەنبەر خۆشترە.

لە نیوە شەوێکی نەختێ شێدار و نووتەکدا. ڕەشەبایەك هات و گەڵاکانی لوول دا، دەوروبەری ژەهر باران کرد و بۆنێکی ناخۆشی بە بەر ماڵەکەماندا پەرش و بڵاو کردەوە. ژوورەکانمانی پڕ بۆنی مردن کردو بە دوای ئەویشەوە کوندە پەپوو بە ئاسمانی ماڵەکەمان وەربوو، کوندە پەپوو هات و لە سەر دیواری شوورەی دەرەوەی خانووەکەمان هەڵنیشت کە ئێوارە داهات، عزرائیل خۆی لە ژوورەکەی هەرێز ئاخنی و دەستی لە ئەوکی نا، خستیە سەر باڵی کوندەپەپوویەك، کوندەپەپووکەش بردی. نازانم بۆ کوێی برد.

ئەو هەرێزەی دووجار عزرائیل دەرەقەتی نەهات و لە ناو گێژاوەی بۆنی مردن و ژەهری مردندا ڕزگاری بوو. کەچی ئێوارەی هەمان ڕۆژ لە هەردوو کەڕەتدا کتوپڕ خۆی کردەوە بە ماڵدا و هاتەوە.

کە هاتەوەش یەکسەر ئارێز و کارێزی توند بە سینگییەوە نووساند، کەوتە گێڕانەوەی کۆمەڵێ بەسەرهاتی سەیر و سەمەرە، کە نەمدەزانی چییە. بەڵام ئەمجارە کە دوا ماڵئاوایی لێمان کرد، ئیتر نەگەڕایەوە.

ڕۆژێك و دووان و دە و.... چاوەڕێمان کرد، بەڵکو ئێ ئەمە خوایە ئەمجارەش وەك جاران کتوپڕ لێمان بە ژوور بکەوێتەوە. بێتەوەو بە

هەمان شێوە ئاریێز و کاریێز بخاتە باوەش و توند بە خۆیەوە بیاننووسێنێ. کەچی ئەمجارە نائومێد بووین. ئاریێز و کاریێز بە دڵی شکاوەوە، بە چاوی پڕ فرمێسکەوە، هەموو شەوێ خۆ لە ناو نوێن دەنێن و بە سەر دەمدا دەکەون. مەگەر لە خەوندا دایکیان ببینن، دەنا زەحمەتە جارێکی دیکە چاویان بە دایکیان بکەوێتەوە.

لێرە لەم گۆڕستانەی هەموو پێنج شەممەیەك لەم دیو و لەو دیوی گۆڕەکەی هەریێزدا پاڵ دەکەون. لە خوا دەپاڕێنەوە کە دایکیان بۆ زیندوو بکاتەوە.

تا دنیا تاریك دانەیە سەر گۆڕەکە جێ ناهێڵن، چاوەڕێی ئەوەن لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەمین ئەستێرەدا دایکیان لە ئاسمانەوە وەك ئەستێرەیەك هەڵبێ و بۆ سەر زەوی داببەزێ. ئەوانیش یەکراست خۆیان هەڵدەنە باوەشی. چاوەڕێی ئەوەن کە دایکیان لە سەفەری ئاسمان گەڕایەوە، ڕەوێ پەپوولە لەگەڵ خۆی بە دیاری بێنێ و بیانخاتە سەر باڵی کۆترێك. یا خۆیان ببن بە کۆتر و پەڕەسێلکە و بە شێنەیی بەرەو ڕووی ئەستێرەکەی کە دایکیانە هەڵفڕن.

چەند مەترێ دوور لە گۆڕەکەی هەریێز ئافرەتێ بە سەر کێلە قەبرێ نوشتاوەتەوە ڕوومەتی خستۆتە سەر نووسینی سەر کێلەکەو حەسرەت بۆ گۆڕەکە هەڵدەکێشێ. ئافرەتەکە شاڵێکی ڕەشی تەنك ڕوخساری داپۆشیوە، تەنیا چاوی بە دەرەوەیە. مەگەر نەرمە باکە نەختێ ڕەنگ و ڕووی دەربخات. ئەو کاتەیش کە باکە نەختێ توند لە قژی دەدات شاڵەکە دەکەوێتە سەر لاجانگی و ڕوومەتە خەم لە سەر نیشتووەکانی لە ژێریا دەردەکەوێت، تاڵە قژی پرچی دەبێ بە باوەشین و باوەشینە لە کۆترە پەڕوباڵ شکاوەکانی چاوی دەکات. دواجار پەردەیەکی تەنك، سپی، سوور، هەندێ ڕەنگاوڕەنگ، بە سەر جەستەیدا دێت و دیار نامێنێ، تەنیا

ماسی چاوەکانی نەبێ کە سەر ئاو دەکەون و لە سەرووی چاویەوە دەکەونە باق و بریق.

دار چنارەکەی بەرامبەری ڕووت و قووت، خەمبارانە، چاوی بڕیوەتە ئاسمان و لە ئاسمان دەپاڕێتەوە، تا باران بباریّ گەڵاکانی ببووژێتەوە. گەڵا هەڵوەریوەکانی بەردەم گۆڕەکە کپ و مات بوون و حەسرەت بۆ لێك دابڕانی پەپوولە و پەڕەسێلکەکان هەڵدەکێشن. ئەو پەپوولانەی دەمێکە هاتوونەتە سەر سەری منداڵەکان و چاوەڕێن خواوەند فەرمانی خۆڕنینەوەیان پێ بدا. تا بیکەن بە چەتر و سێبەر بۆ گۆڕەکان.

پەڕەسێلکە بە جێماوەکان کە لە ناو ڕەوی کۆترە کێوییەکانەوە دێن و دەچن هەندێ جار بەرەو قووڵایی ئاسمان هەڵدەفڕن، هەندێ جاریش تیژ دادەبەزنە سەر هەردوو کێلە قەبرەکەی ئافرەتەکە گرتوویەتییە باوەش، هەرکە نزیکیش دەبنەوە دەنگێکی خەمبارانە دەردەبڕن. دەچریکێنن و بە قاچ و پەڕەمووچە شمشاڵ دەژەنن، گۆرانییەك دەڵێن. ئافرەتەکە ناتوانێ خۆ لەبەر دەنگی گۆرانییەکە بگرێ و دەست بە گریان نەکا. دەنگی گریانی ئافرەتەکە ڕۆژە ڕێیەك دەڕوات، کە پەڕەسێلکەکان لە گۆرانی گوتن دەبنەوە، هەرچی پەڕ و باڵی لەشیان هەیە هەڵدەوەرێ. بە ڕووت و قووتی لە ئاسمان هەڵدەفڕن. وەك ئەوەی وەرزی گەڵا ڕێزانی پەڕەمووچە لەم ناوە دەستی پێ کردبێ. وەرز وەرزی هەڵوەرینی پەڕە مووچ و کۆچکردنی ڕۆحی پەڕەسێلکە بێ. ئەوها خۆ لە کێلە قەبرەکان دەدەن و خۆ دەکوژن. دەکەونە سەر خاك و خۆڵی سەر گۆڕەکەو بە خوێن، خوێنێکی ئاڵ، گەرم وەك فرمێسکی دوو منداڵەکە گۆنای ئافرەتەکە دەنەخشێنن.

٤

ئافرەتێك لەبەردەم گۆڕێکدا بە سەردەمدا کەوتووە و بێ ئاگایە لەوەی دوو منداڵەکەی بە تەنیشتەوە نەماون. چوونەتە خوارتر و یاریی بە چیلکەدار و وردە بەرد و پەڕە مووچە دەکەن و لە سەر گەڵا هەڵوەریوەکانی ژێر قاچیان پاڵ کەوتوون.

چاوم لە سەر ڕوخساری ئافرەت و دوو منداڵەکە لەنگەر دەگرێ و بە سەر پاپۆڕی چاوەکانیانەوە دەنیشێتەوە. بایەك وەك گوێزان بۆشایی نێوانمان کەرت دەکات و بینایيم بۆ سەر دانە بخووردەکانی بەردەم پەرستگاکە دەگوازێتەوە، بخووردەکان خەریکن لە دوا هەناسە نزیك دەبنەوە و هەر بزانە کوژانەوە. بۆن بخوورد لە ئاسمانی سەرووی ئافرەتەکەوە بە لوولدراوی بە سەر گۆڕستانەکەدا بۆ قووڵایی بەرز دەبێتەوەو قاچی منداڵەکان دادەپۆشێ. بۆن بخوورد وەك هەڵم لە نێوان من و ئافرەتەکەدا دێت و دەچێ، نێوانمان دوورتر دەکات.

دوورتر لە شاری ڕۆح و پەڕەسێلکە کۆچکردووەکان. دوورتر لە کۆچی پەپوولە بەهەشتییەکان. ئێوارەیەو لێرە لە ناو ئەم گۆڕستانە سام پڕێنەدا بۆنی بخوورد و بۆنی فرمێسك و بۆنی قژی ئالۆزکاو و بۆنی گەڵا و پەڕەمووچ بە ئاسمانی تاریکی مردووەکان وەردەبێ.

ئەو چەند مەترەی نێوانمان، ئەو بۆشاییەی ئافرەت و منداڵەکان کردوویانە شوێن حەوانەوەی ئەو چەند ساتەی دەمەو ئێوارەکە. بخوورد ڕێژ و گەڵا ڕێژ و گوڵ پڕێن دەبێ. لە بەهەشتی پیاتریس و گەشتەکەی دانتی نزیك دەبینەوە. بە پەیژەکانی ڕۆحدا بۆ سەرووتر هەڵدەکشێن، دەبینە میوانی شۆخترین و قەشەنگترین ئەستێرە و لە فیردەوسی پیرۆزی

مردووه خواپەرستەکان نزیك دەبینەوە ئەوسا لەوێوە گوڵ بارانی جەستەی منداڵەکانمان دەکەین. بارانی رەحمەت بە سەر گۆڕستانەکە دەبارێنین، چەپکێ ئەستێرە دەکەینە دیاری بۆ گشت ئەو گۆڕانەی کەسێ نییە پێنج شەمموان سەردانیان بکات و سەردوولکە بۆ ڕۆحی پاکیان بڵێ. ئەو گۆڕانەی تاق و تەنیان و کەسێ نییە بخوورد لە سەر سینگیان داگیرسێنێ، گوڵە شەوبۆ بخاتە ژێر سەریان.. دەچیتە باخچەکانی بەهەشت و بخوورد لە ئاسمان بۆ سەر گۆڕەکان هەڵدەدەین دەیکەینە دیاری، بخوورد لە سینەی ئافرەتە کۆست کەوتووەکان دەدەین. لە سەر شانی منداڵان بخوورد دادەگیرسێنین. ئەوێ لە کەنار ئەو دەریایەی نەورەسەکان زەماوەند بۆ مردووەکان دەگێڕن، پیاسەیەك دەکەم و سڵاوێ لە نەورەسەکان دەکەم و دەڕۆم، خۆ داوێمە ناو دەریاکە، بە پێ مەلە خۆم دەگەینمە ناو ئەو بەلەمەی لە داری ساج دروست کراوەو لە دوورگەیەك لە دوورگەکانی ئەو دیو لەنگەری بەستووە. گەشتێ بە ناو دەریا و دوورگەکاندا دەکەم.

ئەو وردە شەپۆلانەی بە سەرمدا دەپرووشێن. وەك کۆمەڵێ ماسی بچووك بچووك. بە سەر دەم و چاویدا دێن و دەچن. شەپۆلەکان چەشنی شووشەی شکاو لە ژێرما دەبریقێنەوەو لەبەر تیشکی هەتاودا باق و بریقیانە. دەوروبەرم پڕ ماسی بچووك و قاوەیی پوولەکەدار دەبێ.... چاو دەبڕنە دوور. هەندێ جاریش بە دوای پەپوولە بەهەشتییەکان هەڵدەفڕن و پەڕ و باڵ لە جەستەیان دەڕوێ.

کاتێ منداڵەکان وا دەبینم دڵم دادەخورپێ. دەمەوێ هەستم و منداڵەکان بەرمەوە لای دایکیان، بەڵام نێوان من و منداڵەکان دەریا و کەنارێکە و نایانگەمێ. دوو منداڵەکە چەند هەنگاوێ دوور لە دایکیان خەریکی یاریی کردنن. جارناجارێ دەچنە سەر لقی دار چنارەکەی خوار گۆڕەکان و

لـەوێوە.. کـاتـێ کـارێز و ئـارێز لـەم دیـو و ئـەو دیـوی گـۆڕەکـەی هـەرێز دەستیان بۆ درێژ کردم ناچار بووم ماوەیەك لە جیهانی ئەو دوو منداڵەی یەکەمین جارە سەردانی گۆڕەکەی باوکیان دەکەن، داببڕێم. لە دوورەوە دەستێکم بۆ ڕاوەشاندن و ماچێکم بۆ هەڵدان. کەچی وەڵامیان نەدامەوە... بە واتایەکی دی ئاگایان لێم نەبوو. بەڵکو خەیاڵاوی چاویان بڕیبووە ئەو بەلەمەی لە ناوەندی دەریاکەوە بەرەو کەنارەکەی بە نەورەس داپۆشراو بوو دەهـات، بایەکی توند چارۆگەی بەلەمەکەی دەلەراندەوەو وەك دیوار لەبەر دەممدا قیتی دەکردەوە.

کـە چـاوم بـەرز کـردەوە، قـژی ئـافـرەتـەکـەو هـەردوو شانـی پـڕ گـەڵای هەڵوەریو و پەڕەمووچ بووبوون. هەرێزیش لە ناو بەلەمەکەدا وەك ماسی سەری سەر ئاو دەخست و لە سەر ڕووی دەریاوە جەستەی لە نێو وردە شەپۆلە هێمنەکانەوە چەشنی شووشە دەبریقایەوە. چاویشی وەك مۆروو لە ناو ئاوەکە وەها دیار بوو، وردە ماسییەکانی دەوروبەری وەك کۆرپەی شیرەخۆرە بە سەر سینگ و مەمکیدا دەکەوتن و ئەم دیو و ئەو دیویان بوو. سەر سنگی پڕ وردە ماسی ببوو. بەلەمەکەی هێدی هێدی بەرەو ڕووم دەهـات.

ئـافـرەتـەکـەی لـە هـەرێز دەچـوو. هـەستـایـە سەر پـێ بـە تـاو بـەرەو دوو منداڵەکە چوو. کە گەیشتە لایان یەکێکیانی لە باوەش گرت و ئەوەی تریشی خستە کۆڵ. بەڵام لە نیوەی ڕێ، ئەوەی کۆڵی دابەزاندن و بە دوای خۆیدا ڕایکێشایە سەر گۆڕەکەی باوکی. بە زۆر لە سەر گۆڕەکە درێژی کرد. ئەوەی تریشی بە تەنیشتیەوە درێژ کرد، بۆن بخوورد بە سەر دەم و چاوی منداڵەکانەوە، بۆ سەرەوە هەڵکشا.

ئارێز و کارێز خۆیان هەڵدایە باوەشم و لە باوەشمدا کپ بوون. کە ڕوانیمە ئافرەتەکەی لە هەرێزی دەکرد، خەمبارانە دەیڕوانییە چێورمەی

گۆڕستانەکە و چاوەکانی دوو قەترە فرمێسکیان تێدا مەیی بوو.

منداڵەکەی لە سەر پشت ڕاکشا بوو بۆن بخووردی هەڵدەمژی. جەستەی مردووەکان پڕ بۆن بخوورد و گوڵ و بۆن خاکی ناو قەبرستانەکە دەبێ. بایەکی توند لە ڕۆژهەڵات و باکورەوە دێت و گەڵا هەڵوەریوەکان بەرەو قوولایی ئاسمان بەرز دەکاتەوەو بە سەر جەستەی ئافرەت و دوو منداڵەکەوە پەرش و بڵاویان دەکاتەوە. ئەم دیو ئەو دیوی گۆڕەکە بە گەڵا دادەپۆشرێ. پەڕەسێلکە جێماوەکان بە سەر گۆڕی هەرێز و بۆشایی نێوان من و ئافرەتەکەدا دەسووڕێنەوە، ماوەیەك بە سەر سەرمانەوە دەخولێنەوە، تیژ دێن و تیژ تێ دەپەڕن.

دێن و بە سەر سەرمانەوە دەچریکێنن، گۆرانی دەڵێن، گۆرانییەکی خەمبارانە بە گوێی مردووی ناو گۆڕستانەکەدا دەچرپێنن. دواجار چاوی ئافرەتەکە دەکەنە هێلانە و فرمێسك دەڕژێننە سەر جەستەی دوو منداڵەکەی، کە لە مێژ نەبوو لە سەر پشت لە باوەشی دایکیان خەویان لێ کەوتبوو. ئارێز و کارێز قیژەیان دەهات و بە دەست ئیشارەتی ئەوەیان بۆ دەکردم تا بگەڕێمەوە لایان.

## ٥

پەرەسێلکە باڵ سپییەکان بە سەر گۆڕی هەرێز و گۆڕەکەی بەرانبەرم دەخولانەوە. کۆترەکان چاوی ئافرەتەکەیان کردبووە هێلانە. سێبەری باڵیان بە سەر بەژن و باڵای منداڵە نوستووەکەی باوەش ئافرەتەکە دەهات. ئارێز و کارێز ڤیژەیان ڕۆژە ڕێیەك دەڕۆیشت. ئەو منداڵەی لە سەر گۆڕەکە درێژ کرابوو، بە سەر دەمدا کەوتبوو، جارجارە لە ڕوخساری دایکی ورد دەبۆوە و سەرنجێکی ماناداری ئاراستە دەکرد. منداڵەکەی دی هەندێ لە ئارێز و کارێز نزیك کەوتبۆوە.

وردە ماسییەکانی ناو لەپی هەرێز بووبوون بە چەند کۆرپەیەك و بەرگی پوولەکاداریان پۆشیبوو لە سەر سنگی یارییان دەکرد. ئافرەتی سەر گۆڕەکە لە دار چنارە ڕووتاوەکە ڕادەما و چاوی بە دوای پەپوولە بەهەشتییەکان ئەم چڵ و ئەو چڵی دەکرد. ئەو ئەستێرەیەی خۆی لە ژێر هەوردا حەشار دابوو وەك پاساری دەیچریکاند.

ئەم ڕێگایەی بێ پەیژە بۆ باخچەکانی بەهەشت لوولی دەخواردەوە، پێچاو پێچ بە بەردەم گۆڕی هەرێزدا بۆ سەرەوە هەڵدەکشا. قۆناخی حەسانەوەو ئیسراحەت کردنی لای ئەستێرەکەی شەوقی بە سەر گۆڕستانەکەدا پەرش و بڵاو دەبۆوە دەستی پێ دەکرد. ڕێگاکەی تریش لای دەرگا شیشە تەلبەندکراوەکە درێژ دەبۆوەو لای پەرستگاکە کۆتایی دەهات. نزیك ساپیتەیەکی نزم وەردەسووڕایەوەو بە تەنیشت ئافرەتە سپی پۆشەکاندا تێ دەپەڕی. ئەو ئافرەتانەی لای پەرستگاکە خۆیان هەڵدایە سەر پشتی ئەو ئەسپەی بە هەزارەها فریشتەی بۆ ناو گۆڕستانەکە دەگوازتەوە. ئەسپەکە نزیك گۆڕەکەی هەرێز بازی دەدا. پاشان دوو باڵی لێ دەڕوا و بە بەرچاوی کارێز و ئارێزدا بۆ ئاسمان هەڵدەفڕی.

ڕووبارێ لە ژێر دار چنارەکە هەڵدەقولا و هەرێز لەوێدا مەلەی دەکرد. وردە ماسییەکانی دەوروبەری، پەپوولەکانی سەر سەری ئارێز و کارێز یاریی بە وردە شەپۆلی سەر سنگی هەرێز دەکەن و لە تەنیشترا ئاو بۆ یەك هەڵدەدەن. جەستەی هەرێز وەك سەدەف لە ناو پرووشکی ئاودا دەبریسکێتەوە. پەپوولەکانی ناو چاوی دوو منداڵە خەوتووەکەش لەگەڵ دەنگی حیلاندنی ئەسپەکە بە خەبەر دێن و یەك و دوو بۆ سەر شانی هەرێز و گوڵە باخەکانی سەر گۆڕەکە هەڵدەفڕن. پاشان بە ڕووت و قووتی خۆ لە جەستەی ئافرەتەکە هەڵدەسوون، لەگەڵ ماسییەکانی سەر قژی هەرێز دەکەونە یاری کردن.

جارجارە ماسییەك دەچێتە ژێر باڵی پەپوولەیەك و قەدەرێك لە ژێریدا دەحەسێتەوە. ئافرەتەکەش هەندێ جار بە دوای دەنگی قیژەی یەکێ لە منداڵەکانی دەچێ. کە دەشگاتە منداڵەکە خەمبارانە تیلە چاوێ لە منداڵەکەی تر دەبڕێ ئەوسا بێ تاقەتانە دەنووشتێتەوە، لەگەڵ خۆ خوارکردنەوەدا ئاخێکی قووڵ هەڵدەکێشێ و وردە ماسییەکانی سەر سنگی هەرێز پەرت و بڵاو دەکاتەوە. چەند مەترێ دوور لە ئاستی تێڕوانینی من و نیگا خەمبارەکانی هەرێز چەند دڵۆپە فرمێسکێك بۆشایی نێوانمان ئاوڕشێن دەکات، فرمێسك لە نێوانماندا چەسپ دەبێت، وەك تۆڕ لە جەستە و دەموچاوی ئافرەتەکە وەردێت، چاوەکانمان گرێچن دەبێ، دوو چاوی پڕ فرمێسك و نائومێدانە، دوو پەپوولەی باڵ شکاو، دوو هەڵۆی دەنووك قرتاو، لە نێوان ئاسمان و خاکی سەر گۆڕستانەکە یەك دەگرن و دەبن بە هاوڕێ و هاودەم، ئاشنای یەك دەبن، لە ناو بۆن و بخووردا گێژ و کاس دەخولێنەوە، زەردە پەڕی ئێوارە دەبێتە هێلانەی ڕۆحی پەنهان و ماندوویان.

ڕۆحێکی پەنهان و زامدار، کە سەرنجم دەدا. هەست دەکەم ئەو ئافرەتەی

خەریکە ئاشنای دەبم و لام نامۆ نییە و دەمێ ساڵە دەیناسم. وا دەهاتە بەر چاوم، ئەو ئافرەتەی بەژن و باڵا، جەستەیان پیرۆز دەکات، لە ئارێز و کارێز کەسی تر نین.

٦

هەرێزی هاوسەرم ماوەی شەش مانگ بوو دوامالئاوایی لە من و ئارێز و کارێز کردبوو، بەو ڕێگایانەی ڕاستەوخۆ بەرەو بەهەشت دەچن، وەك ئەستێرەیەك بۆ سەروو هەڵکشا. چووە قووڵایی ئاسمان و شەوانە کاتێ لە سەر جێ ڕادەکشێم، بێ ئۆقرە چاو دەبڕمە بنمیچی ژوورە تەنیا و چۆڵەکەم، یا لە ناو نوێندا گینگڵ دەدەم لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە بە شێنەیی دێتە ژووریّ و خۆ دەخاتە سەر چوارپایەکەی ئارێز و کارێزی لە سەر خەوتووە. ئارێز و کارێزی چاو بە فرمێسکیش وەك دوو کۆتری باڵ سپی کە هەر لە ئەزەلەوە بە دوای باوەشێکی گەرمدا وێڵن. لە سەر قووڵایی نێوان هەردوو مەمکیدا ئۆقرە دەگرن.

ئەو ئافرەتەی هەموو پێنج شەممەیەك لە بەرامبەرمدا سەر بە کێڵە قەبرێکدا دەکات، شەش مانگ بەر لە ئێستا مردووە بەم دەستانە بە گۆڕم سپارد. چۆن گەیشتۆتە ئێرەو چ هێزێ پەلکێشی ئێرەی کردووە. گۆڕەکەی بەرامبەرم کە هەموو پێنجشەممەیەك ئافرەتەکە سەردانی دەکات، گۆڕی چ کەسێکە و چۆن هەڵچنراوە؟!

هەر چۆنێ بوو هەستام و چەند هەنگاوێ لە گۆڕ و ئافرەتەکە نزیك کەوتمەوە. بەرامبەر ئافرەتەکەی کە هەرێز بوو وەستام. ئارێز و کارێزی لای ئافرەتەکە، کە منیان دیت یەکسەر بەڕاکردن هاتنە لام و خۆیان هەڵدایە باوەشم، ئەو دوو منداڵەی کە ئارێز و کارێز بوون و لە سەر گۆڕی هەرێز یارییان دەکرد، کە ئارێز و کارێزی لای ئافرەتەکەیان دیت خۆیان لە باوەشم ناوە، ئەوانیش یەکسەر هاتنە لام و خۆیان هەڵدایە باوەشم.

دوو ماچی باوکانەم لە هەر چواریان کرد و دامبەزاندنە خوارەوە، ئەوسا سەیرێکی گۆڕەکەی هاوسەرەکەمم کرد. منداڵەکانم کە بۆ سەردانی گۆڕی دایکیان لە گەڵمدا هاتبوون لە شوێن خۆیان یارییان دەکرد و لە لای کێلە قەبری پێینگانی هەرێزەوە بە دوای پەپوولەیەکی باڵ سپی کە لەم کاتەدا بەوێدا هەڵدەفڕی ڕایان دەکرد.

پەپوولەیەك كە لە هەموو ڕەنگەکان دەچوو لەو دیو چێورمەکە ئاودیو بوو، پەپوولەکانی دی باڵ لێك دەنێن و تا بەرە بەری بەیانی خەویان لێ دەکەوێ، ژوورە تاریك و چۆڵەکەم، بەرانبەرم، ئەو تەنیشت و ئەم تەنیشتم وەك ڕۆژی ڕووناك، ڕووناك دەبێتەوە. کزە با ئارام بەخشەکەی بە دوای هەرێزدا لەو دیو چیاکانی بەهەشتەوە دێت لە ناو خۆیدا دەمشارێتەوە، پەردەی وەك بەیداخی دەستی پیاو چاکێ بە سەر جەستەی هەرێز و ئارێز و کارێزدا دەلەرێتەوە.

هەرێز لەودیو گۆڕەکەی خۆیەوە، ئا لەم ساتە پڕ خەم و سرووشە ڕۆحییەدا لەبەردەمم وەستابوو، وەك ئافرەتێکی خوایی نوور لە جەستەی بەرز دەبۆوە، وێنەیەك بوو لەبەردەممدا یا خەون و خەیاڵ، ئەمە نازانم، نەمدەزانی ئەمەی دەیبینم شەبەنگە یا ڕاستی، دەتگوت لە بەهەشتدا گەڕاوەتەوەو زیندوو بۆتەوە.

ئارێز و کارێزیشی لەگەڵ خۆ بۆ ناو قەبرستانەکە هێناوەو هاتوونەتە سەر گۆڕی یەکێ کە نەمدەزانی کێیە. پێم سەیر و ئەنتیکە بوو دوو کەس کت و مت، سەدا سەد لە یەك بچن، دوو کەسی چی! شەش کەس کتومت وەك یەك وەها دەهاتنە بەرچاو، وەك یەك خۆیان دەنواند، هەرێز و ئافرەتەکەی ئەو دیو گۆڕەکەی هەرێز.

ئارێز و کارێزی لای خۆم و ئەو دوو منداڵەی بە سەر گۆڕی باوکیانەوە

بــە سەر دەمـدا کـەوتـبـوون، وەك سێ کـەسی کـەرتـکـراو بـن وا دەهـاتـنـە بەرچاوم ئـارێز و کارێز دوو پەپوولەن و بە سەر سەرم و بە دەوری ئینجانەیەکی پڕ گوڵە شەوبۆ و گوڵە باغ و بخووردا بەدیار گۆڕەکەی هەرێز دەخوولانەوە، دوو منداڵەکەی تریش بە سەر گۆڕێکدا کەوتوون و لـەبـەر تـۆز و خـۆڵـی سەر گـۆڕەکـە دیـار نـەمـاون، ئـارێز و کـارێزی لای ئـافرەتەکەی هەر لە هەرێزی هاوسەرم دەچوو وەك چۆن بە غاردان هاتنە لام ئـەوهـاش بـە هـەڵـەداوان بـەرەو بـاوەشی دایـکـیـان غـاریـان دایـەوە، دایکیان کە منی بینی سەیرێکی پڕ مانای قووڵی کردم، پێڵووەکانی وەك دەمی حەزیایەك وابوون و خۆیان بۆ من لە بۆسە نابوو، یەك و دوو سەرتاپا جەستەیان هەڵلووشیم، منیش لەو قووڵتر ڕوانیمە بەژن و باڵا و ڕوخساری. هەردووکمان بە چاو یەکترمان خوارد و بێ دەنگ ڕوانیمانە یەکتر.

کــە چــوومــەوە سەر گــۆڕەکــەی هــەرێزی هــاوسەرم، هــۆشم هــەر لای ئـافرەتەکەی سەر گۆڕەکەی بەرانبەرم بوو.

شمشێرێك لە ئـاسمـانەوە هـات و سێوێکی لەبەر دەمم کەرت کرد، کردی بە دوو بەش، هەر بەشێکی هەڵدایە لایەك، کەرتەکان سەدەیەك، دوو سەدە لە یەکتر دابڕان و لە یەکتر بزر بوون، ئەو ئـافرەتەی کتومت لە هەرێز دەچوو شاڵێکی ڕەشی تەنکی پۆشیبوو، کەرتە سێوێك لە ژێر شاڵەکەیدا دیار بوو، کـەرتـە سێوەکـە وەك مـرواری لـە دوورەوە دەبـریسکـایـەوە، دەتـگـوت کـەلا شووشەیـەکـی گـەورەیـە. شاڵـەکـە هـەنـدێ جـار لـەبـەر نـەرمـە بـای نـاو گۆڕستانەکە بە هەوادا دەچوو و بە دوای خۆیەوە کەلا شووشەکەی بەرز دەکردەوە، ئـالایەکی تەنك بە سەر سەراپای گۆڕستانەکە دەسووڕایەوەو قەترە ئـاوێکی لێ دەتکایە سەر گۆڕەکەی هەرێز و لەوێشەوە بۆ گۆڕەکەی بەرانبەرم ڕێچکەی دەبەست.

وێنەیەك لە ناو سەرابدا. لە ناو چوارچێوەی وێنەیەكی دیكەدا كە لە ژوورەكەمدا هەڵواسرابوو لە بەردەمم وەك خەڵقەندەیەكی زیندوو تێپەڕی. هات و لە نێوان هەردوو گۆڕەكەدا دانیشت، لە یەك كاتدا ڕووی دەمی لە هەردووكمان كرد، لە یەك كاتدا گۆرانی بۆ هەردووكمان گوت.

شمشاڵێكیش لە ئاسمانەوە كە بە دەستی ئەستێرەیەكەوە بوو مۆسیقای بۆ دەژەنی. لێوی وێنەكەی لە ماڵەوە بوو، دەجووڵێتەوە، سەردوولكەی دەگوت و لە نێوان هەردووكمان پەرش و بڵاو دەبۆوە. لەو دیو لە دەشتاییەكەی ئارێز و كارێز بە دوای پەپوولەكەدا غار غارێنیان بوو، پەڕەسێلكەیەك دەیچریكاند.. ژوورە چۆڵ و هۆڵ و تەنیاكەی دڵمی دەبزواند، لەو ڕێگایەی لە بەهەشتەوە بۆ سەر زەمین دەهات. ئەمێستاكە گەیشتۆتە ناو گۆڕستانەكەو لە بەردەم هەردوو گۆڕدا درێژ دەبێتەوە.

نەرمە باكەی شاڵی سەر شانی ئافرەتەكەی دەلەراندەوە بووبووە بەلەمێك و لەنێو دەریای فرمێسكدا سەوڵی لێدەدا. بۆ دوور دەڕۆیشت، ئافرەتەكەی لە هەرێز دەچوو بە سەر بەلەمەكەوە دەستی هەڵدەبڕی لە ناو وردە ماسیدا دیار نەبوو، دوو منداڵەكەش كە لە كەناری دەریاكەی بە نەورەس تەنرابوو، نزیك ببوونەوە. بووبوون بە دوو نەورەسی گەورەتر لە نەورەسەكانی تر. بە بەردەممدا تێپەڕین. دەستیان بۆ دایكیان هەڵبڕی و قیژاندیان و پاڕانەوە بەڵكو ئێ دایكیان بگەڕێتەوە لایان، یا جێیان نەهێڵی، ئاورێكی خێرام لە دوو منداڵە بە نەورەس بووەكە دایەوە، ئافرەتەكەی سەر بەلەمەكە ڕوانییە هەرسێكمان، كە هەر لە ڕوانینی یەكەمین ساتی یەكتر بینینمانی دەكرد. ئەو ڕوانینەی هاڵاوی لە ئاگردانی دڵمان بەرز بۆوە كردمانی بە قەرەبرووت، كردمانی بە دوو كەرتی لە یەك دابڕاو. ناچار بووم بە دوای ئەودا، بە دوای بەلەمەكەدا بڕۆم، ئارێز و كارێز لەگەڵ خۆما بەرم، بەڵام پێی ڕانەگەیشتم و ئافرەتەكە

لەبەر چاوم بزربوو. هەرکە هاتمەوە ناو گۆڕستانەکە، ئەمجارە یەکسەر بەرەو ئەو گۆڕە چووم کە هەموو پێنج شەمموانێك ئافرەتەکە دەهاتە سەردانی. کە نووسینی سەر کێلەکانم خوێندەوە. خەریك بوو ببووریمەوە. چونکە ناوی سێینەی خۆم، ڕۆژی کۆچکردنم، بە تەواوی لە سەر کێلەکاندا نووسرابوو، تۆ بڵێی من مردبم، نازانم....!!!

جوانتر سەرنجم دایە نووسینەکان و هەمدیسان خوێندمەوە. ڕۆژی مردنم (١٩٩٢/١٢/١) بوو. کەواتە ئەو مردووەی هەموو پێنج شەمموانێك ئافرەتەکە دەهاتە سەردانی، من بووم. ئەویش هەرێزی هاوسەرم بوو کە من هەموو پێنج شەممواںێك دەهاتمە سەر گۆڕەکەی. دوو منداڵەکەش ئارێز و کارێز بوون. بەڵام هەرێزی هاوسەرم دەمێك بوو دوامالئاوایی لە دنیا کردبوو، کەچی لە سەر گۆڕەکەی خۆم کە هێشتا نەمردبووم.

بەرانبەرم بە زیندوویی دەهات و دەچوو. کتومت ئافرەتەکە هەرێز بوو، منداڵەکانیشی ئارێز و کارێز بوون.

ئایاری ١٩٩٧

## پێڕست


ئەم و ئەو ........ ٧
تەرم ........ ٢٦
کڵۆڵ ........ ٤٣
ڕق ........ ٦٨
هەگبەی پیاوێکی پیر ........ ٧٦
نهێنی ........ ١٠١
سەفەر ........ ١٠٧
دەمامك ........ ١٢١
چەند تابلۆییێك ........ ١٢٨
گۆڕهەڵکەن ........ ١٣٩
شەوێکی تووش ........ ١٤٦
سزاو پاکبوونەوە ........ ١٥٣
تارمایی ........ ١٧٩
دروشمی میم و لام ........ ١٩٩
پێشبینی ........ ٢١٣
بزربوون ........ ٢٢٩
گوناه ........ ٢٣٧
وێنەی ئاوەژوەکان ........ ٢٤٦
گەمەی وردە ماسییەکان ........ ٢٥٤